RAND

LABOR AND POPULATION

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Labor and Population

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This product is part of the RAND Corporation monograph series. RAND monographs present major research findings that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND monographs undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# چەند ستراتیجێک بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازیی لە ڕاژەی شارستانی لە هەرێمی کوردستان — عێراق



مایکل ل. هانسن
هاوارد ج. شاتز
لوئەی کۆنستانت
ئەلێکزاندرییە سمیس
کریشنا ب. کۆمار
هێزەر کرول
ئارتور یوسانۆڤ

RAND CORPORATION

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# چەند ستراتیجێک بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازیی لە راژەی شارستانی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان

مایکل ل. هانسن
هاوارد ج، شاتز
لوئەی کۆنستانت
ئەلێکزاندرییە سمیس
کریشنا ب. کومار
هێزەر کرول
ئارتور یوسانۆڤ

RAND
کار و دانیشتوان

توێژینەوەی ناو ئەم ڕاپۆرتە بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان، و لە لایەن بەشی (کار و دانیشتوان)ی ڕەند (RAND) ەوە ئەنجام دراوە، کە بەشێکە لە دەزگای ڕەند.

دەزگای رەند دەزگایەکی قازانج-نەویستە کە هاوکاریی پێشکەش دەکات لە بواری باشتر کردن سیاسەت و بڕیاردان بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. مەرج نییە بڵاوکراوەکانی ڕەند ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خزمەتخواز یان چاودێری لێکۆڵینەوەکان بێت.

RAND® مارکەیەکی بازرگانیی تۆمارکراوە.

*وێنەکانی سەر بەرگەکە لە لایەن هاوارد شاتز گیراون*

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان،2014©

تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسیی بوار بە وێنەگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەدرێت بە مەرجێک بێ گۆڕانکاری و بە تەواوەتی بێت. نابێت بۆ مەبەستی بازرگانی نچاپ بکرێتەوە. بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ڕەند لەسەر ماڵپەڕێکی ئەنتەرنێت کە هی ڕەند نەبێت، قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی ڕەند بە گوێرەی یاسای مافی چاپ، پارێزراون. بۆ زانیاری لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بۆ لەبەرگرتنەوە و سازکردنی بەستەر، تکایە سەردانی لاپەڕەی مۆڵەتی ڕەند بکە (http://www.rand.org/publications/permissions.html).

لە 2012 لە لایەن دەزگای RAND چاپکراوە
1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138
1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202-5050
4570 Fifth Avenue, Suite 600, Pittsburgh, PA 15213-2665
RANDURL:http://www.rand.org/
بۆ داواکردنی بەڵگەنامەکانی ڕەند یان بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە:
بەشی خزمەتگوزارییەکانی دابەشکردن: تەلەفۆن: 7002-451 (310)؛
فاکس: 6915-451 (310)؛ ئیمێیڵ: order@rand.org

# دەستپێک

ئەم ڕاپۆرتە چەند ستراتیجێک لەخۆدەگرێت بۆ زیاترکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و دامەزراندنەوەی کارمەندانی راژەی شارستانی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان—عێراق. لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی بەڕێز دکتۆر عەلی عوسمان سندی، وەزیری پلان دانانی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە و پشت بە چەندین شێواز و شیکردنەوە دەبەستێت، کە بریتین لە پێداچوونەوەی بڵاوکراوەکان، شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ڕووپێوکراو، شیکردنەوەی بەڵگەنامە حکومییەکان و یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی ژمارەیەکی زۆر ئاخاوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و کارمەندانی کەرتی تایبەت.

پێویستە دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە جێ بایەخی ئەو کەسانە بێت کە بایەخ بە گەشەسەندنی کەرتی تایبەت و چاکسازیی راژەی شارستانی دەدەن، و بە گشتیی ئەو کەسانەی بایەخ بە هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەدەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن بەشی (کار و دانیشتوان)ی ڕەندRAND ەوە ئەنجام دراوە. (کار و دانیشتوان)ی ڕەند ناوبانگێکی نێودەوڵەتی هەیە لە بواری ئەنجامدانی توێژینەوەی بابەتیانە (موضوعي)، ئاست-بەرز، ئەزموونگەرایی بۆ پشتگیری و چاکترکردنی سیاسەتەکان و رێکخراوەکان لە سەرتاسەری جیهان. کارەکانی ئەم بەشە جەخت دەخەنە سەر منداڵ و خێزان، ئاکاری دیمۆگرافی، پەروەردە و مەشق، بازاڕەکانی دەستی کار، سیاسەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، کۆچ، گەشەسەندنی نێودەوڵەتی، بڕیاردانی دارایی، و کاروباری پەیوەست بە گەورەبوونی تەمەن و خانەنشینی بە ئامانجی تێگەیشتن لە کاریگەری سیاسەت و هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر بڕیاردانی تاکەکەس و خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

# ناوەرۆک

**دەستپێک** ........ iii
**شێواز** ........ ix
**خشتەکان** ........ xi
**پوختە** ........ xiii
**پێزانین** ........ xxi
**کورتکراوەکان** ........ xxiii

چاپتەری یەک
**پێشەکی** ........ 1
باکگراوەند ........ 1
ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکە ........ 3

چاپتەری دوو
**شێوازەکان، سەرچاوەکانی زانیاری، و زانیاری سەرەتایی** ........ 5
بەڵگەنامەکان ........ 5
چاوپێکەوتن و گفتوگۆ ........ 6
شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ........ 8

چاپتەری سێ
**کار لە هەرێمی کوردستان** ........ 11
کار لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو ........ 11
جۆری کارەکان لە کوردستان ........ 11
بەراورد لەگەڵ وڵاتە دیاریکراوەکان ........ 14

چاپتەری چوار
**برەودان بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: سوود وەرگرتن لە وەبەرهێنانی تایبەت و چاککسازی ژینگەی توانادار کردن** ........ 17
ئانترەپریۆنێرشیپ ........ 18
(وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) و دامەزراندن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ........ 19
ئاریشە سەرەکییەکانی کەشوهەوا (مناخ، Climate)ی کار و پیشە لە هەرێمی کوردستان ........ 22
ڕۆڵی حکومەت لە داڕشتن و گەشەپێدانی کەشێکی دروست بۆ بزنس ........ 23
دارایی ........ 24
دابینکردنی زەوی ........ 25
خزمەتگوزارییەکان وژێرخان ........ 26
دەستی کار ........ 27
ڕێوشوێنەکانی دەستپێکردنی کار و پیشە ........ 29

سیاسەتەکانی بازرگانی ........ 30
دەستگەیشتن بە زانیاری لەسەر کار و پیشە ........ 31
توانای حکومەت و شەراکەت لەگەڵ وەبەرهێنەری تایبەت ........ 31
ڕاسپاردە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت ........ 32
پێکهێنانی بزنسی خۆماڵی ........ 32
کرانەوە بە ڕووی ئابووری نێودەوڵەتییدا ........ 33
دارایی ........ 34
خزمەتگوزارییە گشتییەکان ........ 34
دەستی کار ........ 35
یەکلاکردنەوە و دادپرسیکردنی ناکۆکی و پاراستنی داهاتی چالاکییەکانی ئانترەپریۆنێر ........ 35
سیاسەتی چالاک بۆ پشتگیری لە کەرتی تایبەت ........ 36
چاکسازی یاسایی ........ 37

چاپتەری پێنج

**بەرەودان بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: (سپاردن) و (بەتایبەتی کردن)ی ئەرک و کارەکانی حکومەت** ........ 39
(سپاردن) و (بەتایبەتی کردن) ........ 39
سپاردن و بەتایبەتی کردن بۆچی؟ ........ 40
مێژووی نوێ و سپاردن و بەتایبەتی کردن ........ 41
سپاردن ........ 42
بەتایبەتی کردن ........ 42
شێوازەکانی سپاردن و بەتایبەتی کردن ........ 43
سپاردن ........ 43
بەتایبەتی کردن ........ 43
کاریگەرەکانی سپاردن و بەتایبەتی کردن ........ 44
سپاردن ........ 44
بەتایبەتی کردن ........ 45
ئەو خالانەی پێویستە ڕەچاو بکرێن بۆ (سپاردن) و (بەتایبەتی کردن) ........ 45
سپاردن ........ 45
بەتایبەتی کردن ........ 46
ڕاسپاردە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر سپاردن و بەتایبەتی کردن ........ 46
سپاردن ........ 47
بەتایبەتی کردن ........ 48

چاپتەری شەش

**پسپۆڕی و ئاستی خوێندەواریی کارمەندانی راژەی شارستانی** ........ 51
گۆشەنیگای خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ........ 51
خەسڵەتەکانی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت ........ 52
ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن ........ 52
زمانزانی ........ 53
ئاستی خوێندەواریی ........ 55
تاوتوێ ........ 56

چاپتەری حەوت

**سیستمی قەرەبووی راژەی شارستانی، و سیاسەتی کاروباری کارمەندان** ........ 57
داهات و سوودەکانی کارەکان لە راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت ........ 58
مووچە و کرێ ........ 58

سوود و دەرماڵەکان ........ 58
سیاسەتی کاروباری کارمەندان: دامەزراندن، قەرەبووکردن، بەرزکردنەوەی پلە، و هەڵسەنگاندنی ئەدا ........ 61
دامەزراندن ........ 61
قەرەبووکردنەوە، بەرزکردنەوەی پلە، و هەلسەنگادنی ئەدا ........ 63
ڕاسپاردە لەسەر سیاسەتەکان ........ 67
سنووردانان بۆ دامەزراندن لە راژەی شارستانی ........ 68
چاکسازیی لە قەرەبووی راژەی شارستانی و سیاسەتی کاروباریی کارمەندان ........ 69

چاپتەری هەشت

**ستراتیج بۆ جیابوونەوەی خۆبەخشانەی کارمەندانی حکومی** ........ 73
وانە و پەند لە بچووک کردنەوەی قەبارەی کەرتی حکومی ........ 74
کاریگەرەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی ........ 75
کاریگەرەکان لەسەر کارمەندەکان وەک تاکەکەس ........ 76
کاریگەرەکانی لەسەر حکومەت ........ 76
کاریگەرەکان لەسەر گەشەسەندنی ئابووری ........ 77
کەمکردنەوەی کاریگەری پێچەوانەی بچووک کردنەوەی قەبارە لە چاکسازیی کۆمپانیا حکومییەکاندا ........ 77
هەندێک ڕێوشوێن بۆ داڕشتنی پاکێجی قەرەبووی دارایی وازهێنان ........ 78
بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ شایستەیە بەشداری بکات لە بەرنامەی جیابوونەوە ........ 80
کاریگەرەکانی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە ........ 80
تێچووی هاندەرەکان بۆ جیابوونەوە ........ 81
بەرنامەکانی مەشق و دۆزینەوەی هاوتا ........ 81
بەرنامەکانی مەشق ........ 81
خزمەتگوزارییەکانی هاوتاکردنی کار و دۆزینەوەی کار ........ 83
شێوازی تر ........ 84
هەندێک سیاسەتی تر ........ 85
تۆڕی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی ........ 85
چاکسازیی لە یاسا و ڕێساکان ........ 86
هەڵسەنگاندنی داڕشتنەوەی سترەکچەری راژەی شارستانی ........ 86
ڕاسپاردە بۆ سیاسەتەکان ........ 87
بەرنامەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە ........ 87
ساناکردنی پرۆسەی گواستنەوە بۆ کەرتی تایبەت ........ 89

چاپتەری نۆ

**سەرەنجامەکان** ........ 91

پاشکۆکان

**پاشکۆی A: مەزەندەی زیادبوونی پێویستی کار لە هەرێمی کوردستان—عێراق** ........ 93
**پاشکۆی B** ........ 95

**ژێدەرەکان** ........ 99

## شێوەکان

3.1. دابەشبوونی کار لە هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی کەرت ........................................ 12
4.1. سەرمایەی پرۆژەی بیانی و هاوبەش، بە گوێرەی کەرت، ئابی 2006 تا تەموزی 2011 .......... 21
6.1. ئاستی زمانزانی بۆ زمانی عەرەبی، بە گوێرەی کەرت ............................................. 53
6.2. ئاستی زمانزانی بۆ زمانی ئینگلیزی، بە گوێرەی کەرت ............................................ 54
6.3. بەرزترین ئاستی خوێندەواری، بە گوێرەی کەرت .................................................. 55
7.1. رێژەی مووچەی کەرتی تایبەت، بە گوێرەی پۆلێنی پیشە ......................................... 59
7.2. رێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی دەرماڵەی نامووچەییان هەیە، بە گوێرەی کەرت ................ 59
7.3. رێژەی سەتیی کارمەندان بە خشتەی جۆراوجۆری دەوامەوە، بە گوێرەی کەرت ................. 60
7.4. زیادبوونی داهات لە رێی بەرزبوونەوەی پلەوە، بە گوێرەی پلە ................................... 64
7.5. زیادبوونی داهات بە ئەقدەمییەت، بە گوێرەی پلە ................................................. 65

## خشتەکان


3.1. دابەشبوونی کار لە ڕاژەی شارستانی، بە گوێرەی پیشە ........ 12
3.2. دابەشبوونی مووچەی کار لە کەرتی تایبەت، بە گوێرەی پیشە ........ 13
3.3. دابەشبوونی کاری بێ-مووچە، بە گوێرەی پیشە ........ 13
3.4. دامەزراندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009 ........ 15
3.5. دامەزراندن، بە گوێرەی کەرت، لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێک ........ 16
7.1. شێوازە سەرەکییەکانی پەیداکردنی کار، بە گوێرەی کەرت ........ 62
8.1. ژمارەی ئەو کارمەندانەی جیابوونەتەوە، بە گوێرەی جۆری جیابوونەوەکە ........ 79
A.1. ڕێژەکانی بەشداریی دەستی کار، بە گوێرەی تەمەن و جێندەر ........ 94
B.1. جیاوازی لە توانای زمانزانی، بە گوێرەی کەرت ........ 96
B.2. دابەشبوونی تەمەنی کارمەندان، بە گوێرەی کەرت ........ 97
B.3. جیاوازییەکانی ئاستی خوێندەواری، بە گوێرەی کەرت ........ 98

# پوختە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵکی دامەزراندووە لە هەرێمی کوردستان، لە سەرجەم ئەو ئیش و کارانەی لە هەرێمەکە هەیە، تەنها 20 لە سەتی لە کەرتی تایبەتن. بۆ جەختکردنەوە لە بەرژەوەندیی ئابووریی درێژخایەنی هاووڵاتیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەرۆشەوە کار دەکات لەسەر داڕشتن و پیادەکردنی ستراتیجێکی گەشەپێدانی ئابووری کە هاوسەنگی بدات بە دامەزراندن لە کەرتی تایبەت، ڕێکارێکی ناو ئەم ستراتیجە بریتییە لە دامەزراندنەوەی کارمەندانی خزمەتگوزاریی گشتیی لە کەرتی تایبەت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئێمە ئەم بابەتانە شی دەکەینەوە، و ڕاسپاردە دادەڕێژین بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، لە لایەک بە مەبەستی چاکسازیی لە ڕاژەی شارستانی، و لە لایەکی تریشەوە بۆ بچووککردنەوەی قەبارەکەی.

ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان—عێراق گەنجن، نزیکەی 50 لە سەتی دانیشتوانەکە تەمەنیان 20 ساڵان و خوارترە. ئەگەرچی لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا خەڵکانێک خانەنشین دەبن و پۆستەکانیان چۆڵ دەبێت، بەڵام بەم زووانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە ئارادا دەبن کە داوای کار دەکەن. ئەم خەڵکانە لە کوێ ئیش پەیدا بکەن؟ یەکێک لە ڕێگەچارەکان بریتییە لە دامەزراندن لە حکومەت، بەڵام، بڕیاربەدەستان لە قەبارەی ئێستای کارمەندانی حکومی نیگەرانن. چارەیەکی گونجاوی مژدەبەخش بریتییە لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بەرەو کەرتێکی تەندروست و داهێنەر.

بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، حکومەتی هەرێم دەتوانێت ئەو ئاستەنگانە بسڕێتەوە کە دێنە پێش دەستکردن بە پیشە وکارێک یان دێنە پێش گەشەپێدان و بەرفراوانکردنی پیشەو کارێک، ئەمەش لە ڕێی دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەیە کە بارودۆخێکی لەباریان هەیە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و پشتگیری کردنیان، و لە ڕێی سپاردن، پشت بەستن بە سەرچاوە دەرەکیەکان و بە تایبەتی کردن (privatization) ی هەندێک کار و ئەرک کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆی ئەنجامیان دەدات. بەڵام مەرج نیە لەگەڵ گەشەسەندنی کەرتی تایبەتدا کارمەندانی ڕاژەی شارستانی واز لە کارەکانیان بهێنن و بچن لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن. پێویستە کارمەندانی ڕاژەی شارستانی وەک پێویست کارزانییان هەبێت بۆ ئەوەی لە پۆستەکانی کەرتی تایبەت دابمەزرێن، و پێویستە وا هەست بکەن کە سوودەکانی کارکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت زیاترە لە سوودەکانی کارکردن لە ڕاژەی شارستانی. هاوکات، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی دانانی ئامراز و شێوازە بۆ هاندانی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی تا بڕۆن بۆ کەرتی تایبەت، ئاستەنگێکی گەورە بریتی دەبێت لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کارمەندانە لەلای خۆی بهێڵێتەوە کە پێویستی پێیانە، تا حکومەت بتوانێت بە ڕێکوپێکی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

## گەشەپێدانی کەرتی تایبەت

سێ ستراتیجی مژدەبەخش و یەکتری تەواوکەر هەیە بۆ پەرەپێدانی پیشە و کارێک:

- دەرکێشی و دەستپێشخەری بازرگانی (ئینتەر پرونێرشیپ) ناوخۆیی و پیشە و کاری نوێ
- وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی
- سپاردنی کارەکانی حکومەت بە دەزگای تر، یان بە تایبەتی کردنی (خصخصة).

بەڵگەی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی کە هەرە خێراترین و سەقامگیرترین رێچکەی گەشە بە بەشداری ئەو کۆمپانیا و کارگە و کارخانانە ئەنجام دەدرێت کە بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ دادەرێژن و گەشە پێدەدەن، یان شێوازی نوێ بەکاردەهێنن. هاندانی پیشە و کاری ناوخۆییش توخمێکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدانی ئابووریی کۆمپانیاکان. هاوکات، (وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی)ش سەرمایەی تر دەهێنێتە ناوەوە.سەرەڕای سەرمایە، تەکنەلۆجیای نوێ، تەکنیک و مومارەسەی نوێی بەڕێوەبردن و کارگێری دەهێنێتە ناوەوە، و دەبێت بە پردی پەیوەندی لەگەڵ ئابووریی جیهانی. لایەنگرانی(سپاردنی ئەرکەکانی، حکومەت بە گرێبەست یاخود بە تایبەتی کردن (privatization خصخصة) مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە کەرتی تایبەت دەتوانێت بەشێوەیەکی کاراتر و هەرزانتر لە حکومەت زۆربەی ئەرکەکان ئەنجام بدات، بە مەبەستی ئاسانکردنی باری سەر شانی هاووڵاتی و بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرچاوەکانی حکومەت تەرخان بکرێن بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی سوودیان بۆ هەموو دانیشتوانەکە هەیە، وەک ئاسایش، پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، و هەندێک بابەتی ژێرخان.

هەرێمی کوردستانی عێراق چەند خەسڵەتێکی هەیە کە دەیکاتە ژینگەیەکی بازرگانی لەبارتر لە ناوچەکانی تری عێراق. رەوشی تەناهی باشترە، چاودێرانی شارەزا زۆرجار پێیان وایە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان باشترە لەوەی بەشەکەی تری عێراق، ژێرخانی رێگەوبان و کارەبای هەرێمی کوردستان باشترن بە بەراورد لەگەڵ باقیی عێراق، هەروەها لە بەرەوپێشچووندایە. بەڵام، هەندێک ئاستەنگ هەیە لەبەردەم گەشەسەندنی کەرتی ئابووری، وەک: بازاڕی دارایی (بۆرسە) کە زۆر لاوازە، بە گران دەتوانرێت زەوی پەیدا بکرێت بۆ بزنس، معامەلاتی پڕ ڕۆتین و گران تۆمارکردنی بزنسی نوێ، ژمارەیەکی بێشومار رۆتین لە پێش کاری هەناردەکردن و هاوردەکردن هەیە، نەبوونی زانیاری لەسەر بزنس، و نەبوونی دادپرسیی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی بواری وەبەرهێنان.

بە گشتیی، هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی پەسەندی هەیە بۆ وەبەرهێنانی بیانی، بەڵام ژینگەیەکی سەختی هەیە بۆ بزنسی بچووک و خۆماڵیی. ئەگەر پرۆژەیەکی باش لە ئارادا بێت، وەبەرهێنەرانی بیانی دەتوانن بە ئاسانی بچنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. بەڵام، پێدەچێت ژینگەکە سەخت بێت بۆ دروستکردنی بزنسی نوێی بچووکی خۆماڵیی. ئەمە ئاستەنگ دەبێت لە پێش گەشەسەندنی ئابووری چونکە سەرەڕای ئەوەی وەبەرهێنانی گەورەی بیانی زۆر پڕبایەخە، بەڵام پێکهێنانی سەرمایەی ناوخۆییش زۆر پڕبایەخە بۆ گەشەسەندنی درێژخایەن.

**ڕاسپاردە لەسەر گەشەسەندنی کەرتی تایبەت**

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەی پێکهێنانی بزنسی ناوخۆیی ئاسان بکات:

- ئاسانکردنی پرۆسە و ڕێوشوێنەکانی دەستکردن بە بزنسی بچووک و مامناوەندی.
- دەستکردن بە چاکسازیی لە یاساکانی خاوەندارێتی و فرۆشتن و بەناوکردنی زەویوزار.

کرانەوەی زیاتر بە ڕووی ئابووری نێودەوڵەتییدا دەبێتە مایەی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت:

- لابردنی ڕێسا و کۆتوبەندەکانی سەر هەنارده و هاوردە.

گەشەسەندنی کەرتی دارایی دەبێتە مایەی دروستبوون و گەشەی بزنس:

- کارکردن بۆ دانانی مووچەی کارمەندانی راژەی شارستانی ڕاستەوخۆ بۆ سەر حسابی بانک لە بانکە ئەهلییەکان.
- لە هەر هەوڵێکدا بۆ ڕاکێشانی ئەوانەی خزمەتگوزاریی دارایی پێشکەش دەکەن، کار لەسەر ئەو قەرزدەرانە بکەن کە جەخت دەخەنە سەر بزنسی مامناوەندی.

بوار هەیە بۆ زیاتر گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان:

- هەنگاونان بەرەو زیاتر وەرگرتنەوەی پارەی کارەبا و ئاو.

پێویستە چاکسازی بکرێت لە ژینگەی یاسایی کاردا (یاسای کار):

- بۆ چاکسازیی لە یاسای کار، ڕاوێژ بکەن و سوود لە باشترین مومارەسە نێودەوڵەتییەکان وەربگرن، لە ڕێی سوود وەرگرتن لە یاسا و ڕێسای وڵاتانی (ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەسەندن، OECD)، نەوەک لە نموونە هەرێمایەتییەکان.
- ڕەچاوکردنی دانانی یاسای نوێ بۆ کرێکاری بیانی، لەوانە کرێکاری وڵاتە عەرەبیەکان، بۆ زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیانی هەرێم.
- هەتا چاکسازی لە یاسای خانەنشینیدا ئەنجام دەدرێت، بەپێی یاساکەی ئێستا کارمەندان و کۆمپانیاکان ناچار بکەن بۆ ئەوەی پارەی خانەنشینی بدەن.
- بەردەوام بن لەسەر هەوڵەکانی چاکسازیی لە بواری خانەنشینی بۆ ئەوەی سیستمێکی خانەنشینی ئەوتۆ دابنرێت کە هانی دامەزراندن لەلای کەرتی تایبەت بدات.

ئەگەر شێوازی دادپەروەرانە و جێی متمانە لە ئارادا بن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لەگەڵ حکومەت ئەوسا بزنسی خۆماڵی و بیانی ژینگەکەیان لا دۆستانەتر و پەسەندتر دەبێت.

- پێویستە حکومەتی هەرێم کار بکات بۆ دانانی ڕێوشوێن بۆ دادپرسی ناکۆکیی وەبەرهێنەرەکان لە کۆڕبەندکی نێودەوڵەتییدا.
- لە ماوەی درێژخایەندا، پێویستە میکانیزمە خۆماڵییەکانی دادپرسیی ناکۆکی پتەوتر بکرێن، وەک دادگاکان، بۆ ئەوەی هەموو ناکۆکییەکانی بواری بزنس بە شێوەیەکی دادپەروەرانە یەکلابکرێنەوە، ئنجا ناکۆکییەکە لەگەڵ حکومەت بێت یان لەگەڵ بزنسی تر.

هەندێک ڕێوشوێنی چالاک هەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەڕێگەیانەوە بەکاریان بهێنێت بۆ لەخۆگرتنی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت:

- ئامانجی حەوافزەکانی وەبەرهێنان بریتی بێت لە هاندانی وەبەرهێنەران بۆ دامەزراندن و مەشقکردن بە دەستی کاری خۆماڵی، دروستکردنی شەراکەت لەگەڵ بزنسی خۆماڵی و مەشقکردن پێیان، و ڕاکێشانی ئەو پیشەسازییانەی کە خزمەتی بازاڕە هەرێمایەتیی و جیهانییەکان دەکەن.
- بەڵام، پێدەچێت ئەگەر ڕێوشوێنی تر بگیرێتە بەر بێجگە لەو حەوافزانەی لە سەرەوە باس کراون، بە تایبەتی دانانی کۆت و مەرج لەسەر بەکارهێنانی دەستی کاری خۆماڵی یان بەند و مەرج لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوەی ناوخۆیی یان بەند و مەرج بۆ دروستکردنی شەراکەت لەگەڵ لایەنی ناوخۆیی، زیانبەخش بن.
- سانا کردن و ئاسانکردنەوەی ئاستەنگەکانی بواری زانیاری، ئەمەش لە ڕێی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر بزنس و ئابووری و بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاری سەرەتاییانە و دابینکردنیان بە خۆڕایی.
- چاکسازیی لە یاسا و ڕێساکان لە ڕێی دامەزراندنی (ناوچە (زۆن)ی تایبەتی ئابووری).

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی دوو هەنگاوی تر بکات کە تایبەتن بە دروستکردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ بزنس:

- دانانی یاسایەکی سەردەمییانەی کێبڕکێ، کە هەروەها پێی دەگوترێت یاسای دژەمۆنۆپۆلی (دژەپاوانخوازی).
- تەبەنیکردنی پلانێکی ستراتیجی کە نەخشەڕێگایەک بێت بۆ تەبەننیکردنی سیاسەتەکان، کاتبەندییە پێشنیارکراوەکە، ئەو سەرچاوانەی کە بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان پێویستن، و سەرچاوەی ئەو سەرچاوانە.

**(سپاردنی ئەرک و کارەکان)، و (بە تایبەتی کردن) لەگەڵ گەشەسەندنی کەرتی تایبەتدا**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێی (سپاردنی ئەرک و کار) یان (بە تایبەتی کردن)ەوە دامەزراندن لەلای کەرتی تایبەت باشتر بکات. هەندێک کار و ئەرک هەیە کە حکومەت هەربە خۆی ئەنجامیان دەدات، بەڵام، هەندێک ئەرک و کاری تر هەیە کەرتی تایبەت دەتوانێت ئەنجامیان بدات بە بێ ئەوەی ڕێگە بگرن لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. هاوکات ئەزموونی وڵاتانی تر دەریدەخات کە زۆرجار کەرتی تایبەت دەتوانێت لە حکومەت باشتر ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات.

(سپاردنی ئەرک و کار) بریتییە لەوەی کە حکومەت گرێبەست لەگەڵ یەکەی ناحکومی ساز بکات بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە بگەیەنن یان ئەو ئەرک و کارانە بکەن کە وا باوە حکومەت بە خۆی ئەنجامیان بدات. لە بەرامبەریشدا، (بە تایبەتی کردن)ئەو کاتانە ڕوودەدات کە کۆمپانیا حکومییەکان یان قەوارەیەکی سەر بە حکومەت کەرەستە یان خزمەتگوزاریی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە لە بازاڕی ئابووریيدا وا باوە کەرتی تایبەت بەرهەمیان بهێنێت، بە تایبەتی کردن تەواو ئەوەیە کە حکومەت کۆی کۆمپانیایەکی حکومی بفرۆشێت بە کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا لە بە تایبەتی کردن بەشیدا حکومەت هەندێک دەسەڵاتی دەمێنێت بەسەر کۆمپانیاکەدا.

وەنەبێت هەمیشە (سپاردنی ئەرکەکان) و (بە تایبەتی کردن) سەرکەوتوو بن. سەرکەوتنیان زۆربەی جار پشت دەبەستێت بە: جۆری ئەو ئەرکە یان خزمەتگوزارییە کە بە کەرتی تایبەت دەسپێردرێت، توانای کەرتی تایبەت بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکانە یان ئەو خزمەتگوزارییانە، بەند و مەرجەکانی ناو گرێبەستەکەی نێوان حکومەت و کۆمپانیا پێسپێدراوەکە، و توانای حکومەت لە بواری چاودێریکردندا. لە هەندێک حاڵەتدا، وا باشترە هیچ ئەرک و کارێک نەسپێردرێت. بەڵام، سەرەڕای ئەم کێشانە، ڕەنگە (سپاردنی ئەرک) یان (بە تایبەتی کردن) ببێتە مایەی جووڵاندنی کارمەندان لە راژەی شارستانیەوەبەرەو کەرتی تایبەت و زیاترکردنی کارایی ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە یان ئەو خزمەتگوزارییانە.

**ڕاسپاردە لەسەر (سپاردنی ئەرک) و (بە تایبەتی کردن)**

سپاردنی ئەرک. یەکێک لە شێوازەکانی (سپاردنی ئەرک) بریتییە لە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ هەندێک لەو خزمەتانەی هەندێک وەزارەت پێشکەشی دەکات، ئایا کەرتی تایبەت دەتوانێت پێشکەشیان بکات:

- هەڵبژاردنی ئەو ئەرکانەی بە کەرتی تایبەت دەسپێدرێن، ڕەچاوی ئەو وەزارەتانە بکە کە خزمەتگوزاری هاوشێوەی وەک ئەوانە پێشکەش دەکەن کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پێشکەشیان دەکات.

لە هەر وەزارەتێک لە وەزارەتەکان، پێدەچێت ئەرک و کاری لەم جۆرە تەنها لە لایەن چەند کارمەندێکی ژمارە کەمەوە ئەنجام بدرێت. بەڵام هەروەها پێدەچێت ژمارەیەکی زۆر کارمەند هەبن لە چەند وەزارەتێکی جیاواز کە هەمان کار بکەن. سپاردنی ئەم ئەرکانە بە لایەنی دەرەکی دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بەرچاوی قەبارەی کارمەندانی راژەی شارستانی:

- وا پەسەندە، جەخت بخرێتە سەر سپاردنی ئەو ئەرکانەی حکومەت کە لە چەند وەزارەتێک ئەنجام دەدرێن و هەروەها کۆمپانیا و کارمەندانی کەرتی تایبەتیش ئەنجامی دەدەن.
- ئەم ئەرکانە بریتیین لە کاری نووسەرانی نووسینگە، پاککەرەوە و خزمەتگوزار، شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان، نامەبەر و خزمەتگوزار، نووسیار و کارمەندی کتێبخانە و پۆستە.

بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام ئەرک و خزمەتگوزاریی بسپێردرێت بە کەرتی تایبەت پێویستی بە بڕێک زانیاری دیاریکراو هەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لەبەردەست نییە.

- لە ڕێی چاکترکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی کارمەندانی حکومییەوە، بەردی بناغە دابمەزرێنە بۆ سپاردنی ئەرکەکان، بە تایبەتی لە ڕێی نووسینی وەسفی وەزیفی (کارنامە، job descriptions) ەوە بۆ سەرجەم کارمەندانی حکومی. ئەمە بوار بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت باشتر ئەو ئەرکانە دیاری بکەن کە دەسپێردرێن بە لایەنی دەرەکی.

ئەگەرچی کارەکان بە لایەنی تر دەسپێردرێن، بەڵام پێویستە ئەم ئەرک و کارانە بە باشی جێبەجێ بکرێن. بۆیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی زیاتر بکات لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەرکەکانیان پێدەسپێرێت:

- دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو پرۆسەی تەندەر لێدانانەی - داواکاری فەرمی حکومەت بۆ ئۆفەرەکانی دابینکردنی کەلوپەل و خزمەتگوزاری بۆ حکومەت - بۆ سپاردنی ئەرک و خزمەتگوزاریەکان ئەنجام دەدرێن بێگەردن و ڕکابەری بەرفراوانیان تێدا ئەنجام دەدرێت.

بە تایبەتی کردن. ژێرخان (البنية التحتية، Infrastructure) یەکێکە لەو بوارانەی پاڵێوراوە بە تایبەتی کردن:

- جەختکردنەوە لە ئاو و ئاوەڕۆ. ئەگەرچی ئاوەڕۆ بە شێوەیەکی کەمتر ڕاستەوخۆ پەیوەندداره بە گەشەی بزنسەوە بە بەراورد لەگەڵ کارەبا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان وێستگە نییە بۆ چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ تا ببێت بە دەرفەتێک بە تایبەتی کردنی دەستبەجێ.
- ڕەچاوی بە تایبەتی کردنی تر بکە لە سیستمی کارەبادا، نەوەک تەنها ئەو دەستگایانەی کارەبا بەرهەم دەهێنن و ئێستا تایبەتێندراون.

بە هەمان شێوەی سپاردنی ئەرک و کارەکان، پێویستە کاتێک حکومەت دەیەوێت کۆمپانیا ئەهلییەکان هەڵبژێرێت بۆ بە تایبەتی کردن، دەرفەتەکە بخاتە پێش ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای کەرتی تایبەت، بە مەبەستی هەڵبژاردنی کۆمپانیای باش:

- لە هەر پرۆسەیەکی بە تایبەتی کردندا، جەخت کردنەوە لەوەی پرۆسەکە شەفاف بێت و کێبڕکێی تێدا بکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک کۆمپانیای بە تایبەتی کردووە، زۆربەیان لە ڕێی گرێبەستی بەڕێوەبردنەوە. ئەگەر گرفت سەر هەڵبدات لەکاری گرێبەستی ئەم بە تایبەتی کردنە، ئەوسا ئەم گرێبەستانە دەرفەتێک دەبن بۆ دیسان بە تایبەتی کردنیان:

- ئەگەر هەر بە تایبەتی کردنێکی پێشترسەرکەوتوو نەبوو بێت و تووشی شکست بووبێت، ئەوا پێویستە دیسانەوەبخرێتەوە ناو پرۆسەی بە تایبەتی کردن.
- چاودێری جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانە بکرێت کە ئێستا قەوارە تایبەتێندراوەکان کاری پێدەکەن، دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ئەدای جێبەجێکردنەکە بدرێت بەدەستگایەکی چاودێریی سەربەخۆ یان کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی ژمێریاری و هەڵسەنگاندن، هەروەها پرۆسەیەکی یاسایی شەفاف بەکاربهێنرێت بۆ هاندانی ئەدا لە لایەک و بۆ گۆڕینی خاوەندارێتی کۆمپانیاکان لە لایەکی تر، ئەگەر پاشان کۆمپانیاکە ڕێزی لە گرێبەستەکە نەگرتئەوسا جارێکی تر بخرێتەوە ناو پرۆسەی بە تایبەتی کردن.

## کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی، و چاکسازی

بەرفراوانکردنی دەرفەت بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت نابێتە مایەی مسۆگەرکردنی ئەوەی کە کارمەندانی راژەی شارستانی واز لە حکومەت بهێنن و بچن بۆ کەرتی تایبەت، یان ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت ئەو کەسانە دابمەزرێنێت. خاوەنکارانی کەرتی تایبەت تەنها ئەو کەسە کارامە و شارەزایانە دادەمەزرێنن کە بڕوایان وایە کەسانی بەرهەمهێن بن. ڕەنگە کارمەندانی حکومی پێویستیان بە مەشق هەبێت بۆ پتەوکردنی شارەزاییان لەو بوارانەدا کە کەرتی تایبەت پێویستی پێیەتی، هەروەها ڕەنگە پێویستیان بە حەوافز هەبێت بۆ ئەوەی ئەو مەشقانە ساز بکەن.

#### توانا و شایستەیی کارمەندانی راژەی شارستانی بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت

نزیکەی 20 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی هاوکات لەلای حکومەتیش و لەلای کەرتی تایبەت کار دەکەن. هەروەرها، زیاتر لە90 لە سەتی ئەم کارمەندانەی کە کاری حکومی و ئەهلییش دەکەن لە هەر یەکێکیان لە بوارێکی جیادا کار دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کارمەندانی حکومی دەتوانن لە کەرتی تایبەت کار بکەن ئەگەرچی تەنانەت هەمان ئەو کارە نەبێت کە بۆ حکومەتی دەکەن.

هەروەها، پێدەچێت بەلای کەمەوە لە هەندێک بواردا کارمەندانی راژەی شارستانی زیاتر شارەزا بن وەک لە کارمەندانی کەرتی تایبەت. ئەمە بە تایبەتی بۆ شارەزایی لە بواری گەیاندن-دا ڕاستە، کە خاوەنکارەکان دەڵێن بەهادارن. سەرەڕای ئەمانەش، کارمەندانی راژەی شارستانی هەڵگری بڕوانامەی بەرزترن بە بەراورد لەگەڵ کارمەندانی کەرتی تایبەت. هەروەها سەبارەت بە زانیاری سەرەتایی لەسەر شێوازی کار و پیشەکانی ئێستا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کارمەندانی راژەی شارستانی دەتوانن بڕۆن لە کەرتی تایبەت کار بکەن. بەڵام بە خۆیان ناڕۆن.

**سیاسەتی قەرەبووکردنەوەی کارمەندانی راژەی شارستانی و فەرمانبەران**

هۆی سەرەکی کە کارمەندانی راژەی شارستانی ناچن لە کەرتی تایبەت کار بکەن ئەوەیە کە کاری راژەی شارستانی دەرماڵە و پاداشتی زیاترە. بەڵام، مەرج نییە ئەم دەرماڵانە مانای بەرزیی مووچە بگەیەنێت. بە شێوەیەکی گشتیی مووچەی راژەی شارستانی کەمترە وەک لەوەی کەرتی تایبەت بۆ هەمان کار و پیشە، بەڵام، ڕووماڵ (بیمە)ی تەندروستی، مووچەی خانەنشینی، مۆڵەتی بە مووچە، و کاتژمێرەکانی دەوامکردن لە راژەی شارستانیدا هاندەرترن.

کارمەندەکانی راژەی شارستانی پێیان وایە مووچە و دەرماڵەی ئێستای کەرتی تایبەت شان نادات لە شانی دەرماڵە و سوودەکانی راژەی شارستانی. زیاترکردنی مووچە یان دەرماڵە لە کەرتی تایبەت ڕەنگە ببن بە حافز بۆ کارمەندان تا زیاتر بچنە پاڵ کەرتی تایبەت.

**ڕاسپاردەکان بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی قەرەبوو کردنەوە و کاروباری کارمەندان**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕێکارێکی لە پێشە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری ئەوتۆ لە سیاسەتەکان کە ببنە مایەی کەمترکردنەوەی ئەو پەرۆشییەی لە ئارادایە بۆ دامەزراندن لە راژەی شارستانی. هەر ڕێگەیەکیان لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی خۆی هەیە، بەم شێوەیەش پێویستە بە وریاییەوە ئاوێتەیەک ڕێوشوێن و سیاسەت دابڕێژرێت. هەروەها، هەندێک ستراتیج هەیە کە لە کورتخایەنیدا دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی بەڵام ڕەنگە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر چاکسازیی درێژخایەن:

- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیجیی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان دابڕێژێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی سیاسەتە کورتخایەنەکان تەبا و تەربین لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی.
- دامەزراندنی ئاژانسێک بۆ بەڕێوەبردنی راژەی شارستانی کە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر هەموو سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بە کارمەندانەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چەند هەنگاوێک بنێت بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی:

- بۆ ماوەیەک دامەزراندن لەو پیشە و کارانە ڕابگرێت کە لە بنەڕەتەوە حکومی نین.
- بە شێوەیەکی بەرچاو سنوور دابنێت بۆ دامەزراندنی حکومی و هاوکات جەخت لەوە بکاتەوە کە پۆستە بنچینەییەکان پڕ بکرێنەوە.
- کەمترکردنەوەی دەرماڵە داراییەکانی کار لە راژەی شارستانی.
- کەمترکردنەوەی خێرایی پلە و پایە بەرزکردنەوە لە ڕێی زیاترکردنی ژمارەی ئەو ساڵانەی خزمەت کە بە مەرج دادەنرێت بۆ ئەوەی کارمەندێک پلە و پایەی بەرز بکرێتەوە، بێجگە لەو کەسانەی کە ئەدایان زۆر نایابە.
- بەرزکردنەوەی پلە و پایەی تەنها بەشێک لە کارمەندە شایستەکانی راژەی شارستانی.

بۆ دامەزراندنی کارمەندانی شایستە و بەرزکردنەوەی پلە و پایەیان بە گوێرەی ئەدایان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی زیاتر بکات لە سیستەمی بەڕێوەبردنی فەرمانبەران. وەک.

- داڕشتن و دامەزرادنی سیستمێکی هەڵسەنگاندن بۆ پێوانەکردن و نرخاندنی ئەدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی.
- داڕشتنی ڕێچکەی پیشە و کار بۆ کارمەندانی راژەی شارستانی بۆ پێناسەکردن و بەراوردکردنی پێشبینییەکانیان لە بەرامبەر بە ئاستی ئەدایان.
- نووسینی وەسفی وەزیفی (کارنامە) بۆ سەرجەم پۆستەکانی راژەی شارستانی.
- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەدا و بەرزکردنەوەی پلە و پایە، ئەمەش لە ڕێی بەخشینی پلە بەرزکردنەوە تەنها بەو کارمەندانەی ئەدایان هەرە نایابە.
- بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی سەرجەم پۆستە بەتاڵەکان، ئەمەش وەک شێوازێک بۆ دۆزینەوەی کەسانی شایستە، و وەرگرتنی هەرە شایستەترین کەس لە هەر پۆستێک.

**هاندانی کارمەندەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە راژەی شارستانی بەجێبهێڵن**

ڕێگەیەکی تر بۆ گواستنەوە لە دامەزراندنی راژەی شارستانییەوە بۆ کەرتی تایبەت بریتییە لەوەی حەوافزی ئەوتۆ بدرێت کە هانی کارمەندانی راژەی شارستانی بدات بە خواست و ئارەزووی خۆیان

ڕاژەی شارستانی بەجێبهێڵن و بچن بۆ کەرتی تایبەت. ئەم شێوازە دوو لایەنی باشی هەیە. یەکەم، ڕۆیشتنی ئارەزوومەندانە کولفەی سیاسی کەم دەکاتەوە کاتێک ڕەوانەکردنەکە بە زۆرەملێ بێت. دووەم، دەتوانرێت بەرنامەکان تایبەت بن بە هەندێک کارمەندی دیاریکراوی ڕاژەی شارستانی، و بەم شێوەیەش حکومەت ئەوانە دەهێڵێتەوە کە باشترینن، و ئەوانەش کە خراپترینن، دەڕۆن.

ئەگەرچی ئەم بەرنامانە لە شوێنی تر سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەوە دیار نییە ئاخۆ لە هەرێمی کوردستانیش سەرکەوتوو دەبن یان نا. سەرەڕای ئەمەش، بەرنامەکە گرانە، و ڕەنگە ئەو کارمەندانەی کە دەڕۆن، دواتر بیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ڕاژەی شارستانی، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرنامەکە دەبێت. بۆیە، زۆر گرنگە بە وریاییەوە دابڕێژرێت، بوار بهێڵرێتەوە بۆ ئەزموونگەری و دەستکاریکردن.

**ڕاسپاردە بۆ بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە**

ئەو کاتەبەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە سەرکەوتوو دەبێت کە جەخت بخاتە سەر ئەو کارمەندانەی کە حکومەت دەیەوێت بڕۆن. سەرەڕای ئەمە، ڕێگە خۆش بکات بۆ بڕیاربەدەستان بە شێوەیەک دەستکاریی حەوافزی جیابوونەوە بکەن جەخت بخاتە سەر ئەوەی ژمارە و جۆری دروست لە کارمەندان بڕۆن پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکات:

- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەی ئەوتۆ دابڕێژێت کە ئامانجەکەی دیاریکراو بێت و گونجاویش بێت. هەبوونی سیستمێکی هەڵسەنگاندنی ئەدا ڕێگە خۆش دەکات بەرپرسان ئەو کارمەندانە دەستنیشان بکەن کە ئامانجی بەرنامەکەن.
- پێویستە ئامانجی بەرنامەکە بریتی بێت لەو پیشە و کارانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەرکی حکومەت نین، و ئەو کارمەندانە دەستنیشان بکات کە بەرهەمیان کەمە ئنجا لە هەر پیشەیەک بن.
- بوار نەدات بەو کارمەندانەی کە ڕازی دەبن بە پاکیجی قەرەبوو جارێکی تر لە ڕاژەی شارستانی دابمەزرێنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
- بەڵام پێویستە ئامادەباش بێت بۆ دانانی هەندێک بەدەرکاری (استثناء)ی لەناو ئەم ڕێسایە، ئەمەش بە گوێرەی چەند پێوەرێکی ڕوون کە پیشانی بدات هەندێک شارەزایی یان توانای سەرکردایەتی هەیە پێویستن و دەبێت لە خزمەتی بمێننەوە.
- بەرنامەکە لە چەند وەزارەتێک وەک ئەزموون دەست پێبکات، ئنجا وەک پێویست دەستکاری بکەن، پاشان لە سەرتاسەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پیادە بکرێت.

زۆربەی ئەو کارمەندانەی حکومەت بەجێدەهێڵن پێویستیان بە کارە لە کەرتی تایبەت. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێوشوێنانە پیادە بکات:

- کارکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی (خانەی ئاڵوگۆڕی زانیاری) کە کەرتی تایبەت بەڕێوەی ببات، ئەم خانەیە شوێنێک دەبێت بۆ ئەو خاوەنکارانەی بە شوێن کارمەنددا دەگەڕێن و ئەو کارمەندانەی ڕاژەی شارستانی کە بە شوێن کاردا دەگەڕێن.
- تاقیکردنەوە و پشتگیریکردنی مەشق و بەرنامەی ڕاهێنان لەسەر کار، بەڵام ناوبەناو هەڵیانبسەنگێنێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئامانجەکانیان دەهێننە دی.

## پێداویستبوونی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکردنەوە

ئەمەش پێوەرەکانی کارامەیی و ئاستی زانستی کارمەندانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، مەرجە تایبەتەکانی ئەرکەکانی هەریەک لە پیشەکانی خزمەتگوزاری مەدەنی لەچوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها زانیاری وورده سەبارەت بە ژمارە و جۆرەکانی کردنەوەی پیشەی کەرتی تایبەت لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەمە و چەندین مەرجی تر. لە زۆرێک لە ناوچەکان کە جەختمان خستۆتە سەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیاتی پێویستی نیە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاسپاردەی زیاتری تایبەت تر پێشکەش بکات. گرنگە هەردوو کارمەندی کۆکەرەوەی دەیتا و شیکەرەوە دڵنیا ببنەوە لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی وەبەرهێنانەکەی لە بەدواداچوونی هەریەک لەو ڕاسپاردانەیە زیاتر بکات.

# پێزانین

نووسەرانی ئەم ڕاپۆرتە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە پشتگیرییان لەم لێکۆڵینەوەیە کرد. بە پێویستی دەزانن سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕن بۆ جەنابی دکتۆر عەلی عوسمان سندی، وەزیری پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پشتگیری لەم لێکۆڵینەوەیە کرد و لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەرنج و بۆچوونی خۆی پێڕاگەیاندین. زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان، ڕێنمایی و بیروبۆچوونی بەپێزی پێداین و ڕۆڵێکی پڕبایەخی بینی لە هاوکاریمان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت. هەروەها سوپاسی ئەو کارمەندانەی حکومەت دەکەین کە بە راوێژ، وەرگێڕان، و گواستنەوە هاوکارییان کردین، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە بێ کۆششی بێوچانی ئەوان سەرکەوتوو نەدەبوو.

چەند هەڤاڵێکی ڕەندیش لە سەرتاسەری لێکۆڵینەوەکەدا هاوکارییان پێشکەش کردین. بە تایبەتی، بە پێویستی دەزانین سوپاسی باڵیۆز ڕۆبەرت بلاکوڵ بکەین کە لە سەرجەم یادنامە و پوختەکارییەکانمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکاری کردین. ڕیچارد نیو و دێیڤید لۆگرانیش پێشنیاری بەسوودیان پێشکەش کردین لە سەرتاسەری لێکۆڵینەوەکەدا. دواجار، حەز دەکەین سوپاسی دوو بەڕێز بکەین کە نەیانویستناوەکانیان ئاشکرا بکەین، ئەم دوو بەڕێزە پێداچوونەوەیان کرد و سەرنج و بۆچوونی ورد و سوودبەخشیان پێڕاگەیاندین.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| DoD | وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا |
| EDIP | دەستگای گەشەپێدانی کۆمپانیا و هاندانی وەبەرهێنان |
| ESX | بۆرسەی هەولێر |
| FDI | وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی |
| GAO | نووسینگەی بەرپرسیاربوون (مسائەلە)ی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| GDP | کۆی بەرهەمهێنانی خۆماڵیی، الناتج الاجمالی المحلي |
| HR | سەرچاوە مرۆییەکان |
| ICSID | بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوە (دادپەرسی)ی ناکۆکیی وەبەرهێنان |
| IHSES | ڕووپێوی سۆسیۆ ئابووریی خانەوادەی عێراقی |
| IMF | سندوقی دراوی نێودەوڵەتی |
| ISX | بۆرسەی عێراق |
| IT | تەکنەلۆجیای زانیاری |
| JTPA | یاسای شەراکەتی مەشق لەسەر کار، حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان—عێراق |
| KRSO | دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان |
| LLC | کۆمپانیای سنووردار |
| NGO | ڕێکخراوە ناحکومیەکان |
| OECD | ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەسەندن |
| SME | کۆمپانیا (ئینتەرپرایز)ی بچووک و مامناوەندی، |
| SOE | کۆمپانیای حکومی |

# پێشەکی

## پێشینە

جەختی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی گەشەپێدانی ئابووریدا بریتییە لە بووژاندنەوە و سەقامگیرکردنی کەرتێکی تایبەتی داهێنەر. لە ئێستادا، حکومەت ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵکی هەرێمی کوردستانی دامەزراندووە.[1] ئەم خەسڵەتەی دەستی کار (الید العاملة، work force) ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی یاسایی، دامەزراوەیی، و سیاسیی مێژووی نوێی عێراقە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دان بەوەدا دەنێت کە کەرتێکی تایبەتی تەندروست و داهێنەر بەردی بناغەیە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی درێژخایەنی هاووڵاتییەکانی. بۆیە، ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە داڕشتنی ستراتیجێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاترکردنی هەلی کاری کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک ڕاستەوخۆ کار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەشێکی پێویستی ئەم ستراتیجە بریتییە لە ڕێکارێک بۆ دامەزراندنەوەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی لە کەرتی تایبەت.

گروپەکانی تەمەن (دابەشبوونی تەمەن)ی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەو ئاستەنگە سەختەمان پیشان دەدات کە ڕووبەڕووی بڕیاربەدەستان (سیاسەتمەداران)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. بە گوێرەی زانیاری سەرەتایی (ڕووپێوی سۆسیۆ-ئابووریی خانەوادەکانی عێراق، IHSES، المسح الاجتماعی الاقتصادی للاسرة فی العراق) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، تا 2007، لە نێوان 49.4 لە سەت تا 50.2 لە سەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەمەنیان لەژێر 20 ساڵان بووە. ئەمە هەرێمی کورستان لەنێوان پلەی 51 بۆ (55) ەمین لاوترین دانیشتواندا دادەنێت لەناو 288 وڵاتدا کە نووسینگەی ئاماری ویلایەتە یەکگرتووەکان زانیاری سەرەتایی دیمۆگرافی لەسەر کۆدەکاتەوە. بۆ بەراورد، ڕێژەی ژمارەی ئەم گروپی تەمەنە بە بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتوانی سەرجەم جیهان لە ساڵی 2007 دا بریتی بوو لە 36.6 لە سەت.[2]

گرنگی ئەمە بۆ ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەم خەڵکی بە تەمەن کار دەکەن و زۆربەی دانیشتوانەکە هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی کارکردن. ئەگەرچی ئەو خەڵکانەی تەمەنیان دەچێتە سەرەوە خانەنشین دەبن، بەڵام ژمارەی ئەو خەڵکانەی بۆ ئیش دەگەڕێن، لە زیادبووندایە. بیست ساڵی تر، مەزەندەی ئەوە دەکەین لە هەرێمی کوردستان کۆی پوختەی 850,000 تا 1.1 ملیۆن کەس چاوەڕێی هەلی کار بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە *لە ساڵێکدا* تێکڕای 43,000 تا 54,000 هەلی کاری نوێ دروست بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی گۆڕانکاریی دیمۆگرافیی دانیشتوانەکە.[3]

ئەم خەڵکانە ئیش و کار لە کوێ بدۆزنەوە؟ یەکێک لە ڕێگەچارەکان بریتییە لە دامەزراندنیان لەلای حکومەت. داڕێژەرانی سیاسەت بە فیعلی نیگەرانی سەبارەت بە ئاستی دامەزراندن لە پۆستە حکومیەکاندا دەردەبڕن. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بەرایی 2011 پلانێکی ڕاگەیاند بۆ دامەزراندنی کارمەندی زیاتر لە پۆستە حکومییەکان، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی دادەمەزرێن کەمترە لە ژمارەی

---

1 بە درێژایی ئەم ڕاپۆرتە، هەرێمی کوردستان ئاماژەیە بە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، و سلێمانی.

2 چاپتەری دوو تاوتوێیەکی تێروتەسەلی IHSES لەخۆ دەگرێت، و پاشکۆی A تایبەتە بە زانیاری سەرەتایی دیمۆگرافی کە لە IHSES (جیهازی مەرکەزیی ئامار و زانیاریی تەکنەلۆجی، دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان، و وۆڕڵد بانک، و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2008)، وەرگیراوە. زانیاری دیمۆگرافییەکانی وڵاتانی تر لە نووسینگەی ئاماری ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیراون، 2001.

3 لە پاشکۆی A دا بە تێروتەسەلیی تاوتوێی ئەم مەزەندانە کراوە.

ئەو هەلی کارانەی پێویستە لە ساڵێکدا دروست بکرێن.[4] لە کاتێکدا عێراق هەناردەی نەوت زیاتر دەکات، بە تایبەتی لە کێڵگە نەوتە گەورەکانی باشوور، ڕەنگە بڕی ئەو بودجەیەی حکومەتی مەرکەزیی دەیدات بە حکومەتی هەرێم زیاتر ببێت، پێویستە حکومەتی هەرێم بتوانێت کارمەندی زیاتر دابمەزرێنێت، بەڵام ئەم ڕێکارە دەبێتە مایەی ئەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە حکومەتی ناوەندیی عێراقببەستێت، سەرەڕای زیادبوونی باری گرانی مووچە و دەرماڵەکانیش.

بە ڕەچاوکردنی ئەگەری ئەو ئاستەنگانەی لە ئەنجامی زیاترکردنی بەرچاوی ژمارەی کارمەندانی حکومییەوە سەرهەڵدەدەن، بەدیلەکە بریتییە لە گەشەپێدان و بەردەوامی کەرتێکی تایبەتی تەندروست و داهێنەر. پتەوکردنی کەرتی تایبەت، دوو پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت: یەکەم، پێویستە ئابووریی گەورە (ماکرۆئیکۆنۆمی) و بزنس هاندەر و ڕێخۆشکەر بن بۆ دروستکردنی کۆمپانیا و کارگەکانی کەرتی تایبەت و درێژەدان بە کارەکانیان لە هەرێم. دووەم، پێویستە کەرتی تایبەت ژمارەیەکی باش دەستی کاریان لە پێش بێت تا بتوانن ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە شارەزا و کارزانن. پێدەچێت ئەم زیادبوونەی کارمەندی لاو هاوشان بێت لەگەڵ زیادبوونی خواست (demand) لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاری، لەوانە خانوو و ئۆتۆمبێل، پاش ئەوەی ئەم کارمەندانە خێزان پێک دەهێنن. ئەگەر بتوانرێت بە شێوەیەکی باش ئەم لێشاوی کرێکارە گەنجانە بەڕێوە ببرێت ئەوسا دەبێتە مایەی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، کەرتێکی تایبەتی گەشەسەندوو دەبێتە مایەی بەدیهێنانی داواکاری لێشاوی گەنجان لەسەر هەلی کار و لەسەر بەکاربردن (ئیستهلاک، consumption).

یەکێک لە شێوازەکانی گەشەپێدانی ئابوورییەکی پتەو بریتییە لە تێگەیشتن لەو ئاستەنگانەی ڕێگرن لە دەستکردن بە دامەزراندنی بزنسێک، یان بەرفراوانکردنی. بۆ نموونە، نەبوونی کرێدیت (قەرز، credit)ی پێویست یەکێکە لەو هۆیانەی دەبێتە مایەی ئەوەی پێکهێنانی بزنسی تایبەت کارێکی زەحمەت و پڕکێشە بێت. کارکردن بۆ بووژاندنەوەی بزنسی دارایی بۆ پشتگیری دەستپێکردنی بزنس، سەرمایەی کارکردن، یاخود کڕینی کەرەستە، کاریگەری گەورە و ئەرێنی دەبێت.

میتۆدی دووەم بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئەو کەرتانەی کە بارودۆخیان لەبارە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، و دابینکردنی ژینگەیەکی بەپیت بۆ پێکهێنانی بزنسی نوێ و بەرفراوانبوونی بزنسی بیانی لە هەرێمەکە. ئەم بوارانە بریتین لەو بوارانەی کە داواکارییەکی زۆر هەیە لەسەر کەرەستە و خزمەتگوزارییەکانیان لە لایەن بەکاربەر (مستهلک، consumer) ەکانەوە، ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی. دامەزراندنی ژینگەیەکی لەبار و هاندەر بۆ گەشەی کەرتی تایبەت لەم بوارانەدا پێویستی بە هاوکارییەکی تایبەتە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دێتە پێشیان.

شێوازی سێهەم بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بریتییە لە (سپاردن)ی هەندێک لە ئەرکەکانی حکومەت یاخود (بە تایبەتی کردن)ی هەندێک لە ئەرکەکانی. ئەگەرچی هەندێک کار و ئەرک هەیە کە دەبێت حکومەت بە خۆی ئەنجامی بدات، بەڵام هەندێک ئەرک و کاری تر هەیە کە کەرتی تایبەت دەتوانێت بیانکات بە بێ ئەوەی سازش بکرێت لەسەر خزمەتی هاووڵاتیان.[5] هەروەها، ئەزموونی وڵاتانی تر ئەوە دەردەخات کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی کاراتر ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات. سپاردنی هەندێک ئەرک بە کەرتی تایبەت ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت.

بەڵام، گەشەسەندنی کەرتی تایبەت مانای ئەوە نییە کارمەندانی حکومەت واز لە کاری حکومی دەهێنن و دەڕۆن لە کەرتی تایبەت کار دەکەن. خاوەنکارانی کەرتی تایبەت تەنها ئەو کەسانە دادەمەزرێنن کە پێیان وایە کەسانێکی بەرهەمهێنن. ئەگەر کارمەندێکی راژەی شارستانی خاوەنی شایستەیی پێویست نەبێت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، ئەوسا کۆمپانیا و کارگەکان ئەو کەسە نادامەزرێنن. بەم شێوەیە، ڕەنگە کارمەندانی حکومی پێویستیان بە مەشقێکی زۆر هەبێت بۆ ئەوەی شارەزاییەکانیان بەو شێوەیە بێت کە کەرتی تایبەت پێویستی پێیەتی.

---

4 سەرۆک وەزیران بەرهەم ساڵح ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە 2011 دا 25,000 کارمەندی تریش دابمەزرێنێت. بڕوانە (2011) "KurdishGovttoHire25,000 in 2011".

5 یەکێک لەو ئەرکانە یان خزمەتگوزارییانەی کە دەبێت هی حکومەت بێت (بە بۆماوەیی ئەرکی حکومەتە) بریتییە لە تەناهی. بە گشتیی، ئەو ئەرکانەی کە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە ئەرکی حکومەتن بریتین لەوانەی پێیان دەگوترێت "خزمەتگوزارییە گشتییەکان، یان، کەرەستە گشتییەکان، publicgoods". کە بریتین لەو خزمەتگوزارییە یان کەرەستە گشتییانەی کە بۆ هەمووانە و بەکارهێنانی لە لایەن کەسێکەوە ڕێگە ناگرێت لەوەی کەسێکی تریش بەکاریبهێنێت.

بە هەمان شێوە، کاتێک کارمەندانی راژەی شارستانی بیر لەوە دەکەنەوە لە کەرتی تایبەت کار بکەن کە سوودەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت زیاتر بێت لە سوودەکانی راژەی شارستانی. بەڵام ئەگەر قەرەبوو (واتە مووچە و دەرماڵە و تاد) لە راژەی شارستانیدا زیاتر بێت وەک لەوەی کەرتی تایبەت، ئەوسا کارمەندانی راژەی شارستانی دوودڵ دەبن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان کارە حکومییەکەیان بەجێبهێڵن. کارکردن لە خزمەتی مەدەنی هەندێک خەسڵەتی تری هەیە، وەک ئەوەی ئیشەکە بەردەوامە و هەر دەمێنێت، خزمەتگوزارییەکان دابین دەکرێت، و زەوی و خانوو بە نرخی هەرزان وەردەگرن، ئەمانەش ئەوەندەی تر بابەتەکەیان ئاڵۆز کردووە. لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای ئەمانەش، ئەگەر سیستمی قەرەبووی راژەی شارستانی کار بۆ دەستنیشانکردن و خەڵاتکردنی ئەدای بەرز نەکات، ئەوسا ئەو کارمەندانە راژەی شارستانی بەجێدەهێڵن کە حکومەتی هەرێمی کوردستانپێویستی پێیانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی بە ڕێکوپێکی.

## ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکە

لە چاپتەری داهاتوودا، تیشک دەخەینە سەر ئەو سەرچاوە و شێوازانەی لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکەماندا بەکارمان هێنا. لە چاپتەری سێدا باسی هەندێک ئاماری بنەڕەتی دەکەین لەسەر کار و پیشە لە هەرێمی کوردستان. چاپتەری چوار بریتییە لە چاوخشاندنێک بە شێوازەکانی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و هەڵسەنگاندنی کەشوهەوای پێکهێنان و بەرفراوانکردنی بزنس لە هەرێمی کوردستان. چاپتەری پێنج بریتییە لە تاوتوێی دەرفەتەکانی پێش (بە تایبەتی کردن) و (سپاردن) لە هەرێمی کوردستان. چاپتەری شەش بریتییە لە بەراوردی هەندێک خەسڵەتی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت. لە چاپتەری حەوتدا سیستمی قەرەبوو (مووچە، دەرماڵە، تاد)ی قەرەبووی مەدەنی شی دەکەینەوە لەگەڵ هەندێک سیاسەتیی بواری کارمەندان کە کار دەکەنە سەر دامەزراندن لە لای حکومەت و کەرتی تایبەت. چاپتەری هەشت چەند ستراتیجێکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت بۆ هاندانی کارمەندانی حکومی بۆ هەوڵدان بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت. چاپتەری نۆ بریتییە لە پوختە، و دەرەنجام.

ئێمە پەنامان بۆ سەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاری برد بۆ  پرۆسەی شیکاری و داڕشتنی راسپاردەکان. کە بریتی بوون لە بەڵگەنامە، وەک ئەدەبیاتی بڵاوکراوە، بابەتی چاپ نەکراو و بڵاونەکراوە، یاسا و رێساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق، چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خاوەنکارانی خۆماڵی و بیانیی لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان، بەرپرسانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و زانیاری سەرەتایی چەندایەتی. ئێمە لەم بەشانەی خوارەوە باسی هەر یەکێک لەم سەرچاوانە دەکەین.

### بەڵگەنامەکان

ئێمە کارمان لەسەر بەڵگەنامەی چوار بواری بەرفراوان کرد: کەشوهەوا (مناخ الأعمال، business climate)ی بزنس لە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی هەلی کار لە لایەن کەرتی تایبەتەوە لەگەڵ بە تایبەتی کردن و سپاردن، و بەڕێوەبردنی کارای سەرچاوە مرۆییەکان، و ژینگەی یاسایی (البیئة القانونیة، legal environment). سەبارەت بە کەشوهەوای بزنس، ئێمە بڵاوکراوە و لێدوانی ڕێکخراوی جۆراوجۆری وەک کۆمپانیاکانی راوێژکاری و ژمێریاری، ئاژانسەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، رێکخراوە ناحکومییەکان و دەستگاکانی توێژینەوە، قەوارە هەرێمایەتییەکان، کۆمپانیای بازرگانی، و رۆژنامەگەریی عەرەبی گەڕاین. زۆر لەو سەرچاوانە زانیاریی تایبەت و دیاریکراویان نەبوو لەسەر هەرێمی کوردستان، بەلام بە گشتیی زانیارییان لەسەر عێراق لەخۆگرتبوو.

سەبارەت بە بابەتی دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و لێکۆڵینەوەی حالەت (دراسة حالة، case study)ی بە تایبەتی کردن و سپاردن، ئێمە لە دووتوێی گۆڤارەکانی سیاسەت و لێکۆڵینەوە بۆ ئەدەبیاتی بڵاوکراوە و نامەی بڵاونەکراوە گەڕاین. بە تایبەتی جەختمان خستە سەر بڵاوکراوەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک بانکی جیهانی، بانکی گەشەپێدانی ئاسیا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، و نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەم ڕێکخراوانە رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە داڕشتنی بیرۆکەی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و و پیادەکردنی زۆر لە سیاسەتەکان. یەکێک لە گرفتەکانی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوانە ئەوەیە کە هەندێکیان راڤەی ئەو بەڵگانەن کە لە لێکۆڵینەوە بنەڕەتیەکەدا پێشکەش کراون. ئەگەرچی ئەمەش شێوازێکی کارایە بۆ ئاشنایەتی بە ژمارەیەک زۆر هەوڵی لێکۆڵینەوە، بەڵام دەرەنجامەکانی هەر یەکێک لەو پرۆژەی لێکۆڵینەوانە پشت بە نووسەری خوێندنەوەکە دەبەستێت.

بۆ تێگەیشتن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و راژەی شارستانی بە شێوەیەکی کارا، ئێمە پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی بڵاوکراوەی سەرچاوە مرۆییەکان و ئابووریزانییمان کرد. ئەمەش رێگەی بۆ خۆش کردین سیاسەتی گونجاو دەستنیشان بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کرێکاران، مووچە و بەرزکردنەوەی پلە، و حەوافزی ئەوتۆ کە ببێتە مایەی مانەوەی کارمەندە ئەدا-باشەکان لەلای حکومەت. هەروەها پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی ئابووریمان کرد بۆ وردبوونەوە لە ئەزموونە نێونەتەوەییەکان، و نموونەکانی چاکسازیی لە کەرتی حکومی و بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی. بە تایبەتی رێکخراوی بانکی جیهانی، کە جەختی خستبووە سەر ئەم بابەتە و تەمویلی هەوڵەکانی چاکسازیی خزمەتی مەدەنی کردبوو.

دواجار، پێویست بوو لە ژینگەی یاسایی (البیئة القانونیة، legal environment)ی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت تێبگەین. بۆ ئەم مەبەستە، بەڵگەنامە یاسایی و رێساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و باقیی عێراقمان کۆکردەوە، لە رێی وەقائعی رەسمی عێراق و وەقائعی هەرێمی کوردستان، وێبسایتەکان، وەک وێبسایتی پەرلەمان، وێبسایتە کۆنەکەی (دەسەلاتیی ئینتیقالیی هاوپەیمانان، سی پی ئەی)، و (پرۆژەی دادپەروەریی لە جیهاندا: عێراق)ی کۆلیژی یاسای S. J. Quinney ی زانکۆی یۆتا، و سەرچاوەی تریش، وەک کتێبخانەی کتێبی یاسایی کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

## چاوپێکەوتن و گفتوگۆ

ئێمە لەگەڵ سێ گروپی جیاواز چاوپێکەوتن و گفتوگۆمان کرد. یەکەم گروپ بریتی بوو لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دووەم بریتی بوو لە خەڵکانی بواری بزنس لە ئاستی ناوخۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوانەی کە لە کوردستان کاریان دەکرد یان زانیارییان هەیە لەسەر هەلومەرجی وەبەرهێنان لەوێ، ئەو خاوەنکارە نێودەوڵەتییانەی بیر لە وەبەرهێنان دەکەنەوە لە هەرێمی کوردستان، و رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان. سێیەم گروپ بریتی بوو لە بەرپرسانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. باسی هەر یەکێک لەو سێ گروپە دەکەین.

هەندێک حاڵەتی لێ دەرچێت، ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان و نووسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد (بێجگە لەوانەی بواری تەناهی)، هەروەها کۆبوونەوەمان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی هێندەی بکرێت هەموو بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکەمان ڕووماڵ بکەین. تاوتوێی ئێمە لەگەڵ ئەو گروپانە پێنج بابەتی گرتەوە، کە بریتی بوون لە

- چالاکییەکان و بەڕێوەبردنی راژەی شارستانی.
- بۆچی تاکەکەس دەیەوێت لە راژەی شارستانی دابمەزرێت و بمێنێتەوە، نەوەک لە کەرتی تایبەت.
- ژینگەیەک کە رێخۆشکەر و گونجاو بێت بۆ کەرتی تایبەت.
- بەشداریی حکومەت لە بەرنامەی ئابووریی بۆ بەرزکردنەوەی ئابووریی کەرتی تایبەت.
- ڕێکارەکانی چاکسازی لە کەرتی راژەی شارستانی، و بچووک کردنەوەی قەبارەکەی.

بۆ هەر وەزارەتێک، بە گوێرەی تایبەتمەندێتی وەزارەتەکە، بابەتەکانی ژینگەی رێخۆشکەری بزنس و بەشداریی حکومەتمان داڕشت. بۆ نموونە، کاتێک لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کۆبوونەوەمان کرد، باسی بزنس و رێوشوێنەکانی تۆمارکردنی بزنسمان کرد لەگەڵ معامەلاتی رەسمیی بازرگانی، و بابەتی تریش. کاتێک لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کۆبوونەوەمان کرد باسی خزمەتگوزاریی کارەبامان کرد لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

ئەو وەزارەت و دەستگا حکومییانەی سەردانمان کردن بریتی بوون لە

- ئەنجومەنی وەزیران
- فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری
- لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق
- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر
- نووسینگەی پارێزگار، پارێزگای دهۆک
- نووسینگەی پارێزگار، پارێزگای سلێمانی
- دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
- وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی کارەبا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
- وەزارەتی پلاندانان
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

ئەو وەزارەتانەی کە تایبەت نەبوون بە کاروباری تەناهی بەڵام ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ نەکردن بریتی بوون لە: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، داد، شەهیدان و ئەنفال، و سامانە سروشتییەکان.[1] بێجگە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پێمان وابوو ئەم وەزارەتانە کەمتر پەیوەندداربن بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە. ئەگەرچی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سوودبەخش دەبوو، بەڵام ئێمە جەختمان خستبووە سەر ئابووریی- نا-نەوت، و بەم شێوەیەش بڕوامان وایە لێکۆڵینەوەکەمان بە بێ کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە، هێندەی پێویست زانیاری لەبەردەست بوو. هەروەها لە تاوتوێکانمان لەگەڵ سپۆنسەرەکانی لێکۆڵینەوەکە بڕیارمان دابوو کە کار لەسەر شیکردنەوەی کاروباری تەناهیی حکومەت نەکەین.

ئاخاوتنی ئێمە لەگەڵ بزنسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بریتی بوو لە گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنکارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و هی تریش. هەروەها کۆبوونەوەمان لەگەڵ کارگێڕان، ستافی کۆلێژ، و قوتابیانی دەستگاکانی خوێندنی باڵای ئەهلی و حکومی کرد. دوو گروپی سەرەکی لەمانە بریتی بوون لە (ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر) و (ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی). بێجگە لەم دوو گروپە، بۆ ئەوەی ئەوانەی تر بتوانن بە ڕاشکاوی زانیاریمان بدەنێ، لەگەڵیان ڕێککەوتین ناویان ئاشکرا نەکەین.

بە چەند شێوازێک ئەو بزنس و خاوەنکارەکانمان دەستنیشانکرد بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆ: پەیوەندیی شەخسیی، پێشنیاری بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، و پێشنیاری ئەو خاوەنکارانەی قسەمان لەگەڵ دەکردن. هەروەها داوای هاوکاریمان کرد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ چەند جۆرێکی تایبەت لە بزنسی جۆراوجۆر، وەک کۆرپۆرەیشن و کارگە، بانک، و کۆمپانیای جۆراوجۆر.

گفتوگۆمان دەربارەی بابەتە سەرەکیەکانی هەریەک لەم بزنسانەی لای خوارەوە کرد:

- ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی بزنس، وەک وەرگرتنی مۆڵەت و تۆمارکردن، کولفەی بەدەستهێنانی مۆڵەتی پێویست
- ئاستەنگەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بازاڕ
- هەبوونی دارایی پێویست بۆ دەستکردن بە بزنس، سەرمایەی کار، بازرگانی، و بەرفراوانکردنی بزنس، هەروەها مەرجەکانی کەفالەتی پێویست بۆ وەرگرتنی قەرز
- ڕێساکانی تەرخانکردن (وەرگرتن، کڕین، بە کرێ وەرگرتن)ی زەوی، و هەبوونی زەوی
- ڕێساکانی تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی، و هەبوونی زەوی کشتوکاڵی
- ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی هەناردە و هاوردە
- کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان
- دەستی کار، وەک شارەزایی و پسپۆڕی و رەفتاری کاری دەستی کاری ناوخۆیی، ڕێساکانی دامەزراندن و دەرکردن، و ڕێساکانی پەیوەست بە دەستی کاری بیانی
- باج و حەوافز.

---

[1] *ئەوقاف* ئاماژەیە بە وەقفی ئایینی ئیسلام. شەهیدەکان بە گشتیی ئەو کەسانەن کە لە خەباتی نەتەوەیی کورددا کوژراون، زۆربەیان لە لایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە، بەڵام هی حکومەتەکانی پێشتریش. ئەنفال ناوی زنجیرەیەک شاڵاوە حکومەتی عێراقی سەردەمی سەدام حسێن لە 1988 ئەنجامی دا بۆ بنبڕکردنی کوردەکان. ئەمە بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی دوورودرێژتری حکومەت دژی کوردەکان و تێیدا چەکی کیمیایی بەکارهێنا، کۆمەڵکوژی کرد، و هەزاران دێی وێران کرد (هیومان رایتس وۆچ، 1993). سامانە سروشتییەکان بە تایبەت کار لەسەر نەوت و غاز دەکات.

ئێمە هەروەها چەند پرسیارێکمان ئامادە کردبوو بۆ کۆمپانیاکانی بواری دارایی، وەک ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن بە گوێرەی ژینگەی یاسایی ئێستا و ئەو ئاستەنگانەی لە پێش دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێشکەوتووی داراییدا، خزمەتگوزاریی وەک قەرزی کەرەستە و ئامێر، قەرزی سەرمایەی کار، و جۆری تری تەمویلی بزنسی بچووک و مامناوەندی.

گروپی سێیەم کە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد بریتی بوو لە بەرپرسانی حکومیی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بابەتی سەرەکی تاوتوێیەکە بریتی بوو لە کاروباری بزنس لە هەرێمی کوردستان، باسی ئەو بابەتانەمان لەگەڵ کردن کە لەگەڵ بزنسی ئەهلیی باسمان کرد. لەبەرئەوەی بەشداریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق درێژخایەن بووە، ئەم بەرپرسانە بە تایبەتی ئاگاداری کاروباری بزنس بوون لە هەرێمی کوردستان. بە هەمان شێوەی ئاخاوتنەکانمان لەگەڵ خاوەنکارانی کەرتی تایبەت، بەڵێنمان بە بەرپرسانی حکومیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دا ناویان ئاشکرا نەکەین بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی زانیاریمان پێ بدەن. لەگەڵ ئەو ئاژانسانە گفتوگۆمان کرد کە زۆر سەرقاڵن بە هاوکاریی ئابووریی مەدەنی و سیاسەتی ئابووری، هەروەها گفتوگۆمان لەگەڵ هەندێک بەرپرس کرد کە پێشتر لە (دەسەڵاتیی ئینتقالیی هاوپەیمانان، سی پی ئەی) کاریان کردبوو—سی پی ئەی بریتی بوو لە دەسەڵاتی داگیرکار لە ماوەی نێوان 2003-2004—و ئەو کەسانەی لە ساڵی 2004 ەوە لە عێراق کار لەگەڵ باڵیۆزخانە، تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان، و سوپا دەکەن.

چەند ئاستەنگێک هاتە پێش چاوپێکەوتنەکان. زۆر جار لە چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ بزنس و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لەگەڵ بوو، ڕەنگە ئەمەش ڕێگر بوو بێت لە قسەکردن بە ڕاشکاوی، بە تایبەتی بۆ بزنسی ئەهلی (کەرتی تایبەت). دووەم، کات و بودجە و ڕەوشی چالاکییەکان بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخساندین سامپڵێکی عەشوائیی بزنس وەربگرین لە هەرێمی کوردستان. ئێمە پشتمان بە سپۆنسەرەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەستبوو بۆ ئەوەی بزنسی گونجاومان بۆ بدۆزنەوە و گواستنەوە و وەرگێڕانمان بۆ دابین بکەن. ئەگەرچی ئەو بزنسانەی سەردانمان کردن هەرگیز سامپڵێکی عەشوائی نەبوون، بەڵام بۆچوونی سیاسی جۆراوجۆریان هەبوو، و پەیامێکی ڕوون و زۆر جێی متمانەیان پێڕاگەیاندین سەبارەت بەو بابەتانەی باسمان کرد. ئەم جێی متمانەیە بووە مایەی ئەوەی تا ڕادەیەکی پەسەندکراو دەرەنجامەکانمان قبوڵ بن، بە تایبەتی کە ئەو کەسانە ناڕەزایی خۆیان پیشان داوە لە هەلومەرجی ئێستا. هەر کاتێک بۆمان کرابێت، بەراوردمان کردووە لە نێوان ئەو شتانەی سەبارەت یاسا کارپێکراوەکان وتراون (کاتێک تاوتوێی بابەتە یاساییەکان دەکرا) یاخود سەبارەت ڕێنمایی بزنس یان لە راپۆرتی میدیاکان وتراون (کاتێک باسی بابەتی تر کرابێت) بە مەبەستی ساخکردنەوەی ئەو زانیارییانەی وەرمانگرتوون. بە هەمان شێوە، ئەم شێوازی ساخکردنەوەیەمان پیادە کرد بەسەر ئەو زانیارییانەی لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرمانگرت.

### شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی

سەرچاوەی سەرەکی زانیاری سەرەتایی چەندایەتی ئێمە بریتی بوو لە IHSES ی 2007. ئەم ڕووپێوە سامپڵی خێزانە عیراقییەکانی ڕووماڵ کردووە لەسەر ئاستی عێراقدا و سەرچاوەیەکی باشترە لە هەر سەرچاوەیەک کە ئێمە بۆ شیکردنەوەکانمان پەنامان بۆ بردبێت. نە تەنها رووپێوێکی نوێنەرایەتییە کە بە وریاییەوە ئەنجام درا بێت، بەڵکو، زیاتر لە هەر رووپێوێکی بەردەست ئەو بابەت و پرسیارانەی وروژاندووە کە پەیوەندداره بەم لێکۆڵینەوەوە. هەروەها، بە پێچەوانی ڕووپێوەکانی ترەوە، توانیمان بەرسفەکانی ڕووپێوەکەمان دەست بکەوێت و بە خۆمان شیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام بدەین، نەوەک تەنها خشتەبەندی و دەرەنجامە بڵاوکراوەکان ببینین.

هەندێک لایەنی خراپەی IHSES هەیە کە پێویستە ڕەچاوی بکەین کاتێک ڕاڤەی ئەنجامەکانی خۆمان دەکەین. یەکەم، زانیاریە سەرەتاییەکان هی ساڵی -2007ن، و بەم شێوەیەش هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لە شیکردنەوەکاندا دەرناکەون کە لەو کاتەوە لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە. دووەم، بەڕێزان لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بەوە کرد کە، بە بۆچوونی خۆیان، ڕووپێوەکە لەسەر چوارچێوەی سامپڵێکی کۆن وەرگیراوە کە ڕەنگە هەڵە بێت و هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستانی تێدا نییە.

دواجار، وەک هەر رووپێوێکی تری خانەوادە (خێزان)، وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕووپێوەکە کە ئێمە جەختی دەخەینە سەر پشت بە بەرسڤی شەخسیی بەشداربووەکە دەبەستێت: پیشە و کاری، پەروەردە و ئاستی خوێندنی، و داهاتەکانی، لێرەدا، هیچ ڕێگەیەک نییە مرۆڤ بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ وردی و ڕاستێتی ئەم وەڵامانە ساخ بکاتەوە. هەبوونی جیاوازی لە وردیی وەڵامی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی و کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی سیستماتیکی کار دەکاتە سەر دەرەنجامەکانی شیکردنەوەکانمان، یان ئەگەر وەڵامەکان بێلایەن نەبن. بۆ نموونە، ئەگەر گروپێک زێدەڕۆیی بکات (یان کەمڕەویی بکات) بە ئاستی خوێندنی خۆیەوە، ئەوسا بەراوردەکەی ئێمە بۆ ئاستی خوێندنی ئەو دوو گروپە، ڕاست نابێت.[2] بە بێ هۆیەکی پێشوەختە کە بڕوامان پێبهێنێت بەوەی ئەم یان ئەو گروپ وردتر بووە لەوەی تر، شیکردنەوەکەی ئێمە باشترین مەزەندەی جیاوازییەکان پیشان دەدات لە نێوان کارمەندانی خزمەتی مەدەنی و کارمەندانی کەرتی تایبەت.

---

2 هەروەها ڕەنگە بەرسڤی هەردوو گروپەکە ورد نەبووبێت بە هەمان ئاڕاستەدا، یان زێدەڕۆیی یان کەمڕەویی کرابێت بە بەرسڤی وردەوە. بەڵام، ئەمە کار ناکاتە سەر دەرەنجامەکانی ئێمە، چونکە ئێمە جەخت دەخەینە سەر بەراوردکردنی نێوان دوو گرووپەکە.

# دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان

لەم چاپتەرەدا، بە بەکارهێنانی IHSES، هەندێک ئاماری بنەڕەتی و وەسفگەرایی لەسەر دامەزراندن (تەوزیف) لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدەین. ئامارەکان بریتیین لە زانیاری سەرەتایی لەسەر پیشە و کار بە گوێرەی کەرتەکان و ئنجا دابەشبوونی پیشە و کارەکان لەناو حکومەت و لە لای کەرتی تایبەت. دابەشبوونی کارەکان بەراورد دەکەین لە نێوان هەرێمی کوردستان و باقیی عێراق و هەندێک وڵاتی تر بە گوێرەی کەرتەکان. ئەم ئامارانە دەبن بە بناغەیەکی گرنگ بۆ باقیی شیکردنەوەکانی ئێمە.

## دامەزراندن (وەزیفە) لە هەرێمی کوردستان و لە چەند وڵاتێک

### جۆری کارەکان لە کوردستان

شێوەی (3.1) دابەشبوونی کاری کارمەندانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی کەرت نیشان دەدات.[1] سێ و نۆ لە سەتی هەموو کارەکان لە جۆری کاری بێ مووچەن (واتە بە بێ مووچەیەکی مانگانە)، ئەم خەڵکانە خۆیان ئیش بۆ خۆیان دەکەن و بە پێچەوانەی مووچەی ئاساییەوە ئەمانە داهاتێکی سەقامگیریان نییە. باقیی ئیشەکانی تر بریتین لە ئیشی بە مووچە، کە لەمیاندا کەسەکە لە بەرامبەر ئەو کارانەی دەیکات پارەیەکی نەختینە یان قەرەبوویەکی نەوعیی وەردەگرێت. نزیکەی 35 لە سەتی کارەکان حکومەتیین، تەنها 20 لە سەتی کارەکان لە کەرتی تایبەتن. لە بەرامبەردا، کەرتی تایبەت-خێزان و ئەوەی پێی دەگوترێت "کەرتی گشتیی" لەناو IHSES بەشێکی زۆر بچووکە لە ئابووریی هەرێمی کوردستان.[2] وەک لە شێوەی (3.1) دەردەکەوێت، ژمارەی ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن لە هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لەو کارانەی کەرتی تایبەت مووچەیان دەدات لەگەڵ کاری بێ-مووچە (واتە ئەو کارانەی کە بەرامبەر مووچەیەکی سەقامگیر نین، کاسپیی)، زیاترە وەک لە ژمارەی کارمەندانی حکومی. لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵک ڕاستەوخۆ کار بۆ حکومەت دەکەن.

خشتەی 3.1، 3.2 و 3.3، بریتیین لە هەرە دە باوترین پیشە لەناو کەرتی حکومەت، کەرتی تایبەت، و بێ مووچە.[3] لە هەر خشتەیەکدا، پیشەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ریز کراوە بە گوێرەی ژمارەی کارەکانی هەر پیشەیەک. خشتەی 3.1 کارمەندانی پیشەی جۆاروجۆری ڕاژەی شارستانی پیشان دەدات.[4] گەورەترین پیشە بریتییە لە پشکنەر و لێپێچەرەوەی پۆلیس، کە نزیکەی 21 لە سەتی سەرجەم کارەکانی خزمەتی مەدەنییە. کاری پاراستنی تەناهی نزیکەی 14 لە سەتی کۆی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی پێکدەهێنێت.

---


1 لە شێوەکەدا، هەر پیشەیەک یەک جار حساب کراوە، بەم شێوەیە ئەگەر کەسێک دوو ئیش بکات ئەوسا لە دوو شوێن حسابی بۆ کراوە. شیکردنەوەی تری بەدیل بۆ دابەشبوونی کرێکاران هەر هەمان سەرەنجامی دەبێت.

2 کاری (کەرتی گشتیی) بریتییە لە کارکردن لە کارگە و کۆمپانیا حکومییەکان. کاری (کەرتی تایبەت-خێزان) بریتییە لەو کارەی کەسێک لە دەرەوەی ماڵەوەی دەیکات.

3 پیشەکان بە گوێرەی (پۆلێنی بنەمای نێودەوڵەتی بۆ پیشە) ریز کراون.

4 لە هەرێمی کوردستان، بە کارمەندی ڕاژەی شارستانی دەگوترێت (مۆزەف، فەرمانبەر). ئێمە لە سەرتاسەری ئەم ڕاپۆرتە زاراوە بنەما نێودەوڵەتییە بەکاردەهێنین و بۆ کارمەندانی حکومی (کارمەندی ڕاژەی شارستانی) بەکاردەهێنین، و بۆ پۆست و کارەکانی حکومەتیش (کاری خراژەی شارستانی) بەکاردەهێنین.

**شێوەی 3.1**
**دابەشبوونی کار لە هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
سەرنج: لەبەر لێکنزیک کردنەوەی ژمارەکان، رێژەکان ناکاتە سەد.
RAND *MG1117-3.1*

**خشتەی 3.1**
**دابەشبوونی وەزیفەی راژەی شارستانی، بە گوێرەی پیشە**

| پیشە | رێژەی سەتیی کاری راژەی شارستانی |
|---|---|
| پۆلیس و پشکنەر و لێپێچەرەوە | 20.8 |
| کارمەندی دەستگاکانی پارێزگاری | 13.6 |
| مامۆستای سەرەتایی | 12.1 |
| نووسەر (کاتب) | 6.5 |
| خاوێنکەرەوە | 5.1 |
| مامۆستای ناوەندی | 4.9 |
| شۆفێر | 2.5 |
| پۆستەچی و خزمەتگوزار | 2.3 |
| کارمەندی کتێبخانە و پۆستە | 2.3 |
| پسپۆڕی بزنس | 1.8 |
| هەر پیشەیەکی تر[a] | 28.1 |

سەرچاوە: زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.

[a] پیشەی ناو گروپی "هەر پیشەیەکی تر" رێژەکەی کەمترە لە 1.8 لە سەتی کۆی کارەکانی راژەی شارستانی.

**خشتەی 3.2**
**دابەشبوونی کاری بەمووچە لە کەرتی تایبەت بەپێی پیشە**

| پیشە | ڕێژەی سەتی کاری بە مووچە لە کەرتی تایبەت |
|---|---|
| کرێکاری دیوار | 33.1 |
| کرێکاری ناوەوەی بینایە | 10.3 |
| شۆفێر | 6.8 |
| حەمباڵ و بەردەست | 5.4 |
| کارمەندی چێشتخانە و ئوتێل | 3.9 |
| شاگرد و دوکاندار | 2.7 |
| فیتەر و میکانیکی | 2.4 |
| دوکاندار و فرۆشیار | 2.3 |
| ئاسنگەر و کانزاساز | 2.2 |
| کارمەندی پرۆسەکردنی خۆراک | 2.2 |
| هەر پیشەیەکی تر[a] | 28.8 |

سەرچاوە: زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.

سەرنج: ڕەنگە لەبەر نزیککردنەوە، کۆی سەتی ڕێژەکان نەکاتە سەت.

[a] پیشەی ناو گروپی "هەر پیشەیەکی تر' ڕێژەکەی کەمترە لە 2 لە سەتی کۆی کاری بە مووچە لە کەرتی تایبەت.

**خشتەی 3.3**
**دابەشبوونی کاری بێ مووچە، بە گوێرەی پیشە**

| پیشە | ڕێژەی سەتیی کاری بێ مووچە |
|---|---|
| باخەوان و جوتیار | 25.4 |
| ئاژەڵدار | 15.2 |
| شۆفێر | 9.8 |
| فرۆشیار | 8.0 |
| دوکاندار و شاگرد | 7.9 |
| وردەفرۆشی سەر شەقام | 6.1 |
| ڕستن و چنین | 2.4 |
| فیتەر و میکانیکی | 2.1 |
| بریکار | 2.0 |
| کرێکاری بیناسازی | 1.9 |
| هەر پیشەیەکی تر[a] | 19.4 |

سەرچاوە: زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.

سەرنج: ڕەنگە لەبەر نزیککردنەوە، کۆی سەتی ڕێژەکان نەکاتە سەت.

[a] پیشەی ناو گروپی "هەر پیشەیەکی تر" ڕێژەکەی کەمترە لە 1.9 لە سەتی کۆی کاری بێ مووچە.

نزیکەی 17 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی بریتین لە مامۆستایانی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی یان ئامادەیی. کارمەندانی نووسینگە و نووسەر و خزمەتگوزار هەر یەکێکیان نزیکەی 5 لە سەتی کۆی کارەکانی راژەی شارستانی پێکدەهێنن، هەر یەکێک لە پیشەکانی تریش 1.8 لە سەتی کۆی کارمەندانی راژەی شارستانی پێکدەهێنن.

لە بەرامبەردا، کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی تایبەت (خشتەی 3.2) زۆربەیان لە بواری بیناسازییدا کار دەکەن، نزیکەی 45 لە سەت کرێکاری دیوار یان هی بواری ناوەوەی بینایەن. لە کەرتی بێ مووچە (خشتەی 3.3) دا زۆربەی پیشە و کارەکان لە بواری کشتوکاڵدان: چل لە سەتی کرێکارانی بێمووچە بریتیین لە باخەوان و کشتکار و شوان و بەخێوکەری ئاژەڵ. هەندێک ئیش و کاری تریش هەیە لە جۆری بێ مووچە کە تا ڕادەیەک ژمارەی کرێکارانی بەرچاوە، وەک شۆفێر، دوکاندار، و شاگرد، و وردەفرۆشی سەر شەقام، هەر یەکێکیان نزیکەی 5 تا 10 لە سەتی کۆی پیشەی بێ مووچەن.

بەراوردکردنی نێوان خشتەی 3.1، خشتەی 3.2، و خشتەی 3.3 ئەوە دەردەخات کە هاوشێوەییەکی کەم هەیە لە نێوان جۆری ئەو کارانەی لە حکومەت هەیە لەگەڵ جۆری کارەکانی کەرتی تایبەت. لە ڕاستییدا، تاکە پیشەیەک کە لە هەردوو لیستەی دە پیشە هەرە گەورەکەدا هاوبەش بێت، لە لیستەکەی کارمەندانی راژەی شارستانی و کارمەندانی کەرتی تایبەت، بریتییە لە شۆفێرێتی (خشتەی 3.1، خشتەی 3.2، و خشتەی 3.3) و پاککەرەوە و حەمباڵ (بارهەڵگر) (خشتەی 3.1 و خشتەی 3.2). ئەم دوو پیشەیە تەنها ٥ لە سەتی کۆی کارەکانی راژەی شارستانی. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر کارمەندانی راژەی شارستانی لە کەرتی تایبەتی دابمەزرێنەوە لە کارێک هاوشێوەی ئەوەی خۆیان، ئەوسا پێویستە ئەم کارمەندانە لە بوار و پیشەی تردا کار بکەن جیاواز لەم کارەی ئێستایان.

ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خێرایی پرۆسەی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی، و هاوکات پاراستی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە ژمارەی زۆری خەڵکی بێکار دەبێتە مایەی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی. کاتێک کەرتی تایبەت گەشەسەندوو نەبێت، هەرە مژدەبەخشترین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دامەزراندن لەلای حکومەت بریتی دەبێت لەوەی ئەو ئەرک و چالاکییانە بسپێردرێت بە کەرتی تایبەت کە کارمەندەکانی ئەم ئەرک و چالاکییانە بتوانن کاری تێدا بکەن. سپاردنی ئەم چالاکییانە تا هەمیشە نابێت، ئەمەش جەخت لە پێداویستبوونی گەشەدان بە کەرتێکی پتەوی تایبەت دەکاتەوە.

خشتەی 3.4 بریتییە لە لیستی رێژەی کارمەندانی راژەی شارستانی بە گوێرەی ئەو وەزارەتەی کاری بۆ دەکەن. بۆ ڕوونکردنەوە، وەزارەتەکان بە زنجیرەی لە زۆرەوە بۆ کەم ڕیز کراون، بە گوێرەی رێژەی کرێکارەکان. خشتەی 3.4 سێ وەزارەت پیشان دەدات — وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پێشمەرگە، و وەزارەتی ناوخۆ- کە ژمارەی کارمەندەکانیان بریتییە لە نزیکەی 60 لە سەتی کۆی گشتیی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی. ژمارەیەکی زۆر کارمەندیش کار بۆ وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی دارایی و ئابووریی، وەزارەتی شارەوانییەکان و گەشتوگوزار، و وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی دەکەن. کارمەندەکانی هەموویان پێکەوە، بەم حەوت وەزارەتە، نزیکەی 80 لە سەتی کۆی کارمەندەکانی راژەی شارستانی پێکدەهێنن.

زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەین کە بواری بەراوردی بە تاک نییە لە نێوان وەزارەتێک و وەزارەتێکی تر لەو پیشانەی لە خشتەی 3.1 دا ڕیز کراون. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە هەموو مامۆستایان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیەوە دامەزراون، ئە وەزارەتانە بە تەنها مامۆستا دانامەزرێنن. بە هەمان شێوە، نووسەر (office clerks) لە چەند وەزارەتێکی جۆراوجۆر دامەزرێندراوە.

#### بەراورد لە نێوان چەند وڵاتێک

خشتەی 3.5 بریتییە لە بەراوردی دابەشبوونی کار لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، بە بەشەکەی تری عێراقیشەوە.[5] ئەم وڵاتانە بە گوێرەی رێژەی سەتیی کارمەندانی حکومی ڕیز کراون، لە زۆرەوە بۆ کەم. وەک لە خشتەی 3.5 بە ڕوونی دیارە، هەرێمی کوردستان زۆرترین رێژەی کارمەندانی حکومی هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانە، بێجگە لە بۆتسوانا. ئەو وڵاتانەی رێژەی کارمەندانی حکومییان

5 سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، زانیاریە سەرەتاییەکانی خشتەی 3.5 هەمان زانیاری سەرەتایی شێوەی -3.1ن.

**خشتەی 3.4**
**دامەزراندن (تەوزیف) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009**

| وەزارەت/فەرمانگە | ڕێژەی سەتیی |
|---|---|
| وەزارەتی پەروەردە | 24.0 |
| وەزارەتی پێشمەرگە | 19.9 |
| وەزارەتی ناوخۆ | 15.4 |
| وەزارەتی تەندروستی | 6.2 |
| وەزارەتی دارایی و ئابووری | 6.1 |
| وەزارەتی شارەوانییەکان و گەشتوگوزار | 5.3 |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | 3.1 |
| ئاسایشی هەرێم (هەولێر) | 2.9 |
| ئاسایشی هەرێم (سلێمانی) | 2.8 |
| وەزارەتی کارەبا | 2.5 |
| وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | 2.3 |
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | 2.3 |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 1.1 |
| وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی | 1.0 |
| وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان | 1.0 |
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | 1.0 |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 0.8 |
| ئەنجومەنی وەزیران | 0.4 |
| وەزارەتی داد | 0.4 |
| وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | 0.4 |
| ئەنجومەنەکانی پارێزگا، شارەوانی، و خۆجێی | 0.4 |
| وەزارەتی پلاندانان | 0.2 |
| وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال | 0.2 |
| سەرۆکایەتی هەرێم | 0.1 |
| وەزارەتی مافی مرۆڤ | 0.1 |
| هی تر | 0.2 |

سەرچاوە: وەزارەتی پلاندانان.

سەرنج: ڕەنگە لەبەر نزیککردنەوە، کۆی سەتی ڕێژەکان نەکاتە سەت.

نزیکە لەوەی هەرێمی کوردستان بریتیین لە دانیمارک، نەرویج، باقیی عێراق، و سوریا. بەڵام، وڵاتانی تری ناوچەکە، لەناویاندا ئوردن، ئێران، و تورکیا، ژمارەی کارمەندانی حکومییان کەمترە. لە چەند وڵاتێک کە پێشتر حکومەت ئابووریی بەڕێوە دەبرد (وەک پۆڵەندا، سلۆڤینیا، و سلۆڤاکیا)، ڕێژەی دامەزراندن لە کۆمپانیا حکومییەکان زیاترە لە 10 لە سەتی دەستی کار، و زیاتر لە 70 لە سەتی کارمەندان سەر بە کەرتی تایبەتن.

**خشتەی 3.5**
**تەوزیف (دامەزران) بە گوێرەی کەرت، هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێک**

| وڵات | حکومەت % | کۆمپانیای حکومی (%) | ناحکومی (%) |
|---|---|---|---|
| بۆتساوانا | 37.8 | 4.9 | 57.3 |
| هەرێمی کوردستان — عێراق | 34.5 | 2.1 | 63.4 |
| دانیمارک | 30.3 | 3.0 | 66.8 |
| نەرویج | 29.1 | 4.9 | 66.1 |
| باقیی عێراق (بە بێ هەرێمی کوردستان) | 28.6 | 2.1 | 69.3 |
| سوریا | 27.9 | — | 72.1 |
| ئوردن | 21.8 | 9.9 | 68.4 |
| ئێران | 18.5 | — | 81.5 |
| سلۆڤینیا | 18.0 | 10.2 | 71.8 |
| ئیرلەندا | 15.6 | 2.0 | 82.5 |
| تورکیا | 13.9 | — | 86.1 |
| ئیسپانیا | 13.4 | 0.8 | 85.7 |
| سلۆڤاکیا | 13.2 | 10.8 | 76.0 |
| کۆماری چیک | 12.8 | 6.6 | 80.6 |
| پۆڵەندا | 11.9 | 14.4 | 73.7 |
| مەکسیک | 10.7 | 1.4 | 87.9 |
| ئەڵمانیا | 10.2 | 4.1 | 85.7 |
| یۆنان | 8.9 | 13.7 | 77.5 |

سەرچاوە: بۆ داتای عێراق سوود لە 2007- IHSES وەرگیراوە، زانیاری سەرەتایی وڵاتەکانی تریش لە (رێکخراوی کاری نێودەولەتی)، 2007.

سەرنج: وڵات و هەرێمەکانی نو خشتەکان سەربەرەو خوار ریز کراون بە گوێرەی کۆی رێژەی سەتیی کارمەندان لە کەرتی حکومەت. ڕەنگە لەبەر نزیککردنەوە، کۆی سەتی رێژەکان نەکاتە سەت.

لە بەرامبەردا، لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە لە خاوەنداریتیی و چالاکییەکانی کەرتی تایبەت (وەک ئێرلەندا، ئەڵمانیا، و ئیسپانیا) زیاتر لە 80 لە سەتی کارەکان لە کەرتی تایبەتن.

رێژەی بەرزی کارمەندەکانی کەرتی حکومی لە هەرێمی کوردستان بارێکی گەورەیە لەسەر بودجەی ساڵانە لە ئێستا و ئاییندەدا، چونکە ئەم کارمەندانە مووچە و دەرماڵە وەردەگرن و دواتریش خانەنشینی وەردەگرن. هەروەها، زیادبوونی ژمارەی گەنجان کە دێنە ناو بازاڕی دەستی کارەوە، شانبەشانی ئەم بارە گرانە لەسەر بودجەی ساڵانە، ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە دەرفەتی کار لە دەرەوەی حکومەت دروست بکرێت. دوو چاپتەرەکەی داهاتوو بریتین لە شیکردنەوەی چۆنیەتی بەرفراوانکردنی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان.

# پتەوکردنی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: سوود وەرگرتن لە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت، و چاکسازیی ژینگەیەکی لەبار

ئەم راپۆرتە تایبەتە بە تاوتوێی پرەنسیپەکانی ستراتیجێک بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوسەنگ کردنەوەی ئابووریی بەرەو کەرتی تایبەت. یەکێک لە ڕێکارەکان بریتییە لە *پتەوکردنی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت*. تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ گۆڕانکارییەک نەکات لە شێوازی بەڕێوەبردنی راژەی شارستانی، گەشەی خێرای کەرتی تایبەت دەبێتە مایەی هاوسەنگ کردنەوەی ئابووری بە شێوەیەک کە لە حکومەت دوور بکەوێتەوە. بەڵام، پتەوکردنی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت هەروەها ڕەنگە کاریگەرێکی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر قەبارەی ڕەها (الحجم المطلق، absolute size)ی کەرتی حکومەت، ئەمەش لە ڕێی دابینکردنی دەرفەتی هێندە بەرفراوان لە کەرتی تایبەتدا کە هەندێک کارمەندی حکومی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت چونکە کار و وەزیفەی ئەوتۆی دەبێت کە بیانەوێت بیکەن. ئەوەندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپاردەکانی ئێمە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی تایبەت پیادە بکات، تەوزیفی راژەی شارستانی کەم دەبێتەوە. هەروەها سنوور دادەنێت بۆ زیادبوونی راژەی شارستانی *لە ئاییندەدا* چونکە ئەو کەسانەی تازە دێنە ناو بازاڕی کارەوە پێشتر لە کەرتی تایبەتدا نەبوون.

ئەم ستراتیجە دوو لایەنی ئەرێنی هەیە، یەکەم، جیابوونەوە لە راژەی شارستانی بە تەواوەتی ئارەزوومەندانەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەرەنجامە سیاسیانەی وابەستەن بە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەوە. دووەم، کولفەی دارایی ئەم ستراتیجە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمە لە بواری خەرجییە ڕاستەوخۆ داراییەکانی حکومەت. ئەم کولفانە تەنها بریتین لە کولفەی جێبەجێکردنی راسپاردەکانمان بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، لەبەرئەوەی جیابوونەوە لە راژەی شارستانی بە تەواوەتی ئارەزوومەندانەیە، پێویست بە حەوافزی دارایی ناکات.

سەرەڕای ئەم خاڵە ئەرێنییانە، سێ خاڵی نەرێنیی سەرەکیی هەیە. یەکەم، بەرسڤی ڕاستەقینەی کارمەندانی راژەی شارستانی لە هەمبەر ئەم دەرفەتانە، ڕوون نییە. بە سادەیی، ئێمە هیچ زانیارییەکی سەرەتاییمان لەبەردەست نییە تا مەزەندەی ژمارەی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی بکەین کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەڕۆن بۆ کەرتی تایبەت ئەگەر کار برەخسێت. دووەم، ساڵانێکی پێدەچێت تا ئەو کاتەی کەرتێکی بووژاوەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان گەشە دەکات، و، تا ئەو کاتەی ئەم جیابوونەوانە ڕوودەدات، کاریگەری مووچەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری کارمەندانی راژەی شارستانی کاریگەرێکی بەرچاوی دەبێت لەسەر بودجە. دواجار، ڕەنگە ئەم ستراتیجە ببێتە مایەی ئەوەی پێی دەگوترێت "هەڵبژاردەی پێچەوانە، adverse selection"، ئەمەش دیاردەیەکە کاتێک ڕوودەدات کە خەڵکانێک پەنا بۆ کارێک ببەن کە حکومەت نەیەوێت ئەو کارە بکەن، لەم حاڵەتەدا، هەڵبژاردەی پێچەوانە ئەوە دەبێت کە باشترین کارمەندەکانی راژەی شارستانی واز لە راژەی شارستانی بهێنن و بڕۆن بۆ لای کەرتی تایبەت.[1]

1 لەم مۆنۆگرافەدا چەندین جار بابەتی (هەڵبژاردەی پێچەوانە) سەرهەلدەدات. لە دووتوێی بابەتەکەی ئێمەدا، هەڵبژاردەی پێچەوانە کاتێک ڕوودەدات کە کارمەندی راژەی شارستانی زانیاری زیاتری هەبێت لەسەر بوارەکانی بازاڕی کارەکەی خۆی وەک لە حکومەت. ئەگەر هیچ هەنگاوێک نەبێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوسا لە ئەنجامی هەڵبژاردەی پێچەوانەوە کارمەندی راژەی شارستانی کە هەلی باشتری هەیە لە کەرتی تایبەتدا واز لە راژەی شارستانی دەهێنێت، و ئەوانەی تریش دەمێننەوە. بەڵام، حکومەت ئەوەی لا پەسەندە ئەو کارمەندانە بەجێی بهێڵن کە کەمتر بەرهەمهێنن. ئەگەر هەلی کار لە کەرتی تایبەت پەیوەست بێت بە ئاستی بەرهەمهێنان لەناو راژەی شارستانی، زیاتر ئەوانەی راژەی شارستانی بەجێدەهێڵن بە تایبەت ئەو کەسانە دەبن کە حکومەت هیوادارە لای خۆی بمێننەوە.

لەم چاپتەرەدا باسی سوودەکانی وەبەرهێنانی خۆماڵی دەکەین، جەخت دەخەینە سەر ئانترەپریۆنێرشیپ (هەڵمەتکاریی بزنس، entrepreneurship، بزنس یان پرۆژە بە چاونەترسی و هەڵمەت و دەستپێشخەرییەوە) و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت. لە چاپتەری داهاتوودا. باسی (سپاردن) و (بە تایبەتی کردن) دەکەین وەک دوو شێواز بۆ پتەوکردنی کەرتی تایبەت. لە کۆتایی هەر چاپتەرێکدا چەند ڕاسپاردەیەکی سیاسەت پێشکەش دەکەین.

**ئانترەپریۆنێرشیپ**

هاندانی بزنسی ناوخۆیی لە ڕێی ئانترەپریۆنێرشیپەوە بریتییە لە جەوهەری گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری و دروستکردنی هەلی کار. "زاراوەی ئانترەپریۆنێرشیپ چەند مانایەکی هەیە" (Gutierrez, 2008, p. 235). بۆ نموونە، ڕەنگە زاراوەکە ئاماژە بێت بە "کۆمپانیا بچووکەکان"، "پێکهێنان و دروستکردنی کۆمپانیا، یان زیادبوونی کۆمپانیا و بزنسی نوێ بۆ ئابووریی"، و "داهێنان بێت (نەوەک لاسایی کردنەوە)،" و ببێتە مایەی زیادبوونی "سامانی وڵاتێک یان هەرێمێک" (Gutierrez, 2008). ئێمە هەموو ئەم مانایانەمان مەبەستە لە ئانترەپریۆنێرشیپ. ڕەنگە چالاکیی ئانترەپریۆنێرشیپ (بزنس و پرۆژە بە چاونەترسی و دەستپێشخەرییەوە) بریتی بێت لە بزنسی ناوخۆیی یان وەبەرهێنانی بیانیی، ئەگەرچی ئێمە لەم بەشەدا زیاتر جەخت دەخەینە سەر بزنسی خۆماڵی.

ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان بزنسی ئانترەپریۆنێرشیپ و گەشەسەندن تا ڕادەیەک نوێیە، بەڵگەی بەهێز هەیە کە خێراترین و سەقامگیرترینن ڕێگە بۆ گەشەپێدان بریتییە لەو ئانترەپریۆنێرانە (بزنسکاری بەهەڵمەت و چاونەترس کە دەستپێشخەریی بزنس دەکات، entrepreneurs) و کۆمپانیاکانی ئانترەپریۆنێرشیپ کە بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ پێشکەش دەکەن، یان شێوازی نوێ بەکاردەهێنن (Baumol, Litan, and Schramm, 2007). ئانترەپریۆنێرەکان دەبنە مایەی گەشەسەندنی ئابووری لە ڕێی پێکهێنانی پیشەسازیی نوێوە، بە زیادکردنی بەرهەمهێنان لە ڕێی کێبڕکێوە، دەستنیشانکردنی تەکنەلۆجیای نوێی پڕبایەخ، کاری کارا و چڕ، و دروستکردنی هەلی کار (U.S. Small Business Administration, 2011; OECD, 2006; Haltiwanger, Jarmin, and Miranda, 2010). لە ڕاستییدا، ئەم بەڵگەیە ئەوە دەردەخات کە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دەتوانن سوود وەربگرن لە ئانترەپریۆنێرشیپ، لە لایەک لە ڕێی وەرگرتنی تەکنەلۆجیا لە هەندەران، بۆ نموونە لە FDI، و لە لایەکی تر لە ڕێی چالاکیی داهێنەرانەی بزنسی خۆماڵییەوە.

ڕاپۆرتێکی (کۆمیسۆنی بەرنامەی گەشەسەندنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەرتی تایبەت و گەشەسەندن، 2004) باسی ئەوە دەکات کە سێ ئاستەنگ هەیە لە پێش گەشەی کەرتی تایبەت. یەکەم بریتییە لە نافەرمێتی (نارەسمێتی)، بە تایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا و بزنسی بچووک (مایکرۆ) کە بەدەر لە ڕێسا و یاسا بنەماکان کار دەکەن، وەک ئەوەی تۆمار نەکراون یان پارەی خانەنشینی نادەن. دووەم نەبوونی زەمینەی یەکسان بۆ پرۆژە بازرگانیە بچووک و مامناوەندیەکان بەهۆی، دەست نەگەیشتن بە تەمویل، و ژینگەی لاوازی دامەزراوەیی (مۆسساتی) کە زیاتر لە سوودی کۆمپانیا گەورەکاندایە. دواجار، ڕاپۆرتەکە باسی نەبوونی فشاری کێبڕکێ دەکات لەسەر کۆمپانیا گەورەکان، ئەمەش بە ڕێگر ناودەبات لە پێش گەشەسەندن.

ڕاپۆرتەکە هەروەها پێشنیاری شەش کار دەکات لە بازنەی کەرتی گشتی، کەرتی تایبەتی، و کەرتی گشتیی-تایبەت کە دەبێتە مایەی هاندانی گەشەسەندنی ئینتەرپرینیۆرشیپ و کەرتی تایبەت:

- چاکسازی لە ڕێساکاندا و پتەوکردنی سەروەریی یاسا.
- بە-فەرمیکردنی ئابووری.
- بەشدارییێکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەتدا.
- ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە هەڵبژاردەی بەرفراوانتری تەمویل.
- هاوکاریی گەشەپێدانی شارەزایی و کارزانی.
- چاکترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، بە تایبەتی وزە و ئاو.

بە پشتبەستن بەو دەستگا و بەو حەوافزانەی لە ئارادان، هەندێک جار ڕەنگە ئانترەپریۆنێرشیپ entrepreneurship بەرەو چالاکی نابەرهەمهێن مل بنێت، وەک کات سەرفکردن بە دروستکردنی لۆبیی لە حکومەت بۆ هەندێک بەرژەوەندیی تایبەت پەسەندکاری، یان تەنانەت چالاکیی وێرانکەری کۆمەڵایەتی، وەک بەشداری لە تاوانی ڕێکخراو (Baumol, 1990; Sautet, 2005). بۆیە، زۆر گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئانترەپریۆنێرەکان بەشداری لە چالاکیی کۆمەڵایەتی سوودبەخش و بەرهەمهێندا بکەن. شێوازی سەرەکیی بۆ بەدەستهێنانی ئەمە بریتییە لە کەمتکردنەوەی کولفەی ڕێژەیی بەشداریی لە ئینتەرپریۆنێرشیپی کۆمەڵایەتیی سوودبەخش.

لایەنێکی گرنگی ئەمە بریتییە لە ئاسانکردنی پرۆسەی دروستکردنی کۆمپانیای نوێ بە فەرمی لە ڕێی ئاسانکردنی پرۆسەی تۆمارکردنیان لە لای دەستگای گونجاوی حکومی. چەند لێکۆڵینەوەیەک ئەوە دەردەخەن کە کەمکردنەوەی کولفەی تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێ بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی ژمارەی بزنسی نوێ زیاد دەکات و هانی ئینتەرپریۆنریشیپ دەدات (Klapper, Laeven, and Rajan, 2006; Mullainathan and Schnabl, 2010). هەروەها ڕێکخستنەوەی ڕێوشوێنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی ئەگەری مەسرەفی نابەجێ. (نائاسایی، irregular).

ڕێگەیەکی تری ڕێخۆشکەر بۆ ئانترەپریۆنێرشیپ بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی ئانترەپریۆنێرەکان پاداشتی خۆیان وەردەگرن لە بەرامبەر چالاکییەکانیان. ڕێوشوێنەکان هەر ئەو ڕێوشوێنانەن کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، و بریتین لە جەختکردنەوە لە پاراستنی مافەکانی موڵکداری، سەروەریی یاسا، پێشبینکردنی سەپاندن و پیادەکردنی گرێبەستەکان، باجێکی گونجاو، و ژینگەیەکی سەقامگیری ئابووریی بچووک (بزنسی بچووک، ماکرۆئیکۆنۆمی). وەنەبێت هەموو ئەم ڕێوشوێنانە لەژێر دەست و کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، بە تایبەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەلاتێکی کەمی هەیە بەسەر ژینگەی ماکرۆئیکۆنۆمییەوە، چونکە ئەم کۆنترۆڵی دابینکردنی پارە (money supply) ناکات و دەسەڵاتێکی سادە و سنووورداری باجی هەیە. بەڵام لە بوارەکانی تردا ڕۆڵی بەهێزی هەیە، وەک پاراستنی مافی خاوەندارێتی و سەروەریی یاسا و جەختکردنەوە لە سەپاندن و پیادەکردنی گرێبەستەکان.

دواجار، پێکهێنانی بزنسی نوێی خۆماڵی و بەرفراوانکردنی ئەو بزنسە خۆماڵییەی کە هەیە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لە چاکترکردنی ژینگە بۆ وەبەرهێنانی بیانی. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سیاسەتەکانی ئابووری بە ئامانجی هاندانی بەرهەمهی بزنسی ناوخۆیی تەبا و هاوشێوەن لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕاکێشانی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی). ڕاستییەکەی، ژینگەیەکی لاوازی بزنسی خۆماڵی کاریگەرێکی نەرێنی دەبێت لەسەر (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) چونکە سنوور دادەنێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بزنس، ئەمەش شتێکە هەموو کۆمپانیاکانی خۆماڵی و بیانی پێویستیان پێیەتی (Tornell, Westermann, and Trigueros, 2004).

### (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) و دامەزراندن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

چەند هۆکارێک دەبێتە مایەی هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) بۆ وڵات.[2] یەکەم، سەرمایەی تر دەهێنێت، کە ئەو وڵاتانەی سیستمی داراییان پێشکەوتوو نییە پێویستیان پێیەتی. نەبوونی سەرمایە دەبێتە مایەی ئەوەی ڕێژەی سوود (نسبة الفائدة، interest rates) بەرز بێت یان کرێدیتی کەمتر لە ئارادا بێت، بەم شێوەیەش وەبەرهێنان تەنها لەو پرۆژانەدا دەکرێت نرخی مەترسیی (risk- rates) ان بەرزترە وەک لە حاڵەتی هەبوونی کرێدیت، و لابردنی ئەو پرۆژانەی کە قازانجیان کەمترە بەڵام پرۆژەی سوودبەخشن.

دووەم، (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) تەکنەلۆجیای باشتر، تەکنیک و مومارەسەی باشتری بەڕێوەبردن دەهێنێت، تەنانەت چالاکیی تەواو نوێ دەهێنێت. ئنجا ئەم تەکنەلۆجیا و تەکنییکانە لە لایەن دابینکار (مزود، supplier) و کێبڕکێکاری خۆماڵییەوە پیادە دەکرێن، و کاریگەری زیاتریان دەبێت وەک لە دەستپێشخەریی سیاسەتی گشتیی بۆ هاندانی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی).

دواجار، و پەیوەست بەو دوو فاکتەرەی لە سەرەوە باسمان کرد، (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) دەبێتە مایەی زیاتربوونی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت. ڕاستییەکەی، وڵاتانی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە خۆیان بە مەبەستی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان، وەک دەستی کار، (ئەمە سەرەڕای سامانە سروشتییەکان، و بازاڕەکان) وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەبەن بۆ وڵاتانی تازە گەشەسەندوو

---

[2] بابەتی تێروتەسەل هەیە لەسەر سوودەکان و کولفەکانی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی)، و هێشتا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. بۆ بینینی پوختەیەکی تێروتەسەل تکایە بڕوانە چاپتەری نۆ لە (Caves (2007)). بابەتێکی تریی پڕبەها بریتییە لە چاپتەری حەوت و هەشت لە (Navaretti and Venables (2004)).

لە ئەنجامدا، زۆر ولات پێیان وایە (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) ئامرازێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی ئابووری و هاوچەرخکردنی تەکنەلۆجی. ئێستا چەندین ولات کێبڕکێی سەخت دەکەن لەسەر وەبەرهێنانی بیانی لە رێی دروستکردنی ئاژانسی ریکلامی وەبەرهێنان، ئەنجامدانی هەڵمەتی ریکلام، و لێخۆشبوون یان کەمکردنەوەی باج و تاد.

بەلام، ئەدەبیاتەکە ئەوە پیشان دەدات کە سوودەکانی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کەڵەکە نابێت. بۆ نموونە توێژەران هیچ پەیوەندییەکی جیهانییان نەبینیوە لە نێوان قەبارەی لێشاوی (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) بۆ ناو ولاتێک و رێژەی گەشەی ئابووریی ئەو ولاتە (Moran, Graham, and BlomstrÖm, 2005). بەلام، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو سەرەنجامەی کە (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) رۆڵی هەیە لە گەشەی ئاستی بەرهەمهێنان (productivity) و داهات، و زیاتر لەوەی کە وەبەرهێنانی خۆماڵی بەدەستی دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر بە زەحمەت بتوانرێت مەزەندەی ئەم کاریگەرە بکرێت (OECD, 2002). هەروەها لە ولاتە تازە گەشەسەندووەکان، پێدەچێت (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) کاریگەرێکی کەمتری لەسەر گەشەسەندن هەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشیی ئاگاداریی سوودەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانییە و زۆر کراوە بووە بە ڕووی وەبەرهێنانی بیانییدا. یاسای وەبەرهێنان (یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2006) ی هەرێمی کوردستان — عێراق بوار بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی دەڕەخسێنێت ببن بە خاوەنی زەوی و لە ژمارەیەکی زۆر باجی ناگمرکی و رەسم خۆش دەبێت.[3] توانای کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کڕینی زەوی بە مادەیەکی بێ نموونە دادەنرێت لە یاساکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست. ("Iraq's Economy," 2007).

ئەو سیاسەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی کردوون بوونەتە مایەی ئاستێکی بەرزی وەبەرهێنانی بیانی. لە نێوان 1 ی ئابی 2006 و 10 ی تەمموی 2011، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان مۆڵەتی بە 22 پرۆژەی بیانی داوە بە کۆی سەرمایەی ڕاگەیەندراوی نزیکەی 2.3 ملیار دۆلار، و 18 پرۆژەی هاوبەشی وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی و کۆی سەرمایەی ڕاگەیەندراو بە نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار (Kurdistan Board of Investment, 2011).[4] دەستەکە هەروەها لە ماوەی نێوان 1 ی ئابی 2006 و 10 ی تەموزی 2011 مۆڵەتی بە 283 پرۆژەی خۆماڵی داوە بە سەرمایەی ڕاگەیەندراوی 12.7 ملیار دۆلار. لەم سەرمایەی ڕاگەیەندراوی پرۆژە، سەرمایەی بیانیی و پرۆژەی هاوبەش بایی 18.8 لە سەتی سەرجەم سەرمایەی پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکان بووە.

ڕاپۆرتەکانی هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی وەبەرهێنەرانی بیانی لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە وەک لە ژمارەی ئەو وەبەرهێنەرانەی مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە. بەدەستهێنانی مۆڵەتێکی لەو جۆرە بە مەرج دانانرێت تا کەسێک پرۆژەی وەبەرهێنان بکات لە هەرێمی کوردستان. لە سەرەتای تەموزی 2011، بە وەرگرتنی زانیاری سەرەتایی لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی کوردستان سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئاژانسی (AK News) ڕایگەیاند کە 1,602 کۆمپانیای بیانی لقیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم ژمارەیە لە کانونی دووەمی 2010 دا 1,027 بوو. هەروەها لە تەموزی 2011 دا ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆییەکان گەیشتۆتە 10,100. (Hasan, 2011).

بۆ ئەوەی ئەم وەبەرهێنانە بیانییە کاریگەرێکی ئەرێنی هەبێت لە هەرێم، هەندێک بابەتی تر هەیە کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت. یەکەم، یاسای وەبەرهێنان بە ڕادەیەکی بەخشندانە لە باج خۆش دەبێت لەسەر وەبەرهێنەرەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەم حەوافزانە رەنگە کاریگەر بن لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و تەنانەت رەنگە لە بەراییەوە وا دیار بێت کە پێویست بن، بەلام، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام پێداچوونەوەی حەوافزەکان بکات و هەڵیانبسەنگێنێتەوە بۆ جەخت کردنەوە لەوەی بە بێ مەبەست کاریگەری نەرێنییان نییە، بۆ نموونە لە حاڵەتی بەرتەسک کردنەوەی کێبڕکێ ئەگەر ئەفزەڵییەت بدرێت بە کۆمپانیایەکی دیاریکراو لەسەر حسابی کۆمپانیاکانی تر، پێویستە حکومەت ئامادە بێت بۆ گۆڕینی ئەم بەندانە ئەگەر هەلومەرجەکە بخوازێت.

دووەم، وا باوە وەبەرهێنەری بیانی، دەستی کاری بیانی بەکاردەهێنێت. ئەم کرێکارە بیانییانە ڕەنگە چارەسەرێکی بەپەلە و ئاسان بن بۆ گرفتی نەبوونی دەستی کاری گونجاو لەناو هەرێمی کوردستان، بەلام، بە وتەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو وەبەرهێنەرانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ

---

[3] بڕوانە مادەی 4 و 5 لە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، دەتوانیت نوسخە ئینگلیزییەکەی لە وێبسایتی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ببینیت (Kurdistan Regional Government, 2006).


[4] دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان بریتییە لە ئاژانسێکی حکومی، لە 2006 دەستی بە کارەکانی کرد بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی دەستەکە بە پلەی وەزیرە.

كردن، ئەم كرێكارانە رێژەیەكی زۆر لە داهاتەكانیان كۆدەكەنەوە و دەینێرنەوە بۆ وڵاتەكانی خۆیان. ئەمە سنوور دادەنێت بۆ كاریگەری وەبەرهێنانی بیانی لەسەر ئابووری هەرێم، لەبەرئەوەی كرێكارە بیانییەكان پارەكانیان لەناو هەرێمی كوردستان خەرج ناكەن، هەروەها كاریگەری دەبێت لەسەر مەشقكردن بە دەستی كاری ناوخۆیی لە لایەن كۆمپانیا بیانییەكانەوە. كارمەندانی ناوخۆیی لە كۆمپانیا بیانییەكان یەكێكن لە ڕێگەكانی گواستنەوەی تەكنەلۆجیا و پسپۆڕێتی بۆ ناو كەرتی بزنسی خۆماڵی (OECD, 2002). هەبوونی دەستی كاری بیانیی گونجاو بە هیچ شێوەیەک ئەو ئەركە قورسە لە كۆڵ ناكاتەوە كە پێویستە گەشە بە دەستی كاری خۆماڵی بدرێت، بەرەوپێش ببرێت، و حەوافزی گونجاو دابنرێت بۆ دامەزراندنی كرێكاری ناوخۆیی لە كەرتی تایبەت.

سێیەم، وەک لە شێوەی 4.1 دەردەكەوێت، لەناو ئەو پرۆژانەدا كە دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندی لەسەر داوە، زۆربەی وەبەرهێنانی بیانی و هاوبەش لە هەرێمی كوردستان لە كەرتی نابازرگانی بووە-نیشتەجێكردن، دارایی، و پەروەردە—و رێژەی پرۆژەكانی نیشتەجێكردن بریتی بووە لە 46 لە سەت. ئەم كەرتانە دوورن لە كێبڕكێی بازاڕی جیهانی. ڕاستییەكەی، لە كۆی سەرجەم ئەو پرۆژانەی دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندی پێداوە تەنها 2.2 لە سەتی سەرمایەی وەبەرهێنەرانی بیانی و هاوبەش تایبەت بووە بە بواری پیشەسازی. لە سەرجەم ئەو پرۆژانەی دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندی لەسەر داوە 46.5 لە سەتی وەبەرهێنانی ناوخۆیی لە بواری نیشتەجێكردن بووە، بەڵام رێژەی پیشەسازی بریتییە لە 23.1 لە سەت. وەبەرهێنان لە كەرتەكانی نابازرگانی سوودیان بۆ ئابووریی هەرێمی كوردستان دەبێت، بەڵام كەرتەكانی تریش سوودی گەورەیان هەیە، بە تایبەتی وەبەرهێنان بە مەبەستی خزمەتكردنی بازاڕەكانی نێودەوڵەتی. پێدەچێت هۆی جۆراوجۆر هەبێت كە بۆچی هەرێمی كوردستان وەبەرهێنانی بیانی لە بواری هەناردە و ئەو وەبەرهێنانەدا ڕاناكێشێت كە كێبڕكێ دەكەن لەسەر كەرەستەی بازرگانیی، وەک رێسا سەختەكانی بازرگانیی بیانی، كولفەی گرانی گواستنەوە بۆ نێو بازاڕە نێودەوڵەتییەكان، و ئاستی نزمی بەرهەمی دەستی كار. ئەم شێوازەی وەبەرهێنانە ئەوە دەردەخات كە دەستپێشخەریی سیاسەتی نوێ لە بواری بازرگانی یان بازاڕی دەستی كاردا، كارێكی سوودبەخش دەبێت.

ئەگەرچی وەبەرهێنان بە مەبەستی خزمەتكردنی بازاڕی ناوخۆ كاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ئابووری، هەر نەبێت لە كورتخایەنییدا، بەڵام لە درێژخایەنییدا كاریگەرەكەی جۆراوجۆرە لەسەر دامەزراندن و وەزیفە (بۆ نموونە بڕوانە، McKinsey Global Institute, 2003). ئەمە بە تایبەتی بەسەر هەرێمی كوردستاندا پیادە دەبێت، كە تێیدا زۆربەی وەبەرهێنانی بیانی لە بواری خزمەتگوزاریی بیناسازییدایە، كە نابێتە مایەی مانەوەی درێژخایەنی كۆمپانیا بیانییەكان یان دروستكردنی هەلی كاری درێژخایەن.

**شێوەی 4.1**
**سەرمایەی پرۆژەی بیانی و هاوبەش بە گوێرەی كەرت، ئابی 2006 تا تەمموزی 2011.**




SOURCE: Kurdistan Board of Investment, 2011.
RAND *MG1117-4.1*

بە گشتی، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەشێت لە لایەک خاڵە بەهێزەکان و لە لایەکی تر خاڵە لاوازەکانی زیاتر بکات (OECD, 2002). بە مانایەکی تر، سیاسەتی پەیوەست بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی جیا ناکرێتەوە لەوانەی بواری بزنس بە گشتیی. وەک لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین، لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین سیاسەتی ئەوتۆ پیادە دەکات کە هاندەرن بۆ بزنس، باشترکردنی کەشی بزنسی هەرێمی کوردستان، ئێجگار پڕبایەخە.

### ئاریشە سەرەکییەکانی کەشوهەوا (مناخ، Climate)ی کار و پیشە لە هەرێمی کوردستان

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ئاستەنگە، ئێمە لێکۆڵینەوە لە کەشوهەوای ئێستای بزنس و وەبەرهێنان دەکەین. شیکردنەوەکەی ئێمە ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان چەند خەسڵەتێکی هەیە کە لە ئێستادا دەیکات بە ژینگەیەکی لەبار بۆ بزنس بە بەراورد لەگەڵ بەشەکەی تری عێراق. ئاسایش لەگەڵ ناوچەکانی تری وڵاتەکە بەراورد ناکرێت و ئەمەش خاڵی هەرە ئەرێنیی هەرێمی کوردستانە. یاسای وەبەرهێنان (یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2006، بڕوانە Kurdistan Regional Government, 2006) زۆر جار وا باس دەکرێت کە پەسەندترە وەک لەوەی باقیی عێراق، بە تایبەتی کە بوار دەدات بە وەبەرهێنەری بیانی ببێتە خاوەنی زەوی.[5] بەڵام، هەندێک خەسڵەتی تری پەسەندیش هەیە، وەک حەوافزی بواری باج کە بۆ هەموو وەبەرهێنەرێکە (رجل اعمال عراقی: شرکات خلیجیە تتطلع الی العراق لکن قانون الاستثمار تمنعها. 2009). سەرەڕای ئەمە، ژێرخانی وەک ڕێگەوبان و کارەبا لە هەرێمی کوردستان باشترە وەک لە عێراق بە گشتیی. باشتربوونی کارەبا جێی سەرنجە، کارەبا لە زستانی 2008 ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو باش بووە (U.S. Department of State, 2010). ئەم خەسڵەتانە بۆتە مایەی ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێت بە بنکەیەکی باش بۆ ئەو چالاکییانەی لە باقیی عێراق ئەنجام دەدرێن (UK Trade and Investment, 2010).

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ئەم خەسڵەتانەی هەیە، بەڵام ئەمە گەرەنتی نییە کە بۆ هەمیشە ئاوا بمێنێتەوە. بۆیە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت ژینگەیەکی گونجاوتری هەبێت بۆ بزنس وەک لەوەی باقی عێراق، پێویستە لە هەندێک بواری تردا بەرەوپێشچوون ئەنجام بدات. ئەم بەرەوپێشچوونانە هەروەها بە گرنگ دادەنرێن ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت گەشەیەکی مژدەبەخشی درێژخایەن بە خۆیەوە ببینێت و هەلی کار دروست بکات: ژینگەیەکی گونجاوی ئەوتۆ دابمەزرێنێت کە گونجاوتر بێت وەک لەو ژینگەیەی لە ولاتانی تری خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا هەیە.

سەرەڕای خەسڵەتە ئەرێنییەکانی هەرێمی کوردستان، هەندێک لایەنی نەرێنی هەیە، هەندێکیان دەتوانرێت بگۆڕدرێن و هەندێکیان ناتوانرێت. هەرە گرنگترین ئاستەنگ ئەوەیە کوردستان زەوییەکی داخراوە (لەسەر دەریا نییە)، هیچ بەندەرێکی نییە و تەنها چەند خاڵێکی سنووریی کەمی هەیە. بەڵام، دەتوانرێت تا ڕادەیەک ئەم کێشەیە سووکتر بکرێت لە ڕێی پردی ئاسمانیی باشەوە، دەروازەی باشی سنووریی، و ڕێگەوبانی باش بەرەو بەندەرەکانی تورکیا یان بۆ باقیی عێراق. (فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی) نموونەیەکی باشە لەسەر ئەوەی کە چۆن ژێرخانی باش بەکاربهێنرێت بۆ زالبوون بەسەر ئاستەنگە جوگرافییەکاندا. دووەم ئاستەنگ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بازاڕێکی بچووکە و لە 4 تا 5 ملیۆن کەس پێک دێت. دەتوانرێت ئەم گرفتەش چارەسەر بکرێت لە ڕێی کرانەوەی زیاتر بە ڕووی ئابووریی جیهاندا، و هەروەها دانانی سەرجەم عێراق وەک ئەگەری بازاڕێک.

چەند ئاستەنگێکی گرنگ هەیە کە لابردنیان پێویستی بە کاتە، بەڵام دەتوانرێت بە سەرکەوتوویی چارەسەر بکرێن. یەکەمیان بریتییە لە (ژینگەی یاسایی)، تا ئێستا (ژینگەی یاسایی) سەقامگیر نەبووە، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ یاسا و ڕێوشوێنەکانی عێراق پیادە دەکرێن یان ئەوانەی هەرێمی کوردستان ، هەندێک یاسای تریش هەیە کە کۆنن یان پێکهێنانی بزنس بەرتەسک دەکەن. هەروەها، پێدەچێت هەندێک یاسا، وەک یاسای کار و یاسای خانەنشینی، بە باشی پیادە ناکرێن. سەرەڕای ئەمانەش، عێراق (پەیماننامەی نیویۆرک بۆ دانپێدانان بە بڕیارەکانی دادپرسیی بیانی، New York Convention on Foreign Arbitral Awards) ئیمزا نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆمپانیا بیانییەکان سەرچاوەیەکیان لەبەردەست نییە کە زۆر پەسەند بێت بۆ دادپرسیی نێودەوڵەتی. کۆڕبەندی تر هەیە بۆ دادپرسیی نێودەوڵەتی، بەڵام هیچیان پیادە ناکرێن بەسەر وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

---

[5] حکومەتی عێراق لە کۆتایی 2009 یاسای وەبەرهێنانی خۆی هەموار کردەوە بۆ بواردان بە خاوەندارێتی زەوی لە لایەن بیانییەوە. پێدەچێت هێشتا ئەم هەل و مەرجانە هێندەی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دلۆڤان نەبن.

دووەم، پێدەچێت ئەگەر وەبەرهێنەری بیانی پرۆژەیەکی باشی هەبێت، پرۆژەیەکی گونجاو، ئەوسا بە ئاسانی بگاتە هەرێمی کوردستان. بەلام پێدەچیت ژینگەی دروستکردنی بزنسێکی نوێی بچووکی خۆماڵی زەحمەت بێت لە چەند بوارێکەوە، لەناویدا کاروباری دارایی، دابینکردنی زەوی، بەدەستهێنانی مۆڵەت و ڕێپیدراویتی، هاوکاری حکومەت لە چارەسەرکردنی ئەم جۆرە گرفتانە. نەبوونی چالاکیی یان حەوافز بۆ بزنسی دەستپێشخەر و چاونەترس (entrepreneurial) ئاستەنگە لە پێش گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان چونکە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی وەبەرهێنانی گەورەی بیانی، پێکهێنانی سەرمایەی خۆماڵییش ئێجگار گرنگە بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن.

بەشەکانی داهاتوو بریتین لە تاوتوێی رۆڵی گشتیی حکومەت لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و هەندێک ڕەهەندی کەشی بزنس لە هەرێمی کوردستان، وەک:

- دارایی
- پەیداکردنی زەوی
- خزمەتگوزاری و ژێرخان
- دەستی کار
- ڕێوشوێنەکانی دەستپێکردنی بزنس
- سیاسەتەکانی بازرگانی
- دەستگەیشتن بە زانیاریی بزنس
- توانای حکومەت و بەستنی شەراکەت بۆ سەرکەوتن.

**رۆڵی حکومەت لە داڕشتن و گەشەپێدانی کەشێکی دروست بۆ بزنس**

ڕاستییەکەی، ئەو رۆڵەی پێویستە حکومەت بیگرێت لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، و ئابووری بە گشتیی، کرۆکی گەلێک تاوتوێی بڕیار و سیاسەتە. بابەتێکیان بریتییە لە برِی بەشدارییەکە. لە لایەکەوە، ئەو گۆشەنیگایە هەیە کە پێویستە حکومەت رۆڵێکی چالاک ببینێت لە هەماهەنگیی و ڕێکخستنی هەنگاوەکانی کەرتی تایبەت. لە لایەکی ترەوە، گۆشەنیگایەک هەیە کە بێجگە لە داڕشتن و سەپاندنی ڕێساکان، بۆ نموونە ڕێسای پێویست بۆ ڕێکخستنی کارکردنی بزنسەکان بە ڕێکوپێکی و پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی، پێویستە حکومەت خۆی بە دوور بگرێت لە گەشەسەندنی کەرتی تایبەت. لە نێوان ئەو دوو گۆشەنیگایەدا چەند بۆچوونێکی تر هەیە باسی ئەوە دەکەن حکومەت تا چەند چالاکانە بەشدار بێت لە ئابووریدا. دووەم بابەت بریتییە لە خێرایی چاکسازییەکان. هەندێک حکومەت لە قۆناغە بەراییەکانی بووژاندنەوەی ئابووریدا پێیان وایە پێویستە توندتر کۆنترۆڵ بکەن و پێویستە وردە وردە بوار بدەن کەرتی تایبەت رۆڵێکی چالاکتر ببینێت لە گەشەسەندنی ئابووریدا. هەندیکی تر بە خێرایی هەنگاو دەنێن چونکە بڕوایان وایە ژمارەی چاکسازییەکان ئێجگار زۆرە و هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوەی ترە و ئەگەر بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و خاو بەڕێوە ببرێت ئەوسا بوار بۆ دەستێوەردانی ئەوانە دەرەخسێت کە دژی چاکسازییەکانن.

تاوتوێی رۆلی حکومەت لە گەشەسەندنی کەرتی تایبەتدا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەنجام. بەشێکی پشت بە توانا و کواڵیتی دامەزراوەیی حکومەت دەبەستێت — تا چەند دەتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات.

ڕێکەوتنێکی بەرفراوان هەیە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی باش گەشەی کردووە، لە سەرەتادا هەرێمی کوردستان وەک (ناوچەی دژە-فڕین) پارێزگاری لێ دەکرا لە 1991. بەڵام هێشتا زۆر هەنگاو ماوە. لە هەرێمی کوردستان کار بە یاساکانی عێراق دەکرێت، بەلام حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆی هەیە یاسای خۆی دەربکات، تا ئێستاش هەر ئاوای کردووە، ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە بریتییە لە حاڵەتی یاسای وەبەرهێنان. ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتیی یاسا سەروەرە، بەڵام هێشتا "شەفافییەت نییە لەوەی ئاخۆ لە کوردستان کار بە کام یاسایانە دەکرێت، و بە تایبەت پیادەکردن و سەپاندنی یاساکان" (Donovan, 2010). هەروەها دەگوترێت کە پەیداکردنی زانیاری لەسەر ژینگەی یاسایی کارێکی سەختە، و مەترسیی ناکۆکیی یاسایی هەیە لە نێوان یاساکانی عێراق و یاساکانی هەرێمی کوردستان. ئەوەندەی پەیوەندی هەبێت بە داڕشتن و گەشەپێدانی ژێرخانی یاساییەوە، پێویستە گەشە بدرێت بە سەربەخۆیی دادوەریی (ڕاپۆرتی All Party Parliamentary Group سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، 2011). هەروەها پێویستە چاکسازی بکرێت لە کاری پەرلەمان و لە سنووردانان بۆ گەندەڵی. سەرەڕای ئەو گیروگرفتانە، بەڵگە هەیە لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەیی، ئەمەش بە هاوکاری ڕێکخراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شانشینی یەکگرتوو کە لەگەڵ پەرلەمان و دادوەریی کار دەکەن، و حکومەتی هەرێمیش بە خۆی دەستپێشخەرییەکی کردووە بۆ شەفافییەت (All Party Parliamentary Group، 2011). یەکێک لە سەرەنجامەکان ئەوەیە کە هەرێمی

کوردستان خێراتر لە باقیی عێراق بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە دەبینێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی ئابووریش (Donovan, 2010).

لەبەر بایەخی بەپەلەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەک سیستمەکانی کارەبا، ئاوی خواردنەوە، سیستمی ئاوەڕۆ، بەرفراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی بنچینەیی، و بەرەوپێشبرندی سیستمی پەروەردە، ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانیت بە شێوەیەکی چالاک بەشداری بکات لە پێکهێنانی کەرتی تایبەتی هەرێمەکە. ڕەنگە حکومەت بیەوێت هەندێک پێشینەی ستراتیجی دابڕێژێت، بەڵام ڕەنگە کارکردن لەسەر پیشەسازیی بە ڕێژەیەکی زۆر ستراتیجێکی بەرهەمهێن نەبێت. لە جیاتی ئەمە، حکومەتی هەرێم دەتوانێت جەخت بخاتە سەر شارەزاییە بنەڕەتییەکان لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و گونجاو و جەختکردنەوە لە گەیاندنی کەرەستە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، وەک تەندروستیی بنچینەیی، خوێندنی بنەڕەتی، و ژێرخانێکی پتەو.

### دارایی

نەبوونی تەمویل (داراییکردن) یەکێکە لە هەرە سەختترین ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بزنسی خۆماڵی دەبێتەوە. پێناچێت ئەمە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان گرفتێک بێت، ئەوان دەستیان دەگاتە سەرمایە لە هەندەران.

لە هەرێمی کوردستان بانکی تەنیا هەیە کار دەکات، و ئەوانەی حسابیان هەیە لە بانکەکە دەتوانن مامەڵە بنەڕەتییەکان بکەن. بەلام، ئەو راپۆرتانەی ئێمە وەرمانگرت هەموو جەختیان لەوە دەکردەوە کە تەمویل (داراییکردن)ی فەرمیی بۆ بزنس، بە تایبەتی بۆ کۆمپانیای مامناوەندی، وەک ئەوەیە هەر نەبێت. بزنسەکان ناتوانن لە قۆناغە بەراییەکانی بزنسکەدا قەرز وەربگرن، بزنسە بەردەوامەکانیش دەستیان ناگات بە قەرزی سەرمایە و قەرز بۆ کرینی ئامێر و کەرەستە. هیچ قەرزپێدانێک نییە بە گوێرەی (لێشاوی نەختینە، السیولە النقدیە) ی بزنسێک. ئەگەرچی ڕەنگە قەرز هەبێت لە رێی دانانی زەوی (موڵکوماڵ) بە کەفالەت (تەئمین)، ئەو موڵکوماڵەی پێویستە بە کەفالەت (تەئمین) بخەوێندرێت زۆرە بە بەراورد لەگەڵ نرخی قەرزەکە. لە جیاتی ئەمە، کۆمپانیاکان پەنا بۆ پارەی قازانجەکانیان دەبەن (ئەمەش دەبێتە مایەی خاوبوونەوەی بەرفراوانبوونیان)، یان لە برادەری وەردەگرن، یاخو لە کەسوکار، یان لە کەسانی تری خێزان.

وەک چۆن هەمووان کۆکن لەسەر نەبوونی تەمویل (دارایی)ی بەردەست، ئەو راپۆرتانەی باسی هۆیەکانی ئەمە دەکەن، زۆر لێکتر دەچن. شەڕ و سزای نێودەوڵەتی لەسەر عێراق بووەتە مایەی دابڕانی ولاتەکە لە باقیی جیهان، بەم شێوەیەش خاوەن بانکەکان لە هەرێمی کوردستان ئاشنا نین بە شێواز و تەکنەلۆجیا مۆدێرنەکانی بانک. سەرەڕای ئەمەش، دەستبەسەرداگرتنی بانکەکان لە ڕابردوودا بۆتە مایەی ئەوەی دانیشتوانەکە بڕوایان بە بانکەکان نەبێت، هاوولاتییە ئاساییەکان ئاشنا نیین بە خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکانی بانک.

بێجگە لە مێژوو، و نەبوونی زانیاری، هۆی تری دامەزراوەییش هەیە کە بۆتە مایەی پێشنەکەوتنی بانکەکان. پێدەچێت هەرە گرنگترینیان بریتی بێت لەوەی بە زەحمەت کەفالەت (تەئمین)ی پەسەندکراو پەیدا دەکرێت. بۆ نموونە، یاسای میراتی، کاتێک پارچە زەوییەک چەند میراتگرێکی هەبێت. بەم شێوەیە بانکەکە بە زەحمەت دەتوانێت پارەی قەرزەکەی بەو کەفالەتە وەربگرێتەوە. تاپۆی زەویی گیروگرفتێکی ترە کە دەبێتە مایەی ئەوەی نەتوانرێت وەک کەفالەت بژمێردرێت. گیروگرفتی بواری زەوی، زەوی شارەوانییەکان و دەرەوەی شارەکانیش دەگرێتەوە. سیستمی (تەسەڕروف) ی خاوەندارێتیی زەوی دەرەوەی شارەکان دەبێتە مایەی ئەوەی بە زەحمەت بتوانرێت ئەم زەوییە بۆ مەبەستی بەدەر لە کشتوکاڵ بەکاربهێنریت.

لەبەر گیروگرفتە بەردەوامەکانی بانکی رافیدەین و رەشید کە دوو بانکی حکومیین، وا پێدەچێت لە ماوەی کورتخایەنیدا ئەو لایەنەی کە بتوانیت چاکسازیی ئەنجام بدات لە خزمەتگوزاریەکاندا، بریتی بێت لە بانکە ئەهلییەکان، بانکە نوێیە حکومییەکان، یان دەستگا داراییە نابانکییە نوێیەکان. سەرکەوتنی (بانکی بازرگانیی عێراق) ئەوە دەردەخات کە دەستگای نوێی حکومی سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام باڵاڵێتییەکەی بەسەر بازاڕی (ئەوراقی ئیعتیماد) و بێتوانایی بانکە ئەهلییەکان لە نووسینی وەرەقەی گەورەی ئیعتماد و ئەو زەحمەتییەی ڕووبەڕووی کۆمپانیا بچووکەکان دەبێتەوە لە وەرگرتنی ئەوراقی ئیعتیماد، پەندێکن وانەیان لێ فێر ببین لە بواری چالاکییەکانی بانکە حکومییەکان و هەنگاونان بەرەو گەشەپێدانی بانک و کێبڕکێی نێوانیان لە ئاییندەدا.

بێجگە لە (بانکی بازرگانی)، بازاڕی تری دارایی لە ئارادا نییە. وەک پیشەسازیی تەئمین (بیمە، دڵنیایی، insurance) و ڕەهن (mortgage). بەڵام، چەند میکانیزمێکی دارایی هەیە کە مژدەبەخشن، لەناویاندا مایکرۆفایینانس (ئابووری بزنسی بچووک)، بەرنامەی گەشەپێدانی بزنس، و بۆرسەی هەولێر (Erbil Stock Exchange). هەموویان هیوابەخشن، یان دەتوانن ڕێخۆشکەر بن، بەڵام هیچیان ئەو بۆشاییە داراییانە پڕ ناکەنەوە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕی بکاتەوە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بگەیەنێتە ئاستێکی پێشکەوتووتر.

تا ئازاری 2010، بە لای کەمەوە چوار دەستگای مایکرۆفایینانس هەبوون لە هەرێمی کوردستان: (CHF)، (the Bright Future Foundation)، (ئەلسیقە، al-Thiqa)، و (Relief International). تێکڕای قەبارەی قەرز لە نێوان 570 دۆلاری ئەمریکی بووە تا 2440 دۆلار. بەلای کەمەوە لە یەک حاڵەتدا، کە لای the Bright Future Foundation ڕوویداوە، دانەوەی قەرزەکان بە ڕێژەی 99 لە سەت بووە (Louis Berger Group, Inc., and Implementing Partners, 2010; Bright Future Foundation, 2010). بەرنامەیەکی تر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی دارایی بریتی بوو لە بەرنامەیەکی 3 ملیۆن دۆلاریی (ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان)، بە تەمویلی ئیتالیا، بۆ (گەشەپێدانی پڕۆژەی بازرگانی و هاندانی وەبەرهێنان) بۆ کەرتی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی لە عێراق. ئەم بەرنامەیە، کە جەخت دەخاتە سەر مەشقکردن بە ئانترەپرێنێرەکان و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، لە ساڵی 2007 دەستی بە بەرنامەیەکی بەرایی ئیعتمادی پڕۆژەی بازرگانی بچووک و مامناوەندی کرد ("Special Feature: A Closer Look at Post-Crisis Iraq," 2010)، و مەشقی بە 348 ئانترەپرێنێر کرد، کە 175 کەسیان خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون، بەرنامەکە لە 2010 لە لایەن حکومەتی ئیتاڵییەوە درێژ کرایەوە (Arab Regional Centre for Entrepreneurship and Investment Training, 2010). دواجار پێشبینی دەکرا بۆرسەی هەولێر (Erbil Stock Exchange) لە یەکەم چارەکی 2011 دەست بە کارەکانی بکات بە سەرمایەی دەستپێکی 10 ملیۆ دۆلار ("Erbil Stock Market to Start in 2011 with Startup Capital of $10 Million," 2010). بەڵام، تا سەرەتای کانونی یەکەمی 2011، ئێمە هیچ جەتکردنەوەیەمان پێنەگەیشتووە کە دەستی پێکردبێت. ڕوون نییە ئاخۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە بازاڕی دراوی stock market خۆی هەیە. بۆرسەی عێراق (ISX) (The Iraqi Stock Exchange) تا تشرینی دووەمی 2010 سەرمایەی بازاڕی تەنها بایی ٣ ملیار دۆلار هەبوو، قەبارەی بازرگانیی ڕۆژانە نزیکەی ١ ملیۆن دۆلارە، کە بە گوێرەی بنەما نێودەوڵەتییەکان پارەیەکی ئێجگار کەمە (O'Neill, 2010, p. 57).[6] هەندێک ڕاپۆرت باسی ئەوە دەکەن کە ئامانج لە بۆرسەی هەولێر بۆ لیستکردنی کۆمپانیا ناوخۆییەکان بووە ("Erbil Stock Market to Start in 2011 with Startup Capital of $10 Million," 2010). ئەگەر جێبەجێ بکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە قەبارە و لێشاو (سیولە)ی بۆرسەی هەولێر ئێجگار نزم دەبێت. لە بەرامبەردا، ئەگەرچی بۆرسەی عێراق بچووکە، بەڵام بەشداریکردن لە بۆرسەی عێراقییدا بازاڕێکی قووڵتر دەدات بە کۆمپانیاکان، و دەستیان بە سەرمایەیەکی زیاتر و بە کڕیاری زیاتر دەگات وەک لە بۆرسەکەی هەرێمی کوردستان. یەکێک لە ڕێگەکان بۆ چاکترکردنی قەبارەی لێشاو (سیولە)ی بۆرسەی هەولیر بریتی دەبێت لە بەستنەوەی بە بۆرسەی عێراقەوە لەگەڵ بواردان بە کرۆسلیستینگ ڕێککەوتننامەیەک لە 2010 لە نێوان بۆرسەی عێراق و هەولێر کرا بۆ چەسپاندنی هاوکاری لە بواری تەکنیکیی، مەشق، چالاکی، دارایی و یاساییدا، و بوار دەدات بە بۆرسەی هەولێر سیستمە ئەلیکترۆنییەکانی بازاڕی بۆرسەی عێراق و بنکەی پارەدانان (دیپۆزیتەری سێنتەر، depository center) بەکاربهێنێت، بەم شێوەیە ڕەنگە بوار هەبێت بۆ کرۆسلیستینگیش (ڕێککەوتننامەی هاوکاری نێوان سوقی ئەوراقی مالی عێراقی و بۆرسەی هەولێر) ["A Cooperative Agreement Between the Iraqi Stock Market and the Erbil Stock Exchange"], 2010).

**داینکردنی زەوی**

پەیداکردنی زەوی بۆ بزنسێکی نوێی خۆماڵی ڕەنگە کارێکی ئێجگار زەحمەت بێت. ڕاپۆرتەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو وەبەرهێنەرە بیانییانەی بە پرۆسەی (دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان)دا تێپەڕیون توانیویانە زەوی گونجاو وەربگرن بۆ بزنس و پرۆژەکانیان. بەڵام، بۆ بزنسی ناوخۆیی بەم شێوەیە نییە، و وەرگرتنی پارچە زەوییەک ڕەنگە چەند مانگێک و تەنانەت زیاتریش بخایەنێت.

[6] لە بەرامبەر قەبارەی ڕۆژانەی بۆرسەی عێرا، تێکڕای قەبارەی ڕۆژانە لە بۆرسەی سعودیە بۆ 50 ڕۆژ تا 31 ی کانونی دووەمی 2011 بریتی بوو لە 3.2 ملیار ریالی سعودی، کە دەکاتە 865 ملیۆن دۆلار (تێکڕای قەبارەی ڕۆژانە لە Gulf base، 2011 وەرگیراوە، نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی دۆلار-ریال لە OANDA وەرگیراوە، 2011).

بەشێکی گرفتەکە ئەوەیە سیستمی تۆمارکردنی زەوی زۆر لاوازە و ئاسان نییە کڕیارێک بۆی دەرکەوێت کێ بە تەواوەتی خاوەنی پارچەیەک زەویی دیاریکراوە. چارەسەرکردنی ئەم بابەتە پێویستی بە چاکسازیی یاساییە. هەروەها پێیان ڕاگەیاندین کە پارەدانی نائاسایی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی پارچە زەوی، شتێکی پێویستە ناوبەناو.
وەک ئێمە دەیبینین چاکسازییە یاساییەکانی ئەم دواییە لە بواری خاوەندارێتی زەویی کشتوکاڵیدا، زیاترکردنی لە 75 هەکتارەوە بۆ 250 هەکتار، دەبێتە مایەی زیاترکردنی ئەگەر و توانای کشتکاریی بە شێوازی مۆدێرن و بۆیە چاکسازییەکی مژدە بەخشە. بەڵام، هێشتا بەرەوپێشچوونی زیاتریش پێویستە. هاوکات، نەبوونی خاوەندارێتیی زەوی بە شێوەیەکی ڕوون یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی بوونە مایەی نائارامییەکانی کانونی دووەم و شوباتی 2011 لە میسر (de Soto, 2011).

**خزمەتگوزارییەکان وژێرخان**

چاکترکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا یەکێکە لە سەرنجراکێشترین هۆیەکانی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان بە بزنس. راپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە خزمەتگوزاری ئاو باشترە لەوەی عێراق، رێگەوبانیش هاوشێوە باشترە، بەڵام دەڵێن خزمەتگوزاری تەلەفۆن خراپترە و ئاوی خواردنەوە لەئاستی پێویستدا نیە.
خزمەتگوزاریی کارەبا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جاران کە لە خوار تێکڕای عێراقەوە بوو لە دابینکردنی بڕی پێویست، گۆڕاوە بۆ سەروو تێکڕاکە. جێنەرێیتەری نوێ و بەشداریی کەرتی ئەهلی و هێڵی نوێی کارەبا گواستنەوە بوونەتە مایەی چاکتربوونی گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. ڕاستییەکەی، ئەگەری ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان ببێت بە هەناردەکاری کارەبا لە پێنج ساڵی داهاتوودا، بیفرۆشێت بە تورکیا و باقیی عێراق.
سەرەڕای ئەم بەرەوپێشچوونانە، کارەبا هێشتا بەشی پێویستییەکانی کەرتی تایبەت ناکات. بزنس لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە کارەبا و ئاوە (بە جێنەرێیتەری خۆیان). ئەمەش کولفەی زۆرە، چونکە کارەبای جێنەرەیتەری ئەهلی بڕێکی زۆر پارە دەخاتە سەر کولفەی بەرهەمهێنان، و بەم شێوەیەش بەرهەمەکان ناتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ بازاڕەکانی جیهان، یاخود نرخی بەرهەمەکان لە بازاڕەکانی ناوخۆ گران دەبن.
هەروەها حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە ئەو ژێرخانەی بەڵێنی داوە فەراهەم بکات بۆ پرۆژەکان، لە ئەنجامدا چەند پرۆژەیەک هەڵوەشاوەتەوە. ئەگەرچی هەندێک بزنس بە خۆیان ژێرخانیان دروست کردووە، بەڵام ئەمە مۆدیلێکی بەردەوام نییە بۆ زۆر پرۆژە لە هەرێمی کوردستان.
دواجار، ئەگەرچی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) و ئینتەرنێت بە خێرایی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، هێشتا تا ڕادەیەک هەموو هاووڵاتیان ڕووماڵ نەکراون، و تەنانەت ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە لە شارە گەورەکانیش کواڵیتییەکەی جۆراوجۆرە. ڕەنگە ئەمە کار بکاتە سەر ئامادەیی و ویستی بزنسەکان بۆ بەرفراوانکردنی پرۆژەکانیان بۆ ئەو شوێنانەی ژێرخانی پێویستی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئینتەرنێتی لێ نییە. سەرەڕای ئەمانەش، تەنانەت لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ژێرخانەکە هێشتا لە گەشەسەندندایە، و تەنها بەشێک لە کارمەندانی حکومەت لە ڕاستییدا ئەم ئامرازانە بە شێوەیەکی بەردەوام و بەرچاو بەکاردەهێنن. ئەمەش کار دەکاتە سەر هەماهەنگی نێوان ئاژانس و وەزارەتەکان، لە ئەنجامیشدا تۆمارکردن و مۆڵەتدان بە بزنسی نوێ دوادەکەوێت و وەبەرهێنەری بیانی بە زەحمەت داتای جێی متمانەی دەست دەکەوێت لەسەر ئەو کەرتانەی بایەخیان پێدەدات.
سەرنجمان داوە چەند هەوڵێک لە ئارادایە بۆ درێژەدان بە چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێم، لەناوییدا بنیاتنانی وێستگەی نوێ بۆ خاوێنکردنەوەی ئاو، گەشەپێدانی پلانی بەڕێوەبردنی حەوزێک (ئەستێرک، دەریاچەیەک)ی ئاو، و درێژەدان بە چاکترکردنی سیستمی کارەبا. هەوڵەکانی تر کاتەکەیان زۆر دواکەوتووە، وەک دروستکردنی سیستمەکانی ئاوەڕۆ. تەواوکردنی سیستمی ژێرخانی هاوچەرخ توخمێکی پڕبایەخ دەبیت بۆ چاکترکردنی کەشی بزنس لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**دەستی کار**

سێ ئاریشە هەیە لە بواری دەستی کاردا کە زۆر پڕبایەخن بۆ کەشوهەوای بزنس—کوالێتی دەستی کار لە بواری شارەزایی و مەشق، خۆماندووکردن و کۆششکردن لە کاتی دەوامدا، و هەلومەرجی یاسایی دامەزراندن و کار. زۆربەی ئەو زانیارییانەی ئێمە کۆمانکردەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کوالێتی دەستی کار لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا پڕکێشەیە.[7] بە تایبەتی خاوەنکارەکان باسی ئەوە دەکەن کە شارەزایی (پسپۆڕی) لە بواری تایبەتمەندیدا، لە ئاستێکی نزمدایە.[8] هەروەها، خاوەنکارەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە (ئەخلاقییاتی کار)ی ئەوانەی دایاندەمەزرێنن وەک پێویست بنەمای بەرز نییە.[9] ڕەنگە هەندێک لەم قسانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە خاوەنکار زۆربەی جار هێندەی بکرێت زۆرترینیان دەوێت لە کرێکارەکانیان، بە بێ ڕەچاوکردنی ئاستی بەرهەمهێنان. بەڵام، هەموو ئەوانەی تاوتوێی ئەم کێشەیەمان لەگەڵ کردن، هەمان شتیان دەگوت. لە کاتێکدا ڕەخنە ئاڕاستەی کارمەندان دەکرێت، پێیان ڕاگەیاندین کە زەحمەتە لە هەرێمی کوردستان کەسانی وا بدۆزیتەوە کە بتوانن وەک بەڕێوەبەری مامناوەندی یان ئانترەپریۆنێر سەرکەوتوو بن.[10]

چەند هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە دەگوترێت گوایە دەستی کاری شارەزا بەردەست نییە. پەروەردە و فێرکردن لاواز بووە، بەشێکی لە ئەنجامی ساڵەها شەڕ و نائارامی. ئەمە تەنها بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی ڕاست نییە، بەڵکو بۆ خوێندنی زانکۆش ڕاستە. بە تایبەتی وەرگیران لە زانکۆکان بە شێوەیەکی مەرکەزییە (کە بواری هەڵبژاردن بۆ قوتابیان و کێبڕکێ بۆ زانکۆکان، ناهێڵێتەوە)، مەنهەج و کتێبەکانی خوێندن بە گیروگرفتاوی ناودەهێنرێن، هەروەها نەبوونی پەیوەندیی نێوان کۆلیژەکانی زانکۆ و هاوشانە نێودەولەتییەکانیان لە ڕێی جۆرناڵە بەناوبانگەکانەوە. سەرەڕای ئەمانە، دەگوترێت پەروەردە (خوێندن) ی پیشەیی ئاستی نزمە لە قوتابخانە فەرمییەکانی پیشەیی و لە بنکە پیشەییەکانی مەشق. لە زۆر حاڵەتدا، ئەم کەموکوڕییە پەروەردە کرێکارانی هەرێمی کوردستانی بە بێ شارەزایی و بە بێ بناغەی پێویستی پەروەردەیی بەجێهێشتووە تا بەکاری بهێنن بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی نوێ. مەرکەزییەتی دەستگاکانی خوێندنی باڵا بۆتە مایەی نەتوانن بە خێرایی وەڵامی بازاڕی دەستی کار بدەنەوە.

چەند هۆیەک هەیە بۆ نەبوونی ئەوەی کە دەگوترێت ئەخلاقییاتی ئیش لە ئارادا نییە. بە شێکی زۆری ئەم دەستی کارە یان ڕاستەوخۆ کار بۆ حکومەت دەکات، یان لە ڕێی پەیوەندیی خێزانیی کەسێکی دامەزراو لە لای حکومەت. ئەگەرچی مووچەی حکومی کەمە، بەڵام دەگوترێت سوودەکانی نایابن، و حافزێکن کە نایەڵێت کار لە کەرتی تایبەت بکەن. لە بەرامبەردا، پێدەچێت هاوکات کارکردن بۆ حکومەت و بۆ کەرتی تایبەت پێکەوە، شتێکی باو بێت. سەرەڕای ئەمەش، زۆر کەس باسی ئەوە دەکەن کە ژمارەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی ئێجگار زیاترە لە بەرامبەر ئەو کارەی دەیکەن.[11] ئەنجامەکەش ئەوەیە کە زۆر کارمەند فێری ئەوە نەبوون بە باشیی ئیش بکەن و حکومەت ئەوەندە سوودمەندێتی دلۆڤانی بەخشیوەتەوە کە بوونەتە ساردکردنەوەی گەڕان بۆ زانیاریی شارەزایانە، چونکە هێندە پەیوەندییان بە شارەزاییەوە نییە.

بەم شێوەیە، زۆربەی جار خاوەنکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە پەسەندتری دەزانن کرێکاری بیانی دابمەزرێنن. ئەمە نەوەک هەر بزنسکارانی بیانی دەگرێتەوە (کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت دەستی کاری ناوخۆی ولاتە خانەخوێیەکەیان لا پەسەند بێت)، بەڵکو خاوەن بزنسە کوردەکانیش دەگرێتەوە.

سەبارەت بە هەلومەرجی یاسایی کار، خاوەنکارەکان باسی ئەوەیان کرد کە زۆر ئاسانە لە هەرێمی کوردستان خەڵک دابمەزرێنیت و خەڵک لەسەر کار دەربکەیت. ئەگەرچی دەرکردنی کرێکار نە بۆ کرێکارەکان خۆشە و نە بۆ ئابووری باشە لە کورتخایەنییدا، بەڵام لابردنی دەستی کار بە ئاسانی فاکتەرێکی گرنگە وەک حافز بۆ خاوەنکارەکان بۆ دامەزراندنی کەسێک. ئەگەر توانای دەرکردن لە ئارادا نەبێت

7 لە چاپتەری شەش-دا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

8 هەندێک ڕاپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن کوالێتی کارمەندی هەرێمی کوردستان باشترە لەوەی باقی عێراق. بەڵام، هەندێکی تر باسی ئەوە دەکەن دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئاستی خوێندەواریی و ڕێژەی خوێندەواریان نزمترە بە بەراورد لەگەڵ باقیی عێراق.

9 ئەخلاقییاتی کار جێی نیگەرانیی بەڕێوەبەرانی کەرتی گشتیی و تایبەتیش بوو، بەڵام ئێمە لەم بەشەدا جەخت دەخەینە سەر دەرەنجامەکانی ئێمە لە بواری کەرتی تایبەتدا.

10 سەرنجمان داوە ئانترەپریۆنێرەکان بە زەحمەت زەوییان دەست دەکەوێت، ئەمەش هەر کەسێک سارد دەکاتەوە کە بیەوێت ببێت بە ئانترەپریۆنێر.

11 زۆر کەس لەوانەی باسی زۆریی ژمارەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانیان دەکرد، باسی ئەوەشیان کرد کە نەقص (کەمیی) هەیە لە ژمارەی کارمەندانی شایستە و کارزانی ڕاژەی شارستانی. ئەنجامەکەش ئەوەیە ژمارەیەکی کەم لە کارمەندی شایستەی ڕاژەی شارستانی زۆر ماندوو دەبن و ئەرک دەکێشن.

ئەوسا پێدەچێت خاوەنکار کەمتر خەڵک دابمەزرێنێت. لەم ڕەهەندەدا، هەر نەبێت بە ڕووکەش، هەرێمی کوردستان بازاڕێکی کاری زۆر گونجاوی هەیە.

بەڵام، پرسیار هەیە لەسەر ئەوەی ئاخۆ بە ڕاستی بەم شێوەیەیە. تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە 39 ی ساڵی 1971-ە (خانەنشینیی فەرمانبەران و بیمەی کۆمەڵایەتی)، و بە گوێرەی هەموارەکانی بە یاسای 155 ی 1971 و یاسای 71 ی 1987 (یاسای کار) مامەڵە لەگەڵ کارمەند دەکرێت. یاسای 71 رێسای پتەوی تێدایە لەلایەک لەسەر چۆنیەتی دەرکردنی کارمەندێک لە لایەن خاوەنکارەوە، لە لایەکی تر بۆ چۆنیەتی دەست لەکارکێشانەوەی کارمەند (Government of Iraq, 1987a). ئەم رێسایانە ئەوە دەردەخەن ئەگەر خاوەنکارێک بە تەواوی پابەند بێت بەم یاسایەوە، بازاڕی کار ئەوەندە ئاسان نابێت.

ڕەوشێک لە ئارادایە کە پێدەچێت تێیدا بازاڕی کار گونجاو بێت بۆ خاوەنکار و کرێکار بەڵام ڕاستییەکەی زۆر مەرجی یاسایی نەگونجاو هەیە بۆ هەردوو لایەنەکە. هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێت تا ئەو کاتەی یاسا پیادە دەکرێت، یان لەبەرئەوەی خاوەنکارێک خۆی لە قەرەی بەرپرسێکی گەورە داوە یان لەبەرئەوەی کارمەندێکی مەینەتبار پەیوەندی و ناسیاوێتی باشی هەیە، یان لە ئەنجامی پیادەکردنی دادپەروەریی بە شێوەیەکی باش. ئەگەر ئەمەیان ڕوویدات، ئەوسا ڕەوشەکە بۆ کارمەندەکەش و بۆ خاوەنکارەکەش زەحمەت دەبێت، زیان بە ئەگەری وەبەرهێنان دەگەیەنێت.

هەروەها پێیان ڕاگەیاندین کە یاسای خانەنشینی چەند گرفت و کەموکووڕییەکی هەیە. بە تایبەتی، پێیان وتین کە هەندێک جار کۆمپانیا ئەهلییەکان پارە ناخەنە سیستمی خانەنشینییەوە، و ئەو بڕە پارەیەی بە گوێرەی یاسا لە بەرامبەر خانەنشینی وەردەگیرێت نزمە بە بەراورد لەگەڵ ئاستی ژیانی ئێستا و ئەو پارانەی حکومەت وەک خانەنشینی دەیدات. هەرێمی کوردستان خاوەنی سیستمێکی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی (بیمەی کۆمەڵایەتی، ضمان اجتماعی) نییە بۆ سەرجەم کارمەندان، وەک ئەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان هەیانە. بۆیە، ئەگەر پارەی خانەنشینی بە شێوەیەکی باش کۆنەکرێتەوە یاخود لەبار نەبێت بە گوێرەی یاسای 39 ی 1971، ئەوسا کاتێک کرێکاری کەرتی تایبەت ژیانی پیشەیی تەواو دەبێت، خانەنشینیی وەرناگرێت.

تا 2011، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی یاسای خانەنشینی و یاسای کاری دەکرد. ئەگەرچی کارێکی پەسەندە راوێژ بکرێت بە پسپۆڕی بیانیی ناوچەکە و پیادەکردنی شێوازەکانی وڵاتانی ناوچەکە، ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر جەخت بخاتە سەر باشترین نموونەکانی یاسای کار لە سەرتاسەری جیهاندا. ڕوون نییە ئاخۆ یاسای کاری وڵاتانی ناوچەکە باشترین مۆدیل بن بۆ هاوکاریی سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی ئابووری بەو شێوەیەی مەبەستە. ڕاستییەکەی، زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە تۆمارێکی ئێجگار لاوازیان هەیە لە دروستکردنی هەلی کار، و ژینگە یاساییەکەش بەشێک بووە لەم گیروگرفتە.

دوایین بابەتی یاسایی پەیوەست بە دەستی کارەوە بریتییە لە بەکارهێنانی کرێکاری بیانی. کە دەڵێین کرێکاری بیانی مەبەستمان کرێکاری وڵاتانی عەرەبی و نا-عەرەبییشە، بەڵام نەوەک کرێکاری باقیی عێراق کە بە گشتیی چالاکانە کاری خۆیان دەکەن بێ ئاستەنگ لە هەرێمی کوردستان. ئەو چاوپێکەوتنانەی ئێمە کردمان و ئەو قسانەی بیستمان باسی ئەوە بوو کە بەکارهێنانی دەستی کاری بیانی لە هەرێمی کوردستان زۆر بەربڵاوە. بەڵام بناغە یاساییەکەی ئەم بەکارهێنانە ڕوون نییە. ئێمە وا لێی تێدەگەین کە یاسا پەیوەندندارەکان بریتین لە یاساکانی عێراق، و هەروەها یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (Kurdistan Regional Government, 2006).[12] یاساکەی عێراق زۆر دەست ئاوەڵایە لە بەرامبەر هاتنی کرێکاری وڵاتانی عەرەب، بەڵام دەستی زۆر توندە لە بەرامبەر کرێکاری وڵاتانی نا-عەرەب، هەروەها سیستمێکی رێپێدان و مۆڵەتپێدانی تێدایە کە حکومەت بە خۆی بەڕێوەی دەبات، مەرجی تری تێدایە وەک ئەوەی کە پێویستە شارەزا بیانییەکان مەشق بکەن بە هاوڕێ عێراقییەکانیان، و مەرجی ئەوەی شارەزای بیانی کاتێک بۆی هەیە بێتە ناو عێراق کە شارەزای عێراقی لەو بوارەدا دەست نەکەوێت. یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئازادانەترە، بوار دەدات بە وەبەرهێنەرەکان وەک پێویست ستافی بیانی دابمەزرێنن لەو پرۆژانەی دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێداوە، و پێشینەش دەدرێت بە کرێکاری خۆماڵی.

ئێمە ناتوانین ئەوە ساخ بکەینەوە ئاخۆ کرێکارانی بیانیی ناعەرەب لە هەرێمی کوردستان بە هەمان ڕێوشوێنی یاساییدا تێپەڕیون، یان کار بۆ ئەو پرۆژانە دەکەن کە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێداون، بەڵام ئەوە دیارە کرێکاری بیانی لە هەموو جۆرە بوارێکدا کار دەکەن، لەناویدا ئاستی شارەزایی نزم.

---

[12] یاسا پەیوەندندارەکانی عێراق بریتین لە یاسای ژ. 71 ی 1987 (Government of Iraq, 1987a)، رێساکانی پیادەکردنی کار لە لایەن بیانییەکانەوە لە عێراق، ژمارە 18 ی 1987 (Government of Iraq, 1987b)، و رێسا هەموارکراوەکانی 1987 (ژ. 18) لەسەر پیادەکردنی کار لە لایەن بیانییەکانەوە لە عێراق، ژمارە ٤ ی 1989 (Government of Iraq, 1989).

هەروەها وا پێدەچێت کرێکاری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بتوانن هەر نەبێت هەندێک لەو کارانە بکەن. نادڵنیایی سەرەکی خاوەنکارەکان لەوەدایە کە نازانن پێویستە چی بکەن بۆ جەختکردنەوە لەوەی کاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوەی کاری کرێکاری بیانی بێت.

**ڕێوشوێنەکانی دەستپێکردنی کار و پیشە**

لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دواییە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی تایبەت جەختی خستبووە سەر ڕێوشوێن و ڕێساکانی بزنس و پیادەکردنی ئەو یاسایانە، بە تایبەتی لە بواری ئاسانیی دەستپێکردنی بزنس، معامەلاتی وەرگرتنی مۆڵەتی بیناسازی، دامەزراندنی کارمەند، تۆمارکردنی موڵکیەت، وەرگرتنی قەرز (کرێدیت)، پاراستنی وەبەرهێنەر، باج، بازرگانی لە نێوان سنوورەکان، پیادەکردنی گرێبەستەکان، و داخستنی بزنس. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەی دەرخست کە ژمارەیەکی زۆر ڕێوشوێن و معامەلاتی گرانبەها کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر گەشەسەندنی کەرتی تایبەت.[13]

عێراق بە گشتیی لەو ڕەهەندانەدا زۆر لاواز بووە. ڕاپۆرتی 2011 ی دووین بزنس (Doing Business, 2011a) عێراقی بە پلەی 166 داناوە لەناو ڕیزی 183 ولات و دواهەمین وڵات بووە بە پلەی 18 لە ریزی ولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا—خراپتریش لە سوریا، ئێران، کەناری خۆرئاوا و غەززە، و جیبۆتی.

ئەوەندەی یاسا و ڕێساکانی هەرێمی کوردستان وەک یاسا و رێساکانی باقیی عیراق بن، زۆر لاوازن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ناوچەکە و باقیی جیهان. بەڵام، لە هەندێک ڕەهەندا، وەک ئاسانیی بەدەستهێنانی پارچە زەوی، ئەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕوونیی باڵادەستە. ئێمە ناتوانین هەڵسەنگاندنی ئەوە بکەین بەراوردی چۆنە لەگەڵ باقیی عێراق لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام پێمان وایە ئێجگار گرنگ و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دانوستان لەگەڵ بانکی جیهانی بکات بۆ ئەوەی بە جیا شیکردنەوەیەکی هەرێمی کوردستان بکات.[14]

ئێمە هەروەها جەختمان خستە سەر ڕێساکانی تۆمارکردنی بزنس لە هەرێمی کوردستان. بەگشتی خەڵک پێیانوتین کاتێک مامەڵەکە دەستپێکرد، سەخت نیە لە تۆماری بازرگانی تۆمار بکرێت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یان لە تۆماری پیشەسازی تۆمار بکرێت بەپێی یاسای ژمارە 25 ی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی. بەڵام سێ خاڵی تر هەیە کە پێویستە سەرنجیان بدەین.

یەکەم، پێیان ڕاگەیاندین کە ڕەزامەندیی لەسەر وەبەرهێنان پشت دەبەستێت بە بڕی هاوردەکردنی ئێستای حکومەتی کوردستان بۆ ئەو کەرەستانەی کە ئەو وەبەرهێنانە بەرهەمی دەهێنێت. بۆ هەر داواکارییەک، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ئێستای هاوردەکان هەڵدەسەنگێنێت و بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی ئاخۆ پێویستە ئەو کەرەستانە لە کوردستان بەرهەم بهێنرێن. ئەگەر بزنسە نوێیەکە بە پێویست دابنرێت، ئەوسا بە خێرایی ڕەزامەندییەکە دەدرێت. کاریگەرە نەرێنییەکە ئەوەیە کە ڕەنگە ڕەزامەندی لەسەر هەندێک داواکاری بدرێت کە وا باشتر بیت بەرهەمەکان هاوردە بکرێن، ڕەنگە هەندێک داواکاری تر ڕەت بکرێنەوە کەچیی لەو بوارەدا ئێستا وەک پێویست خزمەتی بەکاربەرەکان نەکرێت لە لایەن دابینکار (مزود، supplier)ی ناوخۆیی و بیانییەوە. لە هەندێک ئاخاوتنی تر لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە کەمیی (کەموکووڕیی) سەرجەم کەرتەکان کرا، بەم شێوەیە ڕەنگە لە ئێستادا ئەمە کۆتوبەندێک نەبێت. بەڵام لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە ڕەچاوکردنی ئاستی هاوردەکان لە کاتی تۆمارکردندا ببێت بە ئاستەنگ بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت لە هەندێک بواردا.

دووەم، ڕەنگە بەڕێوەچوونی معامەلاتەکە بێزارکەر بێت و کاتێکی زۆر بخایەنیت بۆ بزنسی بچووک و تەنانەت مامناوەندیی. بۆ تەواوکردنی سەرجەم معامەلاتەکان، مەزەندە دەکرێت کولفەکە لە نێوان 3500 تا 10000 دۆلار بێت، مەزەندەیەکیان گەیشتبووە 25000 دۆلار. ئەمە ڕەنگە کەم بێت بۆ وەبەرهێنەری بیانی، بەلام کەمترین مەزەندە هێشتا 166 لە سەتی کۆی بەرهەمی نیشتمانی هەر

---

[13] ئەو رێکخراوە گەورانەی وڵاتان پۆلێن دەکەن بریتین لە بانکی جیهانی و کۆرپۆرەیشنی دارایی نێودەوڵەتی (وەک بەشێک لە گرووپی بانکی جیهانی) لە دووتوێی ڕاپۆرتی ساڵانەی Doing Business. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Doing Business 2011a).

[14] بەرنامەی Doing Business 20 ڕاپۆرتی نێونەتەوەیی ئامادە کردووە تا 10 ی نیسانی 2010. ئەگەرچی زۆربەیان بایەخ بە سەرجەم هەرێمەکانی وڵاتان دەدەن، بە لای کەمەوە ڕاپۆرتێکیان لەسەر یەک هەرێمی ناو وڵاتێک بوو، ڕاپۆرتەکە تایبەت بوو بە ڤێنیتۆ، ئیتاڵیا، 2009 (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Doing Business، 2011b).

کەسێکی عێراقییە (IMF, 2010).[15] تەنانەت ئەگەر داهاتی کۆی بەرهەمی نیشتمانی بۆ هەر کەسێک لە کوردستان بەرزتریش بێت لە بەشەکەی تری عێراق، هێشتا پارەیەکی ئێجگار زۆرە. هەروەها بۆمان دەرکەوت کە هەندێک جار کۆمپانیا ناوخۆییەکان دەتوانن لە رێی پەیوەندیی شەخسییەوە خۆیان لەم رسوماتە بپارێزن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەیە ئاستێکی یەکسان لە ئارادا نییە بۆ بزنسەکان و هێشتا هەموو رێگەیەکی باش تاقی نەکراوەتەوە.

سێیەم، بە گوێرەی کەرتەکە، یاخود ئەوەی ئاخۆ کۆمپانیاکە بە دەستەی وەبەرهێناندا تێدەپەڕێت، ڕەنگە وا پێویست بێت ڕەزامەندی چەند وەزارەتێک وەربگیرێت. ئەمەش کاتی پێویست بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنانەکە، درێژ دەکاتەوە، و کولفەکەش زیاتر دەبێت. کەسێک باسی ئەوەی کرد کە هەوڵی داوە سیستمێکی گشتگیر دروست بکات بۆ پێکەوە بەستنەوەی وەزارەتەکان. کە لەسەر ئینتەرنێتیش فۆرمی داواکاری هەبێت و بتوانرێت بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی پڕ بکرێتەوە و داواکاری پێشکەشی وەزارەتی پەیوەنددار بکرێت. ئەگەرچی هەندێک کەس دەیانەوێت ڕێچکەیەکی رێکوپێک دابنێن بۆ پرۆسەی وەرگرتنی ڕەزامەندی، بەڵام تا ئێستا شتی وانەکراوە.

#### سیاسەتەکانی بازرگانی

ئێمە هەروەها لێکۆڵینەوەمان کرد لەسەر ئاسانێتی و زەحمەتێتیی هەناردەکردن و هاوردەکردن. ئەمە زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت چونکە ئابووریی کراوە بە شێوەیەکی خێراتر گەشە دەکات سەرەڕای ئاستەنگی زۆر و ئاڵۆزی بازرگانی، گەشەسەندنیش فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستکردنی هەلی کار (Wacziarg and Welch, 2008). ڕاستییەکەی، تەنانەت ئازادکردنی تاک لایەنەی بازرگانی— نەوەک کەمکردنەوەی ئاستەنگەکان—ڕەنگە بۆ کۆمەڵگە باشتر بێت وەک لەوەی جەخت بخرێتە سەر جێگرتنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی بە هاوردە (Puga and Venables, 1999). تەنانەت سەرەڕای ئەم لایەنە باشانە، ئازادکردنی بازرگانی دەبێتە مایەی دروستبوونی براوە و دۆڕاو، بەم شێوەیە پێویستە پرۆسەی گواستنەوە بۆ رژێمی بازرگانیی کراوە زۆر بە شێوەیەکی سیاسیی رێکوپێک ئەنجام بدریت. (Edwards and Lederman, 1998).

زۆربەی ئەو بەرپرس و خاوەنکارانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن وتیان تا ڕادەیەک هاوردەکردن و هەناردەکردن ئاسانە. بەڵام، ئێمە چەند گیروگرفتێکمان دەستنیشان کرد. بە فەرمی ئەوەی گرنگە ئەوەیە مۆلەت بۆ هەناردە وەربگریت و بڕیاردان لەسەر مۆڵەتەکەش لە لایەن لیژنەیەکەوە دەدرێت، بڕیاری ئەوەی ئاخۆ ئەو شتانەی هەناردە دەکرێن، زێدەن لە هەرێم، بە دەستی لیژنەکەیە. ئەم سیاسەتە هی سەردەمی رۆژانێکە کاتێک عێراق هەوڵی دەدا (خۆژێن، اکتفاء ذاتي) بێت، بەڵام ئەم سنووردانانە لەسەر هەناردەکان زیانی گەورە بە ئابووری بچووک دەگەیەنێت چونکە بوار بە دەرفەتی فرۆشتن، قازانج، و گەشەسەندن نادات لەلایەن جوتیاران و بزنسی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەو خەڵکانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن وتیان رێگە لە کەس نەگیراوە هاوردە بکات. بەڵام، وتیان یاساکە بوار دەرەخسێنێت پارەی نائاسایی (لابەلا) بدرێت تا بتوانرێت مۆڵەت وەربگیرێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە یاساکە باج دەخاتە سەر هەرە بەرهەمهێنترین بزنسی هەرێمی کوردستان—ئەوانەی کە دەتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتی- و زیان بە توانای کێبکرکێیان دەگەیەنێت کاتێک کولفەکەیان زیاد دەکات.

هاوردەکردنیش پێویستی بە مۆڵەت و پابەندێتییە لە بواری بڕی هاوردەکراو. ئەمەش ڕەنگە بوارێک بێت بۆ پارەدانی لابەلا و دروستکردنی ئاستەنگ لە پێش بەدەستهێنانی کەرەستە و کەلوپەلی هاوردەکراو و بەرهەمی ناوەندی (ئەو بەرهەمەی کە نیوە ئامادەکراوە بەڵام هێشتا نەبووە بە بەرهەمەکە) و لە پرۆسەی دروستکردنی دوایین کەرەستەی بەرهەمهێنراودا بەکاردەهێنرێنت.

پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بەشەکەی تری عێراق ناوبەناو گرفت و کێشەی تێدا بووە. ڕاپۆرتی جێی متمانەمان پێگەیشتووە کە بەرپرسان لە بازگەکان ئەرکی ئەو بارە کەرەستانەیان زەحمەت کردووە کە لە بەشەکەی تری عێراقەوە دێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی نەمانتوانی بڕ و ژمارەی ئەو جارانە ساخ بکەینەوە کە ئەمە ڕوودەدات. هەروەها ڕاپۆرتمان پێگەیشتووە کە حکومەتی ناوەندی رێگە دەگرێت لەوەی هەندێک هاوردە لە کوردستانەوە بچێت بۆ هەندێک شوێن. ڕەنگە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانن شتێکی ئەوتۆ بکەن لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندیی عێراق، بەڵام بە ڕاستی ئەمە دەبێتە مایەی زەحمەتبوونی بزنس لە هەرێمی کوردستان.

---

15 بڕوانە خشتەی 1 لە (IMF, 2010, p. 27).

دواجار، ئەگەرچی ڕێوشوێنەکان لە خاڵەکانی تێپەڕین لەسەر سنووری تورکیا بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێت، ڕاپۆرت هەیە باسی پارەوەرگرتنی لابەلا دەکەن.

**دەستگەیشتن بە زانیاری لەسەر کار و پیشە**

ئەو خەڵکانەی کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، ئەوانەش کە دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ڕایانگەیاندووە کە زانیاری سەرەتایی جێی متمانە لەبەردەست نییە لەسەر بازاڕی ئەو کەرتانەی دەیانەوێت وەبەرهێنانی تێدا بکەن، ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ وەبەرهێنانی بیانی و پێکهێنانی بزنسی نوێی ناوخۆیی. کاتێکیش ئەم زانیاریە سەرەتاییانە کۆدەکرێنەوە، بە ئاسانی ناگاتە دەستی ئەوکەسانەی بیانەوێت وەبەرهێنان بکەن.

ڕەشنووسی یاسای ئامار، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستای پەسەند بکرێت، ڕەنگە ئاستەنگێکی تر دروست بکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بزنس. نوسخەی تا کانونی دووەمی 2011، ئەگەرچی ڕێگەی داوە بە لایەنی نافەرمی زانیاری سەرەتایی پەیوەست بە بازاڕ کۆبکەنەوە لە بواری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆیاندا، بەڵام باسی ئەوەی کردووە کە دەبێت لایەنە فەرمییەکان پێشوەخت ڕەزامەندی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەربگرن پێش ئەوەی زانیاری سەرەتایی کۆبکەنەوە، و (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بۆی هەیە وردبینی کۆکردنەوەی زانیاریە سەرەتاییەکە بکات.

بێگومان دەشێت یاسا نهێنیپارێزراوێتی ئەو زانیاریە سەرەتاییانە بسەپێنێت کە بە شێوەیەکی تایبەت (ئەهلیی) کۆکراونەتەوە لە بواری پاراستنی ناسنامەی کەس و لایەنەکان، و دەشێت باسی ئەوە بکات کە هیچ ڕێکخراوێکی ئەهلی بۆی نییە خۆی وا بناسێنێت کە لە جیاتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان زانیاری سەرەتایی کۆ دەکاتەوە (مەگەر بە ڕاستی وا بێت). بەڵام کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لە لایەن خەڵکانیکی ترەوە بەشێکی ئاساییە لە ئابووریی زیندوو. بە مەرج دانانی ئەوەی کە دەبێت پێشوەخت ڕەزامەندی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەربگیرێت ڕەنگە ببێتە ئاستەنگ لە پێش کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی سوودبەخش کە چالاکییەکانی ئەو جۆرە ئابوورییە ئاسان دەکات — و ڕەنگە ببێت بە بارێکی گران بەسەر دەستەی ئامار خۆیەوە.

**توانای حکومەت و شەراکەت لەگەڵ وەبەرهێنەری تایبەت**

هەندێک وەبەرهێنەر پێیان وایە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، لە ئاستێکی نزمدایە. لەبەر چەند فاکتەرێک: دواکەوتنی وەرگرتنی بودجە لە حکومەتی مەرکەزی، نەبوونی پلاندانانی بودجە بۆ چەند ساڵێک، شارەزایی و تواناکانی هەندێک بەرپرسی حکومی، و هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان.[16] تا کۆتایی 2011، حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکانە کاری دەکرد بۆ داڕشتنی ستراتیجێکی گەشەسەندنی پێنج سالی بۆ هەرێم، بەلام ڕاستکردنەوەی گرفتەکانی بودجە، پشت دەبەستێت بە چاکترکردنی کارەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد. لە زۆربەی هەرێم و وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، هەروەها دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندیش ڕێگەیان گرتووە لە هێنانە ناوەوەی کەرەستە و کەلوپەلی بازرگانی بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەم جۆرە شەراکەتە دەبێتە مایەی گەیاندنی مەعریفە و شارەزایی پڕبایەخ بە ناوخۆ، بە تایبەتی لە بواری چۆنیەتی ئەنجامدانی بزنس و شێوەی بازاڕ. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت ژینگەی بزنس بپارێزێت و چاکتری بکات ئەگەر سەرکردەکانی حکومەت و بڕیاربەدەستە سیاسییەکان بتوانن جەخت بکەنەوە لەوەی لە ڕاستییدا ئەو شەراکەتە دوور بێت لە دەستێوەردانی سیاسی. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە یەکێک لە ئامانجەکانی حکومەت بریتی بێت لە داڕشتنی میکانیزمی دادپرسیی، بە تایبەتی لە کۆڕبەندی نێودەوڵەتی، کە تێیدا بتوانرێت بە دادپەروەرییەوە ناکۆکییەکان یەکلابکرێنەوە. بەدیلێکی تریش ئەوەیە کە کە ئاژانسێکی سەربەخۆی چاودێری و لێپێچینەوە دابمەرزێت کە ناکۆکییەکان هەڵبسەنگێنێت و هەڵسەنگاندنی ئاشکرا بڵاوبکاتەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر، ئەوسا دەبێت جەخت لەوە بکاتەوە کە ئەم ئاژانسە نەوەک هەر تەنها بە خۆی پێی وا بێت سەربەخۆیە، بەڵکو وەبەرهێنەرانی بیانییش پێیان وابێت سەربەخۆیە.

هەبوونی گۆشەنیگا و بۆچوونیش لەسەر دەستێوەردانی سیاسی زیان بە سمعەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت لەلای زۆربەی ولاتانی گەشەسەندوو، کە زۆربەی وەبەرهێنەرە بیانییەکانی جیهان لەوێوە دێن. هەمیشە کۆمپانیا هەیە کە ئامادەیە لە ژینگەیەکی سیاسیکراودا کار بکات، بەڵام ئەمانە ئەو کۆمپانیایانە نین کە زۆر سوودیان هەبێت بۆ گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی هەلی کار. لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئەوەیان دەرخستووە کە گۆشەنیگا و بۆچوون لەسەر هەبوونی گەندەڵی

16 بە گوێرەی سەرنجی ئێمە هەماهەنگی لە ئاستی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا باشترە وەک لەوەی باقیی عێراق.

دەبێتە مایەی دابەزینی ئاستی (وەبەرهێنانی بیانیی راستەوخۆ)، و نەبوونی هەندێک لایەنی سەروەریی یاسا دەبێتە مایەی کپکردنی وەبەرهێنان لە لایەن کۆمپانیا گەشەسەندووەکانەوە.[17]

## ڕاسپاردە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت

چەند شێوازێک هەیە بۆ کارکردن لەسەر ئاریشەکانی بواری کەشوهەوای بزنس، و چەمکی یەک کەشی بزنس هەندێک سادەیە. ڕەنگە ئەو هەرێمەی کە یاساکانی هاندەرن بۆ جوتیاریی، ڕێسای هەبێت کە هاندەر نەبێت بۆ کارگە و کارخانە، وەک چۆن ڕەنگە هەرێمێک پێشوازی بکات لە دابەشکردنی جوملە، بەڵام باوەش بۆ کانزاگەری (مقالع، ماینینک،mining) نەکاتەوە.

ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی هەر کەرتێک سوودی خۆی هەیە و هەڵسەنگاندنی کەرتەکان سوودبەخشە، بەڵام جەخت خستنە سەر چاکسازیی، چاکترکردنی هەلومەرج و بارودۆخەکان، سوودی خۆیان هەیە بۆ هەموو بزنسەکان. ئەم کارە ڕەنگە دەرفەتی گەورە بۆ ئانترەپریۆنێرشیپ برەخسێنێت لە بواری ئەوتۆدا کە بەرپرسانی حکومەت و شیکەرەوەکان خەیاڵیان بۆی نەچووە. بۆیە، ئێمە لەم چاپتەرەدا سەیری کەرتی جۆراوجۆر دەکەین لە ڕێی جەخت خستنە سەر ژینگەیەکی ڕێخۆشکەر بۆ بزنس و وەبەرهێنان، جەختێکی تایبەتیش دەخەینە سەر پێکهێنانی بزنسی ناوخۆیی.

حکومەتی هەرێم لە ناوچەیەکدایە کە تازە ئارامی بەخۆیەوە دەبینێت و ئەم حکومەتە دووەم حکومەتی یەکگرتووە، هەنگاوی گەورەی هاویشتووە بەرەو چاکترکردنی ژینگەی بزنس، بەڵام هێشتا چەندین ئاستەنگ لە بۆسەدایە، هەروەها چەندین دەرفەتی لە پێشە. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی گەشەپێدانی ئابوورییەکی پتەوە کە تێیدا هەلی کاری زۆر لە کەرتی تایبەتدا دێتە ئاراوە، سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودێکی زۆر وەردەگرێت لە داهاتی نەوت، نەوتی خۆی بێت یان نەوتی باقیی عێراق. بەڵام، ئاستەنگی تری سەختی لە پێشە وەک ژینگەی ناسەقامگیری یاسایی و یاسا و ڕێسای کۆن کە پاشماوەی مێژووی سەردەمەکانی پێشووی عێراقن. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها پەیامێکی درێژخایەنی پێیە بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا بتوانن بە تەواوەتی سوود وەربگرن لە تەکنەلۆجیای نوێ و دەرفەتی نێودەوڵەتی. دانیشتوانێکی گەنجی رۆشنبیر و خوێندەوار دەتوانن ڕێگە خۆش بکەن بەرەو پێکهێنانی زیاتری بزنسی ناوخۆیی، بەرەو بەشداریی زیاتری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، و بەشداریی زیاتری هەرێمی کوردستان لە ئابووریی نێودەوڵەتی. لەم بەشەدا ئێمە باسی ئەو هەنگاوانە دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بیانهاوێژێت بەرەو چاکترکردنی دەرفەتی هەبوونی کەرتێکی تایبەت کە هەلی کار دروست بکات و ئابووری هەرێمی کوردستان بەرێوە ببات.

#### پێکهێنانی بزنسی خۆماڵی

لە هەرێمی کوردستان عێراق ژینگەیەک پێکهاتووە کە تا ڕادەیەک هاندەرە بۆ وەبەرهێنەری بیانی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەبەرهێنەری ناوخۆیی بە زەحمەت دەتوانێت بزنسی نوێ پێکبهێنێت. ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت ئەوسا دەبێت بە ئاستەنگێکی درێژخایەن لە پێش دروستبوونی ئەو ژمارە هەلی کارەی کە هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی. پێناچێت دروستکردنی هەلی کار لە لایەن حکومەت و لە لایەن وەبەرهێنانی بیانییەوە بتوانێت بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە. وەک پێشتر لەم چاپتەرەدا باسی کرا، چاکترکردنی ژینگەی بزنس بۆ پێکهێنانی بزنسی ناوخۆیی دەبێتە مایەی چاکترکردنی ژینگە بۆ (وەبەرهێنانی دەرەکیی ڕاستەوخۆ). بانکی جیهانی (World Bank) چەند پێشنیارێکی پێشکەش کردووە کە بریتین لە ئامرازی عەمەلیی بۆ بڕیاربەدەستان بۆ چاکترکردنی هەندێک ڕەهەندی دیاریکراوی ژینگەی بزنس، وەک پشکنین، مۆڵەتی بزنس، چاکسازیی لە گمرک، و دادپرسیکردنی ناکۆکی (بڕوانە، World Bank, 2011). ئێمە لەم بوارەدا دوو پێشنیاری کۆنکریتی پێشکەش دەکەین.

**ئاسانکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی دەستپێکردنی بزنسی فەرمیی بچووک و مامناوەندی.** دەستپێکردن و پێکهێنانی بزنس کاتێکی ئێجگار زۆر دەخایەنێت و بە گوێرەی تێکڕای داهات ئەو پارەیەی بۆی خەرج دەکرێت

[17] بۆ وەبەرهێنان و گەندەڵی، بڕوانە (Wei 2000). بۆ وەبەرهێنان و سەروەریی یاسا بڕوانە (Campos and Kinoshita (2003)). بۆ پیادەکردنی تایبەت لە بواری پێکهاتەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و لایەنێکی سەروەریی یاسا، مافی خاوەنداریتی، بڕوانە (Lee and Mansfield (1996)).

ئێجگار زۆرە. لەسەر ئاستی وڵات (عێراق) بە شێوەیەكی سیستماتیک پێداچوونەوەی ئەم ڕێوشوێن و كولفانە دەكرێت لە ڕێی بەرنامەی Doing Business ی بانكی جیهانی و the International Finance Corporation —وە، بەڵام هەڵسەنگاندنی سیستمایكی لەو جۆرە لە هەرێمی كوردستان نییە. نەبوونی مەعریفەی لەم جۆرە دەبێت بە ئاستەنگێكی گەورە لە پێش پرۆسەی چاكسازی. ئێمە لە بەراییدا پێشنیاری ئەوە دەكەین كە حكومەتی هەرێمی كوردستان دانوستان لەگەڵ World Bank بكات بۆ ئەوەی ڕووپێوێكی جۆری Doing Business ئەنجام بدەن بۆ هەرێمی كوردستان، ئەگەر لە ڕێگەی بانكی جیهانییەوە ئەم ڕووپێوە نەكرێت ئەوسا وەزارەتی پلاندانان گرێبەست لەگەڵ ڕێكخراوێكی سەربەخۆ بكات بۆ ڕووپێوێكی لەو جۆرە، یان وەزارەتی پلاندانان بە خۆی ڕووپێوێک بكات وەک ڕاهێنانێكی دەستپێک. كاتێک هەموو هەنگاوەكانی دەستپێكردنی بزنس زانرا، ئەوسا ئامانجەكە بریتی بێت لە كەمكردنەوەی یان ئاوێتەكردنی هەنگاوەكانی دەستپێكردنی بزنس، هێندەی بكرێت.[18]

**دەستكردن بە چاكسازی ئاسایی خاوەندارێتی موڵک نەبوونی پارچە زەوی یەكێكە لە گرفتە گەورەكانی دەستكردن بە بزنسی نوێی فەرمی.** كرینی زەوی یان پەیداكردنی پارچە زەوییەكی هێندە گەورە كە بەشی پرۆژە بازرگانیەكە بكات، كارێكی زەحمەتە، ئەمەش لە ئەنجامی ژینگەی یاسایی ئێستا. وەک هەر چاكسازییەكی تری بواری یاسایی، چاكسازیی لە یاسای بەكارهێنانی زەوی و ڕێوشوێنەكانی پرۆسەیەكە چەندین ساڵ دەخایەنێت. ئاسانكردنی پرۆسەی كرینی زەوی و بەناوكردن هاوكار دەبێت لە:- پێكهێنانی بزنسی نوێ، بەرفراوانكردنی ئەو بزنسانەی ئێستا هەن، و تەنانەت بۆ پێكهێنانی بواری گەورە كە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا كێبڕكێ بكات — ئەمەش سوودێكی گەورە و گرنگە، چونكە كشتوكاڵ كەرتێكی پێشینەیە لەلای حكومەتی هەرێمی كوردستان. هەروەها ئەمە دەبێتە مایەی چاكتركردنی كەرتی دارایی لە ڕێی ڕێگەدان بە بەكارهێنانی زەوی وەک كەفالەتی قەرز.

**كرانەوە بە ڕووی ئابووری نێودەوڵەتییدا**

وەنەبێت كرانەوە بە ڕووی ئابووری نێودەوڵەتییدا چارەسەرێكی ئەفسووناوی بێت بۆ گەشەپێدانی كەرتی تایبەت و پەرەسەندنی ئابووری، كرانەوە چەندین شێوازی هەیە. سەرەڕای ئەمەش، هەندێک بڕیار بەدەست و بەرپرسی گەورەی ڕاژەی شارستانی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێدەچێت جەخت بخەنە سەر ستراتیجی بەدیلی-هاوردە، ئەو سیاسەتانەی كە پێش نزیكەی ٣٠ ساڵ شكستیان هێنا. ڕەنگە هۆی تەناهیی هەبێت بۆ دەستكردن بە بەدیلی-هاوردە، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بێت، كەواتە بڕیاردەستەكان هەر تەنها پاراستنی ئاسایش هەڵدەبژێرن لەسەر حسابی گەشەی ئابووری و دروستكردنی هەلی كار، نەوەک هەڵبژاردەیەک كە لەلایەک تەناهی بپارێزێت و لە لایەكی تر هەلی كار دروست بكات.

**پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێسا و كۆتوبەندەكانی سەر هەناردە و هاوردە بسڕێتەوە.** ئەم كۆتوبەند و مەرجانە ئاستەنگن لە پێش هەناردە و هاوردە، و نادڵنیایی دروست دەكەن. پێویستە نەهێڵرێن. تەنانەت بێجگە لە ئاستەنگی بازرگانی، سیستمەكە كاتێكی بەهاداری ڕاژەی شارستانی بەفیڕۆ دەدات و پێچەوانەی سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانە لە دروستكردنی حكومەتێكی بچووكتر و كاراتر. سەرەڕای ئەمەش، كرانەوە بە ڕووی بازرگانیی نێودەوڵەتییدا تەواوكەری كرانەوەیە بە ڕووی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییدا، كە ئامانجێكی پڕبایەخی سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانە. ئێمە دەزانین هەندێک هۆی نائابووریی هەیە كە پڕبایەخن، بەلام ئەگەر هەندێک كۆتوبەند (مەرج)یش بهێڵرێتەوە هێشتا هەر پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆتوبەند و مەرجە نەرێنییەكان بسڕێتەوە: پێویستە بتوانرێت هەموو كەرەستەیەک هەناردە بكرێت و هاوردە بكرێت، بێجگە لە لیستێكی كورت لە خزمەتگوزاری و كەرەستە نەبێت كە بە ڕێوشوێنی بازرگانیی داڕێژراوە.

بەڵگە هەیە، بە شێوەیەكی سەرەكی لە باشووری كۆریا و بەرازیلەوە، كە بەدیلی هاوردە لە هەندێک حاڵەتدا سوودبەخشە (Dornbusch, 1992). بەڵام ئەم وڵاتانە چەند خاڵێكی ئەرێنییان هەبوو، كە یەكێكیان قەبارەیان بووە. "بەڵگەی گەورە هەیە لەسەر ئەوەی كە وڵاتانی بچووک بە دانانی كۆتوبەند و ئاستەنگی خۆپارێزیی، زیان دەكەن و دەپووكێنەوە" (Dornbusch, 1992, p. 80). هەرێمی كوردستان كە ژمارەی دانیشتوانەكەی 4 تا 5 ملیۆن كەسە، پێناچێت سوود لە كۆتوبەند و مەرجی گەورەی بازرگانیی وەربگرێت.

18 پێدەچێت زۆر لەو ئاژانس یان وەزارەتانەی ئێستا بەشێكن لە پرۆسەی پێدانی مۆڵەت مشتومڕی ئەوە بكەن كە پێویستە بەشێک بن لە پرۆسەی پێدانی مۆڵەت. هەروەها پێدەچێت مشتومڕەكانیان پەیوەندی نەبێت بە دروستكردنی هەلی كارەوە.

### دارایی

هەندێک بازاڕی دارایی هەیە کە بە خۆیان زۆر سوودبەخشن بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت و دروستکردنی هەلی کار، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم بازاڕە داراییانە وجودیان نییە. یەکێک لەو جۆرە بازاڕە داراییانە بریتییە لە هەموو جۆرەکانی بیمە (دڵنیایی، ضمان، insurance)، و بزنسی قەرزدان. سەبارەت بە بزنسی قەرزدان، بێجگە لەو بەرنامانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بۆ پێدانی قەرزی بچووک، ئەو سەرمایەیەی کە لەبەردەستە بڕێکی زۆر کەمە بۆ دەستمایە (سەرمایەی کار)، و بۆ کڕین و پەیداکردنی کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر، یان بۆ بەرفراوانکردنی پرۆژەیەکی بازرگانی بچووک و مامناوەندی. ئەمەش بەشێکی بە هۆی ژینگەی یاسایی بۆ دابینکردنی کەفالەت بۆ قەرزەکان، ئەو کەفالەتەی کە بانکەکان داوای دەکەن تا بتوانن پارە بە قەرز بدەن بە بزنس. بەڵام هەروەها دواکەوتیی کەرتی بانک بە خۆی گرفتێکی تریشە. پێناچێت بانکە حکومییەکان بتوانن لە ئاییندەیەکی نزیک یان مامناوەندییدا چالاک بن لە بواری قەرزدان بە بزنس، چونکە لە بنەڕەتەوە ئیفلاسیان کردووە و هەنگاوی کەم هاوێژراوە بۆ بووژاندنەوەی داراییان، یان بۆ ئەوەی لێشاو (سیولە)یان تێبخرێت. بۆیە، ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو بنێت بۆ پتەوکردنی سیستمی بانکی ئەهلی.

**بە مەبەستی بەرفراوانکردنی کەرتی دارایی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی دانانی ڕاستەوخۆی مووچەی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی بکات لەناو حسابی بانک لە بانکە ئەهلییەکان.** ئەمە دوو سوودی هەیە: یەکەم، دەبێتە مایەی زیاترکردنی تەمویلی تایبەت بە قەرز لە لای بانکەکان. دووەم، ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاشنا دەکات بە گشتیی بە بانک و بە تایبەتیش بە بانکی ئەهلی. وەک پێشتر لەم چاپتەرەدا ئاماژەمان پێکرد، لە هەرێمی کوردستان متمانە کەمە بە بانکەکان. بەکارهێنانی بانک بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەبێتە مایەی زیاترکردنی ئەم متمانەیە.

**پێویستە کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ ڕاکێشانی دەستگای نوێی دارایی، کار لەسەر ئەو قەرزدەرانە بکات کە جەخت دەخەنە سەر بزنسی مامناوەندی.** ئەگەرچی وا پێدەچێت بازاڕی مایکرۆلێندین (قەرزی بچووک) لە هەرێمی کوردستان زۆر چالاک بێت، بەڵام کەمووکوڕی و کەلێنێکی گرنگ و گەورەی دارایی هەیە بۆ تەمویلکردنی ئەو بزنسانەی بچووکن و دەیانەوێت قەبارەیان گەورەتر بکەن یان ئێستا مامناوەندیین و دەیانەوێت بەردەوام بن لە گەشەکردن.

### خزمەتگوزارییە گشتییەکان

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر کارەبا دابین دەکات وەک لە باقیی عێراق، هێشتا خزمەتگوزارییەکان ئاستەنگن لە پێش گەشەسەندنی بزنس و دروستکردنی هەلی کار. ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە بەرپرسیارن لە سیستمەکانی کارەبا و ئاو ئاماژەیان بەوە کرد کە بودجەی وەبەرهێنانیان بەرتەسکە و کۆتوبەندی لەسەرە. ئەگەر دڵنیایی نەبێت لە هەبوونی کارەبای بەردەوام ئەوسا بزنسەکان ناچار دەبن جێنرەیتەر بەکاربهێنن، ئەمەش زۆر گران دەکەوێت و کولفەی بزنس زیاد دەکات.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو بنێت بەرەو وەرگرتنەوەی زیاتری پارەی ئاو و کارەبا.** پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی جددی هەوڵ بدات بۆ خوێندنەوەی بڕی کارەبا و وەرگرتنی پارەی کارەبا بۆ داپۆشینی بەشێکی زیاتری ئەو پارەیەی لە کارەبا و ئاودا خەرجی دەکات. بەم شێوەیە وەزارەتە پەیوەنددارەکان پارەیەکی زیاتریان دەبێت بۆ چاکترکردنی سیستمەکە یان بۆ ئەوەی بیسپێرن بە کۆمپانیای شایستە.[19]

19 ڕەنگە هەندێک کەس مشتومڕی ئەوە بکات کە پێویستە کارەبا و ئاو بە خۆڕایی بن، بەڵام ناکرێت هەرگیز بە تەواوەتی بە خۆڕایی بن. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان "بە خۆڕایی" بیدات، ئەوسا لەسەر حسابی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکە دەبێت و ناتوانێت وەبەرهێنان بکات لە کارەبا و ئاو یان لە چالاکیی تردا. هیچ هۆیەک نییە زیان بە هەژاران بگەیەندرێت بەوەی تەواوی پارەکەیان لێ وەربگیرێت. دەتوانرێت ڕەسمێکی کەم دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی بەرایی، و دەتوانرێت داهاتەکەشی بخرێتە خزمەتی نەدارانەوە. تیۆری ئابووری پێشنیاری ئەوە دەکات لەبەرئەوەی تێکڕای کولفەی دابینکردنی کارەبا و ئاو لە دابەزیندایە، لە ڕووی ئابوورییەوە وا باشە تەواوی کولفەکەیان وەرنەگیرێتەوە. بەڵام وەرنەگرتنەوەی تەواوی کولفەکە واتە دەعمی پارەی دابینکردنی لە لایەن حکومەتەوە لەو پارەیەی کە دەتوانرێت بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە تەرخانکردنی بۆ پەروەردە یان تەندروستی، ڕەنگە ئەمەش وەک پێویست نەبێت. ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبێت ئەگەر لە بەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بڕە پارەیەک وەربگرێت کە زۆر زیاتر بێت لەوەی ئێستا وەریدەگرێت.

### دەستی کار

هەندێک گیروگرفت ڕووبەڕووی دەستی کار دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان. یاسای کار لە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لە ساڵانی 2010 و 2011 داڕێژرایەوە، بەڵام یاساکە هی سەردەمێکی ترە. یاسای خانەنشینیش ڕەنگە گونجاو نەبێت، بەڵام ئەمیش لە ئێستادا دادەڕێژرێتەوە. سەرەڕای ئەمانە، هەندێک میکانیزمی فەرمی هەن بۆ هاوتاکردنی ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن لەگەڵ هەلی کارەکان و ڕووبەڕوو کردنەوەیان لەگەڵ خاوەنکارەکان، وەک ئەو خزمەتگوزارییانەی کە خاوەنکارەکان هەلی کارەکان ڕادەگەیەنن، یان ئەو بەرنامانەی لە زانکۆکان ڕێک دەخرێن، کە تێیدا ئەوانەی خەڵک دادەمەزرێنن کۆبوونەوە لەگەڵ قوتابیان دەکەن.

**بۆ چاکسازیی لە یاسای کار، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاوێژ بکات لەسەر باشترین نموونە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕێی سوود وەرگرتن لە پسپۆڕی وڵاتانی OECD.** ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین یاسای کار پشت نەبەستێت بە یاسای کاری هیچ وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، چونکە ئابووریی ئەم ناوچەیە سەرکەوتووترین ئابووری نییە لە دروستکردنی هەلی کاردا.

**هاوکات پێشنیاری ئەوە دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای تایبەت دابنێت بۆ کرێکاری بیانی، لەوانە کرێکاری وڵاتانی عەرەبی و ناعەرەبی، ئەگەر دەستوری عێراق ڕێگە بەمە بدات.**[20] پێویستە ئامانجەکە بریتی بێت لە جەختکردنەوە لەوەی کرێکارانی بیانی کارێک دەکەن کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ناتوانن بیکەن، یان نایانەوێت بیکەن. یەکێک لە ڕێگەکان، بەڵام بێگومان وەنەبێت ئەمە تاکە ڕێگە بێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی کرێکار، کە لە چاپتەری هەشتی ئەم ڕاپۆرتە باسی کراوە، لێرەدا ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن شارەزاییەکانی خۆیان تۆمار دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە. کاتێک خاوەنکارێک دەخوازێت کرێکارێکی بیانی بەکاربخات، دەتوانێت شارەزاییەکانی ئەو کرێکارە بەراورد بکات لەگەڵ شارەزاییەکانی کرێکارانی ناو تۆماری کاردا بۆ ئەوەی بزانێت ئەو پۆستەی هەیە دەکرێت بە کرێکاری ناوخۆیی پڕبکرێتەوە یان نا. پێویستە هەر بەند و خاڵێک پەیوەندی بە کرێکاری بیانییەوە بێت، بە هەمان شێوەی یاسا نوێیەکەی کار، تەبا بێت لەگەڵ باشترین نموونە جیهانییەکان، نەوەک هی ناوچەکە. سەرەڕای ئەمە، هەروەها پێویستە هەندێک میکانیزم هەبێت بۆ تێهەڵچوونەوە (تەمیز) لە لایەن ئەو خاوەنکارانەی کە داواکارییەکانیان بۆ دامەزراندنی کرێکاری بیانی ڕەت دەکرێتەوە، چونکە وەنەبێت بتوانرێت هەموو شارەزاییەکی پەیوەندیدار بە نووسین ڕێک بخرێت.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ خانەنشینی بسەپێنێت بەسەر کرێکار و کۆمپانیاکاندا.** ئەم هەنگاوە لە ماوەی کورتخایەنییدا دەبێتە مایەی زیاترکردنی متمانەی ئەو کرێکارانەی لە کاری تایبەت خانەنشین دەبن. **ئێمە هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژە بدات بە هەوڵەکانی بۆ چاکسازیی لە خانەنشینییدا بۆ ئەوەی سیستمێکی خانەنشینی دابڕێژرێت کە ببێتە مایەی ئەوەی کەرتی تایبەت زیاتر کرێکار ڕابکێشێت.** لێدوانەکانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پابەندێتی دەردەخات بەوەی سوودەکانی کەرتی تایبەت زیاتر هاوشێوە بکات لەگەڵ ئەوانەی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی، ئاماژەی بەوە کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان "بەرپرسیارێتی 30 لە سەتی کولفەی تەمویلی خانەنشینی لە ئەستۆ دەگرێت بۆ هاوکاریی ئەوانەی لە کەرتی تایبەتن" (Doosky, 2011).

بەڵام، پێویستە وریای دوو خاڵ بین. یەکەم، ڕەنگە ئەمە کاریگەرێکی گەورەی نەبێت لەسەر بڕیاری هەڵبژاردنی شوێنی کار لە لایەن ئەو کەسانەی دەچنە بازاڕی دەستی کارەوە (Kleinman and Hansen, 2005). ئەگەرچی کرێکارە کۆنەکان نیگەرانن لە خانەنشینی، بەڵگەی جۆراوجۆر هەیە لەسەر نیگەرانیی کرێکارانی نوێی گەنجیش لە خانەنشینی. دووەم، ئەم سیاسەتە چاکسازییانە کولفەی بزنسی کرێکاران زیاتر دەکەن، بەم شێوەیەش لە ڕاستییدا لە کورتخایەنییدا دەبنە مایەی کەمبوونەوەی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت.

### یەکلاکردنەوە و دادپرسیکردنی ناکۆکی و پاراستنی داهاتی چالاکییەکانی ئانترەپرێنۆر

یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر وەبەرهێنەری ڕاکێشاوە. ڕەوشی باشی تەناهییش ڕۆڵی خۆی هەبووە. لە ژینگەیەکی کراوەی وەبەرهێناندا کە تێیدا وەبەرهێنەری بیانی دەتوانێت بە شێوەیەکی چالاک بە شوێن دەرفەتی بزنسدا بگەڕێت، بێگومان ناکۆکی هەر سەر هەڵدەدات لە نێوان وەبەرهێنەرانی بیانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بەشێک نییە لە هیچ میکانیزمێکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە دادپرسیی ناکۆکی. ئەگەرچی زەحمەتە بتوانێت بە بێ عێراق بچێتە پاڵ هیچ میکانیزمێکی لەو جۆرە، بەڵام دەکرێت ڕێوشوێنی تر پیادە بکرێت.

---

[20] یاسای کاری عێراق ژ. 71 ی ساڵی 1987 (Government of Iraq, 1987a)، جیاوازیی کردووە لە نێوان کرێکارانی بیانیی ئەوانەی هی وڵاتانی عەرەبین، لەگەڵ ئەو کرێکارە بیانییانەی هی وڵاتانی ناعەرەبیین.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێن بدۆزێتەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لەگەڵ وەبەرهێنەران لە کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتییدا.**[21] ئەگەرچی دادگا ناوخۆییەکان ئێجگار باش بن، هەمیشە بێ متمانەیی هەیە لە نێوان وەبەرهێنەرانی بیانی و دەسەڵاتی ناوخۆیی. ناکۆکی چارەسەرنەکراو ڕەنگە ببێتە مایەی ئەنجامدانی کاری فەرمی لە لایەن حکومەتە بیانییەکانەوە، و هەروەها قسە و قسەڵۆک لە بازاڕی کار بڵاو دەکاتەوە، ئەمانەش دەبنە مایەی کپکردنی وەبەرهێنان. ڕەزامەندی لەسەر میکانیزمێکی نێودەوڵەتیی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی دەبێتە مایەی بنیاتنانی متمانە لەلای وەبەرهێنەران و هەر گۆشەنیگایەکی بێ بناغە هەبێت، دەیسڕێتەوە.

**لە درێژخایەنییدا، پێویستە میکانیزمە ناوخۆییەکانی دادپرسیکردنی ناکۆیی، وەک دادگاکان، پتەو بکرێن بۆ ئەوەی ناکۆکی سەرجەم بزنسەکان بە دادپەروەرانە یەکلا بکرێنەوە، ئنجا ناکۆکییەکە لەگەڵ حکومەت بێت یان لەگەڵ بزنسی تر.**

### سیاسەتی چالاک بۆ پشتگیری لە کەرتی تایبەت

ئەگەرچی زۆربەی تیۆرەکانی ئابووری و هەندێک ئەزموون و دەرەنجامی عەمەلی پشتگیری لەوە دەکەن حکومەت کەمترین ڕۆڵی هەبێت لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، بەڵام بێگومان وەنەبێت هەمووان لەسەر ئاستی جیهان کۆک بن لەسەر ئەم هەڵوێستە. ڕاستییەکەی، بەرپرسانی هەندێک ئابووریی زێدە سەرکەوتوو، وەک باشووری کۆریا و مالیزیا، مشتومڕی ئەوە دەکەن کە دەستپێشخەرییەکانی حکومەت زۆر گرنگ بووە. لەبەرئەوەی کە ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت هەندێک سیاسەتی چالاک پیادە بکات، ئێمە لیستێک لەو رێکارانە پێشکەش دەکەین کە یارمەتی بدەن لە پتەوکردنی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت.

**پێویستە ئامانجی حەوافزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان بریتی بێت لە دامەزراندن و مەشقکردن بە دەستی کاری ناوخۆ، دروستکردنی شەراکەت لەگەڵ بزنسی ناوخۆیی و مەشقکردن بە بزنسی ناوخۆیی، و ڕاکێشانی پیشەسازیی ئەوتۆ کە خزمەتی بازاڕەکانی ناوچەکە و جیهان بکات.**

- **دەستی کاری ناوخۆ.** وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی ئەوەیان پیشانداوە کە حەز دەکەن دەستی کاری بیانی دابمەزرێنن. سەرەڕای سەپاندنی ئەو یاسایانەی کە کێ بۆی هەیە لە هەرێمی کوردستان کار بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت زیاتریش تەرازووەکە بشکێنێتەوە بە لای دەستی کاری ناوخۆییدا، ئەمەش لە ڕێی حەوافز بۆ ئەو کۆمپانیایانەی دەستی کاری ناوخۆ دادەمەزرێنن و مەشقیان پێ دەکەن. ئەم حەوافزانە ڕەنگە بریتی بن لە کەمکردنەوەی باج، کە ئەمەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی کولفەی دەستی کار بۆ کۆمپانیاکە، یان بەخشش (منحە) بۆ مەشق، کە ئەمەش توانای کرێکارە ئامانجگیراوەکان زیاتر دەکات. وەک هەر معاملەیەکی تری حکومی، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ڕێککەوتنی لەم جۆرە بە ئاشکرا بڵاوبکرێتەوە و بە شێوەیەکی شەفاف ئەنجام بدرێت. مەرجەکە هێندە بەسە کە کۆمپانیاکان لە سنووری مافی یاسایی خۆیاندا کار بکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوە نیین مەرج دابنرێت کە دەبێت کۆمپانیاکان دەستی کاری ناوخۆ بەکاربهێنن. سەپاندنی مەرجی توند و سەخت ڕەنگە کولفەکەی گران بکەوێت و ڕەنگە هەندێک وەبەرهێنەر ناچار ببن هەرێمی کوردستان بەجێ بهێڵن. پێویستە بەرنامەی لەو جۆرە بە وریاییەوە دابڕێژرێت و پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە: (1) ئەو کرێکارانەی دادەمەزرێن و مەشقیان پێدەکرێت دانیشتووی هەرێمی کوردستان بن، و (2) ئەو کۆمپانیایانەی حەوافزەکەیان پێدەدرێت ئەو کۆمپانیایانەن کە بە ڕاستی دەستی کاری ناوخۆییان بەکارهێناوە نەوەک دەربکرێن و ئنجا لە جێیان کرێکاری بیانی بەکاربهێنن. جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی نادروست دەبێتە مایەی خەرجکردنی پارەی حکومەت بە بێ ئەوەی دامەزراندن زیاتر بکات.
- **شەراکەت.** یەکێک لە سوودەکانی وەبەرهێنانی بیانی بریتییە لەوەی ئەم بزنسانە دەتوانن تەکنەلۆجیا و تەکنیک و شارەزایی بەڕێوەبردن و زانیاری نوێ بهێننە ناو ئابووریی ناوخۆیی. ڕەنگە حەوافزەکان ببنە مایەی خێراترکردنی ئەم پرۆسەیە لە ڕێی سوودمەندێتی لە بەرامبەر بەکارهێنانی دابینکار (مزود)ی ناوخۆیی یان هاوکاری بۆ دامەزراندنی دابینکاری لەم جۆرە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین مەرج دابنرێت کە دەبێت دابینکاری ناوخۆیی بەکاربهێنرێت، چونکە ئەمە ڕەنگە ببێتە مایەی دابەزینی کارایی وەبەرهێنانەکە و

---

[21] هەندێک لە کۆڕبەند و رێککەوتننامە بنەما نێودەوڵەتییەکان بریتیین لە (بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی وەبەرهێنان، ICSID)، بەشێک لە (گروپی بانکی جیهانی)، و (ڕێککەوتننامەی یەکلاکردنەوە و سەپاندنی بڕیاریی دادپرسیی بیانی) کە هەروەها پێی دەگوترێت (پەیماننامەی نیویۆرک). تا کۆتایی 2010 عێراق ئەندام نەبووە لە ICSID یان لە پەیماننامەی نیویۆرک. لەبەرئەوەی ئەم رێککەوتننامانە لە نێوان دەوڵەتان ئیمزا دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئیمزایان بکات و ببێت بە بەشێک لێیان. بۆیە، پێویستە بە شوێن بەدیلی تردا بگەڕێت، کە میکانیزمێکی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی و جێی متمانە بێت.

تەندروستیی درێژخایەنی بزنسەکە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکەین کە ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ هانی پەیوەندییەکانی نێوان وەبەرهێنەری بیانی-دابینکار بدەن.

- **ئەو پیشەسازییانەی خزمەتی بازاڕەکانی ناوچەکە و جیهانی دەکەن.** پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکییەکانی وەبەرهێنان بە لای ئەو بزنسەدا بشکێنێتەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە خزمەتی بازاڕەکانی هەموو عێراق، ناوچەکە، و جیهان بکات. خزمەتکردنی ئەو بازاڕانە دەرفەتی زیاتری بەرفراوانبوون دەرەخسێنێت. ئەمە بە تایبەتی بۆ کشتوکاڵ ڕاستە کە کەرتێکی پێشینەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**پێویستە حکومەتی هەرێم ئاستەنگەکانی پێش زانیاری بسڕێتەوە لە ڕێی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی بزنس و ئابووری، و بڵاوکردنەوەیان و دابینکردنیان بە خۆڕایی.** بزنسی ئەهلی لە هەرێمی کوردستانی عێراق زانیاریی لەسەر بازاڕ نییە. حکومەت دەتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات لە ڕێی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی پێویست لەسەر ئابووریی، دامەزراندنی وێبسایتی گشتیی بۆ زانیاریی، و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا. هەروەها دەتوانێت لە ڕێی یاساوە جەخت لەوە بکاتەوە کە بزنسەکان ئازادن لە کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی خۆیان لەسەر کاروباری بازاڕ. لێکۆڵینەوەیەکی تری ڕەند بە تێروتەسەلی تیشکی خستۆتە سەر ئەم بابەتە (Berry et al., 2011).

**حکومەت دەتوانێت لە ڕێی دامەزراندنی زۆنی ئابوری تایبەتەوە چاکسازیی یاسایی و ڕێساکان تاقی بکاتەوە.** وڵاتانی سەرتاسەری جیهان سوودیان بینیوە لە دامەزراندنی زۆنی تایبەت کە بە شێوەیەکی گشتیی ژێرخانێکی باشتر دابین دەکات بۆ ئابووری، پرۆسەیەکی ڕێکوپێکتری وەرگرتنی مۆڵەت، حەوافزی زیاتر، و ژینگەیەکی یاسایی گونجاوتر بۆ بزنس. یەکێک لە هەرە نموونە بەناوبانگەکان بریتییە لە زۆنی کەنار دەریا لە چین، بەرنامەی maquiladora لە مەکسیک، و بەندەری ئازادی Mauritius. ئەگەر ئەم یاسا و ڕێسایانە دەبنە مایەی دروستکردنی هەلی کاری زۆر، پرسیارێکی ڕەوا سەرهەڵدەدات کە بۆچی بەسەر هەموو بوارەکانی ئابووریدا پیادە ناکرێت، وەک ئێرلەندا، کە 10٪ لە سەت باجی هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازی. بەڵام، دانانی زۆنی تایبەت بوار بۆ سیاسەتمەداران دەرەخسێنێت باشتر فێر ببن و ئەزموون بکەن کە کام سیاسەت کاریگەری زیاترە لەسەر دروستکردنی هەلی کار. دانانی ئەو جۆرە زۆنانە هەروەها بوار بۆ چاکسازیی یاسایی ئەوتۆ دەرەخسێنێت کە ناتوانرێت بەسەر سەرجەم بوارەکانی ئابووریدا جێبەجێ بکرێت لەبەر بەرپەرچدانەوەی گروپەکانی خاوەن-بەرژەوەندیی. وەک هەر سیاسەتێکی تر، پێویستە ڕێسا و حەوافزەکان شەفاف بن و ئاشکرا بکرێن.

#### چاکسازیی لە بواری یاسا

سەرەڕای ئەو هەموو بەرەوپێشچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە 2003ەوە بە خۆیەوە بینیویە، هێشتا ژینگەیەکی یاسایی ئاڵۆزی هەیە دوور لەو یاسایانەی کە ئابووریی بازاڕ پێویستی پێیەتی. پێشتر باسی هەندێک لەم خاڵانەمان کرد، سەبارەت بە یاساکانی زەوی و دەستی کار. ئەو یاسایانەی تریش کە پێویستیان بە چاکسازیە سیاسەتی کێبڕکێ، پاراستنی بەکاربەر هەروەها یاسای کۆمپانیاکان دەگرێتەوە. ئەنجامدانی ئەم چاکسازییە چالاکییەکی درێژخایەن دەبێت، چالاکییەک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کاری لەسەر دەکات.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەکی هاوچەرخی کێبڕکێیە، کە هەروەها پێی دەگوترێت یاسای دژە-پاوانخوازی (ئەنتی مۆنۆپۆلی).** بە هەبوونی حەوافز بۆ وەبەرهێنەران، و بە (بە تایبەتی کردن)ی کۆمپانیاکانی حکومەت یان گرێبەستی درێژخایەن بۆیان، فشارێکی گەورە لە ئارادا دەبێت بۆ بەرژەوەندیی هەندێک کۆمپانیا کە پێگەیەکی باڵزاڵیان هەیە لە بازاڕدا. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەوەی هەلی کاری باش دروست بکرێت بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵک، نەوەک قازانج تەنها قۆرخ بکرێت بۆ ژمارەیەکی کەم، بەردی بناغە ئەوە دەبێت کە بزنسەکان بتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتری.[22] ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین پەلە بکرێت لە چاکسازیی لە یاسای کێبڕکێ، و میکانیزم دابنرێت بۆ پیادەکردن و سەپاندنی، لەناویدا دادگای تایبەتمەند بە سیاسەتی کێبڕکێ. هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە یاسای کێبڕکێ پشت بە یاسای کێبڕکێی ئابوورییە گەشەسەندووەکان ببەستێت.

---

[22] بۆ نموونە، (Porter and Sakakibara (2004)) و (Porter, Takeuchi, and Sakakibara. (2000)) ئاماژە بەوە دەکەن کە پیشەسازییە هەرە کێبڕکێکارە نێودەوڵەتییەکانی ژاپان بریتی بوون لەو پیشەسازییانەی لەناو ژاپان ڕووبەڕووی زۆرترین کێبڕکێ بوونەوە. بە هەمان شێوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لەسەر چەند پیشەسازییەکی ١٣ وڵات، لیویس (2004a and 2004b) دەنووسێت: "پەرەسەندنی ئابووری پشت بە زیاترکردنی بەرهەمهێنان دەبەستێت، کە ئەمیش پشت بە کێبڕکێیەکی دروست دەبەستێت (Lewis, 2004b, p. 103).

ئەم ڕاسپاردانە رێنمایی هەمەلایەنن بۆ بووژاندنەوەی گەشەی کەرتی تایبەت و دروستکردنی هەلی کار. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانیت هەندێکیان لە ماوەیەکی کورتخایەندا جیبەجێ بکات، وەک لابردنی مەرجی مۆڵەت بۆ هەناردە و هاوردە یان ڕێوشوێنی لێپێچینەوەکاری لەسەر دامەزراندنی بزنسی نوێ، بەلام ئەوانەی تر کاتێکی زۆریان دەوێت وەک چاکترکردنی سیستمەکانی پەروەردە و فێرکردن. بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێچکەکە بەردەوام بێت، **پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیژی دابڕێژێت و پیادە بکات** کە بریتی بێت لە : نەخشەرێگایەک بۆ تەبەننی کردنی سیاسەتەکە، کاتبەندیی پێشبینیکراو، ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، و ئەو سەرچاوانە لە کوێوە پەیدا دەکرێن. شیکردنەوەی ئەوەی کە کام سەرچاوە پێویستن و لە کوێوە پەیدا دەکرێن دەتوانێت پلانەکە لە واقعدا سەربخات و ئەگەری جێبەجێکردنی زیاتر بکات.

# پتەوکردنی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: (سپاردن) و (بەتایبەتی کردن)ی ئەرک و کارەکانی حکومەت

وەک لە چاپتەری پێشوودا باسمان کرد، یەکێک لە شێوازەکانی چاکترکردنی دامەزراندن لای (کەرتی تایبەت) بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو کەرتانەی بارودۆخیان لەبارە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، و دابینکردنی ژینگەیەکی بە پیت کە تێیدا بزنسی نوێ پێکبێت و بزنسی بیانی بتوانێت پەل بکێشێت بەرەو هەرێم. شێوازێکی تر بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت بریتییە لە سپاردن (outsourcing) و بە تایبەتی کردن (privatization)ی هەندێک ئەرک کە ئێستا حکومەت بە خۆی جێبەجێیان دەکات. لە کاتێکدا هەندێک ئەرک و کار هەیە بە شێوەیەکی ئاسایی و لە بنەڕەتەوە حکومەت جێبەجێی دەکات، هەندێکی تریان هەیە (کەرتی تایبەت) دەتوانێت جێبەجێیان بکات بە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازش بکات لە خزمەتکردنی هاوڵاتیەکانی. سەرەڕای ئەمانەش، ئەزموونی وڵاتانی تر ئەوەی دەرخستووە کە زۆر جار کەرتی تایبەت دەتوانێت بە شێوەیەکی کاراتر ئەم ئەرک و کارانە جێبەجێ بکات. سپاردنی هەندێک ئەرکی حکومەت بە کەرتی تایبەت بریتییە لە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت.

ئەم چاپتەرە بریتییە لە پێداچوونەوەیەکی پوختی ئەدەبیاتی سپاردن یان بە تایبەتی کردن. ئێمە سەیری شێوازی جۆراوجۆری وڵاتانی جیا جیا دەکەین، لەگەڵ دەرەنجامە گشتییەکانی ئەدەبییاتەکانی ئابووری و بزنس لە بواری کاریگەرەکان و سەرەنجامەکانیش. پاشان پوختەی هەندێک ڕێوشوێنی گرنگ پێشکەش بە حکومەت دەکەین بۆ هاوکارییان لە بواری سپاردن و بە تایبەتی کردن. دواجار، تاوتویی دەرفەتەکانی بە تایبەتی کردن و سپاردنی ئەو خزمەتانە دەکەین کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆی دابینیان دەکات.

## (سپاردن) و (بەتایبەتی کردن)

ئەگەرچی سپاردن و بە تایبەتی کردن هاوشێوەن، هەندێک جیاوازیی بنچینەییشیان هەیە.[1] سپاردنی ئەرکەکانی حکومەت بریتییە لەوەی حکومەت بەشداریی بە قەوارەیەکی ناحکومی (قازانج-ویست یان قازانج-نەویست) دەکات بۆ دابینکردنی هەندێک خزمەتگوزاری یان جێبەجێکردنی هەندێک ئەرک کە وا باوە حکومەت بە خۆی ئەنجامیان بدات واباوە (سپاردن) بریتی بێت لە ئیمزاکردنی گرێبەستێک لە لایەن حکومەتەوە لەگەڵ دابینکار (مزود، provider)ێکی دەرەکی بە مەبەستی دابینکردنی هەندێک خزمەتگوزاریی.

بە گشتیی حکومەت ئەو ئەرکانە دەسپێرێت بە قەوارەیەکی ناحکومی بۆ پشتگیری لە ڕاسپێرییەک و لە ئەرکێکی جەوهەریی، وەک هەندێک ئەرکی دیاریکراوی کارگێڕی، خزمەتگوزاری، تەکنەلۆجیای زانیاری، و هەندێک ئەرکی سەرچاوە مرۆییەکان، هاوکات درێژەدان بە ئەنجامدانی ئەرکە سەرەکییەکان یان بەرپرسیارێتییە جەوهەرییەکان. هەندێک ئەرکی تر کە حکومەتەکان ڕەنگە بیسپێرن بە قەوارەی دەرەکی بریتین لەو کارانەی پێویستیان بە شارەزایی و کارزانیی تایبەتییە کە حکومەت بە خۆی نییەتی یان ناتوانێت گەشەی پێبدات.

بە تایبەتی کردن ڕەنگە بە شێوەیەکی جزئی یان بە تەواوەتی بێت، و بەشێکی گرنگی چاکسازییەکانی حکومەت و داڕشتنەوەی پەیکەربەندی (سترەکچەر، هەیکەلییەت)ی حکومەت بووە لە سەرتاسەری

[1] زۆربەی جار لە ئەدەبییاتەکاندا (سپاردن) بە جۆرێک لە جۆرەکانی (بە تایبەتی کردن) دادەنرێت (بۆ نموونە بڕوانە Brudney et al., 2005).

جیهاندا، بە تایبەتی لە ئەمریکای لاتین، ئەوروپای خۆرهەلات، و ولآتانی یەکێتی سۆڤێتی جاران، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا حکومییەکان خرانە ژێر بە تایبەتی کردن دوای پێشهاتە گەورە سیاسی و ئابوورییەکان. بە تایبەتی کردن تەواو بریتییە لە فرۆشتنی کۆمپانیای حکومی بە کەرتی تایبەت، لە بە تایبەتی کردنی جزئییدا، حکومەت هەندێک کۆنترۆڵ بەدەستی خۆیەوە دەهێڵێتەوە.

## بایەخی سپاردن یان بەتایبەتی کردن چییە؟

لایەنگرانی (سپاردن) یان (بە تایبەتی کردن) مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە (کەرتی تایبەت) دەتوانێت زۆر ئەرک و کار بە شێوەیەکی کاراتر و بە کولفەیەکی کەمتر ئەنجام بدات بە بەراورد لەگەڵ حکومەت. ڕاڤەکە ئەوەیە بەرێوەبەرەکانی حکومەت دووچاری ئەو شتە دەبن کە پێی دەگوترێت کۆتوبەندە"نەرم"ەکانی بودجە، لە کاتی کورتهێنانی بودجەدا وا باوە پەنا بۆ حکومەتی مەرکەزیی ببەن. بۆیە زاراوەی کۆتوبەندی نەرمی بودجە بەکاردەهێنن چونکە ئەگەرچی بودجە دراوە بە بەرێوەبەرەکە، بەڵام ئەگەر بیەوێت زیاتر خەرج بکات، یان ئەگەر زیاتری خەرج کرد، ئەوسا حکومەت دێتە پێشەوە بۆ جەختکردنەوە لەوەی پارەی هەموو پسووڵەکان بدرێت. کاریگەرەکە ئەوەیە کە دەکرێت خەرجیەکان زیاد بکەن بەبێ هەبوونی چاودێریەکی ئەوتۆ. لە لایەکی ترەوە، کەرتی تایبەت لەژێر هەلومەرجێکدا کار دەکات کە پێی دەگوترێت کۆتوبەندی"توند"ی بودجە، و بەرێوەبەرەکان ناتوانن پشت بە حکومەت ببەستن، یان تەنانەت تەمویلکارێکی ئەهلی، تا پارەی خەرجییە زیادەکانیان بۆ بدات ئەگەر بودجەکە کورتی هێنا.[2] بۆیە، بەرێوەبەرێک کە لەژێر کۆتوبەندی توندی بودجەدا بێت هاندەری زیاتری هەیە هۆشیاری کولفە و کارایی بێت وەک لە یەکێک کە لەژێر کۆتوبەندی نەرمی بودجەدایە (Auriol and Picard, 2009; Chong and Lopez-de-Silanes, 2004; Sheshinski and Lopez-Calva, 2003). بەڵام بینیومانە لە هەندێک حاڵەتی گرێبەست لەگەڵ حکومەتدا، بەڵێندەرەکە لەژێر هیچ کۆتوبەندێکی توندی بودجە نەبووە، و ڕەنگە ئەمەش لە سوودەکانی سپاردن کەم بکاتەوە.[3]

لایەنگرانی (سپاردن) بە تایبەتی مشتومڕی ئەوە دەکەن کە (کەرتی تایبەت) دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر هەندێک خزمەتگوزاری دابین بکات بە بەراورد لەگەڵ حکومەت و ئەنجامەکەش بریتی دەبێت لە حکومەتێکی نەمرتر و زۆر کاراتر.[4] ئەمەش لە لای خۆیەوە باری سەر شانی باجدەر (دافعی الضرائب) کەم دەکاتەوە. بواردان بە (کەرتی تایبەت) کە هەندێک ئەرک و کار جێبەجێ بکات یان هەندێک خزمەتگوزای دابین بکات بوار بۆ حکومەت دەڕەخسێنێت بە گوێرەی پێویستییەکانی بەکاربەرەکە خزمەتگوزارییەکان ڕێک بخات و تەبەننی بکات، چونکە پێویست ناکات توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ گەیاندنی هەندێک خزمەتگوزاری، بەڵام دەتوانێت ئەو خزمەتگوزارییانە لە کەرتی تایبەت بکرێت (Levac and Wooldridge, 1997).

چەند مشتومڕێک لە دژی (سپاردن) هەیە. یەکێکیان لەبەر ئەگەری هەڵسوکەوتی هەلپەرستانەی بەڵێندەر—واتە، بە نیازێکی خراپەوە بڕیار بدرێت بە شێوەیەک دەستکاری گرێبەستەکە بکرێت کە لە قازانجی بەڵێندرەکە بێت. بۆ نموونە، ئەگەر شتێکی پێشبینی نەکراو ڕووبدات و وا پێویست بێت حکومەت گۆڕانکاری بکات لە گرێبەستەکە، ڕەنگە بەڵێندەرەکە هەوڵ بدات هەندێک مەرج و بەند بگۆڕدرێت یان پێش ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەستکاری گرێبەستەکە بدات داوا بکات قازانجەکەی زیاتر بکرێت، ئەم

---

[2] ئەگەر دانەوەی پارەی زیاتر لەوەی بودجەکە ڕوویدا، هەندێک پاشخانی نەرێنییش دێتە ئاراوە، بۆ نموونەوە وەک ئەوەی حکومەت دەستی بەسەردا بگرێت.

[3] یەکێک لەو ڕەوشانە لەو گرێبەستانەدا ڕوودەدات کە پشت دەبەستن بە کولفەکانی بەڵێندەرەکە و پەراوێزێکی دیاریکراوی قازانج. لەم حاڵەتەدا، بەڵێندەرەکە هیچ هاندەرێکی نابێت کولفەکان کەم بکاتەوە—و ڕەنگە حەوافزی هەبێت زیاتریان بکات. حاڵەتێکی تر کاتێک ڕوودەدات کە نەتوانرێت بەدیل بۆ بەڵێندەرەکە دابنرێت، ڕەنگە لەبەر شارەزایی و کارزانیی پێویست یان لەبەر شێوازەکان، پاشان بەڵێندەرەکە دێتەوە بۆ لای حکومەت و داوا دەکات و مشتومڕ دەکات کە دەبێت بەهای گرێبەستەکەی زیاتر بکرێت.

[4] هەندێک لە ئەرگیومێنتەکانی لاگیری (سپاردن) بریتین لە: (1) بزنسی ئەهلی—تایبەت- کێبڕکێیەکی ئەوتۆی تێدایە کە دەبێتە مایەی داهێنان و گەشەسەندنی تەکنەلۆجی بە شێوەیەکی خێراتر لەوەی حکومەت، (2) لە بزنسی تایبەتدا بە شێوەیەکی گشتیی ڕێساکانی کار و سیاسەتی دامەزراندنی خۆگونجێنتره (مرونەتی زیاترە)، بواریان دەدات بتوانن بەرسفی گۆڕانی پێداویستییەکان بدەنەوە و کاراتریشن لەوانەی حکومەت، (3) بە گشتیی بزنسی تایبەت ڕێوشوێنەکانی سادە و سانان بۆ سەرچاوەکان، و بەم شێوەیەش کولفەی زۆر دەگەڕێننەوە، و (4) بزنسی تایبەت وا باوە توندتر خۆی دەبەستێتەوە بە بودجەکەوە وەک لە قەوارە حکومییەکان.

دیاردەیە پێی دەگوترێت (کۆسپاندن، دانانی کۆسپ، Jensen and Stonecash, 2004) (hold-up).[5] بە گشتیی، دانوستان لەسەر گرێبەست، دانوستان لەسەر گۆڕانکاری بۆ وەڵامدانەوەی پێشهاتی نوێ، بۆ چاودێری، و بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی، کولفەی خۆی هەیە. (Vining and Globerman, 1999).

بە ڕەچاوکردنی ئەو ئارگیۆمێنتانەی (سپاردن) بە پەسەند دادەنێن و ئەوانەی بە پەسەندی دانانێن، ئەدەبیاتەکە باسی سێ فاکتەری سەرەکی دەکات کە پێویستە حکومەت بە هەندی وەربگرێت کاتێک بریار لەسەر سپاردن یان بە تایبەتی کردن دەدات (Avery, 2000; Ferris and Graddy, 1986; GAO, 1998). یەکەم، بە گشتیی حکومەتەکان ئەو ئەرکانە ناسپێرن یان بە تایبەتی کردن ناکەن کە ئێجگار پڕبایەخن (شلۆقن) بۆ کارکردنی کارایی دەوڵەتەکەیان، بەم ئەرکانە دەگوترێت "ئەو ئەرکانەی بە شێوەیەکی بۆماوەیی ئەرکی دەولەتن". هەندێک ئەرک و خزمەتگوزاریی هەیە کە حکومەت بە خۆی بە باشترین شێوە پێشکەشی دەکات. ئەمانە بریتین لە بەرگری، پەروەردە، و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەندروستی. ئەو حکومەتانەی ئەم خزمەتگوزاری و کەرەستانە دابین دەکەن، ڕەنگە هەندێک ئەرکی دیاریکراو بە سپاردن بدەن بە قەوارەی ناحکومی، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی هەر بۆ خۆیان دەهێڵنەوە وەک لایەنی دابینکار (مزود، provider)ی سەرەکیی. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر ئەرکی سەرەکیی کۆمپانیایەکی حکومی بریتی بێت لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە کەرتی تایبەت دەتوانێت بە شێوەیەکی کارا پێشکەشی بکات، ئەوسا تەواوی کۆمپانیاکە بە پاڵێوراو دادەنرێت بۆ ئەگەری بە تایبەتی کردن (Grossi and Mussari, 2008).

دووەم، حکومەت ڕەچاوی سەقامگیری، متمانە، و توانای کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەکات. بە تایبەتی کردنی تەواوی خزمەتگوزارییەک مانای ئەوەیە چیتر حکومەت بە خۆی ئەو خزمەتگوزارییە دابین ناکات، ئەگەر کەرتی تایبەت بە تەواوەتی سەقامگیر نەبێت یان وەک پێویست گەشەی نەکردبێت، ڕەنگە شێوازێکی تر بگیرێتە بەر کە لەسەرخۆ بێت نەوەک بە تەواوەتی بە یەکجار بکرێت. بۆ نموونە، حکومەت دەتوانێت لەگەڵ ورده ورده گەشەسەندنی کەرتی تایبەتدا هەندێک ئەرک و کار بسپێرێت، کاتێکیش کەرتی تایبەت بە تەواوەتی بوو بە خاوەن توانای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە، ئەوسا حکومەت ئەرکەکە بە تەواوەتی بە تایبەتی کردن دەکات.

دواجار، حکومەت بە وردی سەیری سترەکچەری بازاڕی کەرتی تایبەت دەکات بۆ ئەو ئەرکەی کە دەیسپێرێت یان بە تایبەتی کردنی دەکات. هەندێک جۆری بازاڕ، بۆ نموونە "پاوانی سروشتی، natural monopolies" پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ جەختکردنەوە لەوەی کۆمپانیاکانی ئەم بازاڕانە قازانجی ناڕەوا وەرناگرن. بازاڕێک بە (مۆنۆپۆلیی سروشتیی) دادەنرێت ئەگەر کولفەی سترەکچەری ئەو پیشەسازییە هێندە گەورە بێت کە تەنها یەک مۆنۆپۆلیست بتوانێت لای کەمی کولفەی مەعقولی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە بهێنێتە دی.[6] ئەگەر بە تایبەتی کردنی تەواوی ئەرکێک ببێتە مایەی دروستکردنی ئەم جۆرە سترەکچەری بازاڕ، ئەوسا بە بێ هەبوونی یاسا و ڕێسای پێویست ناتوانێت کولفە وەک پێویست کەم بکاتەوە یان کواڵیتییەکی خزمەتگوزارییەکە لە ئاستێکی بەرزدا بێت. ڕەنگە ئەگەر کاروباری (مۆنۆپۆلیستی سروشتی) بە یاسا و ڕێساش ڕێک نەخرێت هێشتا بتوانێت نرخەکان بە نزمی ڕابگرێت بە شێوەیەک کە سەرجەم کێبڕکێکارەکانی تر بکاتە دەرەوە، بەڵام لە بواری کۆمەڵایەتییدا مەعقول نابێت. لەلایەکی ترەوە، دەکرێت کێبڕکێ لەسەر هەندێک ئەرکی تر بکرێت لە کەرتی تایبەت کە پێویست بە ڕێسای زۆر زیاتر نەکات.

## مێژووی نوێ و سپاردن و بەتایبەتی کردن

لە سەرەتای ساڵانی 1980sەوە، (سپاردن) و (بە تایبەتی کردن) وەک ڕێگەچارەیەک بە گوێرەی پێویستیی بازاڕ تەشەنەیان سەند و باڵیان کێشا بەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە لایەن حکومەتەکانەوە. دەتوانین لە نموونەی کارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەیری ئەزموونی سپاردن بکەین کە

---

5 (Jensen and Stonecash (2004)) ئاماژە بەوە دەکەن کە حاڵەتە ڕاستەقینەکانی کۆسپاندن بە زەحمەت بە شێوەی ئەزموونگەرایی دەستنیشان دەکرێن، لەبەرئەوەی ناتوانرێت بە ئەزموونگەرایی دەستنیشانی نیازەکان بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، هیچ ڕێگەچارەیەکی نموونەیی نییە بۆ گرفتەکانی ئەم حاڵەتی کۆسپاندنە.

6 لەگەڵ گۆرانی تەکنەلۆجییدا ئەو پیشەسازییانەش گۆڕان کە بە (مۆنۆپۆلی سروشتی) دادەنران. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ساڵانی 1970 خزمەتگوزاریی تەلەفۆن بۆ دەرەوەی وڵات بە مۆنۆپۆلیی سروشتیی دادەنرا. بەڵام، گۆرانی تەکنەلۆجیا بۆتە مایەی ئەوەی بازاڕی دوور ئێجگار کێبڕکێی تێدا دەبێت، و ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا نرخی کەم وەردەگرن.

شێوازێکی جیاوازی لە زۆربەی وڵاتان گرتە بەر، ئەمەش چونکە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ژمارەیەکی کەمتر پرۆژەی بازرگانی بەدەستەوە بوو.[7] لە وڵاتانی تری جیهان، بە تایبەتی لە ئابوورییە تازە گەشەسەندووەکان کە حکومەت خاوەنی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی بازرگانی بوو، بە تایبەتی کردن شێوازێکی باو بوو، لێرەدا موڵکوماڵەکان بە تاکەکەس یان دەستگا دەفرۆشران یان خاوەندارێتییەکەی دەگوازرایەوە بۆیان (Brudney et al., 2005).

**سپاردن**

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، زۆر حکومەتی ناوچەیی و حکومەتی ویلایەتەیەکان، هەروەها حکومەتیی فیدراڵییش، ئەرکی جۆراوجۆریان سپاردووە (Ferris and Graddy, 1986). بۆ نموونە، حکومەتی زۆر شار و هەرێم لابردنی خاشاک و زبڵیان سپاردووە، بەڵام کۆکردنەوەی داهاتەکە و کۆنترۆڵی چاودێریی بەدەست خۆیانەوەیە. ئەم حکومەتانە هەروەها خزمەتگوزاریی گشتیی جۆراوجۆریان سپاردووە (بۆ نموونە، چاککردنەوەی شەقامەکان، چاندنی دار و درەخت)، سەلامەتیی گشتیی (راکێشانی ئۆتۆمبیل، خزمەتگوزاریی ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی تەندروستی، خزمەتگوزاریی فریاکەوتنی پزیشکیی)، خزمەتگوزاریی تەندروستی و مرۆیی (چاودێریکردنی بەیانیانی ئەو منداڵانەی دایکیشیان و باوکیشیان دەچن بۆ کار بەیانیان (دایەنگە)، دابینکردنی یەکەی نیشتەجێکردن لە لایەن حکومەتەوە)، و خزمەتگوزاریی کات بەسەربردن (موزەخانە، کتێبخانە، و بەرنامەی تریش). حکومەتەکانی ویلایەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە، زیندان و بەندینخانە، و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان سپاردووە (ئەنجومەنی حکومەتی ویلایەتەکان، GAO, 1998; Council of State Governments, 1997). تا 70 لە سەتی ئاژانسەکانی حکومەت بەرنامەی سپاردنیان ئەنجام داوە (Brudney et al., 2005).

لە ئاستی فیدراڵییدا، وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان (DoD) وەک شێوازێک بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی کولفەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، پەنای بۆ سپاردن بردووە. ئەمەش لە رێی ئەو شێوازەوە کە لە ئەدەبییاتدا پێی دەگوترێت "سپاردن بە کێبڕکێ"، چونکە بوار دەدرێت بە قەوارەی حکومی و ئەهلییش کێبڕکێ بکەن لەسەر گەیاندنی ئەم خزمەتگوزارییانە. ئەو رێکخراوانەی کە تەندەر پێشکەش دەکەن بۆ خزمەتگوزارییەک داوایان لێ دەکرێت کە توانای خۆیان پیشان بدەن لە بواری پابەندبوون بە:- کولفەکە، ئەدای داواکراو، و خشتەی کاتەکە (Kleinman, 2003). ئەو ئەرکانەی بە شێوەی کێبڕکێ سپێردران بریتی بوون لە دابینکاری (تزوید، supply) و لۆجیستیک، هەروەها کاری چاککردنەوەی فڕۆکە، ماشێن، و یەکەی نیشتەجێکردن (Clark, Rosenblum, et al., 2001).

ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە وڵاتێک نییە کە هەوڵی بۆ (سپاردن) دابێت. بۆ نموونە، لە ساڵانی 1990، حکومەتە ناوچەییەکانی ئیتاڵیا لەژێر باری گرفتی بودجەی ساڵی دارایی و ڕیسوایی سیاسی و داراییدا پەنای بۆ سپاردن برد، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵی و برادەرێنییە بەرفراوانەی لەناو حکومەت تەشەنەی کردبوو. (Grossi and Mussari, 2008). هیندستان سپاردنی ئەنجامداوە لەرێگای دروستکردنی سەنتەرەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن و ئەگەرەکانی پەرەپێدانەوە، ئەم بنکانە چەندین جۆر خزمەتگوزاریی حکومی پێشکەش دەکەن، وەک حکومەتی ئەلیکترۆنی، پەروەردە و فێرکردن، و خزمەتگوزاریی تەندروستی (Kuriyan and Ray, 2009). حکومەت و قەوارە ئەهلییەکان بە شەراکەت ئەم بنکانەیان داڕشتووە، و لە هەندێک حاڵەتدا، حکومەت هەر خۆی لایەنی سەرەکیی شەراکەتەکەیە.

**بە تایبەتی کردن**

لەساڵانی 1980 کاندا بە تایبەتی کردن لەسەر ئاستێکی بچووکدا دەستپێکرد، پاشان بە خێرایی گەشەی کرد لەسەرانسەری ساڵانی 1990 ەکان و 2000 کاندا. مەزەندەکانی (بانکی جیهانی) باسی ئەوە دەکەن کە دەستکەوت و داهاتی فرۆشیارییەکانی پرۆسەی بە تایبەتی کردن زیاتر لە پێنج ئەوەندە زیادی کرد لە نێوان سەرەتای ساڵانی 1990 و ئەم سالانەی دوایی.[8] لە 20 ساڵی رابردوودا، وڵاتانی زۆربەی ناوچەکانی جیهان

---

[7] بە گوێرەی ڕاپۆرتی کاتۆ ئینستیتوت، کە داکۆکی لە بچووک کردنەوەی قەبارەی حکومەت و بە تایبەتی کردن دەکات، تەنها چەند نموونەیەکی کەمی بە تایبەتی کردن بە شێوازی فرۆشتنی موڵکوماڵ هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ نموونە فرۆشتنی (کۆرپۆرەیشنی هێڵی ئاسنین) لە 1987. (Edwards, 2009).

[8] داتای بانکی جیهانی ئەوە دەردەخات کە داهاتەکانی چالاکییەکانی بە تایبەتی کردن لە سەرتاسەری جیهان لە نزیکەی 24 ملیارەوە لە 1991 بەرز بۆتەوە بۆ 133 ملیار دۆلار لە 2007 (بانکی جیهانی، مێژووی لەسەر نییە).

چالاکیی بە تایبەتی کردنیان ئەنجام داوە، لە بوارەکانی وەک ژێرخان، کارخانەگەری، خزمەتگوزارییەکان، و خزمەتگوزارییە داراییەکان (Kikeri and Nellis, 2004; Kikeri and Kolo, 2005; World Bank, undated).[9]

## شێوازەکانی سپاردن و بەتایبەتی کردن

لەم بڕگەیە و لە بڕگەکانی داهاتوودا تیشک دەخەینە سەر توخمە سەرەکییەکانی هەر چالاکییەکی (سپاردن) یان (بە تایبەتی کردن)ی ئەرکەکانی حکومەت. بە تایبەت جەخت دەخەینە سەر سپاردن چونکە، وەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لە چەندین دەرفەتی بە تایبەتی کردن وەرگرتووە.

### سپاردن

کاتێک خزمەتگوزارییەکان دەسپێردرێن، تەنها چەند شێوازێکی کەم هەیە کە حکومەت دەتوانێت پیادەیان بکات بۆ هەڵبژاردنی دابینکارەکە (provider). بۆ نموونە، زۆربەی جار حکومەتە ناوچەییەکان ئەرک و خزمەتگوزارییەکان دەسپێرن بە بەرهەمهێنەرە گەورەکان، چونکە ئەم جۆرە ئەرکانە پێویستیان بە سەرمایەی وەبەرهێنانی گەورەیە، و تەنها ئەم بەرهەمهێنەرە گەورانە لە عەوەی دابینکردنیان دێن (Ferris and Graddy, 1986). لە لایەکی ترەوە، زۆربەی جار حکومەتەکان دەیانەوێت هانی گەشەی بزنسە بچووکەکان بدەن و دەرفەتەکانی پێشکەشکردنی تەندەر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان تەنها دەبەخشن بە بەرهەمهێنەرە بچووکەکان (Clark, Atkin, et al., 2003).

بە گشتیی، ئەو حکومەتانەی پلان بۆ سپاردن دادەنێن، چەند پێوەرێک دادەنێن بۆ هەڵسەنگاندنی تەندەرە کێبڕکێکارەکان. ئەم پێوەرانە بریتین لە تێچوو (کولفە)، کاتبەندی، و هەندێک ڕێوشوێنی جەختکردنەوە لە کواڵێتی. کێشی هەر یەکێک لەم پێوەرانە لە دیاریکردنی تەندەری براوەدا لە ڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر جۆراوجۆرە و دەگۆڕێت. هەروەها، شێوازی پارەدان بە بەڵێندەرەکان لە بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکانیان، جۆراوجۆرە ئەم شێوازانەی پارەدان بریتین لە گرێبەستی تێچوو + قازانج (cost-plus)، گرێبەستی نرخ-چەسپاو (fixed-price)، و گرێبەستی (حەوافز، incentive) (Prager, 1994).[10]

### بەتایبەتی کردن

لە ئەدەبیاتەکاندا باسی چەند شێوازێکی جۆراوجۆری بە تایبەتی کردن کراوە (Quan and Huyghebaert, 2004). یەکەمیان بریتییە لە فرۆشتنی موڵکوماڵی دەوڵەت، کە هەرە باوترین شێوازە لە زۆربەی وڵاتان. وا باوە ئەمە بریتی بێت لە فرۆشتنی پرۆژەیەکی بازرگانی بە نرخی بازاڕ یان فرۆشتنی موڵکوماڵ بە گروپێکی بچووکی وەبەرهێنەران لە ڕێی فرۆشتنی ڕاستەوخۆوە. دووەم بریتییە لە بە تایبەتی کردن بە کۆ یان قەواڵە (سەنەد، voucher)، لەم شێوازەدا تەندەری گشتیی ڕادەگەیەنرێت بۆ خاوەندارێتیی سەهمی کۆمپانیایەکی حکومیی تایبەتێندراو بە نرخی کەم یان لە ڕێی دابەشکردنی قەواڵەوە. ئەم شیوازە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە روسیا پیادە کرا، هەروەها لە وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران، و هەندێک وڵات لە ناوەڕاست و خۆرهەلاتی ئەوروپا، لە سەردەمی بزاڤی کۆ-بە تایبەتی کردن لە ساڵانی 1990. سێیەم شێواز بریتییە لە دابەشکردنەوەی خاوەندارێتی، کە بریتییە لە گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی حکومەت دەستی بەسەردا گرتووە بۆ خاوەنە ئەسڵییەکان یان میراتگرەکانیان. هێشتا ئەم شێوازە نەبووە بە باو، چونکە حکومەتەکان نەیانتانیوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە خاوەنە ئەسڵییەکان دەستنیشان بکەن.

---

[9] ژێرخان بریتییە لە گەیاندن، بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا، گواستنەوە و دابەشکردنی گاز، گواستنەوە، ئاو و ئاوەڕۆ. کارگەسازی (مانیفاکچەرین) و خزمەتگوزارییەکان بریتین لە بزنسی کشتوکاڵ (ئاگریبزنس)، چیمەنتۆ، مەوادی کیمیایی، بیناسازنی، ستیل، ئوتێل، گەشتوگوزار، هێڵی ئاسمانی، خزمەتگوزاریی دەریایی، و کەرتی لاوەکیی تر کە پەیوەست نین بە ژێرخان یان داراییەوە.

[10] لە گرێبەستی کەمکردنەوەی کولفە (cost-plus contract)، دابینکارەکان بۆ کولفەی ڕێپێدراو پارەیان پێدەدرێت لەگەڵ ڕەسمێکی زیاتر یان پەراوێزێکی دەرسەدیی، هەندێک جار بە گوێرەی کەمکردنەوەی کولفە. گرێبەستی نرخ-چەسپاو (Fixed-price contract) بریتییە لە بڕێک پارەی دیاریکراو کە بەڵێندەرەکە و ئاژانسە بەڵێنسازەکە لەسەری ڕێک دەکەون. گرێبەستی تەحفیزی یان بەگوێرەی ئەدا هەندێک پاداشتی تری تێدایە ئەگەر هەندێک ئامانجی دیاریکراو بەدەست بهێنێت.

خێرایی بە تایبەتی کردن لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە. هەندێک وڵاتی خۆرهەڵاتی ئەوروپا و وڵاتانی سۆڤێتی پێشوو بە خێرایی گۆڕانکارییان لە خاوەندارێتیدا کرد (Quan and Huyghe- bart, 2004). هەوڵەکانی رووسیا بۆ بە تایبەتی کردنی خێرا و بە کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی بوو، وەک راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، بەرزکردنەوەی داهاتی حکومەت، و کەمتکردنەوەی باری گرانی کارگێڕیی لەسەر بیرۆکراسییەتی دەوڵەت (Perevalov, Gimadii, and Dobrodei, 2000; Kikeri and Nellis, 2004).

لە بەرامبەردا، هەوڵەکانی چین بۆ بە تایبەتی کردن قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام درا (Quan and Huyghebart, 2004). لە هەوڵەکانی بەراییدا لە سەرەتای ساڵانی 1980 کۆمپانیا حکومییەکان کرانەوە بۆ بەڕێوەبردنیان و کارگێڕییان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە، کە دواتر بۆیان هەبوو بەشێک لە قازانجەکە بۆ خۆیان هەڵبگرن. لە ناوەڕاستی سالانی 1980 ئەو پرۆژە بازرگانیە حکومییانەی تایبەتێندرابوون چیتر تەمویلیان لە حکومەت وەرنەدەگرت، بەڵکو ئەگەر پێویستیان بووایە لە بانکە حکومییەکانیان بە قەرز وەردەگرت. دوابەدوای ئەمەش ئۆتۆنۆمیی تەشغیلی بەرفراوانتر کرا بە گوێرەی سیستمێکی بەڕێوەبردن بە گرێبەست، لێرەدا کۆمپانیاکە باجی لەسەر دادەنرا و دەبوایە باج بدات. لە سەرەتای ساڵی 1992-ەوە سترەکچەری کۆمپانیا حکومییەکان گۆڕانی بەسەردا هات و بوون بە کۆرپۆرەیشن (کۆمپانیای limited liability corporations (LLCs)) و خاوەندارێتییان بە ڕوونی دەستنیشان کرا. بە تایبەتی کردن هەموو کۆمپانیاکانی گرتەوە، بێجگە لە کۆمپانیا هەرە گەورە و ستراتیجییەکان. حکومەت بەردەوام بوو لەسەر فرۆشتنی پرۆژە بازرگانیە بچووک و لاوازەکان و کۆمپانیا مامناوەندی و گەورە حکومییەکانی گۆڕی بۆ کۆمپانیای لیست کراو بە ئاشکرا.

## کاریگەرەکانی سپاردن و بەتایبەتی کردن

### سپاردن

ئەو بابەتانەی تاوتوێی سپاردن دەکەن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە کاریگەرییەکانی سپاردن لەسەر کواڵیتی و تێچوو تێکەڵن: سپاردن خەرجییەکی زۆری گەڕاندۆتەوە بۆ هەندێک ئاژانسی حکومەت، بەڵام بۆ هەموویان بەم شێوەیە نەبووە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکانی ئەم بوارە ڕەخنەی ئەوەیان لێ گیراوە کە بە شێوەیەکی لاواز جێبەجێ کراون و دەرەنجامەکانیان کۆنکریتیی نین (Boyne, 1998; Brudney et al., 2005).

هیرش (Hirsch 1995) پێداچوونەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی کردووە کە تایبەت بوون بە وردبوونەوە لە کاریگەری چالاکییەکانی سپاردنی شارەوانی حکومەتی ویلایەتەکانی (ویلایەتە یەکگرتووەکان) و گەیشتۆتە ئەو سەرەنجامەی کە چەند رووپێوێکی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان زێدڕۆییان کردووە بە سوودەکانی سپاردنەوە، نزیکەی نیوەیان ئەوەی دەرخستووە کە کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان چاکتر بووە لە میانی سپاردنەوە، و نزیکەی یەک-سێی حکومەتەکان ڕاپۆرتیان کردووە کە خەرجیی کەم کراوەتەوە (Brud- ney et al., 2005). لە ڕووپێوەکانی پێشووتردا، زۆربەیان ڕاپۆرتیان کردبوو کە خەرجییەکی مامناوەندی ( 5 لە سەت یان کەمتر ) گەڕێندراوەتەوە لە میانی سپاردنەوە (Brudney et al., 2005; Council of State Governments, 1997).

لە لایەکی ترەوە، وەزارەتی بەرگریی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان خەرجی گەورەی گەڕاندۆتەوە لە سپاردنی سەرچاوەکان بە شێوازی کێبڕکێ (Kleinman, 2003; Clark, Rosenblum, et al., 2001). ئەم لێکۆڵینەوانە بۆیان دەرکەوتووە خەرجی ئێجگار گەورە گەڕێندراوەتەوە – نزیکەی 30 تا 40 لە سەت- و ئاستی ڕەزامەندیی خزمەتخوازەکان و بەرپرسانی گرێبەست بەرز بووە و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەرزتریش بۆتەوە. (کلارک، ئاکتین و هاوڕێکانی، 2003، (2003) Clark, Atkin, et al.) درێژەیان بەم شیکردنەوەیە دا بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ زیاترکردنی ژمارەی ئەو پێگانەی دەخرێنە سپاردنەوە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی خەرجیی تر و گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە پەیوەندییەکی راستەوانەی ئەرێنی هەبووە لە نێوان ژمارەی پێگەکان و کەمکردنەوەی خەرجییەکان. (کلینمان، 2003) Kleinman)) هەروەها گەیشتە ئەو سەرەنجامەی کە ئەو کێبڕکێیانەی ژمارەیەکی زۆر داواکاریی تەندەری پێشکەش کراوە خەرجیی زیاتری گەڕاندۆتەوە وەک لەوانەی کە تەنها چەند داواکارێکی کەمیان هەبووە. سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجیی، پرۆژەکان بە گشتیی لە کاتی خۆیاندا تەواو کراون و ئاژانسەکانی گرێبەستساز و خزمەتخوازەکان ڕاپانگەیاندووە کە ئەداکە ئەرێنی بووە. ئەم دەرەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە حکومەتی

هەرێمی کوردستان دەتوانێت خەرجیی گەورە بگەڕێنێتەوە لە سپاردن بە شێوازی کێبڕکێ. سەرەڕای ئەمانەش، مەرج نییە ژمارەی ئەو پێگانەی دەدرێن بە سپاردن زۆر بێت تا خەرجیی گەورە بگەڕێننەوە. بۆ نموونە، (کلارک، ئاتکین و هاوڕێیانی، (Clark, Atkin, et al. (2003) ئەوە پیشان دەدەن کە زیاتر لە 30 لە سەت خەرجی دەگەڕێندرێتەوە بە نزیکەی 50 پێگەوە کە بە کێبڕکێ بدرێن بە سپاردن.

(Clark, Atkin, et al. (2003 هەروەها بە وردی شیکردنەوەی کاریگەری سپاردنیان کرد لەسەر بزنسی بچووک، لەبەر نیگەرانی لەوەی کە کێبڕکێی گەورە، فرە-ئەرک و فرە شوێن بە شێوەیەکی گەورە دەبێتە مایەی دەرکردنی بزنسە بچووکەکان لە کێبڕکێ، بەڵام راستییەکەی تەنها هەندێک بەڵگەی بچووکیان دۆزییەوە لەسەر ئەوەی کە بزنسی بچووک زیانیان پێگەیشتووە لە بەرنامەکە. لەکۆی 16 کێبڕکێ کە لێکۆڵینەوەیان بۆ کردوە، شەشیان سنووردار کرابوون بۆ بازرگانی بچووک، و سێ کێبڕکێی کراوەی تریش کە کۆمپانیای گەورە بەشدارییان تێدا کردبوو، درا بوو بە بزنسیی بچووک. سەرەڕای ئەمانەش، بزنسە بچووکەکان ڕاپانگەیاندبوو کە کێبڕکێی گەورە دەرفەتی زیاتری رەخساندبوو، وەک سوودوەرگرتن لە بزنسە گەورەکان، زیادبوونی لێشاوی نەختینە (سیولە نقدیە)، و گەشەسەندنی بزنس.

#### بەتایبەتی کردن

ئەگەرچی کاریگەری (سپاردن) جۆراوجۆرە، بەڵگە نێودەولەتییەکان زیاتر پشتگیریی تایبەتاندن دەکەن. لە ئەدەبییاتەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە تایبەتاندنی کۆمپانیا حکومییەکان قازانجی کۆمپانیاکە زیاتر دەکەن، هەروەها کوالێتی و کارایی زیاتر دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و ئابووری، و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی. (LaPorta and Lopez-de-Silanes, 1999; Megginson, Nash, and van Randenborgh, 1994). لێکۆڵینەوەی تریش ئەوەیان دەرخستووە کە تایبەتاندن دەبێتە مایەی زیاتربوونی شەفافییەت و بەرپرسیاربوون (لێپرسراوێتی، مسائەلە، accountability) چاکتر دەکات لە وڵاتەکە. هەروەها، تەندروستیی دارایی کەرتی حکومەت چاکتر دەکات لە رێی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەوە، هەروەها لە میانی زیاترکردنی داهاتەکان لە رێی وەرگرتنی باج لە چالاکیی کەرتی تایبەت، و هاندانی گەشەسەندنی کەرتی دارایی (Sheshin- ski and Lopez-Calva, 2003; Chong and Lopez-de-Silanes, 2004). تایبەتاندنی تەواو — بە بەراورد لەگەڵ تایبەتاندنی جزئی- قازانجی زیاتری دەبێت بۆ پرۆژەی بازرگانی، بەرهەمهێنان زیاتر دەکات، و دەستێوەردانی حکومەت کەمتر دەکاتەوە لە بڕیارەکانی بواری بزنس (Sheshinski and Lopez-Calva, 2003; Chong and Lopez-de-Silanes, 2004).

### ئەو خاڵانەی پێویستە ڕەچاو بکرێن بۆ (سپاردن) و (بەتایبەتی کردن)

#### سپاردن

یەکێک لەو خاڵانەی پێویستە لە پرۆسەی (سپاردن) دا ڕەچاو بکرێت بریتییە لە گرنگیی چاودێریکردنی وردی ئەو خزمەتگوزارییانەی بەڵێندەرەکە دابینی دەکات لە لایەن بەڵێنسازەکەوە. یەکێک لە ڕەخنە گرنگەکان لە سپاردن ئەوەیە کە حکومەت وەک پێویست چاودێریی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان ناکات، بەم شێوەیش ئەگەری ئەوە هەیە کوالێتیی خزمەتگوزارییەکە باش نەبێت. هەروەها، ئەگەر زانیارییەکانی حکومەت جیاواز بن لەوانەی کەرتی تایبەت لەسەر کولفە و کوالێتی خزمەتگوزارییەکان، ئەوسا سپاردن سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر حکومەت زانیاری کەم هەبێت لەسەر ئەمانە، ئەوسا ئەو کاراییەی دەست ناکەوێت لە سپاردنەکە وەک دەیەوێت. لێکۆڵینەوەکان باسی ئەوە دەکەن کە کاتێک سپاردن ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە کە حکومەت نەتوانێت چاودێریی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بکات و کاتێک ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی لایەنە بەشدارەکان ڕوون و دیاریکراو نەبن هەروەها باسی ئەوە دەکەن کاتێک سپاردن سەرکەوتوو دەبێت کە کێبڕکێی هەبێت بە بەشداریی چەندین دابینکار. (Khan, 2010; Warner and Hebdon, 2001; Ingraham, 2005).

براون و پۆتۆسکی (2006) ئامۆژگاری ئەوە دەدەن کە پێویستە بە ڕوونی لە ناو گرێبەستەکەدا بەندێک هەبێت سەبارەت بە چاودێری و بەڕێوەبردن، چونکە ڕەنگە بەڵێندەر بە خۆی هاندەری ئەوتۆی نەبێت کە پرۆسەی چاودێریی ئەنجام بدات. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی بە گران دەتوانرێت ئەدای هەندێک بواری دیاریکراوی حکومەت بپێورێت یان زانیاریی هەڵسەنگاندنی لەسەر کۆبکرێتەوە، پێویستە بە ڕوونی لە گرێبەستەکەدا

دەستنیشان بکرێن. لە بازاڕی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو ڕەنگە وا پێویست بێت حکومەت بە شێوەیەکی راستەوخۆ چاودێری و سەرپەرشتیی خزمەتگوزارییە سپێردراوەکان بکات (Quan and Huyghebaert, 2004).

بابەتێک کە پێویستە بە باشی هۆشداری بین لە پرۆسەی چاودێریکردندا بریتییە لەوەی ڕەنگە چاودێریکردنی خزمەتگوزارییە سپێدراوەکان زەحمەت بێت و ڕەنگە ببێتە مایەی بەرزبوونەوەی کولفەی راستەقینەی خزمەتگوزارییەکە (Marvel and Marvel, 2007). چاودێریی کارا ڕەنگە بەشێکی باش لە بودجەی گرێبەستەکەی تێبچێت، بەم شێوەیەش بڕیاردەرێکی گەورە دەبێت لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئەرکەکە بدرێت بە سپاردن (Globerman and Vining, 1996).

لە هەڵسەنگاندنێکی چالاکییەکانی سپاردنی ئەرکەکانی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (Clark, Atkin, et al. (2003)) گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی کە ئێجگار پێویستە لە ماوەی ئینتقالییدا بەڵێندەرەکە و ئاژانسە بەڵێنسازەکە هەماهەنگی و پلاندانان بکەن لەو کێبڕکێیانەدا کە چەند ئەرکێک لەخۆدەگرێت یان لە چەند شوێنێک ئەنجام دەدرێت. هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بە وردی چاودێریی دەرەنجامەکان بکەن و ئەگەر پێویست بێت دەبێت میکانیزمی توندی دڵنیایی کواڵیتی دابنرێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی پێوەری گونجاوی ئەدا دانراوە، کۆکراوەتەوە و شیکراوەتەوە.

لەژێر تیشکی سی ساڵ لە بەرنامەی (سپاردن بە کێبڕکێ) ی حکومی کلیمان (2003) ئامۆژگاریی حکومەت دەکات پرۆسەی کێبڕکێ و سپاردن ڕێکوپێک بکات بۆ ئەوەی دەستێوەردان لە مەیدانی کار نەکرێت. زۆرجار ئەم بەرنامانە دووروودرێژن و بە شێوەیەکی بەرچاو پرۆسەکانی شوێنی کارەکە ڕادەگرن و ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن. هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکات سیستمێکی بەڕێوەبردنی مەرکەزیی پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی یارمەتی ئاژانسە ناوچەییەکان (خۆجێیەکان) بدات لە بەڕێوەبەردنی کێبڕکێکانی (سپاردن بە کێبڕکێ). ئەو ئاژانسانەی لە ناوچەکانن سوود لە ئەزموونەکانی تیمی بەڕێوەبردنی مەرکەزیی وەردەگرن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانن خاوەنیی پسپۆڕێتیی پێویست بن کە بۆ سەرجەم پرۆسەکە پێویستە. کارێکی تر بۆ چاکترکردن و بەرەوپێشبردن بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی هەر لە دەستپێکەوە ئەو سیستمە دروست بکرێت کە چاودێریی کولفە و ئەدا دەکات و گۆڕانکاریی پێویست ئەنجام دەدات. دواجار، پێشنیاری ئەوە دەکات بەرنامەیەکی ورد و تێروتەسەلی جیاکردنەوە دابڕێژرێت بۆ ئاسانکردنی گواستنەوە (ئینتقال)ی ئەو کارمەندە حکومییانەی بە هۆی پرۆسەی (سپاردن)ەوە لەسەر کار نامێنن.[11]

**بەتایبەتی کردن**

پێویستە چوارچێوەیەکی یاسا و ڕێسایی لە ئارادا بێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەو قەوارانەی تازە دەخرێنە تایبەتاندن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانیان بکەن (Zhang, Parker, and Kirkpatrick, 2005). ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانە گرنگ و پڕبایەخە کە (مۆنۆپۆلی سروشتی) تێدایە — ئەو پیشەسازییانەی کە تەنها یەک قەوارە هەیە بۆ بەرهەمهێنانەکە، ئەمەش لەبەرئەوەی تێکڕای کولفەی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کەم دەبێتەوە کاتێک قەبارەی بازاڕەکە گەورەتر دەبێت- و ڕەنگە وا پێویست بکات ڕێوشوێن و ڕێساکان نوێ بکرێنەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت.

هەروەها کڕیارە نوێیەکان پشتگیری لە چڕکردنەوە و چەسپاندنی خاوەندارێتی دەکەن، کاتێک حکومەت زۆربەی سەهمەکان بۆ خۆی دەهێڵێتەوە یان بە شێکی بەرچاو لە سەهمەکانی خۆی کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنە بەشدارە نوێیەکان وەک پێویست هێندە بەشیان هەبێت کە بەشداری لە چاودێریکردنی ئەدا بکەن (Perevalov, Gimadii, and Dobrodei, 2000; Qi, Wu, and Zhang, 2000). (کێلکیری و نێڵیز 2004) گەیشتوونەتە ئەو سەرەنجامەی کە یەکێک لە هۆیەکانی شکستهێنانی تایبەتاندن لە هەندێک وڵاتی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوودا بریتی بوو لەوەی ژمارەیەکی زۆر خاوەندارەکان دوودڵ بوون لە داڕشتنەوەی سترەکچەرەکە بە شێوەیەک کە ئەدا باشتر بکرێت.

## ڕاسپاردە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر سپاردن و بەتایبەتی کردن

گەورەترین دەرفەت لە هەرێمی کوردستان بۆ کەمترکردنەوەی قەبارەی حکومەت لە ڕێی بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەتەوە بریتییە لە سپاردن نەوەک تایبەتاندن. ڕەنگە ئاوێتەیەک لە هەردوو شێوازەکەش

---

11 لە چاپتەری هەشت باسی ئەم بابەتە دەکەین.

دەرفەت دروست بکات، وەک دامەزراندنی گرێبەستی بەڕێوەبردن بۆ کارپێکردن و بەڕێوەبردنی ئەو دەستگایانەی هی حکومەتن — بۆ نموونە وەک خەستەخانەکان. لەم بەشەدا، ئێمە ڕاسپاردە لەسەر دەرفەتەکانی سپاردن و تایبەتاندن پێشکەش دەکەین.

**سپاردن**

سەرەڕای ئەوەی زۆر لەو بەرپرسانەی وەزارەتەکان کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن پشتگیری لە سپاردن دەکەن، بەڵام هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان سپاردنی ئەو ئەرکانەی نەکردووە کە بە خۆی ئەنجامیان دەدات. شێوازێک بۆ ئەنجامدانی سپاردن بریتییە لەوەی لە بەراییدا جەخت بخرێتە سەر ئەو وەزارەتانەی ژمارەیەکی زۆر کارمەندیان هەیە، وەک وەزارەتی پەروەردە یان وەزارەتی پێشمەرگە (بڕوانە خشتەی 3.4 لە چاپتەری سێ). سپاردنی ئەرکەکان لەم وەزارەتانە گەورەترین کاریگەریان دەبێت لەسەر لیستی مووچەی حکومی. بەڵام، زۆر لەو کارانەی ئەم وەزارەتانە دەیکەن (پەروەردە و تەناهی) ئەو ئەرکانەن کە هەندێک کەس پێیان وایە لە بنەڕەتەوە ئەرکی حکومەتن. بەدیلەکان بریتین لە جەختکردنەوە لە خزمەتگوزارییەکان یان ئەو کارانەی کە لە بنەڕەتەوە هی حکومەت نین.

**جەختکردنەوە لەو وەزارەتانەی خزمەتگوزاریی هاوشێوەی خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پێشکەش دەکەن.** بەدیلێک بریتییە لە جەختکردنەوە لەو وەزارەتانەی کە خزمەتگوزارییەکانیان هاوشێوەی ئەوانەی کەرتی تایبەتە. بۆ نموونە دەتوانرێت هەندێک بواری کاری وەزارەتی کارەبا بسپێردرێت بە کەرتی تایبەت، وەک کۆکردنەوەی پارەی کارەبا، هەروەها چاککردنەوەی هێڵەکانی دابەشکردن و گواستنەوەی کارەبا. ئێستا قەوارەکانی کەرتی تایبەت بە خۆیان پارەی کارەبای خۆیان کۆدەکەنەوە، دەتوانرێت کاروباری چاککردنەوەی سیستمە تەکنیکییەکانیش، وەک تۆڕەکانی کارەبا، لە لایەن کۆمپانیا ئەهلییەکانەوە ئەنجام بدرێت. بڕ و مەودای ئەو بوارانەی کە دەتوانرێت بە سەرکەوتوویی بسپێدرێن بە کەرتی تایبەت پشت دەبەستێت بە هەبوونی کۆمپانیای شایستەی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، یان لە وڵاتانی تر و کۆمپانیای بیانی، کە بتوانن ئەو بزنسە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن.

**وا پەسەندە جەخت بخرێتە سەر سپاردنی ئەو ئەرکانەی حکومەت کە لە چەند وەزارەتێک ئەنجام دەدرێن و کۆمپانیا و کرێکارانی کەرتی تایبەتیش پێشکەشیان دەکات.** سپاردنی چەند خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو تەنها کاریگەرێکی بچووکی دەبێت لەسەر ژمارەی کارمەندانی حکومەت. سپاردنی ئەو ئەرکانەی لە لایەن چەندین وەزارەتەوە ئەنجام دەدرێت کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر ژمارەی کارمەندانی حکومی. وردبوونەوە لە خشتەی 3.1 لە چاپتەری سێ ئەوە دەردەخات کە چەندین کارمەندی خزمەتی مەەنی پیشەی ئەوتۆ دەکەن کە لە بنەڕەتەوە کاری حکومەت نییە. بۆ نموونە، نووسەر (کاتب، office clerks)، پاککەرەوە، شۆفێر، نامەبەر، و حەماڵ، کارمەندی کتێبخانە و پۆستە، ئەمانە ئەو کارانەن کە هی حکومەتی نین. سەرەڕای ئەمانەش، هەندێک لەو کارمەندە حکومییانەی کە لە ڕووپێوەکەی IHSES بەشدارییان کرد، نزیکەی 19 لە سەتیان لەم بوارانەدا کار دەکەن. ئەگەرچی هەندێک کەس مشتومڕی ئەوە دەکەن هەندێک لەم کارمەندانە لە شوێنەکانیان بمێننەوە، بەڵام بێگومان ئەم کارانە پاڵێوراون بسپێردرێن بە کەرتی تایبەت.

**دانانی بەردی بناغە بۆ سپاردن لە ڕێی چاکترکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی کارمەندان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە ڕێی نووسینەوەی "کارنامە، الوصف وظیفی، job description)ی کارمەندانی راژەی شارستانی.** پێکهێنەرەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی کارمەندان، وەک کارنامە و هەڵسەنگاندنی کارمەندان، لە چاپتەرەکانی دواتردا باس کراون، بە لای کەمەوە یەکێک لەم پێکهێنەرانە، کە بریتییە لە کارنامە، پێویست دەبێت لە پرۆسەی سپاردنی سەرکەوتوودا. چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە زانیارییەکانی وەسفی وەزیفی دەبێت تا ئەو کارانە دەستنیشان بکات کە دەیانسپێرێت بە قەوارەی ئەهلی و بۆ ئەوەی لەناو تەندەرەکاندا بە تێروتەسەلی ئەو کارانە بنووسێت کە دەیەوێت کۆمپانیا دابینکارەکە ئەنجامی بدات.

**جەختکردنەوە لەوەی تەندەرەکانی سپاردنی ئەرکەکان یان خزمەتگوزارییەکان شەفافن و بە شێوەیەکی بەرفراوان کێبڕکێیان لەسەر دەکرێت.** ئامانجێک لە ئامانجەکانی سپاردن بریتییە لە کەمترکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت. ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمپانیاکان پرۆسەیەکی ناشەفاف یان ناکێبرکێ بێت ئەوسا کولفەی گرێبەستەکان بەرزتر دەبێتەوە، بەم شێوەیەش ئامانجی پرۆسەی سپاردن پووچەڵ دەبێتەوە. توخمێکی تری سەرەکی بریتییە لە هەبوونی ژینگەیەک کە هاوکاریی کەرتی تایبەت بکات و بتوانرێت تێیدا کۆمپانیای پێسپاردنی ناوخۆیی پێکبهێنرێت، و کۆمپانیای پێسپاردنی بیانیی بتوانن بێنە ناو بازاڕەکە. ئەم بابەتە لە چاپتەری چواردا تاوتوێ کراوە.

**بەتایبەتی کردن**

لە زۆر وڵات لەو وڵاتانەی لە ئابوریی ژێرکۆنترۆڵی حکومەتەوە دەگوازنەوە بەرەو سیستمی بازاڕ، بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی چاکسازییەکە بریتییە لە چاکسازی و تایبەتاندنی کۆمپانیا حکومییەکان. زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە پێش دەستی ئێمەیە ئەوە دەردەخات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لە زۆربەی دەرفەتەکانی تایبەتاندنی ئەو قەوارانە وەرگرتووە کە بەرهەم و کەرەستەی وەک بەرهەم و کەرەستەکانی کەرتی تایبەت بەرهەم دەهێنن لە وڵاتانی ئابووریی بازاڕ. ئەمە بریتی بووە لە گواستنەوەی هەندێک کۆنترۆڵ بۆ دەستی کەرتی تایبەت، زۆربەی جار لە رێی گرێبەستی بەڕێوەبردنی درێژخایەن (مساطەحە) یان فرۆشتنەوە.[12] سەرەڕای ئەمە، بەڵگەکانی بەردەست ئەوە دەردەخەن کە ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیا حکومییەکانی عێراق لەناو هەرێمی کوردستان بوون.[13] ئەو حەقیقەتەی کە هەندێک شێوەی تایبەتاندنی کۆمپانیا حکومییەکان ئەنجام دراوە مانای ئەوە نییە کە پرۆسەکە بە کارایی ئەنجام دراوە یان تا ئەوپەڕی سوودی ئابووری هەبووە بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها مانای ئەوە نییە کە ئەم تایبەتاندنانە سەرکەوتوو بوون. لەگەڵ ئەمەشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە بۆ بەشدارییپێکردنی کەرتی تایبەت لەو پرۆژە بازرگانیانەدا کە پێش 2003 کۆمپانیای دەوڵەت بوون. سەرەڕای ئەم چالاکییانە، هێشتا سێ دەرفەتی بەردەوام هەیە بۆ تایبەتاندن. کە بریتین لە ژێرخان، ئەو تایبەتاندنانەی کە پێشتر شکستیان هێناوە، و گرێبەستی بەڕێوەبەردنی درێژخایەن کە جێبەجێ نەکراون.

**لەنێو دەرفەتەکانی تایبەتاندنی ژێرخان، جەخت بخە سەر ئاوەڕۆ و ئاو.** ئاوەڕۆ کەمتر لە کارەبا پەیوەستە بە گەشەپێدانی پرۆژەی بازرگانییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستان وێستگەی چارەسەر (معالجە)ی ئاوی بەفیڕۆدراو یان سیستمەکانی ئاوەڕۆی نییە، هەر لە دەستپێکەوە دەرفەتێکە بۆ تایبەتاندن. بانگهێشتکردنی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریی لە سەرەتاوە ڕەنگە لە لایەک خزمەتگوزارییەکە دابین بکات و لە لایەکی ترەوە زیاتر ڕێگەگرتن لە بەرفراوانکردنی حکومەت. وەک چۆن زۆر جۆری تری خزمەتگوزاریی پێویستی بە سترەکچەرێکی ڕێکخەر (لە یاسا و رێسا) هەیە، پێویستە سترەکچەرێکی ڕێکخەر بۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە دابنرێت بە مەبەستی سەرکەوتنی. دابەشکردنی ئاو، کە ئێستا حکومەت دەیکات، هەروەها دەرفەتێکە بۆ تایبەتاندن. ئێستا کە رسومەکە زۆر کەمە، ڕەنگە لە بواری سیاسییەوە بە زەحمەت بتوانرێت دابەشکردنی ئاو تایبەتاندن بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی ئاسایی رسومی بەکارهێنانی ئاو زیاتر دەبێت. بەڵام هەروەها دەسکەوتی دەبێت لە بواری بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی کارا و کەمترکردنەوەی بەفیڕۆدانی، ئەمەش یاریدەی چارەسەرکردنی قەیران و کەموکوڕیی ئاو دەکات.

**ڕەچاوکردنی تایبەتاندنی هەندێک بەشی تری سیستمی کارەبا.** وەزارەتی کارەبا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (MASS Energy Group Holding)ی ئوردنی کردووە، کە کۆمپانیایەکی ئەهلییە، بۆ دابینکردنی کارەبای ئەهلی لە وێستگە نوێیەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک. گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا دوو بوارن بۆ تایبەتاندن دەگونجێن، هەر هەمووی بێت یان تەنها بەشێکی. پێویستە سەرنج لەوە بدرێت کە ژمارەی کارمەندانی وەزارەتی کارەبا تەنها نزیکەی 2.5 لە سەتی کۆی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانیە. (بڕوانە خشتەی 3.4 لە چاپتەری سێ). بۆیە، نابێت حکومەت چاوەڕوانی ئەوە بکات تایبەتاندنی گواستنەوە یان دابەشکردنی کارەبا کاریگەرێکی گەورەی هەبێت لەسەر دابەزاندنی مووچەی حکومیی.[14] بەڵام، دەستکەوتەکان لە بواری چاکترکردنی کارایی دابینکردنی کارەبا هۆیەکی مەعقولە بۆ بیرکردنەوە و بەدواداچوونی ئەم شێوازە.

**لە هەر چالاکییەکی تایبەتاندندا، پێویستە جەخت لە شەفافییەتی پرۆسەکە و کێبڕکێ بکرێتەوە.** ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیوای تایبەتاندنی ئەم کۆمپانیا و بوارانە بێت، ڕەنگە کڕیارێکی ستراتیجی بدۆزێتەوە، مەزادێکی بۆ بکاتەوە، یان بە شێوازی تر تایبەتاندنی بکات. ئەگەرچی ڕێگەکە هەرچییەک بێت، شەفافییەت ئێجگار پڕبایەخە. بۆ نموونە، ئێمە نەمانتوانی لیستێکی تەواو و ئاشکرای هەموو تایبەتاندنەکانی پێشوومان دەست بکەوێت، و نەمانتوانی لیستی هەموو ئەو قەوارە ئەهلییانەمان دەست بکەوێت کە

---

12 ئاخاوتن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، نیسانی 2010 و کانونی دووەمی 2011.

13 بۆ نموونە، لەو ٥٦ کۆمپانیا حکومییەی لە لایەن (تیمی کاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چالاکییەکانی بزنس و سەقامگیری) هەڵسەنگێندران لە سەرەتای ئازاری 2007، تەنها چوار دانەیان لە هەرێمی کوردستان بوون (Task Force on Business and Stability Operations in Iraq, 2007).

14 وەنەبێت هەموو کارمەندانی وەزارەتی کارەبا بەرپرسیار بن لە گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا، کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی پێدەچێت ئێجگار کەم بێت.

کۆمپانیای تایبەتێندراویان هەیە، ئەم جۆرە زانیارییە ئێجگار پڕبایەخە چونکە ئەگەر سەلماندنی ئەوەی کە بە تایبەتی کردن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێت دەبێتە مایەی دروستبوونی متمانەی جەماوەر بە بازاڕەکان و ئابوورییەک کە کەرتی تایبەت ڕابەرایەتی بکات. سەرەڕای ئەمەش، جەختکردنەوە لەوەی کێبڕکێ بکرێت لە نێوان ئەو کۆمپانیایانەدا کە دەیانەوێت بە تایبەتی کردن ئەنجام بدەن بریتییە لە ڕێگەیەک بۆ جەختکردنەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشترین نرخ موڵکوماڵەکانی دەفرشێت، یان بە باشترین نرخ ئەو خزمەتگوزارییە نوێیانە دابین دەکرێن.

**دووبارە بە تایبەتی کردنەوەی هەر بە تایبەتی کردنێکی پێشتر کە شکستی خواردبێت.** ئەو بە تایبەتی کردنی پێشتر کراون و سەرکەوتوو نەبوون دەرفەتێکن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی وانە فێر ببێت لە شکستەکانی پێشوو و جارێکی تر هەوڵیان لەگەڵ بدات. ئەم جۆرە دووبارە بە تایبەتی کردنەوەیە ڕەنگە بریتی بێت لە دۆزینەوەی کریارێکی ستراتیجی، سازکردنی تەندەرێکی کێبڕکێ، یان پرۆسەیەکی تر، و جارێکی تریش: جەختکردنەوە لە شەفافییەت و کێبڕکێ.

**چاودێریکردنی ئەدای گرێبەستی قەوارە تایبەتێندراوەکان.** شێوازێک لە شێوازەکانی چاودێریکردنی ئەو گرێبەستانەی بۆ قەوارە تایبەتێندراوەکان کراون بریتییە لە هەبوونی ئاژانسێکی سەربەخۆی چاودێری یان لە ڕێی کۆمپانیایەکی جیهانیی ژمێریاری و هەڵسەنگاندن. ئەگەر هەلومەرجەکانی گرێبەستەکان جێبەجێ نەکرێن، ئەوسا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی پرۆسەیەکی یاسایی شەفافەوە یان هانی ئەدا بدات یاخود دەست بگرێت بەسەر کۆمپانیاکاندا. ئەم کارەی دووەم (واتە دەستبەسەرداگرتنەکە) دەرفەتێک دەبێت بۆ بە تایبەتی کردن.

# پسپۆڕی و ئاستی خوێندەواریی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی

بەرفراوانکردنی دەرفەتەکانی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، وەک لە دوو چاپتەرەکەی پێشوودا تاوتوێ کرا، گەرەنتی ئەوە ناکات کارمەندانی ڕاژەی شارستانی واز لە حکومەت بهێنن و بچن لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن یان لەوێ کاریان دەست بکەوێت. خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ئەو کەسانە دادەمەزرێنن کە بڕوایان وایە کارمەندی بەرهەمهێن بن. ئەگەر کارمەندی ڕاژەی شارستانی شارەزایی پێویستی نەبێت بۆ دامەزران لە کەرتی تایبەت، ئەوسا بزنسەکان ئامادە نین دایمبەزرێنن. ڕەنگە کارمەندانی حکومی پێویستیان بە مەشقی چڕوپڕ بێت بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی کەرتی تایبەت پێویستی پێیەتی شارەزایی و کارزانی خۆیان بەرفراوان بکەن، و ڕەنگە وا پێویست بکات حکومەت حەوافز دابنێت بۆ وەبەرهێنان لەم مەشقانەدا. لەم چاپتەرەدا، ئێمە لە سەرەتادا تاوتوێی گۆشەنیگا و تێگەیشتنی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان دەکەین لە کوالێتیی کارمەندانی کەرتی تایبەت. ئنجا IHSES ی 2007 بەکاردەهێنین بۆ وەسفکردن و بەراوردکردنی خەسڵەتەکانی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی و کەرتی تایبەت، هەروەها وەسف و بەراوکردنیان لە بواری زانینی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و ئاستی خوێندەوارییان.

### گۆشەنیگای خاوەنکارانی کەرتی تایبەت

ئێمە لەگەڵ چەند خاوەنکارێکی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە و باسی ئەزموونی خۆیان کرد لە بواری دامەزراندن، لەگەڵ تێگەیشتنیان و هەڵوێستیان بەرامبەر دەستی کاری ناوخۆ. ئەم گفتوگۆیانە ئەوە دەردەخەن کە هەندێک ئاستەنگ دێتە پێش کارمەندانی ڕاژەی شارستانی کاتێک دەگوازنەوە بۆ کەرتی تایبەت. ئەو خاوەنکارانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن ئەزموونێکی کەمیان هەیە لە بواری دامەزراندنی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی. ئەو کەسانەی داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ دامەزران لە پۆستە بەتاڵەکانی کەرتی تایبەت وا باوە لە کەرتی تایبەتدا ئیشێکی تریش بکەن. خاوەنکارانی کەرتی ئەهلی بڕوایان وایە ئەمە ئەوە دەردەخات کە خەڵکەکە وا بە پەسەندی دەزانن کە لەگەڵ حکومەت کار بکەن، ئەگەرچی لە کەرتی تایبەت مووچەیەکی زیاتریان پێدەدرێت. ئەم خاوەنکارانە تەسەوریان نەدەکرد ئاخۆ کوالێتیی کارمەندانی حکومی باشتر یان خراپتر دەبێت لەو کارمەندانەی خۆیان دایانمەزراندووە، چونکە لە ڕاستییدا هیچ ئەزموونێکیان نییە لەسەر دامەزراندنی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی. بۆیە، تێگەیشتنی کەرتی تایبەت بە گشتیی لەو کارمەندانەی ڕاژەی شارستانی کە دواجار دەیانەوێت لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن هاوشێوەی تێگەیشتنیانە لە دەستی کاری ناوخۆیی.

زۆر خاوەنکاری کەرتی تایبەت بۆچوون و هەڵوێستێکی نەرێنییان هەیە لە بەرامبەر کوالێتیی کارمەندی ناوخۆ. بیروبۆچوونی گشتیی ئەوەیە کە کارمەندەکان حەز ناکەن کار بکەن و زۆربەیان ئاستی شارەزاییان نزمە و لە بواری تەکنیکییەوە شایستە نین. ئەم گۆشەنیگا نەرێنییە ئاستەنگێک دەبێت بۆ هەر هەوڵێکی دامەزراندنەوەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی لە کەرتی تایبەت. لە لایەکی ترەوە، ئەو خاوەنکارانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن هەندێک تێگەیشتن و هەڵوێستی ئەرێنییان هەیە بەرامبەر کارمەندانی ڕاژەی شارستانی. زۆر کرێکاری ناوخۆیی لە لایەک ئەوەیان پیشان داوە کە دەتوانن فێری شارەزایی و کارزانی پێویست ببن و هەروەها ئامادەن مەشق ببینن. سەرەڕای ئەمەش، خاوەنکارەکان ئارەزووی خۆیان پیشان دا بۆ دامەزراندنی دەستی کاری ناوخۆیی شارەزا. هەموو ئەو خاوەنکارە ناوخۆیی و بیانییانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن، هەمان بۆچوونیان هەبوو.

بە مانایەکی تر، پێناچێت هیچ نارەوایەتییەک هەبێت لە بەرامبەر دامەزراندنی کرێکاری ناوخۆیی، بەڵام دوودڵی لە ئارادایە لە دامەزراندنی کرێکاری ناشارەزا و ناکارامە. لەبەرئەوەی زۆربەی خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت، بیانی و خۆماڵییش، بڕوایان وایە کرێکاری ناوخۆیی وەک هاوشانە بیانییەکانیان شارەزا نین، لە ئەنجامدا زۆر جار خاوەنکارەکان دامەزراندنی کرێکاری بیانییان لا پەسەندترە.

لە ئەنجامی ئەم گۆشەنیگا و هەڵوێستانەوە، ئێمە پرسیارمان لە خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت کرد لەسەر ئەو خەسڵەتە دیاریکراوانەی بۆی دەگەڕێن لە کەسێکدا تا دایمبەزرێنن. بە شێوەیەکی سروشتی، هەموو خاوەنکارەکان مەبەستیان بوو کەسانی خاوەن شارەزایی پێویست دابنێن بۆ ئەو پۆستە بەتاڵانەی دەیانەوێت پڕی بکەنەوە. بۆ نموونە، کۆمپانیاکانی بیناسازی ئەو کرێکارانەیان دەوێت کە ئەزموونی ڕاستەوخۆیان هەیە لە بیناسازییدا، بانکەکان ئەوانەیان دەوێت کە ئەزموونی راستەوخۆیان هەیە لە بانکدا. بەڵام زۆربەی خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت تەنها باسی چەند خەسڵەتێکی گشتیان کرد. هەندێک لەم خەسڵەتانە ئەگەرچی گرنگن بەڵام بە زەحمەت دەپێورێن، وەک توانای شیکاری، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، و توانای دروستکردنی بڕیار (بڕیاردان).

بەڵام، ئێمە زانیاری سەرەتاییمان هەیە لەسەر بڕی خەسڵەتە گرنگەکانی بواری تر. بۆ نموونە، هەموو خاوەنکارەکان باسی پێداویستبوونی کارمەندی شارەزایان کرد لە بواری گەیاندن (تواصل)دا—توانای خوێندنەوە، قسەکردن، و نووسین بە ڕوونی و کارایی. خاوەنکارە بیانییەکان زیاتر بە وردی باسی پێداویستبوونی توانای گەیاندیان دەکرد بە زمانی ئینگلیزی. سەرەرای ئەمەش، زۆر خاوەنکار پێیان وابوو شتێکی تری گرنگ هەیە، ئەمەش بریتییە لەوەی کەسێکیان دەوێت کە خوێندنی باڵای تەواو کردبێت لەو بوارەدا کە دەیانەوێت. بەشەکانی تری ئەم چاپتەرە تایبەتن بە تاوتوێی بڕی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن. ئنجا بەراوردی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت دەکەین لە بواری توانای زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و ئاستی خوێندەواریی.[1]

## خەسڵەتەکانی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت

### ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن

زانیاری سەرەتایی ناو شێوەی 3.1 ی چاپتەری سێ بریتییە لە دابەشبوونی کار (وەزیفە) لە هەرێمی کوردستان و ڕەنگە ئەو تێڕوانینە دروست بکات کە کرێکارەکان لە یەک کەرت دامەزراون. بەڵام، زۆر کارمەندی راژەی شارستانی کار بۆ حکومەتیش و بۆ خاوەنکاری کەرتی تایبەتیش دەکەن. شیکردنەوەی ئێمە بۆ زانیاریە سەرەتاییەکە ئەوە دەردەخات کە نزیکەی 14.6 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کارێکی تری بێ مووچەش دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، نزیکەی 9.3 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کارێکی تری بە مووچەش دەکەن، و نزیکەی 62 لە سەتی ئەم کارمەندانە لە کەرتی تایبەت دامەزراون. ئەگەر هەر دوو رێژەی کارکردنی کارمەندانی راژەی شارستانی لە کەرتی تایبەت و لە کاری بێ مووچە ئاوێتە بکەین، ئەوسا زانیاریە سەرەتاییەکە ئەوەمان پیشان دەدات کە 20.4 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کار بۆ خاوەنکارانی کەرتی تایبەتیش دەکەن.[2]

---

[1] وەک لە چاپتەری دوو باسمان کرد، ناتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕاستیی ئەم ڕاپۆرتە خودییانە ساخ بکرێنەوە. ڕەنگە ڕاپۆرتی خودی لاگیریی تێدا بێت، و ئێمەش نازانین ئاخۆ زێدەڕۆیی یان کەمڕۆیی تێدا کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمەش باشترین زانیارییە کە لەبەردەست بێت. سەرەڕای ئەمەش، هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەست نییە کە جەخت بکات، یان هۆیەکی پێشوەختمان هەبێت گومان بکات، لەوەی کە بنەمای کارمەندانی راژەی شارستانی بۆ پێوانەکردن و ڕاپۆرتکردنی توانای زمانەوانییان یان ئاستی خوێندەوارییان جیاواز بێت لە بنەمای کارمەندانی کەرتی تایبەت.

[2] ئێمە بەم ژمێرەیە گەیشتینە رێژەی 20 لە سەت: (14.6 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کە کاری بێ مووچەش دەکەن) + [(9.3 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کارێکی تری بێ مووچەش دەکەن) * (62 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کارێکی تری بە مووچەش دەکەن لەلای کەرتی تایبەت)]= 20.4 لە سەتی کارمەندانی خزمەتیی مەدەنی کار بۆ خاوەنکارانی کەرتی تایبەتیش دەکەن.


سەرەڕای ئەمەش، شیکردنەوەکانی ئێمە ئەوە دەردەخات کە کارەکان (وەزیفە)ی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت لە بواری پیشە (مهنة)ی جیاوازدان. تەنها 8 لە سەتی کۆی ئەو کارمەندە حکومییانەی لە کەرتی تایبەتیش کار دەکەن، لە هەردوو کەرتەکە لە هەمان پیشە کار دەکەن. بە هەمان شێوە، لە کۆی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە کاری بێ مووچەش دەکەن، تەنها 5 لە سەتیان هەمان پیشە دەکەن لە هەردوو کەرتەکە.

ئێمە لەم زانیاریە سەرەتاییانەوە بە دوو سەرەنجام گەیشتین. یەکەم، خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ئامادەیی خۆیان پیشان داوە بۆ دامەزراندنی کارمەندانی راژەی شارستانی، چونکە دەبینین هەندێک کەس هەن کار بۆ هەر دوو کەرتەکە دەکەن. دووەم، هەندێک کارمەندی خزمەتی مەدەی شارەزایی گشتییان هەیە کە بۆ چەند پیشەیەک دەشێن، چونکە ژمارەیەکی کەمیان لەلای کەرتی تایبەت لە هەمان پیشەی کارە حکومییەکان کار دەکەن. هەروەها دەشێت کارمەندانی تری راژەی شارستانی، نەوەک تەنها ئەوانەی ئێستا کار بۆ کەرتی تایبەتیش دەکەن، شارەزایی ئەوتۆیان هەیە کە بتوانن بگوازنەوە. ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بێت، نەبوونی هاوشێوەیی لە نێوان پیشەکانی نێوان راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت، کە لە چاپتەری سێدا پیشان دراوە، ڕەنگە ئاستەنگێکی گەورە نەبێت بۆ چاکسازیی لە راژەی شارستانی وەک لە زانیاریە سەرەتاییەوە دەردەکەوێت.

**زمانزانی**


شێوەی 6.1 و 6.2 رێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت پیشان دەدەن کە وتویانە دەتوانن بە عەرەبی و ئینگلیزی بخوێننەوە، قسە بکەن، و بنووسن. پرسیار لە کارمەندەکان کرا ئاخۆ تا چەند دەتوانن بە هەر یەکێک لەو دوو زمانە بخوێننەوە، قسە بکەن، و بنووسن، ئەوانەی کە هەندێک ئاستی زمانزانییان هەبوو داوایان لێ کرا توانای خۆیان پۆلێن بکەن وەک لاواز، مامناوەندی، و باش. هەر یەکێک لەو دوو شێوەیە رێژەی سەتیی کارمەندەکان پیشان دەدات لە بواری زمانزانییدا. کۆی بەرزیی ستوونەکان بریتین لە رێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی باسی ئاستێکی زمانزانییان کردووە. وەک لە شێوەی 6.1 دەبیینین کارمەندانی راژەی شارستانی زیاتر عەرەبی دەزانن وەک لە کارمەندانی کەرتی تایبەت. زیاتر لە 50 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی وتویانە دەتوانن بە عەرەبی بخوێننەوە، قسە بکەن، و بنووسن، لە بەرامبەردا، 25 لە سەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت وتویانە دەتوانن بە عەرەبی قسە بکەن،

**شێوەی 6.1**
**ئاستی زانینی زمانی عەرەبی، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
RAND *MG1117-6.1*

**شێوەی 6.2**
**ئاستی زانینی زمانی ئینگلیزی، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
RAND *MG1117-6.1*

و نزیکەی 35 لە سەت وتویانە دەتوانن بە عەرەبی بخوێننەوە و بنووسن. جیاوازیی نێوان کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت بە تایبەت لە نێوان ئەوانەدا دیارە کە وتویانە توانایان باشە. نزیکەی 40 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی وتویانە بە باشی دەخوێننەوە و دەنووسن، تەنها 15 لە سەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت ئەم ئاستەیان نووسیوە.[3]

شێوەی 6.2 ئەنجامی چۆنایەتیی هاوشێوە پیشان دەدا لە زانینی زمانی ئینگلیزی. ئەگەرچی ئاستی زانینی زمانی ئینگلیزیی زۆر کەمترە لە زانینی زمانی عەرەبی، بەڵام ژمارەیەکی زیاتری کارمەندانی راژەی شارستانی ئینگلیزییان زانیوە وەک لە کارمەندانی کەرتی تایبەت. لە ڕاستییدا، ژمارەی ئەو کارمەندانەی وتیان دەتوانن بە ئینگلیزی بخوێننەوە و بنووسن دوو ئەوەندەی ئەوانەی کەرتی تایبەتن، و سێ ئەوەندەی ئەوان وتویانە دەتوانن بە ئینگلیزی قسە بکەن. جیاوازی نێوان کارمەندانی خزمەتی مەدەنی و کارمەندانی کەرتی تایبەت لەو بەشەدا دیارە کە توانای خۆیان لە خوێندنەوە، قسەکردن، و نووسین بە باش لە قەڵەم داوە.

ئێمە شیکردنەوەی ترمان ئەنجام دا بۆ وردبوونەوە لە هەندێک خەسڵەتی تری کەسەکان کە رەنگە هۆی جیاوازیی لە زانینی زماندا ڕوون بکاتەوە.[4] ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەردەخات کە جیاوازیی تر هەیە کە دەتوانێت تا ڕادەیەک جیاوازیی زمان ڕوون بکاتەوە. بە مانایەکی تر، ئەگەر کارمەندانی خزمەتی مەدەنی و ئەوانەی کەرتی تایبەت زیاتر لە یەک بچوونایە، ئەوسا بۆشایی زانینی زمان زۆر کەمتر دەبوو.

بۆ توانای خوێندنەوە و نووسین، ئەگەرچی بۆشاییەکە کەم دەبێتەوە، هێشتا ماوە و نەسڕاوەتەوە، هەندێک خەسڵەتی تری تاکەکەسی بە شێوەیەکی جزئی، نەوەک بە تەواوەتی، هۆی جیاوازیی زمانزانیی ڕوون دەکەنەوە. بەڵام، توانای قسەکردن بە زمانەکان، جیاوازییەکە بە گوێرەی ئامارەکان سفر نییە، هەندێک خەسڵەتی تری تاکەکەس دەتوانێت بە تەواوەتی هۆی جیاوازییەکان ڕوون بکاتەوە. بە تایبەت، جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری، و تا ڕادەیەکی کەمتر، دابەشبوونی تەمەنی کارمەندانی کەرتی خزمەتی مەدەنی و کەرتی تایبەت تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازی نێوان زمانزانییەکە ڕوون دەکاتەوە.

---

3 بەراوردێکی توانای کارمەندان لە بواری قسەکردن بە عەرەبی دەرەنجامێکی هاوشێوەی هەیە.


4 بۆ وردەکاریی ئەم شیکردنەوانە، تکایە بڕوانە پاشکۆی B.

**ئاستی خوێندەواریی**

شێوەی 6.3 بەرزترین ئاستی خوێندەواریی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت پیشان دەدات.[5] وەک شێوەی 6.3 بە ڕوونی پیشانی دەدات کارمەندانی راژەی شارستانی ئاستێکی بەرزتری خوێندیان تەواو کردووە وەک لەوەی کارمەندانی کەرتی تایبەت. زیاتر لە نیوەی سەرجەم کارمەندانی کەرتی تایبەت وتیان یان کۆلیجی فەرمییان نەخوێندووە یان هیچ بڕوانامەیەکیان بەدەست نەهێناوە، نزیکەی کەمێک زیاتر لە 15 لە سەت وتیان خوێندنی زیاتر لە سەرەتاییان خوێندووە. لە بەرامبەردا، ڕێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی کەرتی تایبەت کە بڕوانامەیان بەدەست نەهێناوە، ئەگەرچی بەرزە، بەڵام لەوە کەمترە (33 لە سەت)، هەروەها شێوەی 6.3 بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە ڕێژەیەکی سەتیی زۆر زیاتری ئەم کارمەندانە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە. زانیاریە سەرەتاییەکە ئەوە دەردەخات کە نزیکەی 85 لە سەتی ئەو مووچەخۆرانەی بە لای کەمەوە بەکالۆریۆسیان تەواو کردووە، کار بۆ حکومەت دەکەن.

بە هەمان شێوەی زمانزانی، ئێمە شیکردنەوەی زیاترمان کرد بۆ وردبوونەوە لەوەی ئاخۆ کام خەسڵەتی تری تاکەکەس هەندێک لەم جیاوازییانەی نێوان ئاستی خوێندەوارییمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.[6] بە پێچەوانەی زمانزانییەوە، خەسڵەتی تری تاکەکەس پەیوەندییەکی زۆر کەمی هەیە بە جیاوازیی ئاستی خوێندنی کارمەندانی راژەی شارستانی لەگەڵ کارمەندانی کەرتی تایبەت.

**شێوەی 6.3**
**بەرزترین ئاستی خوێندواری، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
RAND MG1117-6.3

5 بە داخەوە لە خانەکەدا ئەوە دیاری نەکراوە ئەوە دەرچووی کام بوارن، بۆیە نەمانتوانی لە پەیوەندیی نێوان ئەو خوێندنە فەرمییە وردببینەوە کە کارمەندێکی کەرتی تایبەتی خوێندوویەتی لە بەرامبەر ئەو پیشەیەی کە لێی دامەزراوە.

6 بۆ وردەکاریی ئەم شیکردنەوانە، بڕوانە پاشکۆی B.

## تاوتوێ

شیکردنەوەی ئێمە بۆ زانیاری سەرەتایی IHSES هەلێک و چەند ئاستەنگێک لە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەخات لە هەوڵیدا بۆ دامەزراندنەوەی کارمەندانی راژەی شارستانی لە کەرتی تایبەت. زانیاری سەرەتایی زمانزانیی عەرەبی و ئینگلیزی و ئاستی خوێندەواری ئەوە دەردەخەن ژمارەیەکی زۆر کارمەندانی راژەی شارستانی شارەزایی و خەسڵەتی ئەوتۆیان هەیە کە خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت پەرۆشن بۆیان. سەرەڕای ئەمە، ئەو بەشەی کارمەندانی راژەی شارستانی کە ئەم خەسڵەتانەیان هەیە ئاستیان بەرزترە وەک لە کارمەندانی کەرتی تایبەت. بە مانایەکی تر، خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ئەو کارمەندانەیان هەڵبژاردووە کە خەسڵەتی کەمتریان هەبووە وەک لەوەی خاوەنکارەکان بۆی گەڕاون بۆ دامەزراندن.[7] ئەمەش ئەوە دەردەخات خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ڕەنگە بیانەویت هەندێک کارمەندی خزمەتی مەدەنی دابمەزرێنن لەو کارمەندانەی ئامادەن واز لە حکومەت بهێنن — و ڕەنگە پێویستیان بەوە نەبێت مەشق و راهێنانی زیاتریان پێبکرێت وەک تەسەور دەکرێت.

بەڵام، سێ ئاستەنگیش لە ئارادایە. یەکەم، ئاخاوتنەکانمان لەگەڵ خاوەنکارانی کەرتی تایبەت ئەوە دەردەخات کە کواڵیتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لاوازە. ئەمە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە، بە قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەییشەوە، هەروەها زانکۆ، و خوێندنگە فەرمییە پیشەییەکانیش.[8] دووەم، زۆر خاوەنکاری کەرتی تایبەت وا هەست دەکەن خوێندنی باڵا، تەنانەت بۆ ئەو پۆستە بەتاڵانەی دەیانەوێت کارمەندی بۆ پەیدا بکەن، بەس نییە بۆ جەختکردنەوە لەوەی کواڵیتی کارمەندەکە بەرز دەبێت. هەروەها پێدەچێت ناتەباییەک هەبیت لە نێوان جۆری بوارەکانی خوێندن لە کۆلیژەکان و ئەو کارزانیيانەی بۆ پۆستەکانی کەرتی تایبەت پێویستن. کاریگەرەکەشی ئەوەیە کە سەرەڕای ئاستی بەرزی خوێندەواریی کارمەندانی راژەی شارستانی، ڕەنگە دامەزراندن لە کەرتی تایبەت نەگاتە ئەو ئاستەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستییەتی.

دواجار، سەرەڕای ئەو خەسڵەتانەی کە خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بەرێزەوە لێی دەڕوانن، زۆربەی کارمەندانی راژەی شارستانی نایانەوێت لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن، تەنانەت وەک ئیشێکی لاوەکیی دووەم بۆ پەیداکردنی هەندێک پارە. بە بێ ئەوەی گۆڕانکاری بکرێت لەو حەوافزانەی دەدرێت بەو کارمەندانە، یان لە سیفەتەکانی کارەکانی کەرتی تایبەت، پێناچێت کارمەندانی راژەی شارستانی بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بە ژمارەی زۆر لێشاو ببەن بەرەو کەرتی تایبەت. لە چاپتەری داهاتوودا، ئێمە ئەو فاکتەرانە شی دەکەینەوە کە رۆڵیان هەیە لە هەلبژاردنی کارکردن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

---

7 ئەم زانیاریە سەرەتاییە تەبایە لەگەڵ ئەوەی کە حکومەت بە خۆی دەستی کاری هەڵبژاردووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئەو کارمەندانە هەڵبژێرێت کە کارزانییان زیاترە. ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بێت، ئەگەرچی خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بۆ هەندێک خەسڵەت دەگەڕێن لە کارمەندەکانیاندا هەبێت، بەڵام کارمەندانی ئەوتۆیان دامەزراندووە کە کەمتر ئەم خەسڵەتانەیان هەیە چونکە ئەو کارمەندانەی ئەو خەسڵەتانەیان هەیە دەتوانن لە راژەی شارستانی کار بدۆزنەوە.

8 بڕوانە چاپتەری چوار بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە.

## سیستمی قەرەبووی راژەی شارستانی، و سیاسەتی کاروباری کارمەندان

سەرەرای ئەوەی کارمەندانی راژەی شارستانی ئەو خەسڵەتانەیان هەیە کە خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بە بەهاداری دادەنێن، بەڵام زۆربەیان نایانەویت  کار بۆ کەرتی تایبەت بکەن. بابەتێک گرنگ کە پێویستە ڕەچاو بکرێت بریتییە لەوەی بۆچی زۆر کارمەندی راژەی شارستانی دامەزراندنیان لە راژەی شارستانی لا پەسەندترە وەک لە کەرتی تایبەت. تیۆری ئابووری پێشنیاری ئەوە دەکات کە کاتێک کەسێک بریار دەدات لەسەر ئەوەی لە کام کەرت کار بکات، ئەو پاداشت و دەستکەوتانە هەڵدەسەنگێنێت کە لە هەر کەرتێک دەستی دەکەوێت و حەزی خۆیان لە خەسلەتەکانی هەر کەرتێک، و ئنجا ئەو کەرتە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین سوودی هەیە.[1] بۆیە، کارمەندانی راژەی شارستانی تەنها کاتێک بیر لە هەلی دامەزراندنی تر دەکەنەوە ئەگەر دەستکەوتەکانی وەزیفەی کەرتی تایبەت زیاتر بێت لەوانەی دامەزران لەلای کەرتی مەدەنی.

ئەم پاداشتانە بریتین لە مووچە و کرێ، و شتی ناپارەیی (وەک دڵنییای کارەکە و حەزی کەسێک بۆ کارکردن لە یەکێک لە کەرتەکان). بۆ نموونە، ئەگەر قەرەبووی خزمەتی مەدەنی زیاتر بێت لەوەی کەرتی تایبەت، کارمەندانی راژەی شارستانی دوودڵ دەبن لەوەی خۆبەخشانە واز لە پۆستەکانی ئێستایان بهێنن. هەروەها بابەتی مەترسیی مەعنەویی، ئەگەر لە کەرتێکدا کارمەندەکان بە ئاسانی بتوانن خۆیان لە قەرەی کار نەدەن و و دوور بن لە چاوی چاودێریی خاوەنکار، ئەوسا ئەو کۆششەی دەیکەن کەمترە و کەمتر خۆیان ماندوو دەکەن، و کارمەندەکان ئامادە دەبن بە مووچەیەکی کەمتریش لەم کەرتە دەوام بکەن.[2]

هەروەها، ئەگەر سیستمی قەرەبووی خزمەتی مەدەنی ئەدای باش دەستنیشان نەکات و خەڵاتی نەکات، ئەوسا زۆربەی کارمەندە بەرهەمهێنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستەکانیان بەجێدەهێڵن و دەچن بۆ کەرتی تایبەت. تیۆری ئابووری پێشبینی ئەوە دەکات کە پێکەوە گرێدانی ئەدای کارمەندی خزمەتی مەدەنی بە قەرەبووەوە دەبێتە مایەی زیاتربوونی تێکڕای بەرهەمهێنان لە ڕێی دنەدانی کارمەندانی کەم توانا بەرەو بەجێهێشتن و هێشتنەوەی کارمەندە ئەدا بەرزەکان و دابینکردنی حەوافزی باشتر بۆ خۆماندووکردن و کۆششکردن. (Lazear, 2000). ئەمانە لە کورتخایەنییدا گرفتی بەپەلە نین، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی و گواستنەوەی هەندێک لەم کارمەندانە دەبێتەوە بەرەو کەرتی تایبەت. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژخایەنییدا مەبەستی دەبێت ئەم قەبارە بچووکەی راژەی شارستانی هەرە کاراترین و بەرهەمهێنترین بن.

لەم چاپتەرەدا، ئێمە سیستمی قەرەبووی راژەی شارستانی شی دەکەینەوە لەگەڵ سیاسەتی سەبارەت بە کارمەندان بۆ ئەوەی باشتر لەو حەوافزانە تێبگەین کە دەدرێن بە کارمەندان کاتێک بریار لەسەر کارکردن دەدەن بۆ راژەی شارستانی یان کەرتی ئەهلی. دوابەدوای ئەم شیکردنەوەیە، ئێمە هەندێک ڕاسپاردە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لە هەوڵیدا لە ماوەی کورتخایەن بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی و لە هەوڵیدا لە درێژخایەنییدا بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی پلانێکی ستراتیجیی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەستی کاری راژەی شارستانی.

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە Blau et al. (1956), Warner and Asch (1995) و Gottschalk and Hansen (2003).

[2] لە دووتوێی بابەتەکەی ئێمەدا (مەترسی مەعنەوی، moral hazard) بریتییە لەو حەوافزانەی کارمەندی نابەرهەمهێن هەیەتی. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە قەرەبووی کارمەندەکە یان کارەکە پشت بە بەرهەمهێنانی نەبەستیت. لەبەرئەوەی کارمەندەکە خەڵات ناکرێت ئەگەر بەرهەمەکەی زیاتر بکات، ئەوسا هیچ حەوافزێکی نابێت تا زیاتر خۆی ماندوو بکات و هەوڵی زیاتر بدات بۆ زیاترکردنی بەرهەمەکانی.

## داهات و سوودەکانی کارەکان لە راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت

### مووچە و کرێ

ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە کارێکی دروستە بەراورد بکەیت لە نێوان مووچەی وەزیفەکانی خراژەی شارستانی و کەرتی تایبەت، بەڵام لەبەرئەوەی دابەشبوونی وەزیفیی لەو دوانەدا هاوشێوە و وەک یەکتری نین، بە زەحمەت دەتوانرێت بە وردی مەزەندەیی جیاوازییەکان بکرێت. بۆیە، ئێمە بە تێروتەسەلی سەرجەم ئەو پیشانەمان کۆکردۆتەوە کە لە خشتەی 3.1 و خشتەی 3.2 دا هەیە لە چاپتەری سێ و پۆلێنی بەرفراوانی وەزیفییمان لێ دروست کردن. ئێمە تێکڕای مووچەی کەسێکی هەر پۆلێنێک لەو پۆلێنانەمان ژمارد.[3] وبۆ هەر پۆلێنی پیشەیەک ئێمە مەزەندەی رێژەی سەتیی جیاوازیی مووچەکانمان بۆ کارمەندێکی مامناوەندی کەرتی تایبەت و راژەی شارستانی مەزەندە کرد. بە جیاوازیی ئەم رێژەیە دەگوترێت (جیاوازیی مووچەی کەرتی تایبەت). ئەگەر ئەم جیاوازییە بە پۆزەتیف بێت، ئەوسا مووچەی کەرتی تایبەت زیاترە لە مووچەی حکومەت، ئەگەر نێگەتیف بێت ئەسا مووچەی راژەی شارستانی زیاترە.

شێوەی 7.1 جیاوازی مووچەی کەرتی تایبەت پیشان دەدات بە گوێرە پۆلێنی پیشە.[4] وەک لەم شێوەیە دەردەکەوێت، کارمەندانی کەرتی تایبەت لە زۆربەی پۆلێنی پیشەکاندا زیاتریان دەست دەکەوێت لە کارمەندانی راژەی شارستانی.[5] لە حاڵەتی ئەوپەڕییدا، کرێکارانی بێ شارەزایی کەرتی تایبەت 50 لە سەت زیاتریان دەست دەکەوێت وەک لە کارمەندانی راژەی شارستانی بۆ هەمان پیشە. بەڵام دوو حاڵەتی بەدەرکار (استثناء) هەیە. فرۆشیارانی خزمەتگوزاری، دوکان و بازاڕ لە راژەی شارستانی 10 لە سەت زیاتر وەردەگرن وەک لە هاوشانەکانیان لە کەرتی تایبەت.[6] ئەو جیاوازیی پارەیەی دەدرێت بە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانەی راژەی شارستانی زۆر گەورەتریشە، ئەگەرچی تەنها چەند کارمەندێکی کەم (لە هەردوو کەرتەکە) لە پۆلێنی ئەم پیشەیەدا کار دەکەن.

### سوود و دەرماڵەکان

شێوەی 7.2 رێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت پیشان دەدات کە گوتویانە وەک بەشێک لە کارەکەیان ئەمانە وەردەگرن: بیمەی تەندروستی، بیمەی خانەنشینی، و مۆڵەتی بە مووچە. وەک زانیاریە سەرەتاییەکە بە ڕوونی پیشانی دەدات، جیاوازییەکی نائاسایی هەیە لە نێوان ئەو دوو کەرتەدا. بە نزیکەیی هەموو کارمەندانی خزمەتی مەدەنی باسی ئەوەیان کرد کە بیمەی خانەنشینی وەردەگرن، لە بەرامبەردا، بە نزیکەیی هیچ کارمەندێکی کەرتی تایبەت نەیگوت کە ئەم جۆرە دەرماڵانە وەردەگرن. بە هەمان شێوە، ژمارەیەکی ئێجگار کەم کارمەندی کەرتی تایبەت دەرماڵەی تەندروستی وەردەگرن. ئەگەرچی رێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە ئەم دەرماڵانە وەردەگرن زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەوانەی بیمەی خانەنشینی وەردەگرن، بەڵام هێشتا جیاوازیی نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت هەر نائاساییە. نزیکەی 15 لە سەت لە کارمەندانی کەرتی تایبەت باسی ئەوەیان کرد کە مووچەی بە مۆڵەتیان وەرگرتووە. بەڵام دیسانەوە زۆربەی زۆری کارمەندانی راژەی شارستانی مۆڵەتی بە مووچە وەردەگرن

---


[3] ئێمە چەند گۆڕاوێکی ناو IHSES بەکارهێنا بۆ حسابکردنی مووچەکان. کارمەندەکان بڕی ئەو پارەی نەختینەیەیان گوتووە کە وەریدەگرن (دوای لێبڕینی باج و خانەنشینی)، لەگەڵ چەند یەکەی کات حساب کراوە بۆ ئەم مووچەیە، ئاخۆ ئەم یەکانە بریتی بوون لە رۆژ، هەفتە، نیو مانگ، یان مانگانە. ئێمە کۆی ئەو پارەیەی وەرمانگرت دابەش کرد بەسەر پێنجدا ئەگەر هەفتانە مووچە وەربگرن، و بەسەر (دە) دا ئەگەر دوو هەفتە جارێک وەریبگرن، و بەسەر 20 دا ئەگەر مانگانە وەریبگرن بۆ دەستنیشانکردنی بری مووچەی رۆژانەی کارمەندێک. بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئێمە هەمان ئاستی کار لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکەین، ئێمە تەنها ئەو کەسانەمان کرد بە سامپڵ کە وتویانە لە هەفتەیەکدا 30 کاتژمێر یان زیاتر کار دەکەن.

[4] لەبەرئەوەی بە نزیکەیی هیچ کارمەندێکی راژەی شارستانی لە بواری کشتوکاڵدا کار ناکات، نەمانتوانی جیاوازیی مووچەی کەرتی تایبەت بۆ پۆلێنی ئەم پیشەیە حساب بکەین.

[5] ئێمە هەروەها شیکردنەوەی بەرەوخواری (تحلیل انحداری/تراجعی، quantile regression) مان بەکارهێنا بە گوێرەی تەمەن، ئاستی خوێندەواری، و جێندەر. شیکردنەوەی بەرەوخوار (تحلیل انحداری) بریتییە لە جۆرێک شیکاریی ئامار. شیکردنەوەی بەدواداچوونەوە هاوشێوەیە لەگەڵ هەرە جۆری بنەڕەتیی شیکردنەوەی بەرەوخواری، کە پێی دەگوترێت بەدواداچوونەوەی چوارگۆشەیی، بەڵام لە جیاتی ئەوە بوارمان بۆ دەرەخسێنێت مەزەندەی ناوەندی مەرجدار بکەین (بەدواداچوونەوەی چوارگۆشەیی لای کەم مەزەندەی هۆی مەرجدار دەکات). ئامانجی ئەم شیکارییە زۆر هاوشێوەیە لەگەل ئەو ئەنجامە دەستکارینەکراوانەی لە شێوەی 7.1 بلاوکراوەتەوە.


[6] بە شێوەیەکی افتراضی، سەرجەم کارمەندانی ئەم پۆلێنی پیشەیە لە پیشە خزمەتگوزارییە پارێزگارییەکانن، ئیشی وەک ئەمە لە کەرتی تایبەت بوونی نییە. ئەمەش ئەو ئاستەنگانە پیشان دەدات کە رووبەڕووی مەزەندەکردنی جیاوازییەکانی مووچە دەبێتەوە کاتێک هاوتاییەکی کەم هەبێت لە نێوان دابەشبوونی پیشەکان لە کەرتی تایبەت و راژەی شارستانی.

**شێوەی 7.1**
**جیاوازیی مووچەی کەرتی تایبەت، بە گوێرەی پۆلێنی پیشە**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
RAND MG1117-7.1

**شێوەی 7.2**
**رێژەی سەتیی کارمەندانی خاوەن دەرماڵەی ناپارەیی، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.
RAND MG1117-7.2

ئێمە هەروەها بە وردی سەیری خشتەی دەوامی ئاسایی و نائاسایی دەوامی ئەو کەسانەمان کرد کە کار دەکەن. دەوامی فوولتایم بە سوودێکی تری دامەزراندن دادەنرێت چونکە دەوامەکەی دیاری کراوە. لە زانیاریە سەرەتاییەکانی ئێمەدا ماوەی دەوامی کارکردن 30 کاتژمێر یان زیاتر لە هەفتەیەکدا کارێکە بە شێوەیەکی بەردەوام، 30 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا نابەردەوام، ئیشی وەرزی یان نارێکخراو واتە


کارەکە نائاساییە و بەردەوام نییە، وەک کرێکاریی بیناسازیی کە کارەکەیان پچڕ پچڕە. شێوەی 7.3 ڕێژەی سەتیی جۆری خشتەی کاری کارمەندان پیشان دەدات، بە گوێرەی سەکتەر.

وەک لە شێوەی 7.3 دەردەکەوێت، زۆربەی کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت لە هەفتەیەکدا 30 کاتژمێر یان زیاتر کار دەکەن بە شێوەیەکی بەردەوام. ڕێژەیەکی کەمتری کارمەندانی راژەی شارستانی، بەڵام ژمارەشیان کەم نییە، کەمتر لە 30 کاتژمێر دەوام دەکەن لە هەفتەیەکدا بە شێوەیەکی بەردەوام. نزیکە 93 لە سەتی کارمەندانی راژەی شارستانی کەمتر لە 30 کاتژمێر کار دەکەن لە هەفتەیەکدا، و تەنها 8 لە سەت بە شێوەیەکی نابەردەوام (پچراو) دەوام دەکەن. لە بەرامبەردا، نزیکەی 30 لە سەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی نابەردەوام (پچراو) کار دەکەن، ئنجا یان خشتەی کاتی کارەکە نارێکوپێک و نائاساییانە (ئەمانە ڕێژەیان بریتییە لە 24 لە سەت) یاخود کرێکاری وەرزیین و لە هەندێک وەرزدا بێ کار دەبن (6 لە سەت). زانیاری سەرەتایی شێوەی 7.3 ئەوە دەردەخات کە سەقامگیریی کار لایەنێکی تری ئەرێنی کاری راژەی شارستانیە، چونکە ئەم کارمەندانە ئیشەکەیان بەردەوامترە، و فولتایمە.

بە پوختیی، شیکردنەوەی ئێمە ئەوە دەردەخات کە ئەگەرچی بە گشتیی کارمەندانی کەرتی تایبەت مووچەی زیاتریان پێدەدرێت لە هی حکومەت، بەڵام دەماڵە و بەردەوامیی و سەقامگیریی کاری خزمەتی مەدەنیی باشترە. لەبەرئەوەی زۆربەی کارمەندانی راژەی شارستانی بڕیاریان داوە لە کەرتی تایبەت دانەمەزرین، گرفتەکە ئەوەیە کە جیاوازیی مووچە لە لای کەرتی تایبەت بەس نییە بۆ ئەوەی بەهای لایەنە ئەرێنییەکانی راژەی شارستانی و خەسڵەتەکانی راژەی شارستانی بە بەراورد لەگەڵ کاری کەرتی تایبەت، بە خشتەی کاتەکەشەوە، لەبەرچاوی کارمەندەکانی راژەی شارستانی بسڕێتەوە. بەڵام، تیۆری ئابووری پێشبینی ئەوە دەکات زیاترکردنی جیاوازی مووچەی کەرتی تایبەت یان زیاترکردنی دەرماڵەی کەرتی تایبەت دەبن بە هاندەر بۆ کارمەندانی راژەی شارستانی کە زیاتر بیر لە گواستنەوە بکەنەوە بۆ کەرتی تایبەت.[7] لە بەشی داهاتوودا، ئێمە لە هەندێک خەسڵەتی تری کارکردن لە خزمەتی مەدەنی و قەرەبوو ورد دەبینەوە بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لەو حەوافزانەی پاڵ بە کەسێکەوە دەنێن بڕیار بدات لەسەر ئەوەی لە کام کەرت کار بکات.

**شێوەی 7.3**

**ڕێژەی سەتیی کارمەندان کە خشتەی دەوامیان جۆراوجۆرە، بە گوێرەی کەرت**




سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی IHSES-2007.

RAND MG1117-7.3

---

7 دەتوانرێت زیادکردنی دەرماڵەی ڕێژەیی لە کەرتی تایبەت لە ڕێی کەمکردنەوەی دەرماڵەی ڕەهای راژەی شارستانی بێت، نەوەک لە ڕێی زیادکردنی ئاستی ڕەهای دەرماڵەی کەرتی تایبەتەوە.

## سیاسەتی کاروباری کارمەندان: دامەزراندن، قەرەبووکردن، بەرزکردنەوەی پلە، و هەڵسەنگاندنی ئەدا

لەم بەشەدا، ئێمە پرۆسە و شێوازی ئێستای دامەزراندن، قەرەبووکردنەوە، بەرزکردنەوەی پلە، و هەڵسەنگاندنی ئەدا شی دەکەینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت باشتر ئاشنا ببین بەو حەوافزانەی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن بڕیار بدات راژەی شارستانی یان کەرتی تایبەت هەڵبژێرێت. بە گشتیی، ئەم شیکردنەوەیە تیشک دەخاتە سەر حەوافزەکانی ئەو کارمەندانەی خزمەتی مەدەنی کە دەتوانرێت لە کەرتی تایبەت دابمەزرێنەوە و چەند رێکارێک دەخاتە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رەچاوکردنی ئەم ڕێکارە پێشنیاکراوانە لە هەوڵیدا بۆ پەرەپێدانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت.

#### دامەزراندن

ڕێکارێک وەک بەدیل بۆ گواستنەوە لە نێوان راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە سنووردانان بۆ دامەزراندن لە لایەن حکومەتەوە و بوار بدرێت کەمبوونەوە و بەجێهێشتنی ئاسایی ببێتە مایەی بچووک بوونەوەی قەبارەی دەستی کاری راژەی شارستانی. ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا پێویستی بەوە دەبێت کەسانی شایستە و کارزان لە پۆستە سەرەکییەکان دابمەزرێنێت.[8] سنووردانان بۆ دامەزراندن رێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سنووردانان بۆ قەبارەی دەستی کاری راژەی شارستانی.

ئەم ستراتیجە دوو لایەنی ئەرێنی هەیە. یەکەم، ئاسانترە سنوور دابنرێت بۆ زیادبوونی ژمارەی دەستی کاری راژەی شارستانی وەک لەوەی هانی فەرمانبەرەکانی ئێستا بدەیت بڕۆن. چونکە ئەو کەسانەی هێشتا حکومەت داینەمزراندوون هیچ کۆتوبەندێکی یاسای راژەی شارستانیان لەسەر نییە. دووەم، کەمبوونەوە و بەجێهێشتنی ئاسایی لە راژەی شارستانی بە تەواوەتی ئارەزوومەندانە دەبێت. ئەمە دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ئەگەری هەر پاشخانێکی سیاسیی کە لە پرۆسەی جیاکردنەوەی نائارەزوومەندانەدا هەیە.

ئێمە زانیاری سەرەتایی بەرتەسک و سنووردارمان هەیە لەسەر زیادبوونی ئەم دواییەی ژمارەی دەستی کاری راژەی شارستانی لە هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی هەندێک وەزارەت بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە، بەڵام قەبارەی پێشبینیکراوی راژەی شارستانی لە 2010، 1.5 لە سەت گەورەتر بوو لەوەی ساڵی 2009.[9] بەڵام شایانی باسە زیادبوونی ڕاستەقینە لە 2010 زیاتر بوو لەو ژمارەیەی لە بەراییدا پێشبینی کراوە سەرەڕای ئەمە، ئێمە زانیاری سەرەتاییمان لەبەردەست نییە بۆ بەراوردکردنی قەبارەی راژەی شارستانی لە 2010 لەگەڵ قەبارەکەی لە 2006، کاتێک کابینەی پێنجەم دەستی بە کارەکانی کرد وەک یەکەم حکومەتی یەکگرتوو، یان لە 2003، کاتێک جەنگی عێراق بووە مایەی ڕووخاندنی رژێمی سەدام حسین.

سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی سنووردانان بۆ دامەزراندن لە لایەن حکومەتەوە، چوار لایەنەی خراپەی هەیە. یەکەم، ڕەنگە فشاری سیاسی لە ئارادا بێت بۆ درێژەدان بە دامەزراندنی هەندێک کارمەند. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوسا زۆر زەحمەت دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوور بۆ دامەزراندن دابنێت بە شێوەیەکی بەرچاو. ئەمەش تەبایە لەگەڵ زیادبوونی ڕاستەقینەی ژمارەی کارمەندان لە 2010 کە زیاتر بووە لەوەی لە پلاندا بووە. پێدەچێت ئەم فشارە چڕتر ببێتەوە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دەربکەوێت کە هێشتا پێویستی بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر خەڵکە بۆ پۆستە بنەڕەتییەکان، وەک مامۆستا، چونکە فشار دەهێنرێت بۆ پۆلێنکردنی ژمارەیەکی زۆر پۆستی تر بە ناوی ئەوەی کە ئەوانەش پۆستی "بنەڕەتیین".

دووەم، ڕەنگە کەمبوونەوە و بەجێهێشتنی ئاسایی ساڵەهای ساڵی پێ بچێت (بۆ نموونە، ئەو کەسانەی دەگەنە تەمەنی خانەنشینی و خانەنشین دەبن) تا بە شێوەیەکی بەرچاو کار بکاتە سەر کەمبوونەوەی قەبارەی دەستی کاری راژەی شارستانی، و، تا ئەو کاتەی ئەو جیابوونەوانە ڕوودەدات، کاریگەرێکی ئێجگار گەورەی کردۆتە سەر مووچەی راژەی شارستانی، و مووچەدانی قەبارەیەکی گەورەی خزمەتی

---

8 بۆ نموونە، لە لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازدا، ڕەند مەزەندەی ئەوەی کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ساڵانە 5000 تا 7000 مامۆستای نوێ دابمەزرێنێت بۆ وەلامدانەوەی پێداویستبوونی زیادبوونی ژمارەی داخڵبوونی قوتابیان لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا.

9 رێژەی سەتیی زیادبوونی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی بە بەکارهێنانی زانیاری سەرەتایی 2009 ی خشتەی 3.4 و بەو زیادبوونە ژمێدرداوە کە وەزارەت پێشبینی کردووە، وەزارەتی پلاندانان داویەتی بە ئێمە.

مەدەنی کاریگەرێکی گەورەی دارایی دەبێت. پێدانی خانەنشینی بۆ ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە خانەنشین دەبن کاریگەرەکە خەستریش دەکات. سێیەم، ڕەنگە سنووردانان بۆ دامەزراندن لە کورت خایەنییدا ببێتە مایەی کەمیی کارمەندی خاوەن ئەزموون لە درێژخایەنییدا (Congressional Budget Office, 1999). لەبەرئەوەی پۆلێکی کەم لە خەڵک لە راژەی شارستانی دادەمەزرێن، ئەمە پاشان دەبێتە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی بچووک کارمەندی تەمەنی ناوەندیی پیشەیی لە ئارادا بن، دواجار، ڕەنگە ئەم ستراتیجە ببێتە مایەی هەڵبژاردنێکی پێچەوانە، واتە، ئەو کەسانەی کە دەکرێت ببن بە باشترین کارمەندی راژەی شارستانی، لە بنەڕەتەوە کار بۆ حکومەت نەکەن (و نەیانەوێت دابمەزرێن).

هەروەها جێی سەرنجە سنووردانان بۆ دامەزراندن لە راژەی شارستانی خۆی لە خۆیدا نابێتە مایەی زیاتربوونی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت. بە بێ چاکترکردنی دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، لە کەرتی تایبەت هێندەی پێویست پۆست نابێت جێگەی ئەو کارمەندانەی تێدا ببێتەوە کە دەچوونە پاڵ راژەی شارستانی. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ستراتیجە پیادە بکات بۆ کەمترکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی، پێویستە لەگەڵ چەند ستراتیجێکی تر ئاوێتەی بکات.

کاتێک سنوور بۆ دامەزراندن دادەنرێت، پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە پێویستە خەڵک تەنها لە پۆستە بەتاڵەکان دابمەزرێندرێن و تەنها کەسانی شایستە دابمەزرێندرێن. خشتەی 7.1 بریتییە لە چەند شێوازێکی جۆراوجۆر کە تێیدا کارمەندان ئیشیان دەست دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان. ئەم زانیاریە سەرەتاییانە بە جیا پێشکەش کراون بۆ کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت، و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەدەستهێنانی کار پیشان دەدات و لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیز کراون بە گوێرەی ڕێژەی ئەو کارمەندانەی کەرتی تایبەت کە ڕیزیان کردوون.

وەک لە شێوەی 7.1 دەردەکەوێت زۆربەی کارمەندانی راژەی شارستانی پێدەچێت لە ڕێی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆوە بە حکومەت ئەم وەزیفەیەی ئێستایان دەست کەوتبێت، زیاتر لە 45 لە سەت دەڵێن بەم شێوەیە ئەم ئیشەی ئێستایان دەست کەوتووە، ئاخۆ لە ڕێی پەیوەندیکردنەوە بوو بێت بە بنکەیەکی دامەزراندنی حکومی یان پەیوەندییکردن بە دەستگایەکی حکومییەوە. بەڵام، زیاتتر لە چارەکی سەرجەم کارمەندەکانی راژەی شارستانی دوای پرس و ڕا لەگەڵ خزم و کەسوکار یان برادەرەوە ئەم ئیشەی ئێستایان دەست کەوتووە. ئەم زانیاریە سەرەتاییانە ئەوە دەردەخەن کە بلاوکردنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر پۆستی بەتاڵ دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی هەرە شایستەترین خەڵک لە پۆستە بەتاڵەکان دادەنرێن.

بەڵام جێی سەرنجە ژمارەی ئەو بەشەی کارمەندانی کەرتی تایبەت کە پەیوەندیی شەخسییان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئیشیان دەست بکەوێت، ئێجگار زۆترە، نزیکەی 74 لە سەت. ئەگەرچی ئەمە ئاماژەیە بە پەیوەندیی توندوتۆڵیی خێزان لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە نییە بەوەی بازاڕی کار بە

**خشتەی 7.1**
**شێوازە سەرەکییەکانی پەیداکردنی کار، بە گوێرەی کەرت**

| شێواز | ڕێژەی سەتیی: حکومەت | ڕێژەی سەتیی: تایبەت |
|---|---|---|
| پرس لە خزم و برادەر | 27.3 | 74.3 |
| ڕاستەوخۆ پەیوەندیکردن بە خاوەنکارەوە | 1.2 | 8.3 |
| پەیوەندیکردن بە بنکەیەکی ئەهلیی هەلی کارەوە | 1.3 | 5.3 |
| پەیوەندیکردن بە بنکەی دامەزراندنی حکومییەوە | 33.7 | 1.0 |
| پڕکردنەوەی فۆرم | 16.6 | 0.7 |
| ریکلام کردن بۆ شەخسی خۆی | 0.2 | 0.6 |
| بەدواداچوونی ریکلام | 0.2 | 0.2 |
| پەیوەندیکردن بە دەستگایەکی حکومییەوە | 12.1 | 0.1 |
| هی تر | 7.4 | 9.5 |

سەرچاوە: IHSES-2007.

شێوەیەکی باش ئیش بکات و تێیدا زانیاری لەسەر کار بە خۆڕایی لەبەردەست بێت. لە چاپتەری هەشت دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باسە.

**قەرەبووکردنەوە، بەرزکردنەوەی پلە، و هەڵسەنگادنی ئەدا**

ڕێکارێکی تر بۆ گواستنەوەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە چاکسازیی لە سیستمی قەرەبووی ڕاژەی شارستانی و سیاسەتەکانی کاروباری کارمەندان بۆ ئەوەی وەزیفەی ڕاژەی شارستانی کەمتر خەڵک بۆ خۆی ڕابکێشێت. دوو شێوازی سەرەکیی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. یەکەم، کەمکردنەوەی سوودە داراییەکانی کاری ڕاژەی شارستانی. دووەم، خاوکردنەوەی خێرایی بەرزکردنەوەی پلەی ڕاژەی شارستانی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان بەرزکردنەوەی پلە بە ئەدای کارمەندەوە، کە ئەمەش دەبێت بە حافز بۆ هەندێک کارمەندی ڕاژەی شارستانی بۆ ئەوەی بچن لە کەرتی ئەهلی دابمەزرێن. ڕێکاری دووەم دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ئەگەری بەرزکردنەوەی کارمەندانی ئەدا نزم، بەم شێوەیەش قەرەبووی ئایندەیان کەمتر دەبێتەوە لە ڕاژەی شارستانی. بۆ ئەوانەی تازە دێن ناو بازاڕی کار بۆ دۆزینەوەی کار، ئەم ڕێکارە کاریگەرێکی هاوشێوەی دەبێت لەسەر قەرەبووی پێشبینیکراو.

ئەم ستراتیجە سێ لایەنی ئەرێنی سەرەکیی هەیە. یەکەم، جیابوونەوە لە ڕاژەی شارستانی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت، ئەمەش ئەگەری پاشخانی سیاسیی جیاکردنەوەی نائارەزوومەندانە ناهێڵێت. دووەم، لە لایەک خێرایی بەرزکردنەوەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی خاو دەکاتەوە و ئەم بەرزکردنەوانە دەبەستێتەوە بە ئەدا-وە و ئەمەش سنوور دادەنێت بۆ زیاترکردنی مووچەکی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی، بەم شێوەیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوە دەگمەنەکانی لەسەر بواری تر سەرف دەکات. دواجار، ئەوەندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت پەیوەندی نێوان ئەدا و بەرزکردنەوە پتەوتر بکات، ئەوسا هێندەش دەبێتە مایەی ئەوەی گرفتی هەلبژاردنی پێچەوانە چارەسەر بکات و جەخت لەوە بکاتەوە ئەوانەی ئەدایان بەرزە نەڕۆن بۆ کەرتی تایبەت.

سەرەڕای ئەم خاڵە ئەرێنییانە، چوار خاڵی نەرێنی سەرەکیی هەیە. یەکەم، بەرسڤی ڕاستەقینەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی لە بەرامبەر کەمکردنەوەی قەرەبوو، هێشتا ڕوون نییە. هیچ مەزەندەیەک لە ئارادا نییە لەسەر چۆنیەتی بەجێهێشتنی ئارەزوومەندانەی ڕاژەی شارستانی لە لایەن کارمەندانی ڕاژەی شارستانییەوە، ئەگەر هەبێت کە بڕۆن، بۆ لای کەرتی تایبەت ئەگەر سنوور دابنرێت بۆ بەرزکردنەوە لە ڕاژەی شارستانی یان ئەگەر سوود و دەرماڵەکانی بەرزکردنەوە کەم بکرێنەوە. دووەم، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەدا و بەرزکردنەوە، یەکەمجار وا پێویستە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەدا هەڵبسەنگێندرێت. وەک تاوتوێی دەکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمێکی پتەوی نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدا، و ئەزموونی وڵاتانی تر ئەوە دەردەخەن کە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێکی باش لە لایەک پارەی زۆری تێدەچێت، و لە لایەکی تریشەوە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. سێیەم، سیستمی قەرەبووی ڕاژەی شارستانی بە یاسای عێراقی کراوە بە یاسا، و هەر گۆڕانکارییەک پێویستی بە دەرکردنی یاسایە – نەوەک تەنها لە هەرێمی کوردستان بەڵکو ڕەنگە لە بەغدادیش.[10] دواجار، ڕەنگە کەمکردنەوەی قەرەبووی ڕاژەی شارستانی کاریگەری سیاسی هەبێت ئەگەر کارمەندانی ڕاژەی شارستانی ناڕەزایی دەرببڕن لە بەرامبەر کەمکردنەوەی مووچەکان.

هەروەها ڕەنگە وا پێویست بێت سیاسەتی تەواوکەریش دابڕێژرێت سەبارەت بە سەپاندنی کاتی دەوام بەسەر کارمەندانی حکومییدا. ڕەنگە کاتێک کارمەندانی خزمەتی دەبینن مووچەکانیان کەم بۆتەوە ئەوسا هەر دەوامی حکومی بکەن بەڵام زۆر درەنگتر بگەنە دەوام و زووتریش بەجێی بهێڵن بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارێکی تر لە کەرتی تایبەت. سەپاندنی کاتبەندیی دەوام و سزادانی غائیبێتی دەشێت بەشێک بێت لە سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا، بەڵام هەروەها دەتوانرێت بە جیا دابڕێژرێن.

سترەکچەری سەرەکیی سیستمی قەرەبووی ڕاژەی شارستانی لە عێراق وەک هی زۆر وڵاتی ترە. مووچەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی پشت بە دوو فاکتەر دەبەستێت: پلە، یاخود مەرتەبە و ژمارەی ساڵانی خزمەت لەو پلەیە. ئەوانەی پلەیان بەرزترە مووچەیان بەرزترە، و مووچەی کارمەندی ڕاژەی شارستانی

10 ئێمە نازانین مەودای دەسەلاتی هەرێمی کوردستان چییە لە بواری داڕشتنی یاسای تایبەت بە خۆی. تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە کە هێشتا لای زۆر بەرپرسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش ڕوون نییە.

لەگەڵ تێپەڕینی سالانی خزمەتی لە پلەکەیدا، بەرز دەبێتەوە. 12 پلەی جۆراوجۆر هەیە، لە پلەی 10 بەرەو خوار تا پلەی 1 و ئنجا پلەی ا و ب، ئەم دوانەی دوایی دوو هەرە بەرزترین پلەن. ئەو کارمەندانەی خزمەتی مەدەنی کە هەمان پلەیان هەیە، و هەمان سالانی خزمەتیان هەیە، هەمان مووچە وەردەگرن


پلەی بەرایی کەسێک پشت بە ئاستی خوێندەوارییەکەی دەبەستێت ئەو کاتەی دادەمەزرێت. بۆ نموونە، کەسێک کە هیچ بڕوانامەیەکی نییە لە دەستپێکدا بە پلەی 10 دەست پێدەکات، لە بەرامبەردا، کەسێک کە بەکالۆریۆسی هەیە بە پلەی 7 دەست پێدەکات. ئەم کەسانە پلەکانیان بەرزیش دەکرێتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر لە سیستمی قەرەبووی راژەی شارستانی تێبگەین، بە تێروتەسەلی خشتەی مووچەی 2008 مان شی کردەوە، کە بۆ 2010 یش پیادە دەکرێت.[11] ئێمە بە تایبەتی زیادبوونی مووچەی بە گوێرەی بەرزکردنەوەی پلەمان شی کردەوە و ئنجا بەراوردمان کرد لەگەڵ زیادبوونی مووچە بە تێپەڕینی کات بۆ هەمان پلە. بۆ هەر پلەیەک، ئێمە رێژەی سەتیی زیادبوونی مووچەمان حساب کرد بە گوێرەی بەرزکردنەوە لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر. هەروەها بۆ هەر پلەیەک رێژەی سەتیی زیادبوونی مووچەمان بە گوێرەی یەک ساڵ تێپەڕین بەسەر خزمەتدا، حساب کرد.

شێوەی 7.4 بریتییە لە زانیاری سەرەتایی لەسەر زیادبوونی مووچە لە گواستنەوە لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر. بۆ بەرزبوونەوە تا پلەی 9 لە پلەی -1ەوە، زیادبوونی رێژەکە لە نێوان 10 لە سەتە (بۆ بەرزبوونەوە لە پلەی پێنجەوە بۆ پلەی چوار) تا 20 لە سەت (بۆ بەرزبوونەوە لە پلەی نۆ بۆ پلەی هەشت). زیادبوونی رێژەی سەدیی مووچە لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی پلە، بۆ دوو پلە هەرە بەرزەکە ئێجگار زۆرە.

ئەو کلێشانەی لە شێوەی 7.4 پیشان دراون بە شێوەیەکی گشتیی تەبا نین لەگەڵ باشترین کلێشە پێشنیارکراوەکانی ناو ئەدەبیاتی قەرەبووکردنەوە لە رێکخراوە هەرەمییەکان (Lazear and Rosen 1981; Asch and Warner, 2001). چەند فاکتەرێک کار دەکەنە سەر زیادبوونی مووچە بە گوێرەی بەرزبوونەوەی پلە، لەناویدا ئەگەری بەرزکردنەوەی پلە، جیاوازیی و ناچوونیەکی توانای کارمەندەکان، بەهای توانا بۆ هەر پلەیەک، و ژمارەی ئەو بەرزکردنەوانەی ماوە لە پێش کەسەکە پێش ئەوەی بگاتە هەرە بەرزترین پلە. ئەدەبیاتەکە بۆ ئەو رێکخراوە هەرەمییانەی بەرزکردنەوەیان تێدا ڕوودەدات پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە سوودە داراییەکانی بەرزکردنەوە بە گشتیی لەگەڵ پلە زیاد بکات. لە

**شێوەی 7.4**
**زیادبوونی داهات لە بەرزکردنەوەوە (پرۆمۆشۆن، تەرفیع) بە گوێرەی پلە**




سەرچاوە: خشتەی مووچەی کارمەندان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2008.
RAND *MG1117-7.4*

---

11 ئەم زانیاریە سەرەتاییە لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

بەرامبەردا، لە خشتەی مووچەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بوونەوە ڕوودەدات لە زیادبوونی ڕێژەی سەتیی داهات لە بەرزبوونەوە بۆ پلەی 4، و جارێکی تریش لە پلەی ب بۆ پلەی أ هەمان شت ڕوودەدات. تەنها بۆ بەرزبوونەوە لە پلەی سێ-وە تا پلەی ب هەیکەلییەتی خشتەی مووچەکە بە تەواوەتی وەک ئەو کلێشەیەیە کە لە ئەدەبییاتەکەدا هاتووە.


زیادبوونی مووچە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەوە زیاترە وەک لەو زیادەیەی لە ئەنجامی خزمەتی سالانەوە لەناو هەمان پلەدا ڕوودەدات. شێوەی 7.5، ئێمە زانیاریە سەرەتاییەکەمان لە شێوەی 7.4 بۆ بەرزکردنەوە وەرگرتووە و بۆ هەر پلەیەک، هەروەها ڕێژەی سەتیی زیادبوونی تێدایە بۆ هەر ساڵێک خزمەت. لە پلەی 9 تا پلەی 1، زیادبوونەکە بۆ هەر ساڵێکی خزمەتی ئەقدەمییەت لە 1.5 تا 2 لە سەتە. ڕێژە سەتییەکەی مووچە لە ئەنجامی ساڵێک خزمەتەوە لە دوو پلە هەرە بەرزەکەدا تۆزێک گەورەترە. دیارە زیادبوونەکە لە ئەنجامی بەرزبوونەوە زۆر زیاترە.

ئەدەبییاتەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە سیستمێکی قەرەبووی راژەی شارستانیدا بەرزبوونەوە پشت بە ئەدا ببەستێت ئەوسا ئەو سیستمە نموونەییە. واتە پاداشت بە ئیستحقاقی بەرزبوونەوەوە پێویستە گەورەتر بێت لە دەرماڵەکانی خزمەتی یەک ساڵ. بۆیە، ئێستا تیشک دەخەینە سەر بابەتەکانی بەرزکردنەوە (پرۆمۆشن) و هەڵسەنگاندنی ئەدا.

یاسای راژەی شارستانی ساڵی 1960 (یاسای 24، هەموارکراو) بە ڕوونی ئەو مەرجانە دیاری دەکات کە بە گوێرەیان کارمەندێکی راژەی شارستانی بەرزدەکرێتەوە. سێ مەرجی پێویست هەیە کە پێویستە لە کەسێکدا هەبێت بۆ ئەوەی بەرز بکرێتەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر:

- پێویستە پۆستێکی بەتاڵ هەبێت لە پلە بەرزەکەدا.
- کارمەندەکە بتوانێت پۆستەکە پڕ بکاتەوە و هەرە شایستەترین کاندیدات بێت.[12]

**شێوەی 7.5**
**زیادبوونی داهات بە هۆی ئەقدەمییەت، بە گوێرەی پلە**




السەرچاوە: خشتەی مووچەی کارمەندان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2008.
RAND MG1117-7.5

12 لە ئاستی نیشتمانییدا، ئەمە لە لایەن (ئەنجومەنی خزمەتی گشتی)ەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و پشت دەبەستێت بە ڕاسپاردەی وەزارەت یان فەرمانگەی کارمەندەکە دەبەستێت .

- کارمەندەکە سالآنی خزمەتی خۆی لە پلەکەی ئێستایدا تەواو کردووە.[13]

ئەو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن ئاماژەیان بەوە کرد کە، تەبا لەگەڵ ئەم مەرجە یاساییانە، کارمەندانی راژەی شارستانی سێ تا پێنج ساڵ جارێک پلەیان بەرز دەکرێتەوە. بەڵام هەمان ئەم بەرپرسانە بڕوایان نەدەکرد کە پەیوەندی نێوان ئەدا و بەرزکردنەوە هێندە ڕوونە وەک ئەوەی لە ئاسای راژەی شارستانیدا هاتووە. بەڵکو، کارمەندانی راژەی شارستانی وا سەیری پلە بەرزکردنەوە دەکەن کە شتێکی ئۆتۆماتیکی بێت، و هەر کاتی پێویست بێت، هەر کە سالآنی خۆیان تەواو کرد ئیتر دەستبەجێ پلەیان بەرز بکرێتەوە.

گۆڕینی پلە بەرزکردنەوە بە شێوەیەک کە بە زەحمەت بەدەست بهێنرێت دەبێت بە حافزێک بۆ هەندێک کارمەندی راژەی شارستانی بچن بۆ کەرتی تایبەت. ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە پلەی کەسێک بەرز بکرێتەوە، ئەمەش قەرەبووی پێشبینیکراوی ئایندە کەم دەکاتەوە. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم گۆڕانکارییە سوودێکی تریشی هەیە کە بریتییە لە سنووردانان بۆ زیادبوونی موچەی راژەی شارستانی، و بوار دەڕەخسێنێت سەرچاوە دەگمەنەکان لە بواری تردا سەرف بکرێن.

سەرەڕای بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها ئامانجێکی تری هەیە کە بریتییە لە چاکترکردنی حەوافزی ئەدای ئەو کارمەندانەی لە راژەی شارستانی دەمێننەوە. بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لە نێوان ئەدا و بەرزکردنەوەی پلە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەرفەتی زیاتر لە هی ئاسایی بەرزکردنەوە بدات بەو کارمەندانەی ئەدایان بەرزە. ئەمە لە دوو لایەنەوە سوودی هەیە. یەکەم، ئەدەبیاتی ئابووری باسی ئەوە دەکەن کە بەستنەوەی بەرزکردنەوەی پلە بە ئەدا-وە دەبێتە مایەی چاکترکردنی بەرهەمهێنان لە شوێنی کار، چونکە کارمەندەکان دەبن بە خاوەنی هاندەرێکی ڕوون بۆ بەرزکردنەوەی ئەدا (Lazear and Rosen, 1981; DeVaro, 2006; Lazear and Shaw, 2007).[14] ئەدەبیاتی ئابووری هەروەها ئەوە دەردەخات ئەم زیادبوونی بەرهەمهێنانە گەورەترین زیادبوون دەبێت کاتێک کارمەندەکە بەرپرسیارێتی نوێی پێ بسپێردرێت کاتێک پلەی بەرز بکرێتەوە (Fairburn and Malcomson, 2001). واتە، بەرزکردنەوەی پلە تەنها پاداشتی دارایی نییە بۆ ئەو کارەی کراوە لە پۆستەکەی ئێستادا، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە ئەرکی نوێی سەختتریشەوە. سەرەڕای ئەمەش، دەستنیشانکردن و خەلاتکردنی ئەدای بەرز دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی نیگەرانیی لەوەی کارمەندانی هەرە بەرهەمهێن بەجێی بهێڵن بۆ دەرفەتی کەرتی تایبەت.

بۆ گرێدانی ئەدا لەگەڵ بەرزکردنەوەی پلە، لە سەرەتادا پێویستە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەدا هەڵبسەنگێندرێت. بەلام، ئەو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن پێیان وابوو ئەدای ژمارەیەکی کەمی کارمەندی راژەی شارستانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵدەسەنگێندرێت. ئەگەرچی هەندێک کارمەند هەڵدەسەنگێندرێن، و بڕوا هەیە بەوەی هەڵسەنگاندنی ئەرێنی دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی پلە و پارەی زیاتر، بەڵام ڕوون نییە ئاخۆ ئەم هەڵسەنگاندنانە بە وردیی ئەدای ڕاستەقینەی کارمەندەکە پیشان دەدەن. بە مانایەکی تر، بڕوا هەیە هەندێک کارمەند هەڵسەنگاندنی ئەرێنی وەردەگرن بۆ ئەوەی پلەیان بەرز بکرێتەوە بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە ئەرێنییانە وەنەبێت هەمیشە بۆ باشترین ئەدا بوو بێت.

ئەگەرچی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەدا بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەوخۆی ئەدای کارمەند و لە ڕاستییدا کارێکی زەحمەتە، و ئەدەبیاتێکی زۆری ئەکادیمی ئەم پێوەرانەی ئەدای داناوە. ئەدەبیاتەکە دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە هەمیشە لە کاتی دانانی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا پێویستە ڕەچاوی هەندێک توخم بکرێت (Latham et al., 2005). یەکەم، پێویستە سیستمی هەڵسەنگاندن پشت بە

[13] کارمەندانی پلەکانی، 2 3، و 5 پێویستە بە لای کەمەوە پێنج ساڵ خزمەت بکەن لەو پلەیەدا، کارمەندانی پلەی 4 و 7 پێویستە چوار ساڵ لەو پلەیەدا خزمەت بکەن، کارمەندانی پلەکانی 6 و 8 پێویستە بە لای کەمەوە سێ ساڵ خزمەت بکەن لەو پلەیەدا، و کارمەندانی پلەی 9 پێویستە بە لای کەمەوە دوو ساڵ خزمەت بکەن لەو پلەیەدا. هەروەها هەندێک مەرج هەیە کە بە گوێرەی ئەم مەرجانە کارمەندەکان دەتوانن کرێدێتی زیاتر وەربگرن بۆ سالآنی خزمەت وەک لە سالآنی خزمەتی فیعلییان. بۆ نموونە ئەگەر کارمەندێک بە سەرکەوتوویی بەرنامەیەکی مەشق تەواو بکات و نمرەی باش بەدەست بهێنێت لەو بەرنامەیەدا ئەوسا کرێدیتی سێ تا شەش مانگ خزمەتی بۆ دەنووسرێت.

[14] لازار و رۆزن (1981) پێشنیاری ئەوە دەکەن بەرزکردنەوەی پلە ببەسترێتەوە بە ئەدای ڕێژەییەوە، نەوەک ئەدای ڕەها، و ئەمە دەبێتە مایەی چاکترکردنی حەوافزەکانی ئەدا و بەرهەمهێنانی پێشبینیکراو.

کارنامەی نووسراو ببەستێت. ئەگەر ئەو ئاکارانە بزانرێت کە پێویستە کارمەندێک پابەند بێت پێیانەوە لە کارێکدا، ئەوسا سیستمی هەڵسەنگاندن دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر باسی ئەدای پێشبینیکراوی کارەکە بکات. بە هەمان شێوە، پێویستە ئەم سیستمانە پشت بە ئاکار ببەستن و باسی ئاکار بکەن. بە مانایەکی تر، نمرە دانان بۆ ئەدا پێویستە بە گوێرەی هەندێک ئاکاری دیاریکراوی بواری کار بێت. سێیەم، سیستمی نمرەدانان پێویستە دادپەروەریی پێوە دیار بێت. ئەمەش لە ڕێی ڕێنمایی ورد و تێروتەسەل لەسەر چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و چۆنیەتی دانانی نمرە، بۆ جەختکردنەوە لەوەی هەموو ئەوانەی نمرە دادەنێن هەمان شێواز بەکاردەهێنن و لە هەمان چوارچێوەدا کار دەکەن. لایەنێکی تری ئەمە بریتییە لە پێداچوونەوەی نمرەی کارمەندەکان و بواردان بە کارمەندەکان کە بتوانن نارەزایی (اعتراض)ی خۆیان لەسەر نمرەکان دەربڕن. دواجار، زۆر گرنگە گونجاوێتی و متمانەداری (ثقە) پیشان بدرێت و دۆکیومێنتی نمرەکانی ئەدا بکرێت. ئەگەر کارمەندەکان بڕوایان بە ڕاستی و دروستیی هەڵسەنگاندنی ئەدا نەبێت و پێیان وانەبێت بە وردی ڕەنگدانەوەی ئەدای واقعییانە، سیستمەکە جێی متمانە و بڕوا نابێت. بەڵگەی مەزنی پیشاندانی ئەوەی کە جێی متمانەیە و گونجاوە ئەوەیە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ئەدا و نمرەدانان بە شێوەیەکی سیستماتیک و گونجاو بێت.

## ڕاسپاردە لەسەر سیاسەتەکان

پێویست حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری قورس بدات لەسەر هەڵبژاردنی ئەوەی چۆن چاکسازی بکات و قەبارەی ڕاژەی شارستانی بچووک بکاتەوە. هەر لە دەستپێکەوە، زۆر گرنگە بابەتەکانی ماوەی کورتخایەن— وەک بچووک کردنەوەی قەبارەی ڕاژەی شارستانی و گواستنەوەی هەندێک لە کارمەندان بۆ کەرتی تایبەت—جیا بکرێنەوە لە بابەتەکانی ماوەی درێژخایەن—خزمەتێکی مەدەنی کە کاراتر و بەرهەمهێنتر بێت.

هەندێک لەو ستراتیجانەی بۆ چارەسەرکردنی بابەتە کورتخایەنەکان پیادە دەکرێن کاریگەری پێچەوانەیان هەیە لە درێژخایەنیدا. ئەوەی پێویستە بریتییە لەوەی کە **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیجی دابڕێژێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی سیاسەتە کورتخایەنەکان تەبان لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکان.** ئەمەش دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ڕاژەی شارستانی و دەتوانێت ئەو کارمەندانەی ئەدایان بەرزە لای خۆی بهێڵێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی پێویستن و هانی کۆشش و هەوڵی جددی کارمەندان بدات. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیژی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان دابڕێژێت.

سەرەڕای ئەمانەش، ئەمە ئاشنا نین بە هیچ ئاژانسێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ڕاژەی شارستانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسی وا لە ئارادا نییە. لە زۆربەی وڵاتان ئاژانسێکی مەرکەزی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارمەندانی ڕاژەی شارستانی، وەک دیاریکردنی مووچە، ڕەزامەندی لەسەر ژمارەی پۆستەکان، دەستنیشانکردنی پلە بۆ هەر پۆستێک، و چاودێریی هەڵسەنگاندنی ئەدا و پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلە. ئەم ئاژانسانە ڕۆڵێکی پڕبایەخیان هەیە لەناو هەر پلانێکی سەرچاوە مرۆییەکاندا.

جێی سەرنجە دامەزراندنی ئاژانسێکی لەو جۆرە دەبێتە مایەی دروستبوونی بیرۆکراسی و ڕۆتینی زیاتر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، و ڕەنگە تەرخانکردنی ستاف بۆ نووسینگەکە ببێتە مایەی زیاتربوونی ژمارەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەرئەوەی ئەم دەستگایە زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری ڕاسپاردەکانمان، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاژانسێک دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕاژەی شارستانی و دەسەڵاتی هەبێت لە سەرجەم سیاسەتەکانی کاروباری کارمەندان.** لەناو سترەکچەری ڕێکخراوەیی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت ئەم ئاژانسە بکرێت بە بەشێک لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی، یان ئەنجومەنی وەزیران. سەرەڕای ئەمەش، بۆ دروستکردنی ئاژانسێکی لەم جۆرە پێویستی بەوە نییە قەبارەی حکومەت گەورەتر بکرێت، دەتوانرێت ستافەکەی لە کارمەندانی ئێستای ڕاژەی شارستانی هەڵبژێردرێن لە وەزارەتی جۆراوجۆری پەیوەندیدار.

ئەگەرچی هێشتا ئەم ستراتیجە هەمەلایەنەی سەرچاوە مرۆییەکان و ئاژانسێکی مەرکەزیی بەڕێوەبردن لە ئارادا نین، ئێمە هەندێک پێشنیار پێشکەش دەکەین کە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی لە بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی لە رێی گۆڕینی سیاسەتەکانی بواری دامەزراندن، قەرەبووکردنەوە، و بەڕێوەبردنی کاروباری کارمەندان. هەندێک لەم ڕاسپاردانە تایبەتن بە چارەسەرکردنی ئاریشەکانی ماوەی کورتخایەن و بابەتی کورتخایەنن، هەندێکی تریان جەخت دەخەنە سەر ماوەی درێژخایەن، ئێمە هەروەها تیشک دەخەینە سەر ئەو بوارانەی کە ڕەنگە تێیدا ئەم دوو لایەنە ناکۆک بن لەگەڵ یەکتری.

**سنووردانان بۆ دامەزراندن لە راژەی شارستانی**

هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە خەڵکی شایستە دابمەزرێنێت لە پۆستە بنەڕەتییەکان (بۆ نموونە، مامۆستا). سەرەڕای ئەمە، ڕەنگە فشار بەردەوام هەبێت بۆ درێژەدان بە دامەزراندنی خەڵک لە راژەی شارستانی، لەبەر ئەو رەوشە سیاسییە نائارامەی ئێستا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بەخۆیەوە دەیبینێت.[15] بۆیە، ئێمە پێشنیاری ئەوە ناکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئێجگارەکیی قوفڵ بدات لە دامەزراندن و دایبخات. بەڵام ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین چیتر دامەزراندن نەکرێت بۆ هەندێک پیشەی دیاریکراو.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ بۆ ماوەیەکی کاتیی دامەزراندن لەو پیشانەدا ڕابگرێت کە لە بنەڕەتەوە کاری حکومەت نین.** وەک لە چاپتەری پێنج باسمان کرد، شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی IHSES ئەوە دەردەخات چەندین کارمەندی راژەی شارستانی لە پیشەی ئەوتۆ کار دەکەن کە ئەو پیشانە لە بنەڕەتەوە کاری حکومەت نین. بۆ بۆ نمونە، نووسەر، خزمەتگوزار، شۆفێر، پۆستەچی و کارگوزار، کارمەندی پۆستە و کتێبخانە، هەموویان پیشەن کە هاوشێوەیان هەیە لە کەرتی تایبەت. ئەم پیشانە دەرفەتێکن بۆ سپاردنیان بە کەرتی تایبەت و بۆیەش پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوور دابنێت بۆ دامەزراندن لەم پۆستانە. ئێمە ئەم ڕێکارە پێشنیار دەکەین بۆ ماوەی کورتخایەن لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی داڕشتنی شێوازێکی تێروتەسەل و پتەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پیشانەی کە دەتوانێت بیانسپێریت بە قەوارەی دەرەکی.

شیکردنەوەکەی ئێمە نەیتوانی ڕێنمایی کۆنکریتیی دەستنیشان بکات بۆ ماوەی کاتیی ڕاوەستاندنی دامەزراندن. بەڵام، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە بە شێوەیەکی کاتیی بێت، چونکە کەمکردنەوەی دامەزراندن لە کورتخایەنییدا ڕەنگە ببێتە مایەی کەمی (نقصان)ی کارمەندانی خاوەن ئەزموون لە درێژخایەنییدا. نیازی ئەم ڕاسپاردەیە بریتییە لە کەمکردنەوەی زیادبوونی کارمەندانی راژەی شارستانی بە خێرایی.

لە درێژخایەنییدا، پێویستە تێگەیشتنێکی باش لە ئارادا بێت لە ئەرک و بەرپرسیارێتییە دیاریکراوەکانی هەر پۆستێکی راژەی شارستانی. ئەمە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە دەستنیشانکردنی ئەو پۆستانەی پێویست نین، بەڵام ئەمە کات دەخایەنێت چوکە ژمارەی پیشەکانی راژەی شارستانی زۆرە و هەر پیشەیەک چەندین بواری بەرپرسیارێتی و پۆستی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. بە تایبەتی، **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان (کارنامە، وەسفی وەزیفی، job description)ی نووسراو بۆ هەموو پیشەکانی راژەی شارستانی دابڕێژێت.** بۆ سوود وەرگرتن لەو پسپۆڕییەی پەیدا دەبێت لە بواری داڕشتنی کارنامەدا، ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست بکات لەگەڵ پسپۆڕێکی دەرەکیی ئەم بوارە. کاتێک ئەم کارنامانە داڕێژرا، ئەوسا پێویستە سیاسەتمەدارە بڕیاربەدەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی لیستی ئەو پیشانە بکەن کە دامەزراندن تیایاندا ڕاگیرا بوو، و ئەگەر پێویست بێت ئەوسا دەستکاری لیستی ئەو پیشانە بکەن.[16]

یەکێک لە نیگەرانییەکانی ڕاگرتنی دامەزراندن لە هەندێک پیشەدا، بەلام نەوەک بۆ هەندێک پیشەی تر، ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەو پیشە ڕاگیراوانەدا وەردەگیران هێشتا هەر دادەمەزرێن بەڵام بۆ کارکردن لە پیشەی تر. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، راسپاردەکانی ئێمە ناتوانێت بە شێوەیەکی بنچینەیی

---

15 پێدەچێت بەشێکی ئەم نائارامییە لە ئەنجامی نەبوونی هەلی کارەوە دروست بووبێت.

16 داڕشتنی (کارنامە، وەسفی وەزیفی) هەروەها بریتییە لە توخمی یەکەمین و بنچینەیی دارشتنی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا، دواتر تاوتوێی ئەم ڕاسپاردەیە دەکەین.

بتوانێت سنوور دابنێت بۆ دامەزراندن لە ڕاژەی شارستانی. بۆیە پێویستە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە دەبێت دامەزراندنەکانی تر بەشێوەیەک بن تەنها کەسانی شایستە لە پۆستە بەتاڵەکاندا دادەمەزرێنن.

وەک لە خشتەی 7.1 پیشان دراوە، پێدەچێت چەندین کارمەندی مەدەنی لە ڕێی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆوە بە حکومەت لەم پۆستانەیان دامەزرا بن، و زیاتر لە چارەکێکی سەرجەم کارمەندانی خزمەتی مەدەنی لە ڕێی خزم و برادەرەوە دەستیان بەم پۆستانەی ئێستایان گەیشتووە. ئەم زانیاریە سەرەتاییانە ئەوە دەردەخات کە بلاوکردنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر پۆستە بەتاڵەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کەسانی شایستە دادەمەزرێندرێن. بۆیە، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین **بە ئاشکرا ریکلام بۆ سەرجەم پۆستە بەتاڵەکان بکرێت و ڕابگەیەندرێن، و پێویستە کەسی هەرە شایستە لەو پۆستانە وەربگیرێت.**

هەندێک پرەنسیپی گرنگ هەیە وەک ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە. ئامانج لە ڕاگەیاندنی ئاشکرای پۆستە بەتاڵەکان بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی زانیاریی بە شێوەیەکی بەربلاو لەسەر ئەم پۆستە بەتالانە دابەش دەکرێت. پێویستە ریکلامەکە لە کۆڕبەندێک دابنرێت (یاخود لە چەند کۆڕبەندێک) کە ژمارەیەکی زۆر داواکار دەستیان پێبگات و بگاتە هەموو توێژە سیاسیەکان. سەرەڕای ئەمە، زۆر گرنگە ئەو پۆستە بەتاڵە بۆ ماوەیەکی گونجاو کراوە و بەتاڵ بێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی هێندەی پێویستە خەڵکی شایستە ئاگادار دەبن لە هەبوونی ئەو دەرفەتە و کاتیان هەبێت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری. بۆ نموونە، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرگای پێشکەشکردنی فۆرم بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت بۆ چەند هەفتەیەک و تەنانەت تا دەگاتە چەند مانگێکیش، بە گوێرەی پۆستەکە، واتە مەرج نییە هەموو پۆستەکان بۆ هەمان ماوە بە کراوەیی بەجێ بهێڵێدرێن. دواجار، پێویستە پرۆسەیەکی ئاشکرا و شەفاف لە ئارادا بێت بۆ دامەزراندنی کەسی هەرە شایستە، و — بۆ زۆربەی پۆستەکانی ڕاژەی شارستانی و بە بێ ڕەچاوکردنی ئاراستەی سیاسی- بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەو کەسانەی دادەمەزرێن هەرە گونجاوترین کەسە بۆ کارکردن لەو پۆستە بەتالانە.

### چاکسازیی لە قەرەبووی ڕاژەی شارستانی و سیاسەتی کاروباریی کارمەندان

ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ چاکسازیی لە قەرەبووی ڕاژەی شارستانی و سیاسەتی کاروباری کارمەندان دوو ئامانجی هەیە. یەکەم بۆ کەمکردنەوەی سوودەکانی دامەزران لە خزمەتی مەدەنی لە بەرامبەر بەوانەی دامەزران لە کەرتی تایبەت. دووەم بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەو کارمەندانەی ئەدایان بەرزە لای خۆی بهێڵێتەوە. بۆیە، یەکەم شت پێویستە بتوانرێت ئەو کەسانە دەستنیشان بکرێت کە ئەدایان باشترینە.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمێکی هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندانی ڕاژەی شارستانی دابڕێژێت و پیادە بکات.** یەکەمین توخمی بنەڕەتی لەم پرۆسەیەدا بریتییە لە دروستکردنی (کارنامە، وەسفی وەزیفی): کاتێک ئەو ئاکارانە بزانرێت کە پێویستە کارمەندێک بیانکات لە ئیشەکەیدا، ئەوسا سیستمی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی باشتر بە گوێرەی ئەدای کارەکە دادەڕێژرێت. بۆیە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکات بۆ داڕشتنی ئەم کارنامانە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بە ڕاستیی دەستی کردووە بە پرۆسەی داڕشتنی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا.

داڕشتن و پیادەکردنی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا بریتییە لە پرۆسەیەک کە جەخت دەخاتە سەر دەستی کار، داڕشتن و دامەزراندن و پوختکردنەوەی ئەم سیستمە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. بۆ سوود وەرگرتن لەو پسپۆڕێتییەی لە داڕشتنی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا-وە دروست دەبێت، ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست لەگەڵ پسپۆڕی دەرەکیی ئەم بوارە بکات. سەرەڕای ئەمە، لەبەرئەوەی ئەم سیستمە زۆر گرنگە بۆ چەند ڕاسپاردەیەکی تریش، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ دەست بکات بەم پرۆسەیە.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەدا، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێچکەی پیشە (career paths) دابڕێژێت بۆ کارمەندانی ڕاژەی شارستانی.** ئەمە توخمێکی سەرەکییە لە پلانی ستراتیجیی سەرچاوە مرۆییەکان کە ئێمە پێشنیاری دامەزراندیمان کردووە. ڕێچکەی پیشە بریتییە لە هێڵکاریی ئەو شتانەی لە کارمەندی ڕاژەی شارستانی چاوەڕێ دەکرێت، و ئەدایان بە گوێرەی جێبەجێکردنی ئەم شتانە دەپێورێت و هەڵدەسەنگێندرێت. ئەمە ڕێگەچارەیەکی درێژخایەنە کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕاژەی شارستانی بەرهەمهێن و کارا بێت. بە شێوەیەکی نموونەیی، بۆ هەر پیشەیەک بە جیا سیاسەتەکانی

بواری بەرزکردنەوەی پلە دادەڕێژرێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت راژەی شارستانی بەڕێوە ببات و ئەو کارمەندە ئەدا بەرزانەی پێویستی پێیانە، لای خۆی بهێڵێتەوە.

لە ماوەی کورتخایەنیدا، **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خێرایی بەرزکردنەوەی پلە کەمتر بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێی زیاترکردنی ژمارەی ساڵانی خزمەتی پێویست تا پلەی کارمەندێک بەرز بکرێتەوە، بێجگە لەوانەی ئەدایان بەرزە.** ڕاڤەی ئێمە بۆ یاسای ساڵی 1960 ی راژەی شارستانی ئەوەیە کە پێویستە کارمەندەکان لای کەمی ساڵانی خزمەت تەواو بکات لە پلەیەکی دیاریکراودا پێش ئەوەی شایستە بێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی. لەم یاسایەدا هیچ شتێک نییە کە ڕێگر بێت لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێک دابڕێژێت بۆ زیاترکردنی سالانی پێویستی خزمەت پێش ئەوەی بەرزکردنەوەی پلەی کەسێک ڕەچاو بکرێت. بۆیە، پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێک دابڕێژێت بۆ دیاریکردنی ساڵانی پێویستی خزمەت پێش ئەوەی بیر لە بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندێک بکرێت بۆ لای کەمی ئەوەی لە ڕێوشوێنەکاندا هاتووە. خاڵی ئەرێنی ئەم شێوازە بریتییە لەوەی کە پێویست ناکات حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسا دابڕێژێت، کە ڕەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت و سەرەنجامێکی دیاریکراوی نەبێت.

شیکردنەوەکەی ئێمە نەیتوانی بە شێوەیەکی کۆنکریت ڕێنمایی دابڕێژێت بۆ دیاریکردنی ئەوپەڕی ئەو لای کەمەی لە یاسادا هاتووە. بەڵام وەک ئاماژەمان پێکرد، وا باوە هەر سێ ساڵ یان پێنج ساڵ جارێک پلەی کارمەندانی راژەی شارستانی بەرز بکرێتەوە. زیاترکردنی یەک ساڵ یان دوو ساڵ بۆ ژمارەی ساڵانی پێویست بۆ شایستەیەتی بەرزکردنەوەی پلە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر قەرەبووی راژەی شارستانی.

نیگەرانییەک لە ئارادایە سەبارەت بە زیاترکردنی ماوەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی پلە، کە بریتییە لەوەی ڕەنگە ئەم کۆتوبەندە بەسەر ئەو کەسانەشدا بسەپێنرێت کە ئەدایان بەرزە. بۆیە، پێشنیاری ئەوە دەکەین بەدەرکاری (استثناء)ێکی سنووردار دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی ئەدایان بەرزە. بۆ نموونە، پێویستە سیاسەتەکە بوار بهێڵێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی پێشوەختی بەشێک لە کارمەندەکان. زۆر گرنگە مەرج و بەندەکانی بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندان شەفاف بن و زۆر بە ڕێکوپێک و ڕاشکاویی لە دوو توێی سیاسەتەکەدا دابنرێن. بێگومان بە بێ سیستمێکی هەڵسەنگاندنی ئەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەو کەسانە دیاری بکات کە ئەدایان بەرزە.

سەرەڕای خاوکردنەوەی خێرایی بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندان، کەمترکردنەوەی ژمارەی ئەو پلە بەرزکردنەوانەش دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی خاڵە ئەرێنییە ڕێژەییەکانی دامەزران لە راژەی شارستانی. بۆیە، **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوور دابنێت بۆ ژمارەی پلە بەرزکردنەوەی کارمەندانی راژەی شارستانی، ئەمەش لە ڕێی بەرزکردنەوەی پلەی تەنها ئەو کارمەندانەی کە شایستەن.** ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێک دابڕێژێت کە تێیدا بە ڕوونی ئەو کارمەندانە دیاری بکات کە پێشبینی دەکرێت پلەیان بەرز بکرێتەوە. ئەمە دەبێتە مایەی گۆڕانی پێشبینی و چاوەڕوانی کارمەندانی راژەی شارستانی کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن دوای ئەوەندە ساڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پلەیان بەرز بکرێتەوە، بەم شێوەیەش، قەرەبووی پێشبینیکراوی راژەی شارستانی کەمتر دەکرێتەوە.

شیکردنەوەی ئێمە نەیتوانی بە شێوەیەکی کۆنکریت ڕێنمایی دابڕێژێت بۆ دیاریکردنی ئەوپەڕی خوار سەت لە سەتی ئەو ئەرکانە. بەڵام، دەکرێت و پێویستە ئەو ڕێژانە جۆراوجۆر بن بە گوێرەی پلە و بە گوێرەی پیشە. پێویستە سیاسەتمەدارە بڕیاربەدەستەکان لە کاتی داڕشتنی ئەم ئامانجانەدا پێداچوونەوەی ژمارەی ئەو پۆستانە بکەن کە لە هەر پلەیەک پێویستن بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ ئەو هەموو پۆستە لەو پلە بەرزانەدا پێویستن.

دوایین هەنگاو لە کەمکردنەوەی خێرایی و ژمارەی پلە بەرزکردنەوە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو کارمەندانی راژەی شارستانی کە بە ڕاستیی پلەیان بەرز دەکرێتەوە. ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە کە **پێویستە ئەم پلە بەرزکردنەوە سنووردارانە تەنها بۆ ئەو کەسانە بن کە ئەدایان بەرزە.** کاتێک سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا لە ئارادا بێت، دەستبەجێ دەتوانرێت ئەم ڕاسپاردەیە پیادە بکرێت: پێویستە بەرزکردنەوەی پلەکان، بەو ژمارەیەی کە بە گوێرەی ڕاسپاردەی دەستنیشان کراوە، بۆ ئەو کەسانە بێت کە ئەدایان هەرە بەرزە لە هەر پیشەیەک و لە هەر پلەیەک. پێکەوە بەستنەوە و گرێدانی پلە بەرزکردنەوە بە ئەدا-وە ڕەنگە چارەسەری ئەگەری (مەترسیی مەعنەوی) بکات، ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە کارمەندەکان کەمتەرخەم بن لە کارەکانیاندا، چونکە قەرەبووکردنەوەی کارمەندان پشت بە بەرهەمهێنانیان دەبەستێت.

بە بێ شێوازێکی تۆکمە و پتەو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدا، پیادەکردنی ئەمە زۆر زەحمەت دەبێت. بە گوێرەی یاسای 1960 ی راژەی شارستانی، کەسێک پلەی بەرز دەکرێتەوە ئەگەر بتوانێت بە باشی پۆستەکە پڕ بکاتەوە و هەرە شایستەترین کاندیدات بێت، لە ئاستی نیشتمانییدا، ئەمە لە لایەن (ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی)ەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و پشت دەبەستێت بە ڕاسپاردەی وەزارەت یان فەرمانگەی کارمەندەکە. تا ئەو کاتەی سیستمێک دادەڕێژرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدا پێویستە پلە بەرزکردنەوە بە شێوەیەکی سنووردار ئەنجام بدرێت بە هەمان شێوەی بەکارهێنانی ئێستای. ئەوە ئەرکی سەر شانی وەزارەت یان فەرمانگەی کارمەندەکەیە کە بە وریاییەوە ئەو کەسانە دەستنیشان بکات باشترین ئەدایان هەیە و تەنها ئەمانە پێشنیار بکات بۆ بەرزکردنەوەی پلە. شەفافییەت و ئاشکرایەتی پرۆسەکە بابەتێکی ئێجگار پڕبایەخە.

دواجار، **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکات بۆ کەمترکردنەوەی مووچەی راژەی شارستانی. ئەگەر خۆی بە تەنها بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا پێویستە بیکات.** ڕەنگە ئەمە ڕاسپاردەیەک بێت بۆ ماوەی درێژخایەن یەکێک لە ڕێکارەکان بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕاستەوخۆی مووچەی کارمەندانی راژەی شارستانی لە ڕێی کەمکردنەوەی بڕی ئەو پارەیەی بە هەر پلەیەک و هەروەها ئاستی ئەقدەمی دەدرێت. ڕێکارێکی تر بریتییە لە کەمکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کارمەندان کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زیاد دەکات. پێویستە شیکردنەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێنمایی کۆنکریت بۆ بڕی ئەو کەمبوونەوەیەی پێویستە لە مووچەی کارمەندانی راژەی شارستانیدا بکرێت، لەناویدا ئەوەی ئاخۆ پێویستە دەستکاری بڕی دارایی پلەبەرزکردنەوە بکرێت.

# ستراتیج بۆ جیابوونەوەی خۆبەخشانەی کارمەندانی حکومی

گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی قەرەبووی راژەی شارستانی و سیاسەتی کاروباری کارمەندان ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی کەمترکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی. ڕێکارێکی تر بۆ گواستنەوەی کارمەندان لە راژەی شارستانیەوە بۆ دامەزران لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە پێشکەشکردنی حەوافز بۆ هاندانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە (خۆبەخشانە). ئەم ستراتیجە دوو خاڵی ئەرێنی سەرەکیی هەیە. یەکەم، جیابوونەوەکە بە تەواوەتی ئارەزوومەندانەیە، بەم شێوەیەش کاریگەری سیاسیی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە لە ئارادا نابێت. دووەم، وەک تاوتوێی دەکەین، ئامانجی ئەم بەرنامانە دیاریکراو دەبێت و بریتی دەبێت لە هەندێک کارمەندی دیاریکراوی راژەی شارستانی، بەم شێوەیەش ئاریشەی هەڵبژاردنی پێچەوانە کەم دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەم خاڵە ئەرێنییانە، چوار خاڵی نەرێنی سەرەکیی هەیە. یەکەم، بەرسڤی ڕاستەقینەی کارمەندانی راژەی شارستانی نازانرێت لە هەمبەر ئەم بەرنامانە. هیچ مەزەندەیەک نییە بۆ ژمارەی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەڕۆن بۆ لای کەرتی تایبەت ئەگەر حەوافزی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەیان بخرێتە پێش. دووەم، کولفەی دارایی کورتخایەن بڕێکی گەورە دەبێت، ئەمەش فشار دەخاتە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە خۆی لەژێر گوشارە و داواکاریی جۆراوجۆر پێویستی بە سەرچاوەیە. سێیەم، ئەگەر بە باشی ئامانجی ئەم بەرنامانە دەستنیشان نەکرێت، ڕەنگە حەوافزی جیابوونەوە ببێتە مایەی ئەوەی باشترین کارمەندەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵن بەرەو کەرتی تایبەت. دواجار، ڕەنگە ئەو کارمەندانەی ڕازی دەبن قەرەبوو وەربگرن بۆ ئەوەی بڕۆن، نەتوانن ئیشێکی گونجاو بدۆزنەوە لەلای کەرتی تایبەت، و دیسان داوا بکەن دابمەزرێنەوە. ئەگەر شتێکی لەم جۆرە ڕوویدات، ئەوسا بە بێ ئەوەی قەبارەی دەستی کاری راژەی شارستانی بچووک بووبێتەوە، بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

دوایین ڕێکار بریتییە لە جیاکردنەوەی هەندێک کارمەندی راژەی شارستانی بە بێ خواستی خۆیان (بە شێوەیەکی نائارەزوومەندانە). لایەنە ئەرێنییەکان بریتین لە سێ دانە. یەکەم، کاتێک ئامانجی جیابوونەوەی نائارازوومەندانە هەندێک کارمەندی دیاریکراوی راژەی شارستانی بێت، ئەوسا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت کۆنترۆڵی ژمارە و کواڵیتی ئەو کارمەندانە بکات کە دەیەوێت بڕۆن. دووەم، دەتوانرێت بە خێرایی ئەم کەمکردنەوەیە ئەنجام بدرێت، بە بەراورد لەگەڵ خێرایی ئەو ڕێکارانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا. دواجار، بەرنامەی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە کولفەی دارایی کەمترە لە بەرنامەی ئارەزوومەندانە. لایەنی نەرێنیی سەرەکی ئەوەیە کە نائارەزوومەندانەیە. ڕەنگە کولفەی سیاسیی ناچارکردنی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی بۆ رۆیشتن کولفەیەکی بەرچاو بیت، بە تایبەتی ئەگەر لە کەرتی تایبەت ئیش نەبێت بۆ ئەم کەسانە.

حکومەتی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ستراتیجی جۆراوجۆریان پیادە کردووە بۆ هاندانی کارمەندانی راژەی شارستانی بۆ هەوڵدان بۆ دامەزران لە کەرتی تایبەت. ئێمە پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی ئەم بابەتەمان کرد، بەشێکی زۆری سوودمان لە کاری (بانکی جیهانی) وەرگرت لەم بوارەدا.[1] ئێمە هەروەها سوودمان لە ئەدەبیاتی تر وەرگرت، وەک ئەزموونی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بچووک کردنەوەی چالاکییەکانیدا. ئێمە بایەخێکی تایبەتی دەدەین بە ستراتیجەکانی جیابوونەوەی خۆبەخشانە بەڵام هەروەها تاوتوێی ڕێکاری تریش دەکەین بۆ هاندانی گواستنەوەی دەستی کار لە راژەی شارستانی.

ئەم چاپتەرە بەم شێوەیە ڕێک خراوە. لە دەستپێکدا، پێداچوونەوەی ئەو پرەنسیپانە دەکەین کە لە ئەدەبیاتەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری چالاکییەکانی بچووک کردنەوەی حکومەتدا هەن سەبارەت بە

---

[1] بانکی جیهانی لە سەرتاسەری جیهاندا بەشدار بووە لە کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی. وێبسایتێکی داناوە (ئێستا ئەرشیفە) بە ناوی «هاوکاریی حکومەتەکان لە بچووک کردنەوە بە شێوەیەکی کارا» وەک عەمبارێکی زانیاری و زانیاری سەرەتایی چالاکییەکانی بچووک کردنەوە (World Bank, 2008).

بچووک کردنەوەی کەرتی حکومی. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەدەبییاتەکە جەختی خستۆتە سەر ستراتیجی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە و قەرەبووی وازهێنان، ئێمە لە بەشی داهاتوودا باسی ئەو وڵاتانە دەکەین کە ئەم شێوازەیان پیادە کردووە. ئنجا باسی ستراتیجەکانی مەشق، دۆزینەوەی ئیشێکی هاوشان، و دانان لە کارێک دەکەین، پاشان تاوتوێی جۆرەکانی تری چالاکییەکانی دارشتنەوەی سترەکچەر دەکەین، لەگەڵ بایەخی ئەو رەوشەی ئەم چالاکییانەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

### وانە و پەند لە بچووک کردنەوەی قەبارەی کەرتی حکومی

لە چەندین وڵات لە ساڵانی 1980 و 1990 چالاکیی گەورە ئەنجام درا بۆ بچووک کردنەوەی قەبارەی حکومەت. وڵاتانی وەک ئەمریکای لاتین، ئەفریقیا، و ئاسیا بەرنامەی گەورەیان جێبەجێ کرد بۆ دارشتنەوەی سترەکچەری کەرتی حکومی. لە وڵاتانی خۆرهەلاتی ئەوروپا و ئەوانەی یەکێتی سۆڤێتی جارانیش بەرنامەی گەورەی دارشتنەوەی سترەکچەر ئەنجام درا. فاکتەرێکی سەرەکیی ئەم کارە لە بەشێکی زۆر لەو وڵاتانە بریتی بوو لە نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە ئەنجامی خامۆش بوونی کاریگەری یەکێتی سۆڤێت، و دواجاریش هەرەسهێنانی. هەندێک وڵاتی تریش کە رووبەرووی بودجەیەکی سەختی لاواز دەبوونەوە و هیچ رێگەیەکی تریان لە پێش نەمابوو، پەنایان بۆ بچووک کردنەوەی قەبارەی حکومەت برد. زۆر وڵات لەو وڵاتانە هاوکات لە لایەک بەرنامەی بچووک کردنەوەی قەبارەی کەرتی حکومییان ئەنجام دا و لە لایەکی ترەوە کاریان بۆ بە تایبەتی کردن کرد وەک رێگەچارەیەک بۆ زامنکردنی کارایی و گەشەی درێژخایەنی ئابوری.

(بانکی جیهانی) لێکۆڵینەوەی لە وڵاتانی جۆراوجۆر کردووە کە قەبارەی حکومەتیان بچووک کردۆتەوە و سترەکچەری حکومەتیان دارشتۆتەوە (Rama, 1999; Kikeri, 1998; Chong and Lopez-de-Silanes, 2002). ئەم حاڵەتانە بریتین لە چوارچێوەیەک کە حکومەتەکان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ چەسپاندنی ئەم شێوازە و جێبەجێکردنی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی.

زۆر جار هەنگاوی یەکەم بریتیە لە رێکەوتن لەسەر ئەو ئامانجانەی کە چاوەروان دەکرێت بچووککردنەوەی حکومەت بەدیانبهێنێت. ئامانجی ناواقعی کە نەتوانرێت بهێنرێتە دی تەنها چالاکییەکانی دارشتنەوەی سترەکچەرەکە تێک دەدات، وەک ئەو ئامانجانەی لەگەڵ ئەو ستراتیجانە ناگونجێن کە هەڵبژێردراون بۆ دارشتنەوەی ستراتیجەکە (Rama, 1999). ئامانجەکان ئەو شێوازانە دیاری دەکەن کە پیادە دەکرێن، لەگەڵ جۆری ئەو پشتگیرییەی پێویستە دابین بکرێت بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەکە. بۆ نموونە، رەنگە وا گونجاو بێت کە کەمترکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی ببەسترێتەوە بە ستراتیجی پەروەردە و مەشقی کارمەندانەوە. ئەگەر یەکێک لە ئامانجەکان بریتی بێت لە ئاراستەکردنەوەی سەرچاوەکان بەرەو گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، ئەوسا دەتوانرێت هەندێک سەرچاوە کە لە کەمکردنەوەکەوە بەردەست دەبێت، بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت تەرخان بکرێت.

تیۆری ئابووری باسی ئەوە دەکات حکومەت دەتوانێت لەم پرۆسەیەدا رۆڵێکی هەبێت. پێویستە حکومەتەکان کەرەستە و خزمەتگوزارییە گشتییە بنەرەتییەکان دابین بکەن، بۆ نموونە، بەرگری و تەناهی، پەروەردە، و چاودێریی تەندروستی پێویستییان بە هەندێک بەشداری حکومەتە کاتێک بازارەکان بە شێوەیەکی پەسەند دابینی نەکەن. بەڵام ئەمە رێگە ناگرێت لە چالاکییەکانی کەمکردنەوەی قەبارە لەم کەرتانە، ئەگەر ئامانجەکە بریتی بیت لە کەمکردنەوەی ژمارەی زۆری ستافەکە. سەرەرای ئەمانەش، هەر چالاکییەکی بچووک کردنەوەی قەبارە شکست دەهێنێت ئەگەر حساب بۆ هەلومەرجی بازاری دەستی کاری ناوخۆ نەکات. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە کاریگەرەکان لەسەر بازاری دەستی کاری ناوخۆ بریتییە لە پلەی تەکامولی نێوان کەرتی حکومی و بازاری دەستی کاری ناوخۆ، هەروەها پێکهاتەی کارزانییەکانی دەستی کاری ناوخۆیی (Dardia et al., 1996). بۆ نموونە، لەو کۆمەڵگانەی تا رادەیەکی زۆر پشت بە کەرتی حکومی دەبەسترێت وەک خاوەنکارێک، چالاکییەکانی کەمکردنەوەی قەبارە بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی خەڵکی بێکار زیاد دەکات، ئەمەش نائارامیی سیاسی دروست دەکات. بەڵام، هەندێک جار دەتوانرێت ئەو نائارامییە کەم بکرێتەوە لە رێی پلاندانان بۆ کاتەکە و بۆ قەبارەی چالاکییەکانی کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی (Rama, 1999).

لە هەندێک وڵات، حکومەت هەوڵی داوە راستەوخۆ بەشداری بە کەرتی تایبەت بکات لە چالاکییەکانی دارشتنەوەی سترەکچەر. بۆ نموونە، کاتێک هەندێک وڵات سەرقاڵی بە تایبەتی کردنی کۆمپانیا حکومییەکان بوون، پێش بە تایبەتی کردنەکە قەبارەی راژەی شارستانیان کەم کردەوە بۆ ئەوەی بەهای ئەو قەوارانە زیاد بکرێت کە بە تایبەتی کردن دەکران یان وەک ئاماژەیەک بۆ سووربوون لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی (Rama, 1999; Diaz, 2006). لە هەندێک حاڵەتی تردا، خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بانگهێشت کران بۆ ئەوەی رۆڵێک ببین لە پرۆسەکەدا، یان تەنانەت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەرێوە ببەن. رەنگە لە هەندێک

حاڵەتی دیاریکراودا، خاوەنکارانی کەرتی تایبەت لە حکومەت باشتر بن لە هەڵسەنگاندنی کواڵیتیی دەستی کاردا (Kikeri, 1998; Rama, 1999; Chong and Lopez-de- Silanes, 2002; Diaz, 2006). ستراتیجە دیاریکراوەکە پست بە چەند فاکتەرێک دەبەستێت، وەک قەبارەی ستافی کۆمپانیا حکومییەکان و هەلومەرج (بارودۆخ)ی بازاڕی دەستی کار.

یەکێک لە هەرە هەستیارترین بابەتەکان بریتییە لە هەڵبژاردنی میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کەمکردنەوەی تەوزیفی راژەی شارستانی. بچووک کردنەوەی قەبارەکە کاریگەری لەسەر حکومەتیش و هاووڵاتیانیش هەیە. پێدەچێت هەندێک کارمەند ڕووبەڕووی زیانی دارایی ببنەوە کاتێک لە راژەی شارستانییەوە دەگوازنەوە بۆ کەرتی تایبەت. دواتر لەم چاپتەرەدا تاوتوێی هەندێک شێواز دەکەین کە پیادە کراون بۆ دیاریکردنی ئەم زیانانە و حساب کردن بۆیان کاتێک بەرنامەی پشتگیریی دادەڕێژرێت بۆ ئەو کارمەندانە.

حکومەتەکان دەتوانن کاریگەر و پێکدادانی سیاسیی کەم بکەنەوە، ئەمەش لە رێی گەشەپێدانی کەناڵی کارای پەیوەندی لەگەڵ سەندیکا و رێکخراوە کرێکاریەکان و لایەنی تری پەیوەندداری پرۆسەکە. یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی پەیوەندداره بە چالاکییەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانییەوە بریتییە لە شکست هێنان لە گەیاندنی ئامانجەکان و سترەکچەرەکە و پرۆسەکە بە ڕوونی بە لایەنە پەیوەندیدار و بەشدارەکان (Martin, 1997; Kikeri, 1998; Diaz, 2006). بۆ نموونە، زۆر جار ژمارەیەکی زۆر پاکێجی جۆراوجۆری قەرەبووی وازهێنان (ئیکرامییە) دەخرێتە پێش کارمەندان و ئەمانیش بە زەحمەت دەتوانن بریار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێکیان بدەن، داڕشتنی شێوای کاریگەری گەیاندن (تواصل، اتصال) ی هەڵبژاردەکان ئەو پرۆسەیە سانا دەکات. بەشدارینەکردنی لایەنە پەیوەندداره رێکخراوەکان ڕەنگە ببێتە مایەی زیاتربوونی کولفەی جێبەجێکردنی داڕشتنەوەی سترەکچەری خزمەتی مەدەنی. لایەنە پەیوەندداره سەرەکییەکان بێجگە لە سەندیکا و رێکخراوە کرێکاریەکان بریتین لە پارتە سیاسییەکان کە بایەخێکی زۆر دەدەن بە پاراستنی وەزیفە و کاری ئەندامەکانیان.

ئەدەبیاتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کارایی مەشق و بەرنامەی دانان لە کار دەرەنجامی ئاوێتەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم جۆرە بەرنامانە کاریگەرێکی ئەرێنی سادەیان هەیە لەسەر دامەزران (وەزیفە) لە درێژخایەنیدا (Blundell et al., 2004; Heckman, LaLonde, and Smith, 1999; Kikeri, 1998). ئەگەر بەرنامەی مەشق و پشتگیری لە دۆزینەوەی هەلی کار بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەنجام بدرێت دەبێتە مایەی کارمەندە لەسەر کار لابراوەکانی خزمەتی مەدەنی شارەزایی پێویست بۆ دۆزینەوەی کاری نوێ لە کەرتی تایبەت، بەدەست بهێنن. ئەزموونی جۆراوجۆری وڵاتان ئەوە دەردەخات کە ڕەچەتەیەک نییە بۆ بەرنامەیەکی مەشقی ئامادە کە بۆ هەموو حاڵەتێک بگونجێت، بەڵکو، ئەم بەرنامانە کاتێک سەرکەوتوون کە بە تایبەت بە گوێرەی پێویستییە دیاریکراوەکانی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی و خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت داڕێژرابن.

دواجار، وەک زۆر دەستپێشخەریی تر لە بواری داڕشتنەوەی سترەکچەر بە شێوەیەکی بەربڵاو، پێویستە حکومەت کاتبەندییەکی گونجاو دابنێت بۆ جێبەجێکردنەکە. لە زۆر وڵات، جێبەجێکردنی داڕشتنەوەی سترەکچەری خزمەتی مەدەنی لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەنجام دراوە. ئەمەش دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی هەر کاریگەرێکی پێچەوانە لەسەر بازاڕی دەستی کار و بوار دەڕەخسێنێت هاوکاریی کارمەندەکان بکرێت لە گواستنەوەیان بۆ کەرتی تایبەت.

## کاریگەرەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی

کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی کاریگەری ئابووری، سیاسی، و کۆمەڵایەتی هەیە. نیگەرانیی هەرە سەرەکیی بریتییە لە لەدەستدانی کار، داڕشتنەوەی سترەکچەریی قەوارەی گەورەی دەوڵەت ڕەنگە بە شێوەیەکی بەرچاو رێژەی بێکاریی گەورە بکات. ئەگەر کارمەندە لەسەر کار لادراوەکان لەژێر چەتری یەکێتییەکی بەهێزدا کۆببنەوە، ئەوسا بەرپرسانی حکومەت ڕووبەڕووی پاشهاتی سیاسی دەبنەوە. بە گشتیی، ئەدای لاوازیی ئابووریی دەبێتە مایەی کاردانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەمەش، تێگەیشتن لە کاریگەر و کولفەی ئابووریی بچووک کردنەوەی قەبارە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکان زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی پاشهاتە لە ئەنقەست و پاشهاتە بێ مەبەستەکان.

### کاریگەرەکان لەسەر کارمەندەکان وەک تاکەکەس

ئەدەبیاتی ئەم بوارە بەو سەرەنجامە گەیشتووە کە ئاستی خوێندەواری کاریگەری زیاترە لەسەر مووچە و دەرماڵەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەزموون یان ماوەی خزمەت لە راژەی شارستانی. ئەو کەسەی خوێندنی باڵای تەواو کردبێت کەمتر زیانی پێدەگات کاتێک جیا دەبێتەوە لە راژەی شارستانی (Rama, 1999; Assaad,

1999).[2] هەندێک لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن کە هەر ساڵێکی خوێندنی زیاتر دەبێتە مایەی ئەوەی زیانەکان بە رێژەی 15 لە سەت کەمتر ببێتەوە (Rama and MacIsaac, 1999). ئەدەبییاتەکە هەروەها گەیشتۆتە ئەو سەرەنجامەی کە پاکێجی قەرەبووی وازهێنان هەمیشە بۆ پیاوان دلۆڤانتر بووە، سەرەڕای ئەو حەقیقەتەی کە زیان بە کاتی گونجاوی کار و دەرماڵەی دایکایەتی بە شێوەیەکی نابەرابەر کار دەکاتە سەر ژنان (Rama, 2002).

ئاساد (1999) بۆی دەرکەوتووە کە ئەگەر لە پارەی وازهێنان لە کار (ئیکرامییە) حساب بۆ ئەو جیاوازییە نەکرێت کە ئافرەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە دەرفەتی کاردا، ئەوسا لە ئەنجامدا ژمارەیەکی کەمتر ئافرەتان بەشداری لە بەرنامەکەدا دەکەن. هەندێک لێکۆڵینەوەی تر گەیشتوونەتە ئەو سەرەنجامەی کە ئافرەتان دوای لەدەستدانی کار بۆ ماوەیەکی درێژتر بە بێ کاری دانیشتوون. (Cazes and Nesperova, 2001). لە لایەکی ترەوە ڕاما (2002) دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە لە ڤییتنام، کە ئافرەتان رێژەیەکی گەورەی سەتیی دەستی کار پێکدەهێنن لە هەندێک پیشەسازییدا، کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر داهاتەکانیان.

کاریگەری شوێنی جوگرافی کەمتر ڕوونە. دەتوانرێت کولفەی کەمی نیشتەجێبوون لە دەرەوەی شارەکان (کە دەبێتە مایەی ئەوەی کاریگەری پێچەوانەی لەدەستدانی کار هەندێک کەمتر بێت) بە ژمارەیەکی کەمی هەلی کار هاوسەنگ بکرێت (کە کاریگەرێکی پێچەوانەی هەندێک گەورەی دەبێت لەبەرئەوەی ناتوانرێت لەم شوێنانە کارێک بدۆزرێتەوە بۆ پرکردنەوەی لەدەستدانی کرێیەکە-مووچەکە). بۆ نموونە، ئاساد (ڕووپێوی سامپڵی دەستی کاریی میسری) ی 1988 بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو زیانانەی لە بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانیەوە دروست دەبن و ئەم زیانانە لەگەڵ بەهای بەرنامەی جۆراوجۆری قەرەبوو بەراورد دەکات. بۆی دەرکەوتووە کە کاریگەری پێچەوانە گەورەترە لەسەر کارمەندانی خزمەتی مەدەنیی لە دەرەوەی شارەکان، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارمەندانەی لە شارەکان دەژین.

ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەدەبییاتەکە باسی لەدەستدانی کرێ و دەرماڵەکانی کارمەندە کارتێکراوەکان دەکات، زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە زیانی تری نابەرجەستەش هەیە کە کاریگەری پێچەوانەیان هەیە لەسەر کارمەندەکان. ئەم زیانە نابەرجەستانە، کە دیاریکردنی برەکەیان سەختە، بریتین لە شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی کە وابەستەن بە کاری راژەی شارستانیەوە. (Stasz et al., 2007; Gonzalez et al.,2008). ئەدەبیاتی دارشتنەوەی سترەکچەری رێکخراوەیی هەروەها چەند ئاریشەیەکی تریشی دەستنیشان کردووە کە ڕەنگە سەرهەڵبدەن، وەک کەمبوونەوەی دڵسۆزی و پابەندێتیی بە خاوەنکارەوە (Brockner,1988)، ناکۆکی نێوان کارمەندان (Buono, Bowditch, and Lewis, 1985; Greenwood, Hin- ings, and Brown, 1994)، و کەمبوونەوەی ورە و بەرهەمهێنان (Buono, Bowditch, and Lewis,1985; Cascio, Young, and Morris, 1997; Wah, 1999).

**کاریگەرەکانی لەسەر حکومەت**

لە زۆر وڵاتی تازە گەشەسەندوو حکومەت پەنای بۆ بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی برد وەک شێوازێک بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی گشتیی حکومەت بۆ مووچە و دەرماڵە (Kikeri, 1998; Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006). سەرەڕای ئەمە، کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی قەرەبووی درێژخایەنی خانەنشینیی. بێگومان هەر قەرەبوویەکی وازهێنان لە کار هەندێک کولفەی تێدەچێت، هەروەها بەڕێوەبردنی سیسمتەکە هەندێک کولفەی کارگێڕیی دەبێت. لە گۆشەنیگایەکی داراییەوە، ئەگەر کەمبوونەوە لە خەرجییەکانی مووچە زیاتر بێت لە خەرجییەکانی پارەی خانەنشینی و کارگێڕییان، ئەوسا بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی، پوختەی سوودی دارایی دەبێت.

ڕەنگە ئەو قەوارانەی حکومەت کە کاریان تێدەکرێت بەرپەرچی هەوڵەکانی بچووک کردنەوە بدەنەوە چونکە ژمارەی کەمتری کارمەندان واتە دەسەڵاتی کەمتری کارگێڕی. بۆ نموونە، حکومەتە ناوچەییەکان هۆی خۆیان هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی بچووک کردنەوەی قەبارەکە، چونکە ئەمە مانای ئەوەیە رێژەی بێکاریی زیاد دەکات لە کۆمەڵگەکانیان، دەسەلاتی سیاسییان لە دەست دەچێت، یان لێشاوی داهات نامێنێت (Diaz, 2006). لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە حکومەتە خۆجێیەکان کاریگەری ئەرێنی ببینن ئەگەر ئەو سەرچاوانەی لە بنەڕەتەوە لەلای حکومەتی ناوەندیین بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوچەیی. ئەمە ڕەنگە بۆ نموونە کاتێک ڕووبدات ئەگەر دابینکردنی پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، و خزمەتگوزارییەکانی تر لامەرکەزی بن.

---

[2] یەک بەدەرکاری (استثناء) بریتییە لە میسر، کە تێیدا خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی ئەرێنی پەیوەست بوو بە لەدەستدانی داهاتەکان. ئەمەش ڕەنگە لەبەر مومارەساتی دامەزراندن لەلای حکومەت. (Assaad, 1999; Diaz, 2006; Rama, 1999).

**کاریگەرەکان لەسەر گەشەسەندنی ئابووری**

بە زەحمەت دەتوانرێت کاریگەری بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی لەسەر گەشەی ئابووریی بپێورێت و برەکەی دیاری بکرێت. بەڵام لە زۆر حاڵەتدا ئەم کاریگەرانە ڕەنگە زۆر گەورەتر بن لە هەر بودجەیەک کە دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی راژەی شارستانی. لە بنەڕەتەوە، تەرخانکردن و دابەشکردنی باشی دەستی کار لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومی دەبێتە مایەی ئابوورییەکی کارا، و گەشەسەندنی بەردەوامی ئابووری. لەگەڵ ئەمەشدا، بچووک کردنەوەکە کولفەی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە کورتخایەنییدا، بۆ نموونە، ئەوانەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە گوێرەی گرێبەست لەگەڵ حکومەت، حکومەتی بچووک کاریگەرێکی پێچەوانەی دەبێت لەسەریان.

بە گشتیی، ئەگەر کەرتی حکومی سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی بزنسی بچووک و مامناوەندی بێت، ئەوسا بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی کاریگەرێکی پێچەوانەی دەبێت لەسەر ئەم بزنسانە. لە کاتێکدا دەگوترێت داڕشتنەوەی سترەکچەری حکومەت دەبێتە مایەی هاندانی گەشەی ئابووریی (Li, 1998)، کاتێک بڕیاربەدەستان بریار دەدەن لەسەر ئەوەی ئاخۆ و تا چەند کارمەندانی خزمەتی مەدەنی کەم بکەنەوە، پێویستە لێکۆڵینەوە بکەن لە کاریگەرەکانی لەسەر بودجە و کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری (Rama,1999; Diaz, 2006).

**کەمکردنەوەی کاریگەری پێچەوانەی بچووک کردنەوەی قەبارە لە چاکسازیی کۆمپانیا حکومییەکاندا**

لێرەدا تاوتویی دوو جۆر گواستنەوەی کۆنترۆڵی ئەرکەکان دەکەین لە حکومەتەوە بۆ کەرتی تایبەت. یەکێکیان بریتییە لە گواستنەوەی کۆنترۆڵی بەڕێوەبردن، کە تێیدا حکومەت خاوەندارێتییەکە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە، بەلام هەندێک یان هەموو چالاکییەکان لە لایەن بەڕێوەبردنی ئەهلییەوە بەڕێوە دەبرێت لە ڕێی گرێبەستێکی بەڕێوەبردنەوە. دەتوانرێت ئەمە بە حاڵەتێکی تایبەتیی (سپاردن) دابنرێت. دووەم بریتییە لە گواستنەوەی تەواوی بۆ کەرتی تایبەت (World Bank, 1995).

لە حاڵەتی گرێبەستی بەڕێوەبردندا، گرێبەستەکان دەتوانن هەندێک لە کاریگەرە پێچەوانەکان کەم بکەنەوە — بۆ نموونە، لە ڕێی دانانی مەرج کە دەبێت بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەکە هیچ کەمبوونەوەیەکی گەورە ئەنجام نەدات لە ژمارەی دەستی کار. بەڵام، ئەمە ڕەنگە ببێتە مایەی لەناوبردنی هەندێک دەستکەوتی کارایی ئابووریی کە پێشبینی دەکرێت کۆنترۆڵی کەرتی تایبەت بە دەستی بهێنێت. دانانی سنوور بۆ توانای بەڕێوەبەرایەتییەکە لە بواری داڕشتنەوەی شێوەی کۆمپانیاکە ڕەنگە کۆتوبەندێکی گەورە بخاتە سەر ئایندەی گەشەسەندن. گرێبەستی بەڕێوەبردن ڕەنگە هەندێک لەم خاڵە ئەرێنییانە بپارێزێت لە ڕێی گۆڕینی کاروباری کارمەندانی کۆمپانیاکە بۆ رێساکانی دەستی کاری کەرتی تایبەت نەوەک یاساکانی راژەی شارستانی.

پێدەچێت بچووک کردنەوەی قەبارەکە لە ئاستێکی گەورەدا لە ڕێی جۆری دووەمی گواستنەوەوە بێت، کە تێیدا گۆڕانکارییەکی تەواو دەکرێت بەرەو خاوەندارێتیی کەرتی تایبەت. زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدرێت کە هەمیشە (بە تایبەتی کردن) نابێتە مایەی بچووک کردنەوەی قەبارەکە لە ئاستێکی گەورەدا. لە هەندێک حاڵەتدا کارمەندانی پێشووی راژەی شارستانی بە سەرکەوتووی لە بەڕێوەبەرایەتییە نوێیە ئەهلییەکە ماونەتەوە، بە تایبەتی کە ئەم کارمەندانە خاوەن شارەزایی پێویستن (Kikeri, 1998; Diaz, 2006). ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ کەرتی تایبەت رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ کارمەندەکانی ئەو قەوارەیەی بە تایبەتی کردن کراوە بهێڵێتەوە، یان ژمارەیان کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی دوور بخاتەوە لە دەرکردن یان لابردنی ناپێویستی کارمەندان. سەرەڕای ئەمەش، پێداچوونەوەی ئێمە بە چالاکییەکانی حکومەت بۆ بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی ئەوە دەردەخات کە لە هەندێک حاڵەتدا لە ڕاستیدا دامەزراندن زیادی کردووە لە ئەنجامی کارایی دوای بە تایبەتی کردن (Kikeri, 1998).

بڕیاری بە تایبەتی کردن ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە ئاخۆ کەی بەشداری بە کەرتی تایبەت بکرێت لە پرۆسەکەدا. لەو کەرتانەدا کە ژمارەی ستافەکانی هێندە زۆر نییە، ڕەنگە داڕشتنەوەی سترەکچەر ئاسانتر بێت لە لایەن کەرتی تایبەتەوە پاش بە تایبەتی کردن ئەگەر بەڕێوەبەرە نوێیەکان لە پێگەیەکی باشتردا بن بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی سەرچاوە مرۆییەکان و ئەنجامدانی بچووک کردنەوەی قەبارە (Kikeri, 1998). بەڵام، ڕەنگە ئەمە ڕێکار نەبێت بۆ ئەو کەرتانەی ژمارەی ستافەکانیان ئێجگار زۆرترە و داڕشتنەوەی سترەکچەرەکە دەبێتە مایەی باشترکردنی بەهای ئەو کۆمپانیایەی بە تایبەتی کردن دەکرێت. زۆریی ژمارەی ستاف دەبێتە مایەی دابەزینی بەهای کۆمپانیاکە — یان ڕەنگە حکومەت نەتوانێت بیفرۆشێت. لەم حاڵەتانەدا، ڕەنگە حکومەت هیچ ڕێگەچارەیەکی نەبێت بێجگە لەوەی راستەوخۆ بچووک کردنەوە ئەنجام بدات. سەرەڕای ئەمانەش، ڕەنگە

چالاکییەکانی حکومەت لە کەمکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی ئاماژەیەک بێت بە پابەندێتیی حکومەت بە چاکسازییەوە لەلای وەبەرهێنەرانی ئەهلیی (Kikeri, 1998; Diaz, 2006; Fretwell, 2004).

## هەندێک رێوشوێن بۆ دارشتنی پاکێجی قەرەبووی دارایی وازهێنان

دابینکردنی حەوافز بۆ جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە شێوازێکی باوە حکومەتەکان بەکاریدەهێنن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی. لە دوو توێی دەستپێشخەرییەکانی دارشتنەوەی سترەکچەر لە لایەن حکومەتەوە لە وڵاتانی تر لە ساڵانی 1980 و 1990 شێوازی جۆراوجۆر پیادە کرابوو بۆ دارشتنی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە (Kikeri, 1998; Diaz, 2006; Rama, 1999; Chong and Lopez-de-Silanes, 2002; Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006). لەم لێکۆڵینەوەدا شێوازەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی پۆلێن کرابوو بۆ سێ شێواز: یەکەم، بەرنامەی ئارەزوومەندانە: پاکێجێکی قەرەبووی وازهێنان دەدرێت بە کارمەندان و بە ئارەزووی خۆیان قبوڵی دەکەن، یان رەتی دەکەنەوە. لەبەرئەوەی ئەم شێوازە بوار دەرەخسێنێت بۆ جیابوونەوەی کارمەندان بە بێ رەچاوکردنی توانای بەرهەمهێنانیان، زۆربەی کارمەندە هەرە بەرهەمهێنەکان، بە گشتیی پێدەچێت برۆن. بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرنامەی ئارەزوومەندانە پیادە کراوە، بەڵام بریتین لە کەمتر لە چارەکێکی ئەوپەری کەمکردنەوەی دەستی کار لە سەرتاسەری ئەو وڵاتانەی لە ئەدەبییاتەکاندا باسیان کراوە (Rama, 1999; Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006).

لە جیاتی ئەمە، هەندێک وڵاتی تر شێوازێکیان بەکارهێنا کە پێی دەگوترێت بەرنامەی نائارەزوومەندانەی نەرم. کارمەندانی بن دیوار، ئەو کارمەندانەی کاتی مووچە دەردەکەون بەلام کاتی ئیش و کار لەوێ نین یان رەنگە وجودیان هەر نەبێت، ناویان لە لیستی مووچە دەردەهێنرێت، هەندێک کارمەندی تریش بە شێوەیەکی نائارەزوومەندانە لە لیستی مووچە دەردەکرێن بەلام بە شێوەیەکی گشتیی قەرەبووی رێکوپێکیان پێدەدرێت و پشتگیریی تریشیان پێشکەش دەکرێت، وەک مەشق کردن و هاوکاری بۆ ناونوسین لە پۆست و کارەکان. 30 لە سەتی کەمکردنەوەی قەبارەی دەستی کار بە بەرنامەی نائارەزوومەندانەی نەرم بووە لەو وڵاتانەی لە ئەدەبییاتەکاندا خراونەتە ژێر باس (Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006).

دواجار، زۆر حکومەت بەرنامەی نائارەزوومەندانە توند بەکاردەهێنن، داوا لە کارمەندەکان دەکرێت برۆن بە بێ ئەوەی قەرەبوویان پێبدرێت. رەنگە لەگەڵ جیابوونەوەکە مەشقی گەورە یان هاوکاری بۆ دۆزینەوەی کار پێشکەش بکرێت، یان نەکرێت. ژمارەیەکی زۆری کەمترکردنەوە بە شێوازی نائارەزوومەندانی رەق ئەنجام دەدرێت، نزیکەی کەمتر لە نیوەی کۆی کارمەندەکانە، لەو وڵاتانەی کە لە ئەدەبییاتەکان پێداچوونەوەیان کراوە.

وا باوە وڵاتان چەند شێوازێک لەو شێوازانە پێکەوە بەکاردەهێنن، رێکارێک دەخرێتە پێش هەندێک کارمەند و هەندێکی تریش رێکارێکی تر، یان یەکەمجار بەرنامەی ئارەزوومەندانە و ئنجا بەرنامەی نائارەزوومەندانە ئەگەر ئەوەی یەکەم ئەنجامەکانی خۆی بەدەست نەهێنا (Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006). بەرنامەی ئارەزوومەندانە بە پەسەندتر دادەنرێت لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بە بەراورد لەگەڵ بەرنامەی نائارەزوومەندانە.

هالیتۆنگەر و سینگ (1999) لێکۆڵینەوەیان لە بەرنامەکانی بچووک کردنەوەی حکومەت لە 37 وڵات کرد. خشتەی 8.1 بریتییە لە چەند وڵاتێک بە مەبەستی پیشاندانی ستراتیجی جۆراوجۆر و ژمارەی ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە جیابوونەتەوە بە بەکارهێنانی ئەم بەرنامانە. وەک لە خشتەی 8.1 دەردەکەوێت، هەندێک وڵات بە تایبەت پەنایان بۆ بەرنامەی جیاکردنەوەی نائارەزوومەندانەی توند بردووە. لە حاڵەتی خزمەتگوزاریی مەدەنیی بەرازیل، کۆی ژمارەی ئەو کارمەندانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەرە زۆر بچووک بوو، بەڵام لە پۆڵەندا، زیاتر لە نیو ملیۆن کارمەندی کۆمپانیای کەرتی گشتی بە شێوەیەکی نائارەزوومەندانە جیاکرانەوە. لەو سەرەوە، هندستان و پاکستان و تورکیا بە تایبەت پەنایان بۆ جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بردبوو. ئەو وڵاتانەی تر کە هالیتۆنگەر و سینگ (1999) لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردبوو ئاوێتەیەکیان هەڵبژاردبوو لەم شێوازانە کاتێک ستراتیجێکیان پیادە کردبوو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان.

بری ئەو قەرەبووەی لە پاکێجی قەرەبووی وازهێناندا دەدرێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەڵام بە گشتیی دلۆڤانەیە (Kikeri, 1998). نموونەی ناو ئەدەبییاتەکە بریتییە لە مووچەی شەش مانگ تا دەگاتە مووچەی چەند ساڵێکی کارمەندەکە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی کیکێری (1998) بە شێوەیەکی

**خشتەی 8.1**
**ژمارەی ئەو کارمەندانەی جیابوونەتەوە، بە گوێرەی جۆری جیابوونەوەکە**

| قەوارە | ژمارەی ئەو کارمەندانەی رۆیشتن | جۆری جیابوونەوەکە (%) | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ئارەزوومەندانە | نائارەزوومەندانە (نەرم) | نائارەزوومەندانە (رەق) |
| کۆمپانیا گشتییەکانی ئەرجەنتین | 72818 | 41 | 59 | 0 |
| راژەی شارستانی لە بەرازیل | 4599 | 0 | 0 | 100 |
| راژەی شارستانی لە غانا | 73810 | 81 | 19 | 0 |
| کۆمپانیا گشتیەکانی هیندستان | 69466 | 100 | 0 | 0 |
| کۆمپانیا گشتییەکانی کازاغستان | 172959 | 0 | 76 | 24 |
| کۆمپانیا گشتییەکانی پاکستان | 7495 | 100 | 0 | 0 |
| کۆمپانیا گشتییەکانی پۆڵەدنا | 547300 | 0 | 0 | 100 |
| راژەی شارستانی لە سینیگال | 6100 | 70 | 30 | 0 |
| کۆمپانیا گشتییەکان لە تورکیا | 35000 | 100 | 0 | 0 |

سەرچاوە: haltiwanger and Singh, 1999.

گشتیی ئەم پارەی جیابوونەوەیە (ئیکرامییە) بە بەراورد لەگەڵ تێکرای مووچە، شتێکی باشە. حەوافزێک کە بە شێوەیەکی ڕوون بەسترابێتەوە بە مووچەی کارمەندێکەوە بۆ هاندانی بۆ وازهێنانی ئارەزوومەندانە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە و زۆربەی جار بووەتە مایەی خاوکردنەوەی گرژیی سیاسی. سەرەڕای ئەمە، حکومەت بۆیان دەرکەوتووە دەبێتە مایەی گەڕاندنەوەی پارە و دارایی لە ماوەی دوو تا چوار ساڵدا، لە رێی کەمکردنەوەی لیستی مووچەی کارمەندان.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەرنامەکانی وازهێنانی ئارەزوومەندانە هەندێک نەیاریان هەیە، بە تایبەتی ئەو شێوازانەی کە پیادە کراون. لە هەندێک حاڵەتدا ئەو شێوازانەی پیادە کراون بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بووەتە مایەی ئەوەی حکومەت زۆر لەو کارمەندانە دابمەزرێنێتەوە کە بڕیاریان دابوو بە پاکێجێکی باشەوە وازبهێنن. ئەم قەوارانەی دەوڵەت ناچار ببوون کارمەندەکان بگەڕێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بدەن بە ئاستی پێشبینیکراوی خزمەتگوزارییەکانیان. داڕشتنەوەی سترەکچەری دامەزراندنی خزمەتی مەدەنی لە کۆمپانیا حکومییەکان پێش بە تایبەتی کردن لەم دیاردەیەدا هەیە، چونکە حکومەت ئەولەوییات دادەنێت بۆ ئامانجە بەپەلە و دەستبەجێکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی بە مەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنەر نەوەک بۆ جەختکردنەوە لە درێژەدان بە خزمەتگوزارییەکانی پاش تایبەتاندنەکە (Rama, 1999; Haltiwanger and Singh, 1999; Diaz, 2006).

یەکێک لە گەورەترین نیگەرانییەکانی حەوافزەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بریتییە لە گرفتی هەڵبژاردنی پێچەوانە (adverse selection)، کە دەبێتە مایەی ئەوەی کرێکارە کەم بەرهەمەکان لەلای حکومەت بمێننەوە و کارمەندە باشترینەکانیش بەجێی بهێڵن. سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدا دەبێتە مایەی کەم کردنەوەی گرفتی هەڵبژاردنی پێچەوانە. ئەگەر حکومەت زانیاری سەرەتایی جێی متمانەی هەبێت لەسەر ئەدای کارمەندەکان، ئەوسا دەتوانرێت ئامانجی بەرنامەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بریتی بێت لەو کارمەندانەی ئاستی ئەدایان هەرە نزمە. بە گشتیی، دەتوانرێت بە شێوەیەک پاکێجەکانی وازهێنان لە کار دابڕێژرێت کە کارمەندە هەرە کەم-بەرهەمەکان بە خۆیان بڕیار دەدەن بڕۆن و کارمەندە هەرە بە بڕشتەکان بڕیار دەدەن بمێننەوە (Hansen and Husted, 2005).

**بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ شایستەیە بەشداری بکات لە بەرنامەی جیابوونەوە**

بە لای کەمەوە چوار رێگەی جۆراوجۆر هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کارمەندانی راژەی شارستانی وەک شایستە بۆ بەشداریی لە بەرنامەکانی جیابوونەوە (Rama, 1999; Diaz, 2006). لە یەکەمیاندا سەرجەم کارمەندەکان شایستەن بۆ بەشداریی. جێبەجێکردنەکەی ئاسانە بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم شێوازە دووچاری هەڵبژاردنی پێچەوانە دەبێتەوە. لە جیاتی ئەمە حکومەتەکان پەنا بۆ عشوائییەت دەبەن (randomization). بچووک کردنەوەکە بە رێژەیی دەکرێت: ئەو دەستی کارانەی جیا دەکرێنەوە و ئەوانەی دەهێڵرێنەوە خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە، لە شێوازی عشوائییەتدا، هەموو کارمەندەکان وەک یەکتری هەلیان بۆ دەرەخسێندرێت راژەی شارستانی بەجێ بهێڵن. لایەنی نەرێنی ئەم شێوازە ئەوەیە کە شێوازێکی ستراتیجی نییە. بۆ نموونە، ئەگەر حکومەت بیەوێت هەندێک ئەرک و کار بە تەواوەتی نەهێڵێت و بیسڕێتەوە، ئەوسا ناتوانرێت شێوازی عشوائییەت پیادە بکرێت (Rama, 1999, 1997; Diaz, 2006).

سێیەم، هەندێک جار حکومەتەکان شێوازی دوولایەنە بەکاردەهێنن. لێرەدا بەشداری لە بەرنامەکەدا پشت بە سێ فاکتەر دەبەستێت: هەلومەرج (بارودۆخ)ی بازاڕی دەستی کاری ناوخۆ، توانای بەرهەمهێنانی کارمەندەکە، و ئەو یەکەیەی حکومەت کە کارمەندەکە کاری لێدەکات. ئەوسا لیستێک رێکاری جیابوونەوە دەخرێتە پیش کارمەندەکە، لیستەکە بە گوێرەی ئەو سێ فاکتەرە داڕێژراوە. بۆ نموونە، کارمەندێکی راژەی شارستانی لە یەکەیەک دەوام دەکات کە خزمەتگوزارییەکی پڕبەها دابین دەکات و دەرفەتی باشی لە پێشە لە کەرتی تایبەت تەنانەت ئەگەرچی ئاستی بەرهەمهێنانی وەک تاکەکەس نزم بێت. ئەم کەسە حەوافزی دارایی کەمتری دەخرێتە پیش بە بەراورد لەگەڵ کرێکارێکی هەمان یەکە کە دەرفەتی کەمتری لە پێشە لە کەرتی تایبەت. لیستەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ دادەڕێژرێت کەهانی ئەم کارمەندە کەم-بەرهەمانە بدات بە خۆیان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بە کولفەیەکی هەرزان جیا ببنەوە لە حکومەت. ئەگەرچی بە تیۆر ئەم شێوازە خۆشە، بەڵام بە زەحمەت جێبەجێ دەکرێت (Jeon and Laffont, 1999; Rama, 1999, 1997; Diaz, 2006).

دواجار، هەندێک حکومەت شێوازێکی ئامانجگیر (استهداف، targeted) پیادە دەکەن. کارمەندەکان دابەش دەکەن بۆ چەند پۆلێن (تصنیف)ێکی جۆراوجۆر (بۆ نموونە، زۆر-بەرهەم/بە-بڕشت، کەم-بەرهەم، و مامناوەندی)، و بڕیاردان لەسەر هێشتنەوە یان جیابوونەوەی کارمەندێک پشت دەبەستێت بە پۆلێنەکەی. ئەگەر بە شێوەیەکی رێکوپێک و گونجاو دابڕێژرێت، ئەوسا ئەم شێوازانە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گرفتی هەڵبژاردنی پێچەوانە و پێداویستبوونی دامەزراندنەوەی ئەو کارمەندانەی دەڕۆن (Haltiwanger and Singh, 1999; Rama, 1999; Diaz, 2006).

**کاریگەرەکانی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە**

چەندین وڵات شێوازی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانەیان هەڵبژاردووە. ئەم شێوازە لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە: تا ڕادەیەک جێبەجێکردنی ئاسانە، و ئەو حکومەتانەی جێبەجێیان کردووە بۆیان دەرکەوتووە بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی بەم شێوازە کولفەی دارایی کەمە (Diaz, 2006). بەڵام، جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە دەشێت کولفە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی ئێجگار گەورە بێت و ڕەنگە بۆ زۆر بارودۆخ نەگونجێت (Hansen and Husted, 2005). ڕەنگە هەندێک شت ڕێگر بن لە پیادەکردنی جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە: وەک، بەهێزیی ئەو لایەن ڕێکخراوانەی بایەخ بە بابەتەکە دەدەن، وەک یەکێتی و کۆمەڵە و پارتی سیاسی، داب و نەریتی ناوخۆیی، و جۆری ئەو کلێشەیەی پیادە دەکرێت. لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زیاتر پێدەچێت کارمەندانی راژەی شارستانی لە دوو توێی حکومەت خۆیدا بگوازرێنەوە نەوەک بە شێوەی نائارەزوومەندانە جیا بکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەدایان بە شێوەیەکی ناپەسەندیش نزم بێت.

زۆربەی جار ئەو وڵاتانەی پەنا دەبەن بۆ جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە پاش ئەوە پەنای بۆ دەبەن کە هەوڵیان داوە بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە جێبەجێ بکەن و لە سەرەنجامدا ژمارەیەکی ئێجگار کەمی کارمەندانی راژەی شارستانی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشدارییان کردووە. لە هەندێک وڵاتی تر، لەبەر گیروگرفتی بودجە و نەبوونی بودجەی پێویست حکومت نەیتوانیوە حەوافزی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بخاتە پێش کارمەندەکان. کیکێری (1998) باسی دوو نموونە دەکات لە ئەمریکای لاتین کە تێیدا ئەو کارمەندانەی لە بەراییدا بە ئارەزوومەندانە نەڕۆیشتبوون دواتر بە قەرەبوویەکی کەمترەوە بە نائارەزوومەندانە جیا کرابوونەوە. جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە پشتی بەستبوو بە:- هەڵسەنگاندنی ئەدا و دەوامکردن بە ڕێکوپێکی (نەبوونی غائیبێتی) و چەند فاکتەرێکی تری پەیوەست بە کار.

**کولفەی حەوافزەکانی جیابوونەوە**

جێی سەرسامی نییە کە کولفەی حەوافزەکانی جیابوونەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئێجگار جیاواز بێت. بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەگەر بەرنامەیەکی جیابوونەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لەبار داڕێژرابێت ئەوسا کولفەی کەمتر دەبێت لە درێژخایەنیدا بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بوار بە کارمەندەکانی ڕاژەی شارستانی بدرێت لە حکومەت بمێننەوە تا ئەو کاتەی خانەنشین دەبن. ئەو کارمەندانەی ماوەیەکی زۆریان لە پێشە تا کاتی خانەنشین کردنیان بە حەوافزی کەمتر ڕازی دەبن بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارمەندانەی نزیکن لە کاتی خانەنشینی (Hansen and Husted, 2005). حکومەتەکان دەتوانن سوود لەمە وەربگرن کاتێک سترەکچەر دادەڕێژن بۆ حەوافزی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە ئەگەر ئامادە بن بڕە پارەی جیاواز بدەن بە کارمەندی جیاواز.

## بەرنامەکانی مەشق و دۆزینەوەی هاوتا (Matching، مطابقة)

**بەرنامەکانی مەشق**

بەڵگەی ئەزموونگەرایی لەسەر کارایی بەرنامەکانی مەشقکردن لەسەر کار، جۆراوجۆرن، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی سوودەکان جۆراوجۆرن و دەکەونە ژێر کاریگەری جیاوازیی بەرنامەکان و گروپە دیمۆگرافییەکان (بۆ نموونە، ئاستی داهات، ئاستی خوێندەواری، گرووپی تەمەن) (Heckman, LaLonde, and Smith, 1999). پێداچوونەوەیەکی بەرنامەکانی مەشق لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا گەیشتۆتە ئەو سەرەنجامەی کە هەندێک بەرنامەی مەشقکردن کاریگەری ئەرێنییان هەیە و هەندێکی تریان کاریگەری نەرێنییان هەیە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازییەکیی زۆر لە ئارادا بوو بە گوێرەی گروپی دیمۆگرافی (واتە بە گوێرەی جیاوازیی لە ئاستی داهات، ئاستی خوێندەواری، گروپی تەمەن). بۆ نموونە، لە حاڵەتی (یاسای شەراکەتی مەشقکردن لەسەر کار، JTPA)ی فیدراڵی، پیاوان ئێجگار زیاتر سوودمەند بوون لە بەرنامەکە بە بەراورد لەگەڵ ژنان و گەنجان.[3] بە هەمان شێوە، هەڵسەنگاندنی ئەزموونگەرایی بەرنامەکانی مەشقکردن لەسەر کار بۆی دەرکەوتووە بەرنامەکان کاریگەری ئەرێنییان هەبووە لەسەر دامەزراندن و کرێی پیاوانیش و ژنانیش، بەڵام بۆ گەنجان وا نەبووە.[4] لە ئەوروپا، چەند هەڵسەنگاندنێکی بەرنامەکانی مەشقکردن لەسەر کار کە لە ساڵانی 1980 کان و 1990 ەکان ئەنجام دران ئەوە دەردەخەن کە بەرنامەکانی مەشقکردن ڕێژەیەکی بەرفراوان و جۆراوجۆر کاریگەریان هەبووە لەسەر دامەزراندن و مووچە، کاریگەرەکان هەندێکیان ئەرێنی بوون و هەندێکیان نەرێنی (Heckman, LaLonde, and Smith, 1999).[5]

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر مەشقکردن لەسەر کار ئەنجام دراون لە ڕەوشی ئەو حکومەتانەدا کە سەرقاڵی بچووک کردنەوەی قەبارە بوون، وەک یەکتری جۆراوجۆر و جیاوازن (Kikeri, 1998; Rama, 1999; Fretwell, Benus, and O'Leary, 1999). بەڵام، بڕیاربەدەستان هەر نیگەرانن لە بەرزترکردنەوەی ئاستی شارەزایی کارمەندانی پێشووی ڕاژەی شارستانی بۆ هاوکارییان لە گواستنەوەیان بۆ کەرتی تایبەت. چەندین کارمەند بەشێکی زۆری ژیانی پیشەیی خۆیان لەناو ڕاژەی شارستانی بەسەر بردووە و ڕەنگە خاوەنی کارزانیی پێویست نەبن بۆ کێبڕکێ لەسەر هەلی کارەکانی کەرتی تایبەت. بەم شێوەیە، سەرەڕای ئەوەی بڕیاربەدەستان کۆکن لەسەر ئەو دەستپێشخەرییانەی سەرکەوتوون، هێشتا وا هەستیان دەکرد کە کارمەندەکان زۆر جار پێویستییان بە هاوکارییە لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی کارزانییان (Rama and MacIsaac, 1999; Diaz, 2006).

---

3 (JTPA) هاوکاریی مەشق و دۆزینەوەی کاری پێشکەش بە کەسانی کەم-دەرامەت دەکرد. هەڵسەنگاندنێکی JTPA ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕێژەی دارایی ناوخۆیی داهات بۆ نێرینە لە نێوان 68.9 و 200 لە سەت بوو. ڕێژەی داهات بۆ ژنان پۆزەتیڤ بوو بەلام لەوەی پیاوان کەمتر بوو، و ڕێژەکە بۆ گەنجان بە سالب بوو (Heckman, LaLonde, and Smith, 1999).

4 پێداچوونەوەیەکی لێکۆڵینەوە ئەزموونگەراییەکانی بەرنامەکانی مەشقکردن و گەڕان بە دوای کار تایبەت بەو ئافرەتانەی لە بواری سۆسیۆ ئابوورییەوە زیاندمەندن ئاشکرای کردووە کە ڕێژەی سوودمەندێتییەکە لە نێوان چەند سەد دۆلارێک بووە ساڵانە تا دەگاتە زیاتر لە هەزار دۆلار (Heckman, LaLonde, and Smith, 1999, p. 2055).

5 لێکۆڵینەوەکانی هێکمان، لالۆند، و سمیس (١٩٩٩) کاریگەری جۆراوجۆری پیشان داوە، لە نێوان ٤٠ تا ٧٠ لە سەت، ڕێژەکان بە ڕێژەی سەتیی کاریگەری بەرنامەکان لەسەر دۆزینەوەی کار و مووچە پێوانە کراون.

یەکێک لە رێکارەکان بریتییە لە تاقیکردنەوەی شێوازی تر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارزانیی و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ دۆزینەوەی شێوازی سەرکەوتوو و دۆزینەوەی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا سەرکەوتوو دەبێت. بۆ نموونە، ڕەنگە لە دوو توێی بەرنامەکانی مەشق و پشتگیرییدا مەشقێک دابنرێت بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی هەر کارزانییەک کە ئێستا داواکاری لەسەرە و کارزانی نوێ دەبەخشێت بەو کارمەندانەی جیابوونەتەوە بۆ ئەوەی سەرمایەی مرۆییان دەوڵەمەند بکرێت، و مەشقیان پێدەکات لەسەر کاسپیکردن بە خۆیان و لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیا، و مەشق و رێنمایی لەسەر پێکهێنان و بەردەوامیدان بە بزنس بۆ ئەو کەسانەی مەیلی دامەزراندنی کۆمپانیایان هەیە (Kikeri, 1998). بۆ نموونە لە بەرازیل، بەرنامەی (خزمەتی پشتگیریی بەرازیلی لە کۆمپانیا بچووکەکان) مەشق و راهێنانی لەم بوارانە پێشکەش کرد: ژمێریاری، دارایی، یاساکانی بواری دامەزراندن و کارپێکردن و بەڕێوەبردنی بزنسی بچووک و مامناوەندی بۆ ئەو کارمەندانەی لە کەرتی هێڵی ئاسنین جیابوونەتەوە (Estache, de Azevedo, and Sydenstriker, 2000).

سەرەڕای ئەمە، هاوکاریی و راوێژ پێشکەشی کارمەندان دەکرێت لە بواری دۆزینەوەی کار. هاوکاری بۆ دۆزینەوەی هەلی کار وەک تەواوکەرێکی بەرنامەی مەشق زۆر سوودبەخشە بۆ ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە سالانێکی زۆرە بۆ هەلی کار نەگەڕاون. هەروەها دانان لە کارێک وەکو مەشق و راهێنان و پشتگیری. بە تایبەتی کارمەندە گەنجەکان دەتوانن فێری شارەزایی و کارزانی و بازرگانیی نوێ ببن لە بەرنامەی دانان لە کارێک بە مەبەستی مەشق. ئەم بەرنامەی مەشقانە بریتین لە خولی ڕاهێنانی تەواو و بە رێنمایی بازرگانی گەورە ئەنجام دەدرێن و زۆر جار حکومەت پشتگییریان پێشکەش دەکات.

هەروەها دەتوانرێت داشکاندنی نرخ بدرێت بە کارمەندەکان بۆ کڕینی کەرەستە و کەلوپەل، ئامێر، و سەرچاوەی تری پێویست بۆ دەستکردن بە بزنسێک. دەستگەیشتن بە کرێدیت (اوراقی مالی یان اعتماد) و سەرمایە ئێجگار پێویستن بۆ گەشەسەندنی بزنسی بچووک. لەبەرئەوەی ڕەنگە کولفەی دەستپێکی کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر ئاستەنگێکی ئێجگار گەورە بێت بۆ چوونە ناو بازاڕ، داشکاندنی هەندێک لەم کولفانە دەبێتە مایەی ئاسانکاری و هاوکاری لە دەستپێکردن و چوونە ناو بازاڕی کۆمپانیای نوێ.

دواجار، هەندێک کارمەند دەتوانن سوود لە دەرفەتی درێژەدان بە خوێندن وەربگرن، وەک خوێندنی پیشەیی، بۆ ئەوەی زیاتر ئاستی خوێندنیان بەرز بکەنەوە. ئەمانە ئامرازی گرنگ دەبن بۆ کارکردن لەسەر هەندێک کەسی مژدەبەخش بەرەو هەندێک بواری دیاریکراوی خوێندن کە داواکاری زۆریان لەسەرە.

لە ئەدەبیاتەکاندا جەخت دەخرێتە سەر ئەوەی کە بۆچی ئەم بەرنامانە دەرەنجام و کاریگەری جۆراوجۆریان هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکیی هۆیەکەی بۆ چەند کەموکوڕییەک دەگەڕێندرێتەوە. ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەم بەرنامانە دەکرێت بریتین لە پرسیار لەسەر کواڵیتی، جێبەجێکردن، و کولفەکانیان. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە، رێژەی بەشداریکردن لەم بەرنامانەدا ئێجگار نزمە، تەنها 10 تا 20 لە سەتی کارمەندنی شایستە بەشداری تێدا دەکەن. کولفەی ئەو کارمەندانەی جیا کراونەتەوە پێناچێت گرفتێک بێت. تەنانەت کاتێک کە ئەم بەرنامانە بە خۆڕایی پێشکەش دەکرێن، زۆربەی خەڵک بەشدارییان تێدا ناکەن، و زۆربەی ئەوانەی بەشداریی دەکەن پێش ئەوەی مەشقەکە تەواو ببێت واز لە مەشقەکە دەهێنن. بەدیلێکی ئەمە بریتییە لەوەی بە کارمەندەکە بگوترێت ئاخۆ دەیەوێت بەشداریی لە مەشقێکدا بکات کە حکومەت دابینی دەکات یاخود بڕە پارەیەک وەربگرێت لە بەرامبەر بەشدارییکردن (Kikeri, 1998; Rama, 1999; Diaz, 2006).

ڕەنگە بە زەحمەت بتوانرێت بەرنامەی مەشقی ئاست-بەرز جێبەجێ بکرێت لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو کە خاوەنی توانانی دامەزراوەیی نین. لە جیاتی ئەمە، ئەو وڵاتانە دەتوانن سوودێکی زیاتر لە چاکسازیی ئەو سیاسەتانەدا ببینن کە ئاستەنگ دروست دەکەن لە پێش دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت. ڕەنگە حکومەت شەراکەتێک دروست بکات لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە پێشکەشکردنی مەشق و هەماهەنگی بۆ مەشق (Kikeri, 1998). ئەم شێوازە هەروەها رێگەیەکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر جەخت لەوە بکرێتەوە کە مەشقپێکراوەکان دەرفەتێکیان لە پێش دەبێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، چونکە پێدەچێت بەرنامەی مەشقەکان بە شێوەیەکی باشتر دابڕێژرێن و بە گوێرەی پێویستییەکانی خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بێت. ئەگەر حکومەت قەرەبووی هەندێک لە کولفەکانی ئەم مەشقە بکات، ئەوسا ڕەنگە کەرتی تایبەت زیاتر ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی کارمەندانی راژەی شارستانی.

بەڵگەیەکی تریش هەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئامانجی مەشقەکان دەستنیشانکراو بێت و پێویستە سەبارەت بە کارزانییەکی دیاریکراو بن (نەوەک گشتیی بن)، و پێویستە سەرچاوەکان تەرخان بکرێن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار (Kikeri, 1998). تاوتوێکانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کەرتی تایبەت تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کارزانی زیاتر پێویستە لە بوارە پیشەییەکاندا و بنکەکانی مەشق و

خوێندنی پیشەیی دەتوانن هاوکاری بکەن لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکە. ئەم خاوەنکارانە هەروەها پێشنیاری ئەوەیان کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی دەعمکراوی مەشق لە کارکردن پێشکەش بکات.

ئەدەبیاتەکان هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەن مەشقەکان بە گوێرەی داواکاری و پێداویستی بن و تایبەت بن بۆ ئەو کەسانەی سوودی لێ وەردەگرن. پێویستە مەشقەکان پەیوەست بن بە پێداویستییەکانی بازاڕی کارەوە، بەو تەکنەلۆجیایانەوە کە پێشبینی دەکرێت کارمەندەکان بەکاریان بهێنن لە کەرتی تایبەت، و شارەزایی و کارزانی نوێیان تێدا بچێنن. پێویستە خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان و ئاستی خوێندنی کارمەندەکانیش ڕەچاو بکرێت کاتێک ئامانج دادەنرێت بۆ بەرنامەی مەشقەکان: ڕەنگە ئەو کەسانەی نزیکن لە تەمەنی خانەنشینی کەمتر سوود وەربگرن لە خولی مەشق و زیاتر سوود لە پارەی نەختینە وەربگرن لەگەڵ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی لەبار، لە بەرامبەردا، کارمەندانی گەنج و تەمەن مامناوەندی سالانێکی زۆریان لە پێشە بۆ بەشداریی لە دەستی کار. بە هەمان شێوە، ئەو کارمەندانەی کە شارەزایی پیشەییان هەیە رەنگە سوود لە مەشقێک وەربگرن کە جەخت بخاتە سەر هاوکارییان لە دۆزینەوەی دەرفەتی کاری خۆکاری (کاسپی) (Kikeri, 1998; Rama, 1999; Fretwell, 2004; Fretwell, Benus, and O’Leary, 1999).

وینتەر-ئێمبەر (2001) لێکۆڵینەوەی لەسەر مەشق و دۆزینەوەی هەلی کار کرد وەک ڕێوشوێنێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرەکان لە کاتی بە تایبەتی کردنی پیشەسازیی ستیل لە نەمسا، و ئەو دەستی کارەی کەم کرایەوە لە ساڵانی 1980. لە ماوەی دە ساڵدا زۆر کاریگەری ئەرێنی دۆزییەوە، لەسەر هەلی کار و مووچەی بەشداربووەکان، بە بەراورد لەگەڵ گرووپێکی کۆنترۆڵ کە بەشداریی لە بەرنامەکەدا نەکرد. بەشێکی بەرنامەکە لە لایەن پیشەسازیی ستیلەوە تەمویل کرا، دەبوایە مەشقپێکراوەکان بەشێک لە پارەی وازهێنانەکە بدەن لە بەرامبەر بەشداربوونیان لە مەشقەکە، و هەروەها لە ماوەی مەشقەکەدا هەموو کاتی خۆیان بۆ مەشقەکە تەرخان بکەن.[6] بەو گریمانەیەی کە ئەم مەرجانە دەبێتە مایەی ئەوەی هەندێک کارمەند بەشداری لە بەرنامەکەدا نەکەن، سەرەڕای ئەو کاریگەرە ئەرێنییانەی بۆ بەشداربووان هەیبوو.

**خزمەتگوزارییەکانی هاوتاکردنی کار و دۆزینەوەی کار**

چەند وڵاتێک بنکەیان دامەزراندووە بۆ خزمەتگوزاریی دۆزینەوەی کار وەک تەواوکەری بەرنامەکانی مەشق. ئەم بنکانە خاڵێکی هەماهەنگیی مەرکەزین بۆ خاوەنکارەکان و کارمەندەکان بۆ ئەوەی کولفەی گەڕان کەمتر بکرێتەوە. بۆ نموونە، ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو و قەتەر، بنکەیان هەیە بۆ دابینکردنی خولی مەشق، راوێژ لەسەر ژیانی پیشەیی و دۆزینەوەی کار بۆ ئەوانەی یەکەم جاریانە بۆ کار بگەڕێن و ئەوانەش کە پێشتر کارمەندی راژەی شارستانی بوون.[7] هاوکاریی گەڕان بە شوێن کار و راوێژ لەسەر ژیانی پیشەیی بۆ کارمەندانی درێژخایەنی راژەی شارستانی زۆر گرنگە، هەندێک توێژەر گەیشتونەتە ئەو سەرەنجامەی کە ئەمانە کولفەیان کەمە (Kikeri, 1998; Martin, 1997; Dar and Gill, 1995; Fretwell, 2004; Fretwell, Benus, and O’Leary, 1999; Fretwell and Goldberg, 1993; Leigh,1990). ئەم خزمەتگوزارییانە زێدە سوودبەخشن بۆ ئەو کەسانەی شارەزایی و ئەزموونیان نییە بۆ کار بگەڕێن، ئەمەش لە ڕێی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەمان و کارەکان (Kikeri,1998). سەرەڕای ئەم سەرەنجامانە، بەڵگەی ئەزموونگەریی سیستماتیک لەسەر کارایی ئەم بەرنامانە، هێشتا سنووردارە.

خزمەتگوزاریی دۆزینەوەی هەلی کار و ئامۆژگاری لەسەر ژیانی پیشەیی بە گشتیی پشت بە داواکاری خەڵک دەبەستێت نەوەک بەرنامەی مەشقی حکومی بن چونکە باشتر دەبەسترێنەوە بە پێداویستییەکانی بازاڕەوە (Kikeri, 1998). ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە رۆڵی کەرتی تایبەت بەهێز بێت لە دابینکردنی خولی مەشق، ئەگەرچی هەر پێویستە حکومەت خولی مەشق بکاتەوە بۆ هەندێک بواری شارەزایی و کارزانی کە کەرتی تایبەت بە پێشمەرجی دادەنێت بۆ دامەزراندن (بۆ نموونە، توانای گشتیی لە بواری گەیاندن و کارزانیی تر). ئامۆژگاری لەسەر پیشە دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی کەموکووڕی و کەمی زنیاری لەسەر ئەخلاقییاتی ئیش، ئامادەیی بۆ کارکردن و دەوامی زیاتری کاتژمێری رۆژانە، و تێگەیشتن لە رۆڵی هەڵسەنگاندنی ئەدا لە کەرتی تایبەتدا.

لە هەرێمی کوردستان، خزمەتگوزارییەکانی دۆزینەوەی کار سوودبەخش دەبێت بۆ کەرتی تایبەت کە تازە شکۆفە دەکات، بە تایبەتی کاتێک خاوەنکارەکان و ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن زانیاری سنوورداریان هەیە لەسەر

---

6 مەشقپێکراوەکان بۆیان هەبوو پارەی بێکاری وەربگرن کاتێک بەشدارییان لە خولی مەشقەکەدا دەکرد.

7 (تەنمییە)ی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو داتابێیسێکی هەیە بۆ کارمەندان، دەگەڕێت بۆ کارێکی هاوتای کارەکەی خۆیان، و هەماهەنگی دەکات بۆ خولی مەشق. (پەیمانگەی گەشەسەندنی کارگێڕیی) لە قەتەر هەمان ئەرک ئەنجام دەدات.

یەکتری. ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو و قەتەر ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە بەکاردەهێنن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەستی کاری ناوخۆیی لە هەندێک پۆست کە ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییە نەبوایە ئەوسا ئەم پۆستانە دەدرا بە کەسانی بیانی. بۆ نموونە لە هەردوو وڵاتەکە خزمەتگوزارییەکانی دۆزینەوەی کار یارمەتیدەر بووە لە بەرزکردنەوەی رێژەی دامەزراندنی کارمەندی ناوخۆیی لە کەرتی بانکی ئەهلی (Gonzalez et al., 2008).

بۆ پیشاندانی بڕی ئەو ئاسانکارییەی کە خزمەتگوزارییەکانی دۆزینەوەی کار پێشکەشی کەرتی تایبەتی دەکات لە هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی 7.1، کە تێیدا ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە پیشان دەدرێت کە کارمەندان بەکاریان هێناوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کارانەیان.

وەک لە خشتەکەوە دەردەکەوێت، نزیکەی سێ چارەکی سەرجەم کارمەندانی کەرتی تایبەت پشتیان بە خزم یان هاوڕێ بەستووە بۆ دۆزینەوەی کارەکانیان. ژمارەی ئەو کارمەندانەی خزمەتی کە پەیوەندیی شەخسییان بەکارهێناوە ئەگەرچی گەورەیە، بەڵام بە بەراورد بچووکە و نزیکەی 27 لە سەتە. بە شێوەیەکی گشتیی، بازاڕی گەشەسەندووی دەستی کار پشت بە زانیاریی ئازادانە دەبەستێت بە بێ ڕەچاوکردنی هەلی کار، کە هانی پرۆسەی دامەزراندن دەدات بە گوێرەی ئاستی خوێندەواری و ئیستحقاق. لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دواییە باسی ئەوەی دەکرد کە ژمارەیەکی زۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان ئەو کەسانەی خزم و کەسوکاری یەکتری نین بە شێوەیەکی ئەرێنی پەیوەندی هەبووە بە گەشەی ئابوورییەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێو ئەو کەسانەی خزم و کەسوکاری یەکترین بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر گەشەسەندن (Anchorena and Anjos, 2009; Kumar and Matsusaka, 2009).

لە بەرامبەردا، ئەو ستراتیجانەی لە وڵاتانی تر پیادە کراون بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت — پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بە خاوەنکارەوە، پەیوەندی کردن بە بنکەی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت، پڕکردنەوەی فۆرم، یان بەدواداچوونی ریکلامێک- ئێجگار کەمە لە هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی خشتەی 7.1، تەنها 14.5 لە سەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت پشتیان بەم شێوازانە بەستووە بۆ بەدەستهێنانی کار لە کەرتی تایبەت. هەردووکیان پێکەوە، زانیاریە سەرەتاییەکە ئەوە دەردەخات کە پێویستە زانیاری زیاتر لەسەر هەلی کاری کەرتی تایبەت بخرێتە بەردەست و بڵاوبکرێتەوە، بە مەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی گەڕان بە شوێن و هاوتاکردنی توانای خەڵک لەگەڵ پێداویستییەکانی پۆستە بەتاڵەکان.

### شێوازی تر

بێجگە لە پاکێجی قەرەبووی وازهێنان لە کار، ئەدەبیاتەکە چەند شێوازێکی تریشی دیاریکردووە بۆ ئاسانکردنی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی، بە ئارەزوومەندانە و بە نائارەزوومەندانە. بۆ نموونە، بەرنامەی خانەنشینکردنی پێشوەخت رێکارێکی گرنگە و وا باوە قەرەبووی دارایی لەخۆبگرێت لە بەرامبەر جیابوونەوە لە راژەی شارستانی. جیاوازی نێوان خانەنشینکردنی پێشوەخت و بەرنامەکانی تری جیابوونەوە بریتییە لەوەی ئەو کارمەندانە نزیکن لە تەمەنی خانەنشینی، و ئەگەری ئەوەی کارێک لە کەرتی تایبەت بدۆزنەوە ئێجگار کەمە. سەرەڕای جیاوازییەکان، زۆربەی ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ بەرنامەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەدا پیادە دەکرێت، بەسەر بەرنامەی خانەنشیکردنی پێشوەختیشدا پیادە دەکرێت. ئەدەبیاتەکە دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە بە شێوەیەکی گشتیی کارمەندەکان بەشداری ناکەن لە بەرنامەی خانەنشینکردنی پێشوەختدا ئەگەر ئەو پارەیەی پێیان دەدرێت بەهای کەمتر بێت لە پارەی خانەنشینی (Hansen and Husted, 2005).

هەندێک جار، حکومەتەکان هەندێک سوودمەندێتی دادەنێن بۆ کارمەندە جیابووەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاتێک کەسەکە هەوڵ دەدات لە کەرتی تایبەت دابمەزرێت. ئەم سوودمەندێتییانە کە بۆ ماوەیەکە (بۆ نموونە وەک بیمەی تەندروستی) پرۆسەی گواستنەوە لە راژەی شارستانیەوە بۆ کەرتی تایبەت ئاسان دەکات، هانی کارمەندەکان دەدات بەشداری بکەن لە بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە، و بەرپەرچدانەوەی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی کەمتر دەکاتەوە. لە بەرامبەردا، هەندێک حکومەتی تر مۆڵەتێکی درێژکراوە دەدەن بە کارمەندانی راژەی شارستانی کاتێک هەوڵ دەدەن لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن، و بواریان پێدەدەن پاش ماوەیەکی دیاریکراو بگەڕێنەوە بۆ راژەی شارستانی.

سەرەڕای ئەمانەش، حکومەتەکان دەتوانن دەستگەیشتن بە کرێدیت (قەرز) ئاسان بکەن، یان قەرزی کەفالەتکراو بدەن بە بزنسی بچووک، و خزمەتگوزاریی ڕاوێژی بزنس پێشکەش دەکەن (Martin, 1997; Kikeri, 1998). ئەم رێکارە لەماوەی بە تایبەتی کردنی پیشەسازی ستیل لە ئەرجەنتین بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا (Kikeri, 1998).

هەندێک حکومەت بە گرێبەست خزمەت دەسپێرن بە کارمەندانی پێشووی راژەی شارستانی، ئنجا لە رێی گرێبەستەوە بێت لەگەڵ تەعاونییە (هەرەوەزیی، cooperative)ی ئەوتۆ کە لە کارمەندانی پێشوو پێکهاتبێت یان هاوکاریی ئەم نەوعە تەعاونییە تا بتوانن وەک بەڵێندەر بۆ کەرتی تایبەت کار بکەن (Kikeri, 1998). بۆ نموونە لە ئەرجەنتین کارمەندانی پێشووی راژەی شارستانی تەعاونییەیان پێک هێنا و ئەم تەعاونییانە گرێبەستی خزمەتگوزارییان ئیمزا کرد لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان، لەم حاڵەتەدا، حکومەت هاوکاریی پێکهێنانی ئەم تەعاونییانەی کرد. لە کۆماری کۆنگۆ، کارمەندانی پێشووی خزمەتی مەدەنی تەعاونییەیان پێک هێنا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری لە کەرتی تایبەتێندراوی هێڵی ئاسنین. نموونەی تریش هەیە وەک تەعاونییاتی (هەرەوەزیی)ی کۆمپانیای ئاو لە گینیا و هەرەوەزیی دابەشکردنی خواردنەوە لە میسر و بەنین. لە پیرۆ بەشێکی زۆر لە کارمەندانی پێشووی راژەی شارستانی توانیان وەک بەڵێندەر خۆیان رێک بخەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی لە کەرتی جۆراوجۆری ئابووریدا.

ئەگەر رەوشی گونجاو هەبێت دەتوانرێت بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی لە کۆمپانیا حکومییەکان پتەو بکرێت و سەقامگیری پێبدرێت لە رێی رەخساندنی دەرفەت بۆ کارمەندەکان پشک بکڕن لە کۆمپانیا تازە تایبەتێندراوەکان. ئەمە وەک میکانیزمێکی خۆ-هەڵبژێرییە، کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ خاوەنە نوێیەکە تەنها لەگەڵ ئەو کارمەندانە کار بکات کە ئامادەن بەرپرسیارێتیی لە کارکردنی رێکوپێکی کۆمپانیاکە لە ئەستۆ بگرن. پیادەکردنی بەرنامەی لەم جۆرە شێوازێکی کارایە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری لە داڕشتنەوەی سترەکچەری خزمەتی مەدەنی.

سەرەڕای ئەمانەش، هەندێک حکومەت داشکاندن لە باج دەکەن و حەوافزی تری داراییش دەدەن لە بەرامبەر دامەزراندنی کارمەندی راژەی شارستانی، هەروەها پشتگیری پێشکەش دەکەن لە بەرامبەر سازکردنی خولی مەشق. وڵاتانی وەک ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و قەتەر لەم جۆرە بەرنامەیەیان پیادە کردووە، ئەگەرچی ئەنجامەکانیان جۆراوجۆر و جیاوازە (Gonzalez et al., 2008). فرێتوێڵ، بیونس، و ئۆلێری (1999) پشتگیرییەکی کەم دەکات لە دەعمی کرێی کورتخایەن، بەڵام ئەمانە هێشتا رێکاری ترن وەک تەواوکەر بۆ خزمەتگوزارییەکانی مەشق و دۆزینەوەی هەلی کار.

دواجار، حکومەتەکان بەشداری بە رێکخراوەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەولەتی دەکەن لە پرۆسەکەدا، کە هاوکاری تەکنیکی پێشکەش بە چالاکییەکانی داڕشتنەوەی سترەکچەر دەکەن لە هەندێک وڵاتی تر. ئەم رێکخراوانە سود لە تۆڕی راوێژکارانی پسپۆڕی خۆیان وەردەگرن لەم بوارەدا و هاوکاریی ئەو حکومەتانە دەکەن کە سەرقاڵی ئەم جۆرە چالاکییەن.

## هەندێک سیاسەتی تر

### تۆڕی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی (تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی)

یەکێک لەو خاڵانەی پێویستە ڕەچاو بکرێن بریتییە لەوەی ئاخۆ پشتگیریکردن لە تۆڕی چاودێری کۆمەلایەتی لە ئارادایە بۆ کارمەندانی راژەی شارستانی و کەرتی تایبەت (Martin, 1997). چالاکییەکانی داڕشتنەوەی سترەکچەری راژەی شارستانی بە گشتیی هەندێک پشتگیریی تۆڕی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بووە بە مەبەستی زیاترکردنی دەرفەتی سەرکەوتن (Rama, 1999).

نەبوونی سیستمێکی دڵنیایی کۆمەڵایەتی —یان سیستمێک کە بە لاوازی کار بکات- ئاستەنگێکی گەورە دەبێت لە پێش جیبەجێکردن. خانەنشینیی حکومی یان خانەنشینییەک لە ئاستی نیشتمانییدا لە لایەن کەرتی ئەهلییەوە بەڕێوە ببرێت یاخود پلانێکی دڵنیایی کۆمەڵایەتی کاری حکومەت ئاسانتر دەکات لە قەناعەتهێنان بە کارمەندانی راژەی شارستانی تا بەشداری بکەن لە بەرنامەی جیابوونەوەی دڵخوازانە. سەرەڕای ئەمە، پێویستە بە وریایی سەرنج بدرێت لە کاریگەرەکانی خانەنشینکردنی پێشوەخت لەو وڵاتانەی پلانی خانەنشینیی نیشتمانییان نییە، یان تۆڕی سەلامەتییان نییە. بۆ بەرنامەکانی خانەنشینکردنی پێشوەخت پێویستە حکومەت پێشوەخت قەرەبووی کارمەندەکان بکاتەوە پێشتر لەوەی کە لە پلان هەیە، و زۆر وڵات پێیان وایە پێویستە کاریگەرەکانی لەسەر بودجە ئێجگار گەورەیە لە کورتخایەنیدا (Kikeri, 1998).

لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە هەندێک خاڵی ئەرێنی وەزیفەی راژەی شارستانی ڕەچاو بکرێت. ئەو خاوەنکارانەی کەرتی تایبەت کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن باسی ئەوەیان کرد نەبوونی پەرۆشی بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بریتییە لەو سوودانەی راژەی شارستانی کە لە کەرتی تایبەت نییە. ئەم سوودمەندێتی و خاڵە باشانە بریتین لە زەوی بە نرخی هەرزان، نیشتەجێکردن، ئۆتۆمبیل، و دەعمی

تر، تەواوکەرەکانی داهات (وەک خێزان، کۆمەڵایەتی، و گواستنەوە)، و داشکاندن بۆ خوێندنی بنەڕەتی، ئامادەیی، و درێژەی خوێندن.[8] تاوتوێی ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خاوەنکارانی کەرتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن پەرۆشیی خەڵک بۆ دامەزراندن لە راژەی شارستانی بەشێکی لەبەر مووچەی خانەنشینی و سوودی ترە. وەک لە چاپتەری حەوت پیشانماندا هەمان ئەم سوود و مووچەیە بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت نییە.

#### چاکسازیی لە یاسا و رێساکان

یەکێک لە گەورەترین ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی زیادبوونی دامەزراندن دەبێتەوە لە کەرتی تایبەت بریتییە لەو سیاسەتانەی کۆتوبەند دەخەنە سەر بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان. لە چەندین وڵات سیاسەتی بواری دەستی کار هێندەی بکرێت کارمەندانی کەرتی تایبەت دەپارێزێت بەڵام هەروەها سەربەخۆیی داوە بە کەرتی تایبەت لە بواری دامەزراندن، هەڵسەنگاندن، و دەرکردنی کرێکاران. پێویستە لە هەرێمی کوردستان سیاسەتی دەستی کار لە ئاستی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکەدا بێت و بنەما دابنێت بۆ مووچە، وەک لای کەمی مووچە و سەرمووچە و زێدە مووچە و کات بۆ کاتژمێری کاری دوای دەوام (ئۆڤەرتایم)، دەرماڵەکان، لەناویدا مۆڵەت، و بەشداریی خاوەنکار و کارمەند لە پلانەکان، ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن و هەلومەرجی کارکردن، و دەرکردن (لەسەر کار لابردن)ی ڕەوا، و کۆتایی هێنان بە خزمەت، و ڕێوشوێنەکانی دادپرسیی. بە هەبوونی ژێرخانێکی گونجاو، ئەم یاسایانە و سەپاندنیان دەبنە مایەی کێبڕکێیەکی تەندروست لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت لەسەر دەستی کار.

چاکسازیی لە یاسا و رێساکان هەروەها ڕەنگە ببێتە مایەی ئاسانکردنی پرۆسەی ئینتقالیی دارشتنەوەی سترەکچەری راژەی شارستانی. کیکاری (1998) باسی چەند نموونەیەک دەکات کە تێیدا سیاسەتی پڕ کۆتوبەندی دەستی کار — بە تایبەتی ئاستەنگ لە پێش دەرکردن و وازپێهێنانی کارمەند- لە هەندێک وڵات بووەتە مایەی ئەوەی کەرتی تایبەت نەتوانێت ئەو کارمەندانە وەربگرێت کە لە راژەی شارستانی جیابوونەتەوە چونکە کەرتی تایبەت دوودڵ بوو لە دامەزراندنی خەڵکانێک کە دواتر نەتوانێت لەبەر ئەدای لاواز دەریانبکات. بۆ ئەوەی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی کارا و کاریگەر بێت، پێویستە کەرتی تایبەت هێندە زیندی و پڕوزە بێت کە بتوانیت کارمەندە جیابووەکان وەربگرێت. کیکاری ئاماژە بەوە دەکات کە چاکسازییەکانی بازاڕی دەستی کار هاوکات بوو لەگەڵ چالاکییەکانی بچووککردنەوەی قەبارەی مەدەنی لە ئەرجەنتین و چیلی و پیرۆ لە ساڵانی 1990، ئەمەش پرۆسەی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی ئاسان کرد. سەرەڕای چاکسازیی لە سیاسەتەکانی کاروباری بازاڕی دەستی کار، لە ساڵانی 1990 زۆر وڵات کە برێکی زۆر بیرۆکراسییەتیان تێدا بوو، ئەم جۆرە رۆتین و مومارەسانەیان لابرد بۆ گەرەنتیکردنی دامەزراندنی حکومی، بەرزکردنەوەی پلەی کارمەند بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بە بێ ئیستحقاق، و گەرەنتیکردنی دەرماڵە و سوودەکان لە لایەن حکومەتەوە (Kikeri, 1998).

#### هەڵسەنگاندنی دارشتنەوەی سترەکچەری راژەی شارستانی

لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر رێکارەکانی بچووک کردنەوەی قەبارەی خزمەتی مەدەنی دەکات، پێویستە میکانیزمێک دابمەزرێنێت بۆ چاودێری و هەلسەنگاندنی بەرەوپێشچوون بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان (Fretwell, 2004). پێویستە زانیاری سەرەتایی لەسەر بەڕێوەبردنی بەرنامەکە، ژمارەی بەشداربووان، و کولفەکانی بەرنامەکە کۆبکرێتەوە، پێویستە کۆکردنەوەی داتای بەدواداچوونیش لە ئارادا بێت بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرەکانی بەرنامەکە لەسەر هەلی کاری کەرتی تایبەت و مووچە و داهاتەکان. لێکۆڵینەوەی حاڵەت (دراسە حالە) و ئەزموون و وانەی وڵاتانی تر زۆر زانیاری سوودبەخشیان تێدایە، بەڵام ئەمە بەدیل نییە بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی ئەزموونی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی لە بچووککردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی.

---

[8] نموونەی تەواوکەری داهات: مامۆستاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرماڵەی تریان پێدەدرێت وەک کارمەندی راژەی شارستانی.

## ڕاسپاردە بۆ سیاسەتەکان

### بەرنامەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە

تیۆری ئابووری دوو پرەنسیپی گشتیی لەخۆدەگرێت بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی کارای جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە. یەکەم، بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەی کارا بەرنامەیەکە تەنها پێشکەشی ئەو کارمەندانە دەکرێت کە حکومەت دەیەوێت بڕۆن، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجگیری (استهداف)ی ئەو کارمەندانە نەکات کە بە خۆی دەیەوێت بڕۆن، ئەوسا ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە و ئەو کارمەندانە بەجێی بهێڵن کە لە ڕاستیدا خۆی دەیەوێت بیانهێڵێتەوە لای خۆی. دووەم، ئەگەر بەرنامەکە خۆگونجێن (نیان، مرونة)ێتی تێدا بێت ئەوسا دەست بە خەرجی و کولفەکانەوە دەگیرێت، چونکە ئەگەر بەرنامەکە مرونەتی تێدا بێت ئەوسا بوار دەمێنێتەوە بۆ بڕیاربەدەستان دەستکاریی حەوافزەکانی جیابوونەوە بکەن بۆ جەختکردنەوە لەوەی ژمارە و جۆری ئەو کارمەندانەی دەڕۆن، ئەو ژمارە و جۆرە کارمەندەیە کە حکومەت بە خۆی دەیەوێت. ڕاسپاردەکانی ئێمە بە تەواوەتی بە گوێرەی ئەو دوو پرەنسیپەن، و پێشنیاری ئێمە بریتییە لەوەی **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە دابڕێژێت لە لایەک ئامانجگیر بێت (ئامانجەکەی دیاریکراو بێت) و مرونەتی تێدا بێت.**

ئەگەر سیستمێک لە ئارادا بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدا، ئەوسا پێویستە حەوافزەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بە تایبەت نیشانە لەو کارمەندانە بگرێتەوە کە ئەدایان هەرە نزمە.[9] بەڵام، دەکرێت ئامانجی ئەم بەرنامانە بریتی بن لە کارمەندانی هەندێک وەزارەتی دیاریکراو، هەندێک کاری دیاریکراو، هەندێک پلەی دیاریکراو، و هەندێک ئاستی دیاریکراوی شارەزایی و پسپۆڕیی. سەرەڕای ئەمانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەم پۆلێنانە ئاوێتە بکات بۆ ئەوەی هێندەی تر بازنەکە بچووک بکاتەوە بۆ ئەو کارمەندانەی دەیانکات بە نیشانە (ئامانج) بۆ جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە. دوو ڕێکار هەیە بۆ بەکارهێنانی نیشانگیری (ئامانجگیری، استهداف). دەتوانرێت حەوافزەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت کە بە پاڵێوراو (کاندیدات) دانراون بۆ جیابوونەوە ( بۆ نموونە، ئەوانەی بەرهەمیان کەمترینە). لە بەرامبەردا، دەکرێت حەوافزەکانی جیابوونەوە بخرێتە پێش هەموو کارمەندان، بەڵام هەندێک حەوافزی زیادە (وەک حەوافزی مانەوە) بخرێتە پێش ئەو کارمەندانەی کاندیداتن بۆ مانەوە (بۆ نموونە، بۆ ئەو کارمەندانەی هەرە بەرهەمهێنن و بەبڕشتن).

**پێویستە بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە ئەو کارمەندانە بکات بە نیشانە (ئامانج) کە پیشەکانیان کارێک نییە لە بنەڕەتەوە حکومەت بیکات، و هەر کارمەندێک بگرێتەوە کە ئاستی بەرهەمهێنانی نزم بێت ئنجا لە هەر پیشەیەک بێت.** لە تاوتوێی ڕاسپاردەکانمان بۆ دانانی سنوور بۆ دامەزراندن، ئێمە ئەو پیشانەمان دەستنیشان کرد کە پاڵێوراوێکی سروشتیین بۆ بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە و پێویستە بکرێن بە نیشانە (پێویستە بکرێن بە ئامانج). سەرەڕای ئەمە، تاوتوێکانی ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەرخستووە کە لە سەرجەم پیشەکان کەسانێک هەن کە ئاستی بەرهەمهێنانیان نزمە. پێویستە بە شێوەیەکی بابەتیانە (موضوعي) ئەم کەسانە دەستنیشان بکرێن، و بکرێن بە ئامانج بۆ بەرنامەکە.

سەرەڕای ئەمە، پێویستە بڕیاربەدەستان بتوانن بەند و مەرجەکانی بەرنامەکە بگۆڕن بە بێ ئەوەی ناچار ببن بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، یان دیسانەوە سووڕی تەواوی یاسادانان دەست پێبکاتەوە. ئەم مرونەتە بوار دەڕەخسێنێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکاریی وردەکارییەکانی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە بکات لەگەڵ تێپەڕینی کات و پەیداکردنی شارەزایی و ئەزموون لەسەرچۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرنامەکە بە باشی. بۆ نموونە، ڕەنگە بڕیاربەدەستان بۆیان دەربکەوێت کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کارمەند ڕازین بە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە، لەم حاڵەتەشدا دەتوانرێت قەبارەی پاکێجی قەرەبووکردنەوەی وازهێنان لە کار بچووکتر بکرێتەوە. لە بەرامبەردا، ڕەنگە ببینن کە ژمارەیەکی ئێجگار کەم کارمەند دەیانەوێت جیا ببنەوە، لەم حاڵەتەشدا دەتوانن قەبارەی پاکێجی قەرەبووکردنەوە

---

[9] یەکێک لە نیگەرانییەکانی ئامانجگیریی ئەو کەسانەی ئەدایان نزمە بۆ جیاکردنەوەیان بریتییە لەوەی خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت دەزانن ئەم کەسانە بەو کەسانە ژمێدراون کە ئەدایان هەرە نزمە. ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ویست و ئامادەییان بۆ دامەزراندنی هەر کارمەندێک لەم کارمەندانە. بەڵام، وەک لە چاپتەری شەش تاوتوێ کراوە، پێدەچێت شارەزایی و خەسڵەتەکانی کارمەندێکی ئاسایی ڕاژەی شارستانی ئەوەندە ببێت کە خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت پێویستیان پێیەتی و داوای دەکەن، کە زیاترە لەوەی کارمەندانی کەرتی تایبەت. ئەمەش مانای ئەوەی گرفتەکە سەخت نابێت.

گەورەتر بکەن. ئەگەر مرونەت دابنرێت لە بەرنامەکە ئەوسا حکومەتی هەرێمی کوردستان بواری دەبێت دەستکاری بەرنامەکە بکات بە بێ ئەوەی پێویست بە ڕێوشوێنی تری یاسایی بکات.

سەرەڕای ئەمە، مرونەتی بەرنامەکە بوار دەڕەخسێنێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو گروپانە بگۆڕێت کە ئامانجی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانەن، ئەگەر پێویست بێت. هەرە مرونەتترین جۆری بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە تەنانەت بواری ئەوە دەڕەخسێنیت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی جۆراوجۆری حەوافزی دارایی دابنێت بۆ ئەو گروپە جۆراوجۆرانەی دەیانکات بە ئامانج.

سەرەڕای ئەم خاڵە ئەرێنییانە، ئەم سیستمە هەندێک خاڵی نەرێنیی هەیە. ئەگەر کارمەندان پێشبینی ئەوە بکەن حەوافزەکانی جیابوونەوە لە ئاییندەدا باشتر دەبێت، ئەوسا ڕازیبوونەکە دوا دەخەن (تەئجیلی دەکەن) و بەم شێوەیەش دەتوانن حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بکەن بڕی حەوافزەکان زیاتر بکات. بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییە دەتوانرێت حەوافزەکانی جیابوونەوە تەنها بۆ ئامانجێکی بەرتەسک نەبێت و بۆ ژمارەیەکی زۆر کارمەند بێت، بەم شێوەیەش هەر یەکێک لە کارمەندەکان توانایەکی کەمتری دەبێت کار بکاتە سەر بڕیاری حکومەت. دووەم، ڕەنگە بە شێوەیەکی نالەبار مرونەتەکە بەکاربهێنرێت بۆ خەلاتکردنی هەندێک کارمەند لەسەر حسابی هەندێک کارمەندی تر.

بۆیە، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە **ئەو یاسا و سیاسەت و ڕێسایانەی تایبەتن بە دەسەڵات و ڕێپێدراوێتیی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە پێویستە بە زمانێک داڕێژرابن کە دەسەڵات و ڕێپێدان بدات بە بەرنامەکە بە شێوەیەکی ئامانجگیر (نیشانەگرەوە، استهداف) کار بکات و ڕەهەندەکانی ئامانجەکانی بەرنامەکە دەستنیشان بکات.** سەرەڕای ئەمە، **پێویستە ئەم یاسایە یاخود ئەم سیاسەتە دەسەلات بدات بە دەستکاریکردنی وردەکارییەکانی بەرنامەکە لە دووتوێی سنورێکی دیاریکراودا.** هەبوونی بەرنامەیەکی خۆگونجێن (مرن)ی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە تەنها ئەو کاتە سوودبەخش دەبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری ئەوتۆی هەبێت بتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ خزمەتی ئەم مرونەتە. هەبوونی زانیاری سەرەتایی لە ڕێی چاودێریی بەرنامەکەوە بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت ژمارەی ئەو کارمەندانە بژمێرێت کە ڕازین بە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە و ژمارەی ئەو کەسانەش کە بە سەرکەوتووی کار دەدزۆنەوە لە کەرتی تایبەت. کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ئێجگار پێویستن بۆ جەختکردنەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەوپەڕی سوودمەند دەبێت لە وەبەرهێنان لە حەوافزەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە. ئێمە لە ڕاسپاردەکانمان بۆ دەستپێکردنی بەرنامەکە بە تێروتەسەلی باسی ئەم بابەتانە دەکەین.

ڕەنگە ئەو کارمەندانەی ڕازی دەبن بە قەرەبوو لە بەرامبەر جیابوونەوە، نەتوانن ئیشێکی گونجاو بدۆزنەوە لای کەرتی تایبەت، و ئەوسا بگەڕێنەوە بۆ لای حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوا بکەن جارێکی تر دایانمەزرێنێت. ئەگەر بەرنامەکانی جیابوونەوە هەندێک وەزارەتی دیاریکراو بکەن بە نیشانە، ئەوسا ڕەنگە کارمەندەکان ڕازیی ببن بە قەرەبووکردنەوە و پاشان هەوڵ بدەن لە وەزارەتێکی تر دابمەزرێن. ئامادەیی بۆ دامەزراندنەوە دەبیتە مایەی چاکترکردنی بەشداریی کارمەندانی راژەی شارستانی لە بەرنامەکانی جیابوونەوە بەڵام لە دواجاردا بەروبوومەکەی کەم دەبێت (کە بریتییە لە کەمکردنەوەی دەستی کاری راژەی شارستانی) و کولفەی دارایی ئێجگار گەورە دەبێت (ژمارەیەکی زۆر کارمەندی راژەی شارستانی ڕازی دەبن بە حەوافزە داراییەکان) ئەگەر کارمەندە جیابووەکان بگەڕێنەوە بۆ کاری نوێی حکومی.

بۆیە، ڕاسپاردەی ئێمە بریتییە لەوەی ئەو یاسا یان سیاسەتەی تایبەتە بە پیادەکردنی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە **بە زمانێکی ڕوون ئەوە دەرببڕێت کە ئەو کارمەندانەی بە پاکێجی قەرەبووکردنەوەی وازهێنان ڕازی دەبن بۆیان نییە بگەڕێنەوە بۆ راژەی شارستانی تا ماوەیەکی دیاریکراو.** بەڵام، پێویستە حکومەتی ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە پێویستە **لەم ڕێسایەدا هەندێک بەدەرکاری (استثناء) دابنرێت بە گوێرەی چەند پێوەرێک بۆ ئەو شارەزایی و توانا سەرکردایەتییانەی زۆر پێویستن.** ئەم بەدەرکارییانە مرونەتی زیاتر دەدەن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ ستراتیجێکی هەمەلایەنی سەرچاوە مرۆییەکان.

**پێویستە لە سەرەتادا بەرنامەیەکی دەستپێک تاقی بکرێتەوە بۆ بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە لە چەند وەزارەتێکی دیاریکراو و ئنجا بەسەر هەموو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پیادە بکرێت.** بەرنامەیەکی دەستپێک وەک تاقیکردنەوە کە چەند وەزارەتێکی کەم بەشداری تێدا بکەن بوار دەڕەخسێنێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوویی یان شکستخواردوویێتی بەرنامەکە هەڵبسەنگێنێت پێش ئەوەی حەوافزەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە لە سەرتاسەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پیادە بکرێت. بە سادەیی، بریتییە لە جیاوازی نێوان سەرکەوتنی بەرنامەکە و شکستێکی گرانبەها. بەرنامەیەکی دەستپێک بە سەرکەوتوویی بریتی دەبێت لە بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ وەزارەتەکانی تر لەسەر سەرکەوتن و کاریگەرێکی زۆری دەبێت لەسەر بڕواهێنان بە لایەنی تر بۆ بەشداریی وەک لەوەی هەر لە کتێب و بە تیۆر ئەوە بخوێننەوە کە بەرنامەکانی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە سەرکەوتوون.

ئێمە چەند پێشنیارێکی بەرفراوان پێشکەش دەکەین بۆ داڕشتنی بەرنامەی دەستپێکی حەوافزی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە. یەکەم، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتەکە دەستنیشان بکات، یان ئەو چەند وەزارەتە، کە بەرنامە دەستپێکییەکەیان بەسەردا پیادە دەکرێت. یەکێک لە وەزارەتە پاڵێوراوەکان بریتییە لە وەزارەتی پلاندانان، لەبەر ئەو هاوکارییەی پێشکەشی کردووە بە لێکۆڵینەوەکەمان، و لەبەر تێگەیشتن و ئاشنایەتی وەزارەتی پلاندانان بە بابەت و ئاریشەکان. جێبەجێکردنی چاکسازی لەم وەزارەتە ئاماژە دەبێت بۆ وەزارەتەکانی تریش کە وەزارەتی پلاندانان ڕابەرایەتی چاکسازی دەکات و پابەندە پێیەوە، لەناو چاکسازییدا پابەندێتی بە بچووک کردنەوەی قەبارەی ڕاژەی شارستانی و قبوڵکردنی ئەو مەترسییانەی کە ڕەنگە لە ئەنجامی کاریگەری بێ مەبەست (بێ ئەنقەست)ەوە سەرهەڵبدەن.

بەڵام وەک لە خشتەی 3.4 لە چاپتەری سێ بینیمان، وەزارەتی پلاندانان تا ڕادەیەک بچووکە، تەنها 0.2 لە سەتی کارمەندەکانی ڕاژەی شارستانی سەر بە وەزارەتی پلاندانانن. دەستپێکردنی بەرنامەکە لە وەزارەتێکی بچووک خاڵێکی ئەرێنییە، چونکە هەر کاریگەرێکی بێ مەبەستی نەرێنی ڕووبدات ئەوسا دەتوانرێت کەم بکرێتەوە. لایەنی نەرێنی پیادەکردنی بەرنامەکە لە وەزارەتێکی بچووک بریتییە لەوەی کە ناتوانرێت ژمارەی کارمەندانی ڕاژەی شارستانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە. وەک بەدیلێک، پێویستە ئەو وەزارەتانەی بەشداری دەکەن ئەوانە بن کە دواتر لە بەرنامە بەرفراوانەکەدا بەشداری دەکەن.

دووەم، پێویستە بەرنامەی دەستپێک هەندێک ڕەهەندی بەرایی دابڕێژرێت، و پێویستە بڕیاربەدەستان ئەم ڕەهەندانە بە درێژایی ماوەی بەرنامەی دەستپێک بگۆڕن بە گوێرەی هەلومەرجەکە. ئەم ڕەهەندانە بریتین لە

- ئەو پیشانەی دەبن بە نیشانە (ئامانج)ی حەوافزەکانی جیابوونەوە
- ژمارەی ئەو کارمەندانەی لە هەر پیشەیەک کە ئەم حەوافزەیان بۆ تەرخان دەکرێت
- قەبارەی پاکێجی قەرەبووکردنەوەی وازهێنان.[10]

ئنجا پێویستە وەزارەت چاودێریی ڕێژەی ڕەزامەندی و قبوڵکردنی ئەم حەوافزانە بکات، و پێداچوونەوەی قەبارەی پاکێجی قەرەبووی وازهێنان بکات ئەگەر ڕێژەی قبوڵکردنەکە زیاتر یان کەمتر بوو لە ئاستی پێشبینیکراو.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە دابڕێژرێت و پیادە بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری جێی متمانەی نییە لەسەر چەند فاکتەرێک، وەک

- بڕ و جۆری ئەو حەوافزانەی کە پێویستە بدرێت بە کارمەند
- ژمارەی ئەو کارمەندانەی بەم حەوافزانە ڕازی دەبن
- ژمارەی ئەو کارمەندانەی دەتوانن لە کەرتی تایبەت ئیش بدۆزنەوە
- ئەو پیشە و پیشەسازییانەی ئەم کارمەندانە دەتوانن ئیشی لێ بدۆزنەوە و ئیشی لێ بکەن
- کاریگەر لەسەر داهاتی ئەو کەسانەی ئیش دەدۆزنەوە
- هەر کاریگەرێکی پێشبینی نەکراو/ کە بێ ئەوەی مەبەست بێت سەرهەڵبدات.

ئەگەرچی ئەزموونی وڵاتانی تر هاوکار دەبێت لە داڕشتنی بەرنامەی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوان بەدیلێک نین بۆ بەڵگەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەوەی بەرنامەکە چۆن دەبێت لە هەرێمی کوردستان. بەرنامەیەکی ئەزموونگەرایی دەستپێک کە حەوافزی لەسەر ئاستێکی سنووردار تێدابێت دەتوانێت زانیاری سەرەتایی ئەزموونگەرایی دابین بکات لەسەر ئەم بابەتانە و بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت دەستکاریی پێویست بکات لە بەرنامەکەدا پێش ئەوەی بەرنامەکە بەرفراوان بکرێت بۆ سەرجەم ڕاژەی شارستانی.

#### ساناکردنی پرۆسەی گواستنەوە بۆ کەرتی تایبەت

ئەدەبیاتەکە ئەوە دەردەخات کە گەیاندنی زانیاری بە شێوەیەکی باش بە کارمەندان لەسەر هەلی کار، و دەستگەیشتنی کەرتی تایبەت بە زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی بۆ کار دەگەڕێن، دەبێتە مایەی ئەوەی بە ئاسانی خاوەنکار و کارمەند هاوتا بکرێن و لە بەرامبەر یەکتری دابنرێن. ئارگیومێنتی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی دانانی ئەم جۆرە هاوکارییە لەناو بەرنامەی جیابوونەوە دەبێتە مایەی ئاسانکردنی پرۆسەی گواستنەوە بۆ کەرتی تایبەت. ئامانجەکە ئەوەیە حکومەتی

---

[10] بۆ نموونە، دەتوانریت بە گوێرەی مووچەی ئێستایان قەرەبووی کارمەندان بکرێتەوە (وەک مووچەی 12 مانگی ئێستای).

هەرێمی کوردستان کار بکات لەسەر لابردنی ئەو ئاستەنگانەی لە پێش بەرێوەچوون و کارکردنی رێکوپێکی بازاڕی دەستی کارن، وەک نەبوونی زانیاری لەسەر هەلی کار و دەستگەیشتن بە کارزانیی بۆ پڕکردنەوەی ئەم پۆستانە.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ کەرتی تایبەت بکات بۆ دامەزراندنی (بنکەی ئاڵوگۆڕی زانیاری) و کەرتی تایبەت بەڕێوەی ببات بۆ خزمەتکردنی ئەو خاوەنکارانەی بۆ کارمەند دەگەڕێن و بۆ ئەو کارمەندانی راژەی شارستانی کە بۆ کار دەگەڕێن.** دامەزراندنی ئەم بنکەی ئاڵوگۆڕە پێویستی بە هاوکاریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەتە. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت باشترین زانیاری هەیە لەسەر دەرفەتەکانی کاری کەرتەکە، پێویستە ئەم بنکەی ئاڵوگۆڕە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە دابمەزرێت. لەبەرئەوەی هەر پارێزگایەک ژووری بازرگانی و پیشەسازیی خۆی هەیە، شەریکی پاڵێوراو هەیە کار لەگەڵ حکومەت بکات، بەدیلی تریش هەیە.

کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی دەستنیشان کرد کە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە قبوڵ دەکەن و بۆ دامەزراندن دەگەڕێن لە کەرتی تایبەت، پێویستە کار لەگەڵ ئەم کارمەندانە بکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تێروتەسەل لەسەر ئاستی خوێندەوارییان، کارزانییان، مێژووی کارکردنیان، و هیواکانیان بۆ پیشەکانیان. هاوکات، پێویستە کەرتی تایبەت ئەو خاوەنکارانە دیاری بکات کە هەلی کاریان هەیە و بۆ کارمەند دەگەڕێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بەتاڵانە. ئەوسا کەرتی تایبەت کار لەگەڵ ئەم خاوەنکارانە دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تێروتەسەل لەسەر شارەزایی و کارزاییانەی پێویستە لەو کەسانەدا هەبێت کە لەم پۆستانە دادەمەزرێن. پێویستە ئەم زانیارییانە ئاوێنەی ئەو زانیاریە سەرەتاییە بن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی کردۆتەوە لەسەر ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانی کە بۆ کار دەگەڕێن لە کەرتی تایبەت، لەناو ئەمەشدا ئاستی پێویست و پەسەندی خوێندەواری، کارزانی، و مێژووی کار.

کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت ئەم زانیارییانەیان کۆکردەوە، ئەوسا پێویستە بخرێتە پێش ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن و خاوەنکارەکان. کارمەندانی راژەی شارستانی دەستیان بە زانیارییەکانی خاوەنکارەکان دەگات بۆ گەڕان لە دوای هەلی کاری گونجاو. بە هەمان شێوە، خاوەنکارانی کەرتی تایبەت دەتوانن دەستیان بە زانیاریەکانی کارمەندانی راژەی شارستانی بگات بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی ڕەنگە جێی بایەخیان بێت.

مەرج نییە بنکەی زانیاری تەنها بۆ کارمەندانی راژەی شارستانی بێت. سوودی بۆ هەموو هاووڵاتییەک دەبێت کە بۆ هەلی کاری کەرتی تایبەت بگەڕێت، و خاوەنکارانی کەرتی تایبەت دەستیان بە ئەستێرکێکی پڕ لە خەڵکانێک دەگات کە بۆ کار دەشێن. بەڵام لە بنکەی زانیارییدا، کە کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی کەمی هەیە لە بەرفراوانکردنییدا بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو کەسانە بگرێتەوە کە دەشێت کار بۆ کەرتی تایبەت بکەن.

شیکردنەوەی چاپتەری شەش ئەوەی دەرخستووە کە زۆر کارمەندی خزمەتی مەدەنی خاوەنی شارەزایی و خەسڵەتی ئەوتۆن کە جێی بایەخی خاوەنکارانی کەرتی تایبەتە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو خاوەنکارانە ڕەنگە بیانەوێت هەندێک لەو کەسانە دابمەزرێنن کە خزمەتی مەدەنییان بەجێهێشتووە. ئەگەر بە باشی ئامانجی بەرنامەی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە دابڕێژرێت ئەوسا ئەو کارمەندانەی راژەی شارستانیان بەجێهێشتووە مەرج نییە خاوەنی ئەو شارەزایی و خەسڵەتانە بن کە خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بۆی دەگەڕین. پیادەکردنی ئەو ڕاسپاردانەی سەرەوە، بنکەیەکی زانیاری بۆ خاوەنکارانی کەرتی تایبەت و کارمەندانی راژەی شارستانی، ڕەنگە تیشک بخاتە سەر پێداویستبوونی دابینکردنی مەشقی تر یان خوێندنی تر بۆ دامەزراندنەوەی ئەم کارمەندانە لە کەرتی تایبەت بە سەرکەوتوویی.

**دواجار، بەرنامەکانی مەشق و دۆزینەوەی هەلی کار یاریدەدەر دەبن لە ئاسانکردنی گواستنەوە بەرەو کەرتی تایبەت، بەڵام پێویستە هەڵبسەنگێندرێن بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئامانجەکانیان بەدەست دەهێنن.** کاتێک بەرنامەکانی مەشق زۆر کاریگەرن ئەگەر کەرتی تایبەت بەشدار بێت لە دابینکردن و هەماهەنگی خولەکانی مەشق، چونکە ئەمە جەخت دەکاتەوە لەوەی مەشقەکان بە گوێرەی داواکاریی خاوەنکارانی کەرتی تایبەتن. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن لەم دواییەدا چەند بەرنامەیەکی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دراون بە مەبەستی کەمکردنەوەی بێکاریی بە گشتیی[11]. لەبەرئەوەی بەڵگە لەسەر کارایی ئەم جۆرە بەرنامانە جۆراوجۆرە، بەڵام ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی ڕادەی بەشداریی کارمەندانی راژەی شارستانی لەم مەشقانەدا بکات، هەروەها ئەنجامەکانی لە گواستنەوەی سەرکەوتوانەی کارمەندەکان بەرەو کەرتی تایبەت. وەک هەر بەرنامەیەکی تری جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە، کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکردنەوەی زۆر پێویستن بۆ ئەوەی بتوانرێت پێداچوونەوەی ئەم بەرنامانە بکرێت.

---

11 ئامادەبووەکان ڕاستەوخۆ قەرز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بۆ بەشداریی لەم بەرنامانە. بڕوانە (Doosky (2011)).

## سەرەنجامەکان

لەم ڕاپۆرتە، ئێمە هەندێک هەنگاوی کۆنکریتیی و ڕەوتی بەرفروانی سیاسەتمان داڕشتووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پیادەی بکات بۆ چاکسازیی لە راژەی شارستانی و گەشەپێدانی هەلی کار لە کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان. وەک لە سەرتاسەری شیکردنەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە، زۆر لەم گۆڕانکارییانە پێویستی بە چاکسازیی یاسایە، لەگەڵ کارلێکی نێوان سیستمی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم کارەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، پاش ئاخاوتنمان لەگەڵ سەدان کەس لە هەرێمی کوردستان لە نێوان 2010 و سەرەتای 2011، ئێمە بڕوامان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی داهێنەر و شارەزای ئەوتۆی هەیە کە کار لەسەر ئەم ژینگە یاساییە بکات.

شیکردنەوەی ئێمە ئاماژە بەوە دەکات کە وەبەرهێنەرانی بیانی دەتوانن بە شێوەیەکی ئاسان و رێکوپێک بێنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بەڵام ژینگەکە تا ڕادەیەک زەحمەتە بۆ دروستکردنی بزنسی بچووکی نوێی ناوخۆیی. لە کاتێکدا ئێمە ئەم ڕاسپاردانەمان پێشکەش کردووە بۆ چاکترکردنی ژینگەکە، زۆر ڕاسپاردەیان پێویستی بە پابەندێتی بەردەوام و سەقامگیری بڕیاربەدەستانە و، لە هەندێک حاڵەتیشدا، پێویستە مومارەسەکانی ئێستا بە تەواوەتی پێچەوانە بکرێتەوە. سەبارەت بە بچووکردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی و چاکسازیی، هەندێک کێشەی کورتخایەن و درێژخایەن لە ئارادایە، هەندێک ستراتیژیش هەن بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە کورتخایەنەکان بەڵام ڕەنگە ئەمانە کاریگەری پێچەوانەیان هەبێت لە درێژخایەنیدا. وا پێویستە ستراتیژێکی هەمە لایەن هەبێت بۆ هەردوو حاڵەتەکە کە جەخت لەوە بکەنەوە سیاسەتە کورتخایەنەکان تەبا دەبن لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکان. دڵی ئەم جۆرە ستراتیژە بریتییە لە دروستکردنی سیستمێکی پێشکەوتووی راژەی شارستانی، کە وەسفی وەزیفی (job description)، هەڵسەنگاندنی ئەدا، و ئاژانسێکیی فەرمیی راژەی شارستانی لەخۆدەگرێت.

هەروەها ئێمە وەنەبێت تەنها یەک شێوازمان پێشنیار کردبێت بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازیی راژەی شارستانی، بەڵکو ڕاسپاردەکانی ئێمە ئاوێتەیەکن لە چەند ستراتیژێک بۆ پێکهێنانی یەک ستراتیژ کە هەموو ماوەکە بگرێتەوە. لە شێوازەکەی ئێمەوە دوو بابەت سەرهەڵدەدات. یەکەم، زۆربەی ئەو ڕاسپاردانە توخمێکی ئارەزوومەندانە دەخاتە ناو هەر چالاکییەکی بچووک کردنەوەی قەبارەی خزمەتی مەدەنی. بەو مانایەی، پێویستە جیابوونەوەی نائارەزوومەندانە تەنها دوایین رێگەچارە بێت. ئەمەش دەبێتە مایەی سنووردانان بۆ هەر پاشخانێکی سیاسیی نەرێنی کە ڕەنگە لە بچووک کردنەوەی قەبارەی دەستی کاری راژەی شارستانیەوە سەرهەلبدات. دووەم، ئەگەرچی زۆر لەو ستراتیژانەی لە دووتوێی ئەم راپۆرتەدا دەستنیشان کراون لایەنی خراپەی خۆیان هەیە، بەکارهێنانیان وەک ئاوێتەیەک دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ئەو کاریگەرە و کولفەکان. بۆ نموونە، گەشەسەندنی کەرتی تایبەت دەبێتە مایەی دروستبوونی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و دەتوانرێت ئەم پۆستانە بەو خەڵکانە پڕبکرێتەوە کە تازە دێنە ناو بازاڕی دەستی کارەوە و ناچنە ناو راژەی شارستانی لەبەر کەمکردنەوەی دامەزراندن لە راژەی شارستانی.

ڕاسپاردەکانی ئێمە یەکەمین هەنگاون بەرەو گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازیی لە خزمەتی مەدەنی، و هەرێمی کوردستان بەردەوام ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لەم بوارەدا. شیکردنەوەکانی ئێمە ئەوە دەردەخات کە ئەگەر کارمەندانی راژەی شارستانی لە کەرتێکی تایبەتی وەک ئەمەی ئێستا دابمەزرێنەوە، ئەوسا ئەم کارمەندانە پێویستە لە بواری پیشەی تردا کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە، جیاواز لە پیشەکەی ئێستایان لە راژەی شارستانی. هەروەها پێدەچێت ناتەباییەک هەبێت لە نێوان ئەو بوارانەی لە کۆلێژەکان دەخوێندرێت لەگەڵ ئەو شارەزاییانەی کە پێویستن بۆ دامەزران لە پۆستە بەتاڵەکانی کەرتی

تایبەت. ئەم دوو فاکتەرە ئاستەنگن لە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانیدا لە لایەک بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بچووک کردنەوەی قەبارەی راژەی شارستانی و لە لایەکی تریشەوە هاوکات سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بپارێزێت. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی پیادەکردنی ئەم ڕاسپاردانەیە، شیکردنەوەی بەردەوام دەتوانێت هاوکاریی بڕیاربەدەستان بکات لە دەستنیشانکردنی هەر ناهاوسەنگییەکی ناو سترەکچەر کە ئاستەنگ بێت لە پێش گواستنەوەی ڕێکوپێک بەرەو زیاترکردنی دامەزران لەلای کەرتی تایبەت.

دواجار، وەک لە زۆربەی ڕاسپاردەکانمان هاتووە، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و چاکسازیی راژەی شارستانی. لە زۆر بوار لەو بوارانەی ئێمە جەختمان خستووەتە سەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری سەرەتایی پێویستی نییە تا بتوانین ڕاسپاردەی وردتری پێشکەش بکەین. بۆ نموونە، تەنها ئەو کاتە بەرنامەیەکی خۆگونجێن (مرن) ی جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە سوودبەخشە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری ئەوتۆی هەبێت بتوانێت ئەم مرونەتە بەکاربهێنێت. کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی زۆر پێویستن بۆ جەختکردنەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەوپەڕی سوود لە وەبەرهێنانی ئەم ڕاسپاردانە وەربگرێت.

پاشکۆی A

# مەزەندەی زیادبوونی پێویستی کار لە هەرێمی کوردستان-عێراق

بە مەبەستی پیشاندانی ئەو ئاستەنگە گەورانەی ڕووبەڕووی بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، ئێمە مەزەندەیەک پیشان دەدەین بۆ مەزەندەکردنی زیادبوونی ژمارەی هەلی کاری پێویست لە چەند ساڵی داهاتوودا. ئەم مەزەندەیە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ڕەوتی دیمۆگرافی و ئامارەکانی بازاڕی دەستی کار، و لەسەر چەند ڕاڤەکردنێک دامەزراوە. ئەگەر خاڵی نادڵنیایی هەبێت، ئەوا ئاماژەمان پێ کردووە.

بە سادەیی، ژمارەی کاری پێویست پشت بە ژمارەی ئەو خەڵکانە دەبەستێت کە حەز دەکەن کار بکەن. ئەمەش لە لای خۆیەوە پشت بە دوو فاکتەر دەبەستێت: ژمارەی دانیشتوانەکە، و ئەو بەشەی دانیشتوانەکە کە دەیانەوێت ئیشیان دەست بکەوێت، ئاماری دووەمیان پێی دەگوترێت (ڕێژەی بەشداریی دەستی کار، معدل مشاركة قوة العمل، labor force participation rate). لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ژمارەی ئەو کار و پۆستە بەتاڵانەی پێویستن دەگۆڕێت، ئەمەش بە گوێرەی گۆڕانی ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی دەیانەوێت کار بکەن، ئەمەش لە لای خۆیەوە پشت دەبەستێت بە زیادبوون یان کەمبوونی ژمارەی دانیشتوان، یان بە زیادبوون و کەمبوونی (ڕێژەی بەشداریی دەستی کار)، یان ئاوێتەیەک لە هەردووکیان.

ڕێژەی ژمارەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزە، بەم شێوەیەش تا ڕادەیەک ژمارەیەکی کەم خەڵکی پیر هەیە کار بکەن و ژمارەیەکی زۆر نەوجەوان هەیە کە هێشتا تەمەنیان نەگەیشتووەتە تەمەنی کار کردن. لەساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان لەنێوان 1.8 بۆ 2.3 ملیۆن کەس تەمەنیان لەنێوان 20 بۆ 64 ساڵ بوو، تەمەنی لەنزیک تەمەنی کارکردن.[1] بەڵآم لە هەرێم لەنێوان 1.9 بۆ 2.4 ملیۆن کەس تەمەنیان لەنێوان سفر بۆ 19 ساڵە. ئەمەش مانای ئەوەیە لە 20 ساڵی دوای 2007 ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەگەنە تەمەنی کارکردن کە زۆر زیاترە لە ژمارەکەی ئێستا.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێت بە (ڕێژەی بەشداریی دەستی کار)ەوە، وەنەبێت هەموو ئەو کەسانەی لە تەمەنی کارکردنن حەز بکەن کار بکەن. خشتەی A.1 بریتییە لە مەزەندەی ڕێژەکانی بەشداریی دەستی کار بە گوێرەی پۆلێنی جێندەر و تەمەن، بە پشتبەستن بە IHSES.[2] وەک لە خشتەی A.1 بە ڕوونی دیارە، ئەم ڕێژانە بە گوێرەی پۆلێنەکانی جێندەر و تەمەن زۆر لێکتری جیاوازن. بە بێ ڕەچاوکردنی تەمەن، ڕێژەی بەشداریی دەستی کار بۆ پیاوان بە شێوەیەکی بەرچاو گەورەترە لە هی ژنان. سەرەڕای ئەمە، ئەگەرچی کاتبەندیی کڵێشەکە جیاوازە بە گوێرەی جێندەر، ڕێژەی بەشداریی دەستی کار لە بەراییدا زیاد دەکات وەک تەمەنی کار و ئنجا پاشان دێتە خوارەوە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کارمەندەکان لە تەمەنی خانەنشینیی.

بە بەکارهێنانی ئەم زانیاری سەرەتایی، دەتوانین مەزەندەی بڕی زیادبوون بکەین لە ژمارەی کاری پێویستدا لە 20 ساڵی داهاتوودا. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە ڕێژەی بەشداریی دەستی کار بە نەگۆڕاوی دەهێڵینەوە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، بە گوێرەی پۆلێنەکانی جێندەر و تەمەن. بە مانایەکی تر، گروپی

---

[1] لای کەمی ئەم مەزەندانە لە IHSES وەرگیراوە، لای زۆری لە KRSO. لە 11 ی شوباتی 2011، زانیاری سەرەتایی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە نووسینگەکەیان وەرگیراوە (مێژووی لەسەر نییە). هەرێمی کوردستان، وەک زۆر وڵاتی تر، تەمەنی کارکردن بە 15 ساڵی دانراوە. بەڵام، وا باوە جەخت بخرێتە سەر تەمەنێکی کەمێک لە سەروو ئەم تەمەنە لە شیکردنەوەی بەشداریی دەستی کاردا، چونکە ڕێژەی دەستی کاری نەوجەوانان زۆر نزمە. بۆیە، ئێمە جەخت دەخەینە سەر لاوانی کەمێک گەورەتر.

[2] ئێمە ئەم گروپی تەمەنی ئەم ئاستەمان هەڵبژاردووە چونکە مەزەندەکانی KRSO بۆ ئەم پۆلێنانەن. لە ئەدەبیاتەکاندا، ئەو کەسانە بە دەستی کار دادەنرێن کە بیانەوێت کار بکەن و ئەگەر بگەڕێن بۆ کار و هێشتا کاریان دەست نەکەوتبێت.

**خشتەی A.1**
**رێژەی بەشداریی دەستی کار، بە گوێرەی تەمەن و جێندەر**

| گروپی تەمەن | رێژەی بەشداریی دەستی کار (%) | |
|---|---|---|
| | پیاوان | ژنان |
| 24–20 | 71.4 | 14.5 |
| 29–25 | 89.9 | 20.6 |
| 34–30 | 93.4 | 21.6 |
| 39–35 | 97.1 | 19.3 |
| 44–40 | 95.2 | 18.1 |
| 49–45 | 92.4 | 18.2 |
| 54–50 | 89.5 | 12.1 |
| 59–55 | 78.5 | 19.8 |
| 64–60 | 61.6 | 12.2 |

سەرچاوە: لە زانیاری سەرەتایی، IHSES 2007

